# تیۆری دەستوور
# و
## هەنگاونان بەرەو نووسینەوەی دەستووری کوردستان

(توێژینەوەیەکی یاسایی سیاسییە، باس لەو ڕێکار و یاسا دەستوورییانە دەکات کە بۆ نووسینەوەی دەستوورێکی توکمە و هەمیشەیی بۆ هەرێمی کوردستان یاخود هەر وڵاتێك پێویستن)

مافپەروەر: جەواد مستەفا ستوپەیی

لە بڵاوکراوەکانی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان

٢٠٢٢

**نـــاوی کتێـــب:** تیـــۆری دەســـتوور و هەنگاونـــان بـــەرەو نووســـینەوەی دەســـتووری کوردســـتان

**نووسینی:** جەواد مستەفا ستوپەیی

**پێداچوونەوەی:** دەستەی ئینسکلۆپیدیای (پ.د.ک.)

**دیزاینی بەرگ و ناوەڕۆک:** دیار سەعید پیرانی

**سەرپەرشتی چاپ:** مستەفا نەجم فەیلی

**نۆرەی چاپ:** یەکەم

**ساڵی چاپ و شوێن:** ٢٠٢٢- هەولێر

**چاپخانە:** دانیشفەڕ

**تیراژ:** ١٠٠٠

**لـە بەڕێوەبەرایەتـی گشـتی کتێبخانـە گشـتییەکان/ هەرێمـی کوردسـتان ژمـارەی سـپاردنی (٢٦٤) سـاڵی ٢٠٢٢ی پێـدراوە.**

## ناوەڕۆك


| ز | بابەت | لاپەرە |
|---|---|---|
| ١ | پێشەکی | ٥ |
| ٢ | پێکهاتەی دەستوور | ١١ |
| ٣ | جۆرەکانی دەستوور لە ڕووی نووسینەوەوە | ٢١ |
| ٤ | جۆرەکانی دەستوور لە ڕووی هەموارکردنەوەوە | ٢٧ |
| ٥ | بنەمای سەروەری دەستوور | ٣٥ |
| ٦ | دەستووری کاتی و دەستووری هەمیشەیی | ٤١ |
| ٧ | چەمکی حکومەت | ٤٧ |
| ٨ | بنەمای لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان | ٦١ |
| ٩ | سەرچاوەکانی یاسای دەستووری | ٦٩ |
| ١٠ | چاودێریکردنی دەستووریبوونی یاساکان | ٨١ |
| ١١ | دەوڵەتی فیدراڵی (Federation) | ٩١ |
| ١٢ | چۆنیەتی دابەشبوونی دەسەڵاتەکان لە نێوان حکومەتی فیدراڵی و هەرێمەکاندا | ٩٩ |
| ١٣ | جیاکەرەوەکانی دەوڵەتی فیدراڵی | ١٠٥ |
| ١٤ | بنەمای سەربەخۆی ناوخۆیی لە دەوڵەتی فیدراڵیدا (مبدأ استقلال الذاتی) | ١٢٧ |
| ١٥ | جیاکەرەوەکانی دەستووری هەمیشەیی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٥ | ١٣٩ |
| ١٦ | دابەشبوونی دەسەڵاتەکان بەپێی دەستووری هەمیشەی عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ | ١٤٧ |
| ١٧ | پاڵنەرەکانی دروستبوونی دەوڵەتی فیدراڵی | ١٥٧ |
| ١٨ | سیستەمی فیدراڵی و کۆمەڵگا فرەپێکهاتەکان (نموونەی عێراق) | ١٦٧ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٩ | هۆكارەكانی سەركەوتنی سیستەمی فیدراڵی | ١٧٣ |
| ٢٠ | ڕەگەزی یەكگرتن لە دەوڵەتی فیدراڵیدا | ١٧٩ |
| ٢١ | كۆتاییهێنان بەدەستوور | ١٩٣ |
| ٢٢ | كاریگەرییە نەرێنییەكانی نەبوونی دەستوور بۆ هەرێمی كوردستان | ٢٠٧ |
| ٢٣ | شێوازی هەمواركردنی دەستووری عێراق، وەك نمونەیەك بۆ گەرەنتیكردنی مافی هەرێمەكان | ٢١٩ |
| ٢٤ | سەرچاوەكان | ٢٢٩ |

# پێشەکی

بـە گشـتی مـرۆڤ بوونەوەرێـکی زینـدووی سیاسـی کۆمەڵایەتییـە و هەمیشــە مرۆڤــەکان پێویســتییان بــە یەکــترە بــۆ پڕکردنــەوەی پێداویسـتیەکانی یەکـتر، کـە واتـە کـەس ناتوانێـت بـە تەنیـا بژیـت بەبـێ هەڵسـوکەوتکردن لەگـەڵ دەوروبـەری خـۆی. لـە ئەنجامـی بەریـەك کەوتنـی مرۆڤەکانـدا، دژایـەتی دروسـت دەبێـت، بـۆ کـەم کردنـەوەی ئـەم دژایەتییـە و ڕێکخسـتنی پەیوەنـدی نێوانیـان پێویسـتی بـە بـوونی یاسـایە، چ یاسـای ئاسـمانی یـان یاسـای دانـراو بێت، بـۆ ئـەوەی مرۆڤەکان بتوانـن پێـش بکـەون و بەردەوامـی بـە پەیوەندییەکانـی ژیـانی ئاسـایی خۆیـان بـدەن.

دەسـتوور یاسـای بنەڕەتـی هـەر وڵاتێکـە و پەیوەنـدی سیاسـی و کۆمەڵایـەتی و ئابـووری لـە نێـوان تـاك و تـاك، هەروەهـا لـە نێـوان تـاك و دەسـەڵات ڕێـك دەخـات. باشـترین زەمینـەی پراکتیزەکردنی دەسـتوور و یاسـاکانیش حکومـەت و حیزبەکانـن. ئەگـەر سـەیری حکومـەتی هەرێمـی کوردسـتان بکەین، باشـووری کوردسـتان هەرێمێکی فیدراڵییـە لە دەوڵەتی عێـراق، هەمیشـە سیسـتەمی فیدراڵـی لـە ڕێگـەی دەسـتووری حکومـەتی فیدراڵییـەوە هاوسـەنگی لـە نێـوان دەسـەڵاتی فیدراڵـی و دەسـەڵاتی هەرێمەکان دەپارێزێت و پەیوەندی نێوان ئەم دەسـەڵاتانە دیاری دەکات و ڕێکدەخـات، لـە هەمـان کاتـدا هەرێمەکانیـش بەشـدارییەکی فراوانیـان هەیـە لـە دەزگا دەسـتوورییەکانی حکومـەتی فیدراڵـی، دوور لـە حوکمـی

تاکڕەوی ناوەندی. کەواتە ڕێکخستنی ئەم پەیوەندییە دەستوورییە، بە شێوەیەکی نووسراو و ڕوون و ئاشکرا، گرنگترین هۆکار و گەرەنتییە بۆ سەرخستنی سیستەمی فیدراڵی لەهەر وڵاتێکدا. سیستەمی فیدراڵی یەکێکە لە باشترین سیستەمەکانی حوکمڕانی بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی وڵات، بە تایبەتی بۆ ئەو وڵاتانەی ڕووبەرێکی خاکی فراوانیان هەیە، یاخود لە پێکهاتەی جۆراوجۆری دانیشتوان پێکهاتوون، لەبەر جیاوازی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری هەر پێکهاتەیەك، بۆ ئەوەی هەر پێکهاتەیەك کار نەکاتە سەر ماف و ئازادییەکانی پێکهاتەکانی دیکە.

وڵاتان هەر لە سەرەتای دروستبوونییەوە واتە لەسەدەی پازدەیەم بەدواوە وڵاتی ئاسایی و ناوەندی(مرکزی) بوون، هەر بڕیارێکیان دەرکردبا، لە ناوەندەوە دەردەچوو، بەبێ بەشداریکردنی لایەن و پێکهاتەکانی دیکەی وڵات، بەم شێوەیەش پێداویستییەکانی هەموو چین و توێژ و پێکهاتە جیاوازەکانی وڵات بە جیاوازی نەتەوە و ئایین و مەزهەب و ڕەگەزەکانەوە بە بڕیاری ناوەند دەستەبەر ناکرێت. دواتر بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە وڵاتان ڕوویان لە لامەرکەزی کارگێڕی و سیاسی کرد، بۆ ئەوەی هەر پێکهاتەیەکی جیاوازی وڵات ببێتە خاوەن دەسەڵاتە سەرەکییەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری و بە ئازادی و ئارەزوومەندانە کاروبارەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی هەرێمەکەی سەربەخۆ بەڕێوەببات، بەبێ ئەوەی هیچ کار لە هەرێم و پێکهاتەکانی دیکە بکات. بەم شێوازە دەگوترێت سیستەمی فیدراڵی کە لە ساڵی ١٧٨٧ بۆ یەکەم جار لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەکو سیستەمێکی حوکمڕانی تایبەت لە بواری پراکتیکدا پەیڕەو کرا.

دواتریش ئەم سیستەمە خێرا گەشەی کرد و پێشکەوت و زۆر وڵاتە جۆراوجۆرەکانی جیهانی گرتەوە، چونکە سیستەمێکی زۆر گونجاوە بۆ گەشەکردن و پتەوکردنی پەیوەندی نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگا.

هەر هەرێمێك لە ڕووی دەسەڵاتی کارگێڕی و سیاسی و حوکمڕانی سەربەخۆیە لە هەرێمێکی دیکە، بەڵام هەموو هەرێمەکان لە ڕێگەی دەستووری فیدراڵی بە حکومەتی فیدراڵییەوە بەستراونەتەوە. دەکرێت دەستووری هەر هەرێمێك ناکۆك بێت لەگەڵ دەستووری هەرێمێکی دیکە، بەڵام ناکرێت دەستووری هیچ هەرێمێك ناکۆك بێت لەگەڵ دەستووری فیدراڵی.

ئامانج لە هەڵبژاردنی ئەم بابەتە ئێستا لەم بارودۆخە ناجێگیرەی کوردستان و عێراق، هەرێمی کوردستان زۆر پێویستی بە بوونی دەستوورێکی تایبەت بەخۆی هەیە کە مافێکی دەستوورییە بەپێی سیستەمی فیدراڵی لە چوارچێوەی یاسای گشتیدا، هەروەها بەپێی مادەی ١٢٠ی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ی عێراق. دەستووری هەرێم دەسەڵاتە سەرەکییەکانی هەرێم و پەیوەندی نێوانیان دیاری دەکات، هەروەها پەیوەندی نێوان تاك و تاك، هەروەها تاك و دەسەڵات دیاری دەکات و ماف و ئازادی تاکەکانی ئەم هەرێمە دیاری دەکات، بەڵام نابێت ئەم دەستوورە ناکۆك بێت لەگەڵ دەستووری عێراق. ئەم توێژینەوە یاساییە باس لە زۆر لەو ڕێکار و بنەما یاسا دەستوورییانە دەکات کە پێویستن بۆ نووسینەوەی دەستوورێکی توکمە و هەمیشەیی بۆ هەرێمی کوردستان لە پێناو چەسپاندنی زیاتری یاسا و بەرقەرارکردنی یەکسانی و دادپەروەری لەم هەرێمەدا، بۆ ئەوەی یاسا لە کوردستان

سەروەر بێت و نەبێتە تەونی جاڵجاڵۆکە، لاوازەکان پێدا بکەون و بەهێزەکانیش دەربازبن، هەروەها ئەم توێژینەوە بەرچاوڕوونییەك دەداتە هاووڵاتیان لە بارەی گرنگیبوونی دەستوور بۆ هەرێمی کوردستان. لەلایەکی دیکەشەوە، بۆ ئەوەی کەلێنێکی بچوك لەکتێبخانەی یاسایی کوردی پڕبکاتەوە.

پەرلەمانی کوردستان لە ١٩٩٢١١٠١٤ بڕیاری فیدراڵی دا کە کوردستان هەرێمێکی فیدراڵی بێت لە دەوڵەتی عێراق. هەروەها لە دوای ڕوخانی ڕژێمی سەدام لە ساڵی ٢٠٠٣ و دامەزراندنی ئەنجومەنی حوکم لە عێراق، دووبارە جەخت لە سیستەمی فیدراڵی کرایەوە بۆ عێراق و لە ئەنجامدا لە دەستووری ٢٠٠٥ی هەمیشەیی عێراقدا جێگیر کرا کە لە مادەی یەکەمی دەستووردا هاتووە: (کۆماری عێراق وڵاتێکی یەکگرتووی سەربەخۆیە و سەروەری تەواوی هەیە،....).

پەیڕەوکردنی سیستەمی فیدراڵی دوو ئامانج دەپێکێت یەکەمیان وڵات بە یەکگرتوویی خاك و گەل دەهێڵێتەوە . دووەم سەربەخۆیی ناوخۆیی هەر هەرێمێك بە پێکهاتە جیاوازەکانەوە بەرقەرار دەکات و پێداویستی و ماف و ئازادییەکانیان دەستەبەر دەکات. هەروەها دەستووری وڵاتانی فیدراڵی دوو بابەتی جیاواز کۆدەکاتەوە. یەکەمیان بەرگری لەبەرژەوەندی گشتی هەموو هەرێمەکان دەکات، ئەویتریش دان بە بەرژەوەندی و سەربەخۆیی ناوخۆیی هەر هەرێمێك دادەنێت. بنەماکانی یاسای دەستووریی بنەمای کۆمەڵایەتین، چونکە دەستوور گرێبەستێکی کۆمەڵایەتییە و پەیوەندی نێوان وڵات و هاووڵاتییەکانی ڕێکدەخات، لەهەمان کاتیشدا بنەمای گشتی و مولزەمن.

هەواڵنامەی کتێب

بـە گشـتی ئـەم توێژینەوەیـە بریتییـە لـە ٢٢ بابـەتی سـەرەکی یاسـای دەسـتووری، کـە لـە پێڕسـتەکەیدا دیارن. لەکاتی نووسـینەوەی دەسـتووری هەرێمـی کوردسـتان، پێویسـتە ڕەچـاوی هەمـوو ئـەم بنەمـا یاسـاییانە بکرێـت و لـە لایەکی دیکەوە ئـەم توێژینەوەیە ببێتـە بەرچاوڕوونییەك بۆ هـەر تاکێـکی ئاسـایی ئـەم هەرێمـە بۆ تێگەیشـتن لـە بنەماکانی دەسـتوور. بیسـت لـەم بابەتانـە لـە تەمـووزی سـاڵی ٢٠١٩ تـا کۆتایـی هەمـان سـاڵ، بـە بیسـت ئەلقـەی جیـاواز لـە ڕۆژنامـەی خەبـات بڵاوبوونـەوە لـە ژێـر ناونیشـانی (هەنگاونان بەرەو نووسـینەوەی دەسـتووری کوردسـتان)، بەڵام ئێسـتا هەندێـك دەستکاری ئـەم بابەتانـەم کـردووە.

جواد مستەفا ستوپەیی

٢٠٢١\ ٥\ ١٩

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

## ١

## پێکهاتەی دەستوور[١]:

دەستووری هەر وڵاتێك چ ئەم وڵاتە دیموکراتی یان دیکتاتوری یاخود سیستەمی دەسەڵات تێدا کۆماری یان پاشایەتی بێت بریتییە لە کۆمەڵێك بنەمای یاسای بنەڕەتی وڵات کە شێوازی دەوڵەت دیاری دەکات و گەرەنتی بنەڕەتی بۆ مافی تاکەکان دەستەبەر دەکات و دەسەڵاتە گشتییەکان (دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری) ڕێکدەخات لەگەڵ دیاریکردنی پەیوەندی نێوان ئەم دەسەڵاتانە.

دکتۆر عەبدولکەریم علوان بەم شێوەیە پێناسەی یاسای دەستووری دەکات: (بریتییە لە کۆمەڵێك یاسای بنەڕەتی کە شێوازی دەوڵەت دیاری دەکات، هەروەها بنەماکانی دەسەڵات(حکم) وێنا دەکات و گەرەنتی بۆ مافە بنەڕەتییەکانی تاك دادەنێت و دەسەڵاتە گشتییەکان ڕێکدەخات، لەگەڵ دیاریکردنی پسپۆرییەکانی ئەم دەسەڵاتانە)[٢].

کەواتە دەستوور بریتییە لە یاسای بنەڕەتی وڵات، کە زۆر لە وڵاتان بەدەستووری وڵاتەکەیان دەڵێن یاسای بنەڕەتی وەك یەکەم دەستووری

---

(١) ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی خەبات ژمارە (٥٧٩٠) لە ٢٠١٩\٧\١٦ بڵاو بوویەتەوە.

(٢) عبدالكريم علوان. النظم السياسيه في القانون الدستورى. الطبعه الاولى الاصدار الثالث. دار الثقافه والنشر والتوزيع.٢٠٠٦. ص ٢٥٥. ئەویش سوودی لە د. سليمان محمد الطماوي. النظم السياسيه والقانون الدستوري. بدون ناشر. ١٩٨٨. ص١١. وەرگیراوە.

پاشایەتی دەوڵەتـی عێراق کە لە سـاڵی ١٩٢٥ نووسراوە و تـا ١٩٥٨ کارابوو و دەسـتووری کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران کـە لە سـاڵی ١٩٧٩ نـووسراوە پێی دەڵێـن (قانون اساسي) واتە یاسـای بنەڕەتی.

لـە ڕووی مێژووییـەوە دەسـتوور زاراوەیـەکی فارسـییە و لـە ڕێگـەی دەوڵەتـی عوسـمانییەوە هاتـووە نـاو وڵاتانی عـەرەبی و ئیسـلامی و جیهانی، کـە بـە ئینگلیـزی پێـی دەڵێـن (constitution) لـە سـەدەی هەژدەیـەم وڵاتـانی بەریتانیـا و فەڕەنسـا و ئەمریـکا ئـەم زاراوەیـان بەکارهێنـاوە[1].

دەسـتوور لـە ڕووی یاساییەوە سـەروەری تـەواوی هەیـە بـە سـەر هەمـوو یاسـاکانی دیکـەی وڵات کە نابێت هیچ یاسـایەك کە لە دەسـەڵاتی یاسـادانانەوە دەردەچێـت، ناکـۆك یـان پێچەوانـەی بنەمـاکانی دەسـتوور بێـت. هەروەهـا لـە دەوڵەتـی فیدراڵیـدا نابێـت بنەمـاکانی دەسـتووری هەریـەك لـە هەرێمـەکان ناکـۆك یـان پێچەوانـە بێـت لەگـەڵ بنەمـاکانی دەسـتووری فیدراڵـی. ئەگـەر هـەر مادە یـان بڕگەیەکی دەسـتووری یەکێك لـە هەرێمـەکان پێچەوانـەی بنەمـاکانی دەسـتووری فیدراڵـی بێـت کار بەدەسـتووری فیدراڵـی دەکرێـت و کار بـەم مادەیـە ناکرێـت، چونکـە نادەسـتوورییە و دەبێـت پوچـەڵ بکرێتـەوە، هەروەهـا بـە گشـتی هـەر یاسـایەك لە دەسـەڵاتی یاسـادانان دەرچێت پێچەوانەی بنەماکانی دەستوور بێـت ئـەم یاسـایە نادەسـتوورییە و نابێـت کار پـێ بکرێـت. کـە واتـە دەبێـت لـە کاتی نووسـینەوەی دەسـتووری هەرێمـی کوردسـتاندا ڕەچاوی

(١) جـواد مسـتەفا. بنەمـاکانی یاسـای دەسـتووری. خانـەی موکریانی بـۆ چـاپ و بڵاوکردنەوە. چاپـي یەکـەم. هەولێـر. ٢٠١٥. لا ٩. سـوود لـە د. عبدالکریـم العلـوان. هەمـان سـەرچاوەی پێشـوو. لا٢٥٥ وەرگـیراوە.

دەستووری فیدراڵی عێراق بکرێت کە لە ساڵی ٢٠٠٥ دا نووسراوەتەوە، نابێت هیچ بنەمایەکی یاسایی یان دەستووری هەرێمی کوردستان پێچەوانەی دەستووری فیدراڵی بێت.

هەروەها خاڵێکی دیکەی زۆر گرنگ هەیە پێویستە ئاماژەی پێ بکەم لە هەموو وڵاتانی جیهاندا لە دەوڵەتی فیدراڵیدا پێویستە دەستووری فیدراڵی و دەستووری هەرێمەکان لە ڕووی نووسینەوە دەستووری نووسراو و بەستەڵەك بێت نەك دەستووری نەرم، بۆ ئەوەی ئەو پارتەی لە هەڵبژاردنەکان دەبێتە زۆرینەی پەرلەمان نەتوانێت دەستووری وڵات بەپێی بەرژەوەندی حیزبی خۆی هەموار بکات یان بیگۆڕێت و مافی تاك و لایەنەکانی دیکە پێشێل بکات، یان ئەو یاسایانەی لەبەرژەوەندی گشتی وڵاتدا نین جێبەجێ بکات. چونکە هەموارکردنی دەستووری بەستەڵەك بە ڕێوشوێنی سەختدا تێدەپەڕێت کە ئەم مەرجانەی هەموارکردن یان کۆتایی بەدەستوور هێنان لە ناو خودی دەستووردا دیاری کراون، چونکە پەرلەمان کە دەسەڵاتی یاسادانانە ناتوانێت دەستوری بەستەڵەك هەموار بکات، بەڵام دەتوانێت دەستوری نەرم هەموار بکات.

هەر وڵاتێك بەپێی بارودۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی خۆی دەستوور دەنووسرێتەوە، واتە شێوازی نووسینەوەی دەستوور لە وڵاتێکەوە بو وڵاتێکی دیکە جیاوازە. بۆیە لە خوارەوە بە کورتی باسی شێوازەکانی نووسینەوەی دەستوور دەکەین:

## شێوازی نووسینەوەی دەستوور:

بـە گشـتی دەسـتووری هـەر وڵاتێـك بـە یەكێـك لـەم چـوار ڕێگایانەی خـوارەوە دەنووسرێتـەوە[1]:

**یەکـەم:** ڕێـگای پاداشـت. /**دووەم:** ڕێـگای گرێبەسـت. /**سـێیەم:** ڕێـگای کۆمەڵـەی دامەزرێنـەر. /**چـوارەم:** ڕێـگای ڕاپـرسی گـەل. کـە هـەردوو ڕێـگای یەکـەم و دووەم ڕێـگای نادیموکراتیـن و هـەردوو ڕێـگای کۆتایـی واتـە سـێیەم و چـوارەم ڕێـگای دیموکراتیـن، چونکـە لـە هـەردوو ڕێـگای یەکەمدا دەسـتوور بە ویسـتی سـەرۆکی وڵات یان پاشـا و دەسەڵاتدارەکان دەنووسرێتـەوە بەبـێ ویسـتی گـەل. بـەڵام لـە هـەردوو ڕێـگای کۆتایدا بە ویسـتی گـەل دەنووسرێنـەوە بەبـێ ویسـتی سـەرۆکی وڵات.

## یەکەم: شێوازی پاداشت:

بەپێـی ئـەم ڕێگایـە سـەرۆك یـان پادشـای وڵات بـە ویسـتی خـۆی دەسـتووری وڵات دەینووسـێتەوە بەبـێ ئـەوەی پـرس بەگـەل بـکات یـان ڕای گـەل لەگەڵیـدا بێـت، بەڵکـو پاشـا بـە ویسـتی خـۆی دەینووسـێتەوە و دواتـر وەکـو پاداشـت پێشـکەش بـە گـەل دەکات و منەتیـش بـە سـەر گەلـەوە دەکات کـە دەسـتووری وڵاتی نووسـیوە، لـە ڕواڵەتـدا وا پیشـان دەدات کـە هەمـوو تاکـەکان لـە مـاف و ئەرکەکاندا یەکسـانن و سـتەم لە کـەس ناکرێـت. بـەڵام لە بنەڕەتدا نووسـینەوەی دەسـتوور مـافی گەلە نەك

(١) د. حميـد حنـون خالـد. القانـون الدسـتورى وتطـور النظـام السـياسي في العـراق. الطبعـه الاولى. ٢٠١١. مكتبـه السـنهوري. بغـداد. ص (١٢٦- ١٣٠). وە د. محمـد محمـد عبـده امـام. المبـادىء الدسـتوريه العامـه في ضـوء الشريعـه الاسـلاميه. الطبعـه الاولى ٢٠١٣. مكتبـه الوفـاء القانونيـه. الاسـكندريه. ص(١٠- ١٨).

مافی پاشا یان سەرۆکی وڵات، چونکە دەبێت گەل دەستوور بە ویستی خۆی و بەپێی بەرژەوەندی گشتی وڵات بنووسێتەوە تا مافەکانی تاك لە هەموو ڕوویێکەوە و لە هەموو جومگەکاندا پارێزراو بن لە ستەمی پاشا و هەموو دەسەڵاتدارەکان.

نمونەی ئەو دەستوورانەی کە بە ڕێگای پاداشت نووسراون وەك: دەستووری فەڕەنسا لە ساڵی ١٨١٤ و دەستووری ئیتاڵیا لە ساڵی ١٨٤٨ و دەستووری ڕوسیا لە ساڵی ١٩٠٦ و دەستووری میسر لە ساڵی ١٩٢٣.

## دووەم: شێوازی گرێبەست:

ئەم شێوازە هەندێك لە شێوازی پاداشت باشترە چونکە تا ڕادەیەکی کەم ڕای گەلی لەگەڵدایە. لەم شێوازەدا پاشا لەگەڵ گەل ڕێکدەکەوێت کە بە هاوبەشی دەستووری وڵات بنووسنەوە، واتە چەند کەسێك لە نوێنەرانی گەل لەگەڵ پاشا یاخود سەرۆکی وڵات بە ڕێککەوتن لە گەل ئەم نوێنەرانە بە هاوبەشی دەستووری وڵات دەنووسنەوە. لە هەمان کاتدا ناکرێت ئەم دەستوورە هەموار یان پوچەڵ بکرێتەوە تا بەرەزامەندی هەردوو لایەن نەبێت[1]، بەڵام کاتێك پاشا لایەن بێت لەم گرێبەستەدا، ئەمە پێچەوانەیە لەگەڵ بنەمای سەروەری گەل. بۆ نمونە بەریتانیا بە یەکەم وڵات دەژمێردرێت کە دەستووری وڵاتەکەی بە شێوەی گرێبەست نووسیبێت، لە دوای ئەوەی پیاوانی کەنیسە و پیاوماقوڵان ڕووبەڕووی پاشا وەستان، تا پاشا جۆن ناچاری کرد دەست لە هەندێك لە دەسەڵاتەکانی خۆی بەردات و لە ساڵی ١٢١٥ پەیمانی

---

(١) د. محمد محمد عبده امام. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا ١٥. و عبدالكريم علوان. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا٢٦٢.

گـەورە (Magna Corta)ی نووسـییەوە لـەم پەیمانـەدا پاشا ڕێـزی لـە پیـاوانی کەنیسـە و پیـاو ماقـوڵان گـرت و ئـەم پەیمانەیـان نووسـییەوە. ئێسـتاش ئـەم پەیمانـە بەشـێکە لـە دەسـتووری نەریتـی بەریتانیـا.

## سێیەم: شێوازی کۆمەڵەی دامەزرێنەر:

ئـەم شـێوازە بریتییـە لـە هەڵبـژاردنی کۆمەڵـەی دامەزرێنـەر لـە لایەن گـەل کـە بـە زۆری ئـەم کۆمەڵەیـە پێکدێت لە لێژنەیەکی پسـپۆر لـە بواری یاسـای دەسـتووری و سیاسـەتوانە بـە ئەزموونـەکان و کەسـانی پسـپۆر لـە بەڕێوەبـردنی وڵاتـدا، ئـەم کۆمەڵەیـە کـە نوێنـەری گەلـە، دەسـتووری وڵات دەنووسـنەوە و لـە کۆتایـدا لەسـەر کـۆی بابەتـەکان ڕێـك دەکـەون و ئـەو بابەتانـەی ناکۆکیـان لـە سـەر هەیـە لـە نێـو خۆیانـدا دەیخەنـە دەنگدانـەوە و بڕیـاری کۆتایـی لەسـەر دەدرێـت و دواتـر ڕاسـتەوخۆ دەچێتـە واری جێبەجێکردنـەوە، بەبـێ ئـەوەی بدرێتـە ڕاپـرسی گـەل، یـان چـاوەڕوانی ڕەزامەنـدی سـەرۆك یـان پاشـا بکـەن[1]. لـە زۆربـەی وڵاتـان کۆمەڵـەی دامەزرێنـەر لـە دوای نووسـینەوەی دەسـتوور و چونـە واری جێبەجێکردنـەوە، ئـەم کۆمەڵەیـە ڕاسـتەوخۆ هەڵدەوەشـێتەوە.

ئـەم شـێوازەی کۆمەڵـەی دامەزرێنـەر یەکـەم جـار لـە ئەمریـکا جێبەجـێ کـرا کـە یەکـەم دەسـتووری فیدراڵـی ئەمریـکی لـە سـاڵی ١٧٨٧ لـە کۆبوونـەوەی فیلادلفیـا بـە ڕێگـەی کۆمەڵـەی دامەزرێنـەر نـووسراوە. دواتـر هـەر لە ئەمریکا ئەم شـێوازە گواسـتراوە بۆ فەرەنسـا[2]، دەسـتووری

---

(١) د. احسـان حميـد المفرجـي. النظريـه العامـه في القانـون الدسـتوری والنظـام الدسـتوری في العـراق. مكتبـه القانونيـه بغـداد ومكتبـه العاتـك بـيروت. ص٢٣٤.

(٢) د. حميـد حنـون خالـد . هەمـان سـەرچاوەی پێشـوو. لا ١٣٠. و د. احسـان حميـد

فەڕەنسای ٢ی ئەیلولی ١٧٩١ بەم ڕێگایە نووسراوە، هەروەها دەستووری بەلجیکای ساڵی ١٨٣١ بەهەمان ڕێگا نووسراوە. لە سەدەی ڕابردووش دەستووری فایمەری ئەڵمانیا لە ساڵی ١٩١٩ و دەستووری نەمسا لە ساڵی ١٩٢٠ و دەستووری ئیسپانیا لە ساڵی ١٩٣١ و دەستووری ئیتاڵیا لە ساڵی ١٩٤٧ و دەستووری هیند لە ساڵی ١٩٥٠ و دەستووری پاکستان لە ساڵی ١٩٥٦ هەموو ئەمانە بە ڕێگەی کۆمەڵەی دامەزرێنەر نووسراون[١].

ئەوەی شایانی ئاماژەپێکردنە، جیاوازی کۆمەڵەی دامەزرێنەر لە نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و فەڕەنسا بریتییە لەوەی لە ئەمریکا کاتێك کۆمەڵەی دامەزرێنەر، دەستووری نووسییەوە و چووە واری جێبەجێکردن ئەم کۆمەڵەیە ڕاستەوخۆ هەڵدەوەشێتەوە. بەڵام لە فەڕەنسا لە دوای دانانی دەستووریش ئەم کۆمەڵەیە هەڵناوەشێتەوە، بەڵکو وەکو دامەزراوەیەکی یاسایی دەستووری دەمێنێتەوە، کە پێی دەڵێن کۆمەڵەی نیشتیمانی فەڕەنسی، کە یەکێك لە ئەرکەکانی بریتییە لە نووسینەوە و هەموارکردنی دەستووری فەڕەنسا، ئەم کۆمەڵەیە لە ساڵی ١٨٤٨ و ١٨٧١ و ١٩٤٥ و ١٩٤٩ بەم جۆرە کاری کردووە[٢].

## چوارەم: شێوازی ڕاپرسی گەل:

زاناکان کۆکن لەسەر ئەوەی کە ئەم شێوازە لە هەموو شێوازەکانی دیکە دیموکراتیترە، هەر چەندە شێوازێکی نیمچە دیموکراتییە، چونکە

---

المفرجی. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا١٣٥.

(١) د. احسان حمید المفرجی. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا ١٣٥.

(٢) -پ. د. سەرهنگ حەمید بەرزنجی. گشتگیری لە تیۆری دەستور. چاپی دووەم. ٢٠١٩. لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی تەبایی. لا٧٧.

گـەل ڕاسـتەوخۆ یـان ناڕاسـتەوخۆ بەشـداری لـە دانـانی دەسـتوور دەکات، بـە یەکێـك لـە ڕێـگاکان کۆمەڵـەی دامەزرێنـەر هەڵدەبژێردرێـت، لـە شـێوازی ڕاپرسـی گەلدا ڕەشنووسـی دەستوور بەهامان شـێوەیی کۆمەڵەی دامەزرێنـەر دەنووسرێتـەوە، هەروەهـا دەکرێـت لـە لایـەن پەرلەمان یان لێژنەیـەکی هونـەری یـان حکومەت ڕەشنووسـی دەسـتوور بنووسرێتەوە[1]، لـە دوای تـەواو نووسـینەوەی ڕەشنووسـی دەسـتوور و دوابڕیـاردان لـە سـەری ناچێتـە واری جێبەجێکردنـەوە تـا نەدرێتە ڕاپرسی گـەل. کە واتە لە دوای ئـەوەی کـە بڕیـاری کۆتایی لە سـەر درا لـە لایەن هەمـان کۆمەڵەوە بـە هەماهەنگـی لەگـەڵ حکومەت ڕۆژێك بۆ ئەنجامدانی ڕاپرسـی لە سـەر دەسـتوور دیـاری دەکرێت، بـەڵام دەبێـت ماوەیـەکی دیاریکـراو و گونجاو هەبێـت لـە نێـوان ڕۆژی ڕاگەیاندنی ڕاپرسـی و ئەنجامدانی ڕاپـرسی، چونکە دەبێـت پێشـتر هاووڵاتیان لە ڕێگەی کۆڕ و سـمینارەوە هۆشـیار بکرێنەوە لـە نـاوەڕۆکی دەسـتوور کـە ئایا ئەم دەسـتوورە گونجاوە بـۆ وڵات یان نە تا لـە ڕۆژی ڕاپرسـی هاووڵاتیـان بتوانـن بـە هۆشـیارییەوە دەنگـی خۆیان بە بەڵێ یان نەخێر لە سـەر بدن، کە ئەم دەسـتوورە گونجاوە یان ناگونجاوە. ئـەم ڕێگایـە لـە هەمـوو ڕێگاکانـی پێشـتر دیموکراتیـترە، چونکـە گـەل ڕاسـتەوخۆ بەشـداری دەکات لـە نووسـینەوەی دەسـتوور، بـەڵام ئەگەر لە ڕاپرسـی گشـتی دەرنەچـوو واتـە دەنگی بەڵێی تـەواوی بەدەسـت نەهێنا، پێویسـتە ئـەم کۆمەڵـەی دامەزرێنەرە هەڵوەشـێتەوە و کۆمەڵەیەکی دیکە لـە لایـەن خەڵکـەوە هەڵبژێردرێـت، هاوشـێوەی دەسـتووری فەڕەنسـای سـاڵی ١٩٤٦ لـە دوای ئـەوەی ڕاپرسـی لـە سـەر پـرۆژەی دەسـتوور کـرا و

---

(١) د. عبدالکریـم علـوان هەمـان سـەرچاوەی پێشـوو. لا(٢٦٣ -٢٦٤). و د. حمیـد حنـون خالـد . هەمـان سـەرچاوەی پێشـوو. لا ١٣٠.

دەنگی پێویستی نەهێنا، دواتر لە هەمان ساڵدا ئەنجومەنێکی دیکەی دامەزرێنەری هەڵبژارد و ڕەشنووسێکی دیکەی دەستووری نووسییەوە و لە ڕۆژی ١٣\ ١٠\ ١٩٤٦ لە ڕاپرسییەکی گشتیدا گەل ڕەزامەندی لە سەر درا[١]. وا باشە دەستووری هەرێمی کوردستانیش بە هەمان ئەم ڕێگایە بنووسرێتەوە.

بەڵام لە کاتی ئەنجامدانی ڕاپرسی لە سەر دەستوور پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکرێت[٢]:

- پێویستە ڕاپرسییەکە لە کەشێکی دیموکراتیدا ئەنجام بدرێت، دوور لە پاڵەپەستۆی لایەنە سیاسییەکان.
- پێویستە پێشتر هۆشیاری بۆ هاووڵاتیان دروست کرابێت، بۆ ئەوەی لە کاتی دەنگدان لە سەری زانیاری لە سەر خاڵە ئەرێنی و نەرێنییەکانی دەستوور هەبێت.

نمونەی ئەو دەستوورانەی بەم ڕێگایە نووسراون وەك: دەستووری فەڕەنسای ساڵی ١٧٩٣ و دەستووری ئێستای فەڕەنسای ساڵی ١٩٥٨ و دەستووری ئیتاڵیای ساڵی ١٩٤٧ و دەستووری ئێستای عێراقی ساڵی ٢٠٠٥.

---

(١) د. محمد احمد ابراهيم المسلماني. القانون الدستوری والنظم السياسيه. الطبعه الاولى. دار الفكر الجامعي. الاسكندريه. ٢٠١٥. ص١٢٥.

(٢) د.احسان حميد المفرجي. هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل١٣٦. و د. محمد احمد ابراهيم المسلماني. هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل(١٢٥-١٢٦).

هەواڵنامەی کتێب

## ٢

## جۆرەکانی دەستوور لە ڕووی نووسینەوەوە[١]

دەستوور لە ڕووی نووسینەوەوە دوو جۆرە، دەستووری نووسراو و دەستووری نەنووسراو (دەستووری نەریتی)، بەڵام لە ڕاستیدا مانای ئەوە نییە دەستووری نووسراو هیچ نەریتێکی دەستووری تێدا نەبێت، هەروەها بە پێچەوانەشەوە دەکرێت دەستووری نەریتیش هەندێك بەڵگەنامەی نووسراوی هەبێت، وەك دەستووری بەریتانیا کە بە یەکەم و پێشکەوتووترین دەستووری نەریتی لە جیهان دەژمێردرێت، ئەم دەستوورە نەنووسراوە زیاتر لە چەندین بەڵگەنامەی نووسراوی هەیە و هاوشێوەی دەقەکانی دەستوور کاریان پێ دەکرێت. وەك[٢]:

١. بەڵگەنامەی بەڵێننامەی گەورە(العهد الأعظم) لە ساڵی١٢١٥.

٢. (عريضة الحقوق) لە ساڵی ١٦٢٨.

٣. یاسای ماف لە ساڵی ١٦٨٩.

٤. یاسای (توارث على العرش) لە ساڵی١٧٠١.

٥. یاسای پەرلەمان لە ساڵی ١٩١١.

---

(١) ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی خەبات ژمارە (٥٧٩٥) لە ٢٠١٩\١٧\٢٣ بڵاو بوویەتەوە.

(٢) نزيه رعد. القانون الدستورى العام المباديء العامه والنظم السياسيه. الطبعه الاولى. ٢٠١١. لبنان. ص٧٦. و د. محمد محمد عبده امام. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا٧٥. و حميد حنون خالد. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا (١٤٢-١٤٣).

٦. یاسای (الوصایة علی العرش) لە ساڵی ١٩٣٧.

٧. یاسای سنووردارکردنی پسپۆرییەکانی ئەنجومەنی لۆردەکان لە ساڵی ١٩٤٩.

٨. بەڵگەنامەی چوونەناویەکی بەریتانیا و ئێرلەندا لە ساڵی ١٨٠٠.

٩. یاسای پێدانی ماف بە ئافرەتان کە ببێتە ئەندامی پەرلەمان (ئەنجومەنی لۆردەکان) لە ساڵی ١٩٥٨.

سەرەتا باسی دەستووری نووسراو دەکەین.

هەواڵنامەی کتێب

## دەستووری نووسراو:

دەستووری نووسراو: بریتییە لە بەڵگەنامەیەك یان چەند بەڵگەنامەیەکی نووسراو لە لایەن کۆمەڵەی دامەزرێنەرەوە دەنووسرێنەوە، کە تایبەت بۆ نووسینەوەی دەستوور دامەزراوە. بە گشتی دەستوور لە لوتکەی سەرەوەی هەرەمی یاساکانی وڵات و نەریتی دەستووریدایە و هێزی یاسایی دەستووری خۆی هەیە، لە دەستووری هەر وڵاتێکدا ئەرك و ماف و ئازادییەکانی تاك زامن دەکات بۆ ئەوەی دوور بێت لە ستەم و زۆرداری دەسەڵاتداران، لە هەمان کاتدا دەستوور شێوازی حکومەت و پسپۆری و دەسەڵاتە سەرەکییەکان و پەیوەندی نێوانیان دیاری دەکات.

لە دوای سەربەخۆبوونی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ساڵی ١٧٨٧، ئەم وڵاتە یەکەم وڵات بوو کە دەستووری وڵاتەکەیانی نووسییەوە و بوو بە خاوەن دەستووری نووسراو. لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی فەڕەنسی لە ساڵی ١٧٨٩ ئەم وڵاتەش لە دوای دوو ساڵ واتە

لە ساڵی ١٧٩١ یەکەم دەستووریان بو وڵاتەکەیان نووسییەوە.

دوابەدوای ئەم دوو وڵاتە بزاڤی نووسینەوەی دەستوور پەرەی سەند و لە وڵاتانی ئەورووپا خێرا بڵاو بوویەوە، بۆ نمونە بەلجیکا لە ساڵی ١٨٣١ دەستووری بۆ وڵاتەکەیان نووسییەوە و ئیتاڵیا لە ساڵی ١٨٣٨ و سویسرا لە ساڵی ١٨٤٨ و هوڵەندا لە ساڵی [1]١٨٨٧.

زۆربەی بیرمەندەکانی سەدەی هەژدەیەم لە ئەورووپا لەو بڕوایەدابوون کە دەستووری نووسراو زۆر باشترە لە دەستووری نەنووسراو، چونکە دەقەکانی زۆر ورد و ڕوون و ئاشکران، هەریەك لە تاك و دەسەڵاتدار زۆر بە ئاسانی ماف و سنووری دەسەڵاتی خۆیان دەزانن، لە هەمان کاتدا دەستووری نووسراو ڕێکارێکە بۆ گەشەکردنی هزری سیاسی تاك و لە هەمان کاتدا تاك لە سایەی دەستووری نووسراودا زیاتر هەست بە هاووڵاتیبوونی خۆی دەکات[2].

هەروەها لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم ئەو وڵاتانەی شکستیان لە جەنگی جیهانیدا خواردبوو، بە هەڵیان زانی کار بەدەستووری نووسراو بکەن، بۆ پاراستنی ماف و ئازادییەکانی تاك و خۆ ڕزگارکردن لە ستەمی سەرکردەکانیان، زۆرێك لەم وڵاتانە هەوڵیاندا دەستووری وڵاتەکانیان بەپێی بەرژەوەندی گشتی وڵات و بە شێوەیەکی پێشکەوتوو بینووسنەوە وەك: دەستووری ڕوسیای ساڵی ١٩١٨ و دەستووری نەمسای ساڵی ١٩٢٠ و دەستووری تورکیای ساڵی ١٩٢٤.

(١) د. حمید حنون خالد. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا (١٤٣- ١٤٤).
(٢) د. احسان حمید المفرجي. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا١٩٦.

دەستووری نووسراو بەوە جیادەکرێتەوە کە بە زۆری دەستووری جێگیرە و دەقەکانی ڕوون و ئاشکرایە و هاووڵاتیان بە ئاسانی دەتوانن شارەزای ماف و ئەرکەکانی خۆیان بن، هەر لەبەر ئەمەش دەستووری نووسراو بریتییە لە پەروەردەی سیاسی، چونکە تاك بە ئاسانی شارەزای مافەکانی خۆی دەبێت و دەست پێوەدەگرێت، هەر لەبەر ئەم هۆکارەش دەستووری نووسراو پیرۆزییەکی زیاتری هەیە بە تایبەتی لە دوای پێشکەوتنی باری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و لە سەردەمی دیموکراتی و دروستبوونی دەوڵەتی نوێ[1]. دەستووری نووسراو لە ڕووی هەموارکردنەوەوە دەکرێت دەستوور بەستەڵەك یان نەرم بێت.

## دەستووری نەنووسراو (دەستووری نەریتی):

دەستووری نەریتی: بریتییە لەو بنەما دەستوورییانەی لە نەریتەوە هاتوون و لە هیچ بەڵگەنامەیەکی فەرمیدا نەنووسراونەتەوە، واتە بریتییە لەو نەریتانەی بە درێژایی کات دووبارە دەبنەوە و مەرجە ئەم نەریتانە لە لایەن خەڵکێکەوە پەسەند بێت. ئەو وڵاتانەی دەستووری نەریتییان هەیە سەرچاوەی دەستوورەکەیان بریتییە لە نەریت و پێشینەی دادگاکان. دەستووری نەریتی لە ڕووی هەموارکردنەوەوە دەستوورێکی نەرمە و دەسەڵاتی یاسادانان دەتوانێت هاوشێوەی دەرکردنی یاسا ئاساییەکان دەستووری نەریتی هەموار بکات. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە پێویستە جیاوازی بدەینە نێوان دەستووری نەریتی و نەریتی دەستووری.

---

(١) د. عبدالكريم العلوان. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا ٣٠٣.

هەواڵنامەی کتێب

دەستووری نەریتی: بریتییە لەو بنەما یاساییانەی لە نەریتەوە هاتوون و لە هیچ بەڵگەنامەیەکی دەستووریدا نەنووسراونەتەوە، بەڵام نەریتی دەستووری بریتییە لەو بنەما یاساییانەی لە نەریتەوە هاتوون، بەڵام لە بەڵگەنامەی دەستووریدا نووسراونەتەوە[1]. یاخود ئەو بەڵگەنامە کۆنانەی هاوتای دەستوور کاریان پێدەکرێت. بۆ نموونە لە سێیەم دەستووری فەرەنسادا مافی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان درابووە سەرۆك کۆمار، دەکرا ئەم مافە بە پێی نەریت پراکتیزە بکرێت، بەڵام ئەم مافە دەستوورییە سووتا و نەما لەبەر جێبەجێنەکردنی بۆ ماوەیەکی درێژ، چونکە نەریت بریتییە لەو ڕووداوانەی ماوە ماوە دووبارە دەکرێنەوە.

لە کۆنەوە زۆربەی وڵاتان پەیڕەوی دەستووری نەریتییان دەکرد، بەڵام لە دوای پێشکەوتنی باری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی وڵاتان، دواتر هەموو وڵاتانی جیهان دەستووری وڵاتەکانیان نووسییەوە و پەیڕەوی دەستووری نووسراویان کرد بێجگە لەبەریتانیا، ئێستا لەم سەردەمەدا پێشکەوتووترین دەستووری نەریتی بریتییە لە دەستووری بەریتانیا، لە هەمان کاتدا لەم وڵاتەدا نەریتی دەستووریش هەیە، سەرەڕای بوونی زۆر بنەمای یاسایی جێگیر لەم وڵاتەدا و ئەم بنەمایانە نووسراو نین، بەڵام هەن. سەرچاوەی سەرەکی دەستوور لەم وڵاتەدا بریتیە لەو نەریتە کۆنانەی بەردەوام دووبارە دەبنەوە و پێشینەی دادگاکانیش سەرچاوەیەکی سەرەکی یاسای دەستووری ئەم وڵاتەیە، هەروەها کۆمەڵێك بەڵگەنامەی کۆنی نووسراویشیان هەیە و

(١) نزیە رعد. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا ٧٦.

وەك دەقـەكانی دەسـتوور كاریـان پـێ دەكرێـت، هـەروەك لـە سـەرەتای ئـەم بابەتـەدا ئاماژەمـان پێكـرد.

مەرجـەكانی نەریتـی دەسـتووری دەتوانیـن لـەم خاڵانـەی خـوارەوەدا كـورت بكەینـەوە[١]:

- بەردەوام دووبارەبوونەوەی ڕووداو.
- ئـەم ڕووداوە نەریتییانـەی دووبـارە دەبنـەوە، دەبێـت لـە لای خەڵكێـك پەسـەند بێـت و هاووڵاتیـان گلەییـان لـێ نەبێـت.
- دەبێــت ماوەیــەكی دیاریكــراو لــە نێــوان ڕوودانی ڕووداوە نەریتییەكانــدا هەبێــت.
- دەبێت دووبارەبوونـەوەی ئـەم ڕووداوە نەریتییانـە بـەردەوام و جێگیـر بێـت.
- دەبێـت ئـەم ڕووداوانـە ڕوون و ئاشـكرا بێـت و پێویسـتییان بـە ڕاڤە(تفسـیر) كـردن نەبێـت.

(١) نزیە رعد. هەمان سەرچاوەی سەرەوە. لا(٧٧-٧٨).

## ٣

## جۆرەکانی دەستوور لە ڕووی هەموارکردنەوەوە[١]:

دەکرێـت دەسـتووری هـەر وڵاتێـك بەپێـی گۆڕانـکاری سیاسـی و کۆمەڵایـەتی و ئابوورییـەکان و بەپێـی بەرژەوەنـدی گشـتی وڵات هەموار بکرێـت، بـەڵام هـەر وڵاتێـك بـە ڕێـگای جیـاواز. بـە گشـتی جـۆرەکانی دەسـتوور لـە ڕووی هەموارکردنـەوەوە دابـەش دەکرێـن بـۆ دوو جـۆر، دەسـتووری نـەرم و دەسـتووری بەسـتەڵەك. ئـەو دەسـتوورانەی شـێوازی هەموارکردنیـان سـەختە دەسـتووری بەسـتەڵەکن، هەروەهـا ئـەو دەسـتوورانەی شـێوازی هەموارکردنیـان ئاسـانە دەسـتووری نەرمـن. لـە دەسـتووری هـەر وڵاتێکـدا چۆنیـەتی شـێوازی هەموارکـردن و ئـەو دەسـەڵاتەی دەسـتوور هەمـوار دەکات دیـاری کـراون.

دەستووری هەندێـك وڵات دەسـەڵاتی هەموارکـردنی دەسـتووری دایتە دەسـەڵاتی یاسادانان یـان دایتـە ئەنجومـەنی دامەزرێنـەری دەستوور یـان ڕاپـرسی گـەل. کـە لـە هەریەکێـك لـەم شـێوازانەدا بـە ڕێوشـوێنی جیـاواز و تایبـەت ئەنجـام دەدرێـت.

دەسـتوور لـە ڕووی نووسـینەوەوە دوو جـۆرە دەسـتووری نـووسراو و دەسـتووری نەنـووسراو (نەریتـی)، بـە زۆری دەسـتوورە نـووسراوەکان دەسـتووری بەسـتەڵەکن، بـەڵام دەسـتووری نەنووسراو(نەریتـی) هەموویـان دەسـتووری نەرمـن، دەسـەڵاتی یاسـادانان دەتوانێـت بـە

---

(١) ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی خەبات ژمار (٥٧٨٠٠) لە ٢٠١٩\٧\٣٠ بڵاو بوویتەوە.

هەمان شێوازی دەرکردنی یاسا ئاساییەکان دەستووری نەرم هەموار بکات. هەروەها دەکرێت دەستووری نەریتی بە نەریتێکی دیکەی دەستووری هەموار بکرێت[1]. لەبەر گرنگی بابەتەکە لە ڕووی هەرموارکردنەوە باسی هەردوو جۆری دەستووری نەرم و بەستەڵەك دەکەین:

## یەکەم: دەستووری نەرم:

دەستووری نەرم بریتییە لەو دەستوورانەی مادە و بڕگەکانی بە هەمان ڕێگای هەموارکردنی یاسا ئاساییەکان هەموار دەکرێن یان لادەبرێن، کەواتە دەسەڵاتی هەموارکردنی دەستووری نەرم بەپێی بنەماکانی دەستوور بریتییە لە دەسەڵاتی یاسادانان. دەستووری نەریتیش بریتییە لە دەستووری نەرم، بۆ نمونە وڵاتی بەریتانیا کە پێشکەوتووترین دەستووری نەریتیان هەیە دەسەڵاتی هەموارکردنی بنەما نەریتییەکانی دایتە پەرلەمان[2]. کەواتە نەك تەنیا دەستوورەکانی نەریتی، بەڵکو دەستووری نووسراویش ئەوانەی مەرجی توندیان بۆ هەموارکردن و کۆتایی پێهێنان دانەنراون دەستووری نەرمن، واتە پەرلەمان هاوشێوەی دەرکردنی یاسا ئاساییەکان دەتوانێت دەستووری نەرم هەموار بکات. بۆ نمونە وەك دەستووری ئیتاڵیای ساڵی ١٩٤٨، و دەستووری یەکێتی سۆڤیەتی ساڵی ١٩١٨، و دەستووری ئیرلەندای ساڵی ١٩٢٢ و دەستووری فەڕەنسای ساڵی ١٨١٤ . لەبەر ئەوەی

---

(١) د. احسان حميد المفرجي. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا٢١٠.

(٢) د. نزيه رعد. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا٨٤. و محمد محمد عبده امام. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا٧٦.

دەســتووری نــەرم بــە دەرکــردنی یاســای ئاســایی هەمــوار دەکرێــت، کەواتــە یاســای ئاســایی هەمــان هێــزی یاســایی دەســتووری نەرمــی هەیــە[1]، بــە پێچەوانەشــەوە دەســتووری نەرمیــش هەمــان هێــزی یاســا ئاســاییەکانی هەیــە.

هەندێــك لــە زانــاکان پێیــان وایــە دەســتووری نــەرم زۆر باشــترە، چونکــە بــە ئاســانی هەمــوار دەکرێــت بەبــێ ئەنجامــدانی ڕێوشــوێنی ســەخت و وڵاتیــش لــە شــۆڕش و کودەتــا دەپارێزێــت، بــەڵام ڕای زۆربــەی زانــاکان پێچەوانــەی ئــەم ڕایەیــە و ئــەوان دەســتووری بەســتەڵەکیان پــێ باشــتر و گونجاوتــرە، چونکــە هــەر پارتێــك زۆرینــەی ئەندامــانی پەرلەمــانی بەدەســتهێنا ناتوانێــت بەبــێ لەبەرچاوگرتنــی بەرژەوەنــدی گشــتی و بەپێــی بەرژەوەنــدی حیــزبی خــۆی دەســتووری بەســتەڵەك هەمــوار بــکات.

ســەرەڕای ئــەوەی دەســتووری وڵاتــانی فیدراڵــی و دەســتووری هەرێمــەکان دەبێــت بەســتەڵەك بێــت. ئەگــەر ســەیری بارودۆخــی سیاســی و کۆمەڵایــەتی هەرێمــی کوردســتان بکەیــن نابێــت دەســتووری هەرێمــی کوردســتان دەســتووری نــەرم بێــت، لەبــەر چەنــد هۆکارێــك: چونکــە لــە هەمــوو وڵاتــانی فیدراڵــی دەبێــت دەســتووری فیدراڵــی و هەرێمــەکان دەســتووری بەســتەڵەك بێــت، لەبــەر ئــەوەی دەســتووری نــەرم دەکەوێتــە ژێــر ڕەحمــەتی ململانێــی لایەنــە سیاســییەکان لەبــەر بەرژەوەنــدی حیزبــی خۆیــان، بەرژەوەنــدی گشــتی هەرێــم بــن پــێ

(١) أ.د. ماجد راغب الحلو. القانون الدستوري. دار الجامعه الجديده. ٢٠٠٣. ص١٦. و د. حميد حنون خالد. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا ١٤٦.

دەخـەن و دەبێتـە گۆڕەپـانی ململانێـی لایەنـەکان و هەروەهـا دەبێتـە هـۆی دروسـتبوونی قەیـرانی زیاتـر، لـە لایەکـی دیکـەوە هـەوڵ بـۆ دروسـتکردنی هاوپەیمانیەتـی سیاسـی دەدرێـت بـۆ ئـەوەی بـە زۆرینـەی نـاو پەرلەمـان بتوانـن دەسـتوور لەبەرژەوەنـدی حیـزبی خۆیانـدا هەمـوار بکـەن بەبـێ ڕەچاوکـردنی بەرژەوەنـدی گشـتی هەرێـم. بـە گشـتی دەسـتووری نـەرم هیـچ سـەروەرییەکی شـکلی نییـە، بەڵکـو تەنهـا لـە ڕووی نـاوەڕۆك و بابەتییـەوە سـەروەری خـۆی بەسـەر یاسـا ئاسـاییەکاندا هەیـە[1].

## دووەم: دەستووری بەستەڵەك:

دەسـتووری بەسـتەڵەك ئـەو دەسـتوورانەن کـە مەرجـی توندیـان دانـاوە بـۆ لابـردن و هەموارکـردنی دەقـەکانی، واتـە ئـەو ڕێوشـوێنانەی بەکاردێـن بـۆ هەموارکـردنی دەسـتووری بەسـتەڵەك زۆر سـەختترن لـە هەموارکـردنی یاسـا ئاسـاییەکان.

دەسـتووری هـەر وڵاتێك شـێوازی هەموارکـردن یان کۆتایـی پێ هێنان لـە نـاو دەقـەکانی دەسـتووردا دیـاری دەکات[2]. هەموارکـردنی دەسـتووری بەسـتەڵەك لـە دەسـتووری وڵاتێـك بـۆ وڵاتێکـی دی جیـاوازە. دەسـتووری هەندێـك وڵات دەسـەڵاتی هەموارکـردنی دەسـتووری دایتـە هـەردوو ئەنجومـەنی یاسـادانان، بـەڵام دەبێـت ڕەزامەنـدی ڕێژەیـەکی دیاریکـراوی هەریـەك لـەم دوو ئەنجومەنـە لـە سـەر بێـت. لـە دەسـتووری هەندێـك وڵاتیشـدا دەسـەڵاتی هەموارکردنی دەستووری بەسـتەڵەکی دایتە ئەنجومەنی

(١) د. احسان حميد المفرجي. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا٢١٠.
(٢) د. عبدالكريم العلوان. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا ٣٠٤.



هەواڵنامەی کتێب

دامەزرێنـەر، واتـە پێویسـتە ئەنجومەنێـك لـە پسـپۆرانی بـواری یاسـای دەسـتووری دامەزرێـت، تەنهـا کارەکـەی تایبـەت دەبێت بـە هەموارکردنی دەسـتوور. دەسـتووری هەندێـك وڵاتیـش دەسـەڵاتی هەموارکـردنی دەسـتووری دایتـە ڕاپـرسی گـەل، لـەم شـێوازەدا دەسـەڵاتی یاسـادانان یـان ئەنجومـەنی دامەزرێنەر پرۆژە یاسـای هەموارکردن ئامـادە دەکات و دواتر لـە ڕاپرسـییەکی گشـتیدا ڕای گـەل لـە سـەری وەردەگیرێـت.

بەگشـتی پسـپۆرانی بواری یاسـای دەسـتووری لـەو بڕوایەدان پێویسـتە لـە پێنـاو جێگیربـوونی سیسـتەمی سیاسـی ڕێـکارەکانی هەموارکـردنی دەسـتوور سـەخت بێـت، چونکـە هـەر چەنـد ئـەم ڕێکارانە سـەختتر بێت سیسـتەمی سیاسـی دامەزراوەتـر و جێگیرتـر دەبێـت[1]. زانـاکانی بـواری یاسـای دەسـتووری بەم شـێوەیەی خوارەوە باس لە بەسـتەڵەکی دەسـتوور دەکەن:

## یەکەم: بەستەڵەکی ڕەها:

ئەگـەر بەسـتەڵەکی دەسـتوور گەیشـتە ئـەو ئاسـتەی کـە نەتوانـرا دەسـتوور هەمـوار بکرێـت، بـەم جـۆرە دەگوترێـت بەسـتەڵەکی ڕەهـا. هەمـوو زانـاکان کۆکـن لـە سـەر ئـەوەی کـە نابێـت بـە شـێوەیەکی ڕەهـا قەدەغـە بکرێـت دەسـتوور هەموار بکرێـت، چونکە ئەم شـێوازە لە ڕووی پراکتییکـەوە شـێوازێکی هەڵەیـە و مەحاڵـە جێبەجـێ بکرێـت، لەبـەر ئەم هۆکارانـە[2]:

(١) د. نزیە رعد. هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل٨٥.

(٢) د. حمید حنون خالد. هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل ٧٨.

ا- دژە لەگەڵ واقعی عەمەلی.     ب- هیچ مەشروعیەتێکی یاسایی نییە.

چونکە بەستەڵەکی ڕەها لەگەڵ گۆڕانکاری و پێشکەوتنی باری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری وڵاتان ناگونجێت و لە ڕوویەکی دیکەوە ئەم شێوازە وا لە نەوەکانمان دەکات کە تەنها بیر لە ڕابردوو بکەنەوە نەك ئایندەی خۆیان.

بەڵام دەکرێت لە ڕووی کات و لە ڕووی بابەتییەوە بەستەڵەکی دەستوور ڕێژەیی بێت.

## دووەم: بەستەڵەکی ڕێژەیی بابەتی:

لەم شێوازەدا خودی دەستوور بەرگری لە هەندێك مادەی دیاریکراو دەکات. بۆ نمونە دەستووری زۆر وڵاتان دەڵێت: نابێت شێوازی دەوڵەت لە کۆمارییەوە هەموار بکرێت، وەك دەستووری فەڕەنسای ساڵی ١٩٤٦ و دەستووری پرتوگالی ساڵی ١٩١١ و دەستووری ئیتاڵیای ساڵی ١٩٤٧دا هاتووە نابێت شێوازی وڵات لە کۆمارییەوە بیگۆڕێت. دەستووری وڵاتی مەغریبی ساڵی ١٩٧٢ دەڵێت نابێت شێوازی دەوڵەت لە پاشایەتییەوە بیگۆڕێت. هەروەها لە مادەیەکی دیکەدا دەڵێت ئەو مادانەی تایبەتن بە ئایینی پیرۆزی ئیسلام نابێت هەموار بکرێن. هەروەها لە دەستووری کوێتی ساڵی ١٩٦٢دا دەڵێت نابێت ئەو مادانە هەموار بکرێن کە تایبەتن بە شێوازی ئەمیری و ئەو مادانەش کە تایبەتن بە بنەماکانی ئازادی و یەکسانی هەموار بکرێت.

## سێیەم: بەستەڵەکی ڕێژەی لە ڕووی کاتەوە:

دەستووری زۆر وڵاتان قەدەغەی کردووە دەستوور بە گشتی یاخود هەندێك مادەی دیاریکراو تا ماوەیەکی دیاریکراو هەموار بکرێن. وەك لە دەستووری ئەمریکای ساڵی ١٧٨٧ دا دەڵێت، نابێت هەندێك مادەی دیاریکراو تا ساڵی ١٨٠٨ هەموار بکرێن. هەروەها لە دەستووری فەڕەنسای ساڵی ١٩٤٦ دا هاتووە نابێت ئەم دەستوورە هەموار بکرێت تا هێزی دەرەکی لە ناو هەرێمێك یان بەشێکی ئەم وڵاتەدا مابێت. هەروەها لەمادەی ١٧٤ی دەستووری کوێتیدا هاتووە نابێت ئەم دەستوورە تا پێنج ساڵ هەموار بکرێت. هەروەها لە مادەی ٢٢ی یاسای بنەڕەتی عێراق لە ساڵی ١٩٢٥ دا هاتووە: (نابێت بە درێژایی ئەو ماوەیەی عێراق لە ژێر (الوصایة)دایە هیچ هەموارکردنێك لە یاسای بنەڕەتی عێراقدا بکرێت سەبارەت بەمافی پاشا و وارسەکانی). لە مادەی ١١٩ی هەمان دەستووری ١٩٢٥دا هاتووە: (نابێت هیچ هەموارکردنێك لە یاسای بنەڕەتی عێراقدا بکرێت بۆ ماوەی پێنج ساڵ، بێجگە لەو بڕگانەی لە مادەی ١١٨دا هاتوون).

## ٤
## بنەمای سەروەری دەستوور[1]:

بیرۆکـەی بنەمـای سـەروەری دەسـتوور دەگەڕێتـەوە بـۆ فەیلەسـوفەکانی یاسـای سروشـتی، ئەوانـەی باوەڕییـان بـە گرێبەسـتی کۆمەڵایـەتی هەبـوو، چونکـە ئـەوان پێیـان وابـوو دەوڵـەت لـە پێـش بـوونی دەسـتوور نەبـووە[2]، چونکـە لـە سـەر بنەمـای دەسـتوور وڵات دروسـت دەبێـت. بنەمـای سـەروەری دەسـتوور بنەمایـەکی ڕاسـتەقینەیە و لـە دەسـتووری زۆر وڵاتانـدا پێویسـت بـە ناونـانی سـەروەری دەسـتوور لـە نـاو دەقەکانـدا نـاکات. لەبـەر ئـەوەی لـە ڕووی بابەتییـەوە دەسـتوور دەوڵـەت دروسـت دەکات و دەسـەڵاتە سـەرەکییەکان ڕێکدەخـات و پسـپۆری و پەیوەنـدی نێوانیـان دیـاری دەکات. هەروەهـا زۆر وڵاتیـش لە نـاو خـودی دەقـەکانی دەستووردا ئاماژە بـە سـەروەری بـوونی دەسـتوور دەکات بـە سـەر یاسـاکانی دیکـەدا کـە لـە سـەرەوەری هەمـوو یاسـاکانی وڵاتدایـە، وەك دەسـتووری هەندێـك ویلایـەتی ئەمریـکا و دەسـتووری ئیتاڵیـای سـاڵی ١٩٤٨ و دەسـتووری عێراقـی سـاڵی ٢٠٠٥ لـە مـادەی ١٣دا و دەسـتووری چیکوسـلۆڤاکیای سـاڵی ١٩٢٠ و زۆر وڵاتانیتریـش.... کەواتـە شـەرعیەتی یاسـاکانی وڵات سـەرچاوە لـە دەسـتوور وەردەگرێت[3].

---

(١) ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی خەبات ژمارە (٥٨٠٥) لە ٢٠١٩١٨١٦ بڵاو بوویتەوە.

(٢) د. حسـان محمـد شـفیق العـاني. الانظمـە السیاسـیە والدسـتوریە المقارنـە. الطبعـە الثالثـە. ٢٠٠٩. شرکـە العاتـك لصناعـە الکتـب. القاهـرە. ص٢١٥.

(٣) د. حمید حنون خالد. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا ١٥١.

هەروەها هەر لە سەرەتاوە دەسەڵاتی گواستنەوەی مولکیەتی تاك بۆ مولکیەتی گشتی لە ڕێگەی دەستوورەوە بووە.

دەسەڵاتی یاسادانان ناتوانێت هیچ یاسایەك پێچەوانەی بنەماکانی دەستوور دەربکات، هەر یاسایەك پێچەوانەی بنەماکانی دەستوور بێت ئەم یاسایە نادەستورییە. تەنانەت لە ڕووی جێبەجێکارییەوە پێویستە گەل و دەسەڵات ملکەچی یاسا و ڕێساکانی وڵات بن و یاساکانیش هاوتای دەستوور بن، بەم شێوەیە ڕێز لە دەستوور بگیرێت و دەسەڵاتە سەرەکییەکان و پسپۆری و چالاکییەکانی هەموویان لە ژێر چەتری دەستووردا کۆبکرێنەوە.

بنەمای سەروەری دەستوور تەنها لە وڵاتە دیموکراتیەکاندا گرنگی خۆی هەیە، چونکە لە وڵاتە دیکتاتۆریەکاندا دەسەڵاتدارەکان هیچ گوێ نادەنە دەستوور و یاساکان، هەر شتێك لە بەرژەوەندی خۆیاندا بێت بە زەبری هێز و زۆرداری و چەوساندنەوە دەستەبەری دەکەن. بە گشتی لە ڕووی زانستییەوە سەروەری دەستوور دوو لایەنی سەرەکی دەگرێتەوە، سەروەری شکلی و سەروەری بابەتی کە لە ڕاستیدا هەردووکیان دوو ڕووی یەك دراون.

## سەروەری شکلی دەستوور:

سەروەری شکلی دەستوور بریتییە لەو ڕێگایانەی دەستووری وڵات پێی دادەنرێت یان هەموار دەکرێت بە تایبەتی دەستووری بەستەڵەك، چونکە دەستووری بەستەڵەك بە ڕێوشوێنی سەخت و تایبەت دادەنرێت یان هەموار دەکرێت یاخود کۆتایی بە هەندێك مادە و بڕگەکانی دەهێنرێت، جیاواز لەو ڕێکارانەی یاسا ئاساییەکان پێ دادەنرێن یان

هەمـوار دەکرێـن. واتـە هەمـوو ئـەم ڕێگایانـە لـە ناو خـودی دەسـتووردا دیـاری کـراون[1]، هەروەك لە سـەرەوە باسـمان کرد هەر یاسـایەکی ئاسـایی پێچەوانـەی بنەمـاکانی دەسـتوور بێـت ئـەم یاسـایە پوچەڵـە و نابێت کاری پێ بکرێت. سـەروەری شـکلی تەنها لە دەسـتووورە بەسـتەڵەکەکاندا هەیە، هـەروەك گوتمـان دەسـتووری بەسـتەڵەك بە ڕێوشـوێنی سـەخت و جیاواز لـە یاسـا ئاسـاییەکان دادەنرێـت یـان هەمـوار دەکرێـت، واتـە جیـاواز لـە سـەروەری بابـەتی کـە لـە هەمـوو دەسـتوورەکاندا بەرجەسـتە دەبێـت[2]. بـە گشـتی لە دەسـتووورە نەرمەکاندا سـەروەری شـکلی بوونی نییـە، چونکە بـە یاسـای ئاسـایی هەموار دەکرێـن، بەڵام لە دەسـتووورە بەسـتەڵەکەکاندا سـەروەری شـکلی و بابـەتی هەیە.

لـە هــەر وڵاتێکــدا بنەمــای ســەروەری دەســتوور بریتییــە لــە جیاکـەرەوەکانی دەوڵەتـی یاسـایی، لەبـەر ئـەوەی دەسـتوور لـە لوتکـەی هەرەمـی یاسـاکانی وڵاتدایـە بۆیـە ناکرێـت یاسـایەکی بچـوك، یاسـایەکی لـە خـۆی گەورەتـر هەمـوار بـکات.

## سەروەری دەستووری لە ڕووی بابەتییەوە

دەسـتوور بریتییـە لـەو سـەرچاوە بنەڕەتییـەی کـە سیسـتەمی یاسـایی وڵات دیـاری دەکات، واتـە کۆمەڵێـك لـەو بنەمـا دەسـتوورییانە لەخۆ دەگرێـت کـە دەسـەڵاتە سـەرەکییەکان و شـێوازی ئـەم دەسـەڵاتانە لـە وڵاتـدا دیـاری دەکات چ لـە ڕووی سیاسـی یـان کۆمەڵایـەتی یـان ئابووری، هەروەهـا پەیوەنـدی نێـوان ئـەم دەسـەڵاتانە دیـاری دەکات کـە بریتییـە

(١) محمد محمد عبده امام. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا٩٧.

(٢) د. نزیە رعد. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا١١١.

لـە سـەرچاوەی پارێزگاریکـردن لـە مـاف و ئازادییـەکانی تـاك. هەروەهـا دەسـتوور لایـەنی هـزری و چوارچێـوەی فەلسـەفی و ئایدیۆلۆژیـش لەخـۆ دەگرێـت، کـە دەسـەڵاتە گشـتییەکان و دەسـتەکانی بەڕێوەبـردن لـە کاتی بەڕێوەبـردنی وڵات پەیـڕەو دەکات. خاڵێکی هەرە گرنگی سـەروەری بابەتی دەستوور بریتییـە لـەوەی کاتـێ کـە دەسـتوور پسـپۆرییەکی دیاریکـراو بۆ دەزگایـەکی گشـتی حکومـەت دیـاری کـرد، بە هیـچ شـێوەیەك نابێت ڕێگە بدرێـت ئـەم پسـپۆرییە لـە لایـەن دەزگایەکیـتری حکومەتـەوە جێبەجـێ بکرێـت، لـە سـەر بنەمـای (عـدم التفویـض الاختصـاص) واتـە ڕێگەپێـدانی ئـەم پسـپۆرییە بـۆ دەزگایەکـی دیکـە بـە هەمـوو شـێوەیەك قەدەغەیە[١].

سـەروەری دەسـتوور لـە ڕووی بابەتییـەوە، دەسـتوورە نـووسراو و نەنـووسراوەکان دەگرێتـەوە و دەسـتوورە نـەرم و بەسـتەڵەکەکانیش دەگرێتەوە[٢]. دەتوانین سـەروەری دەسـتوور لەم سـێ خاڵە سـەرەکییانەدا کـورت بکەینـەوە کـە جیـاوازە لـە یاسـا ئاسـاییەکان[٣]:

## جێگیربوونی ڕێژەیی لە یاسا دەستوورییەکاندا:

یاسـادانەری ئاسـایی ناتوانێت دەسـتوور هەموار بکات هاوشێوەی ئەو یاسـایانەی بە شـێوەیەکی ئاسـایی دەریدەکات، سـەرەڕای ئەوەی پەرلەمان داڕێـژەری دەسـتوور بێـت، واتـە دەسـەڵاتی دامەزرێنـەری دەسـتوور بێـت، بەڵکـو ڕێـگای سـەخت و جیـاواز هەیـە بـۆ هەموارکـردنی دەقەکانی

(١) نزیە رعد. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا١١٠.

(٢) نزیە رعد. هەمان سەرچاوەی سەرەوە. لا١٠٧.

(٣) محمـد محمـد عبـدە امـام . هەمـان سـەرچاوەی پێشـوو. لا(٩٨-٩٩). و د. حسـان محمـد شـفیق العـاني. هەمان سـەرچاوەی پێشـوو. (٢١٧- ٢١٨).

دەستوور، چونکە دەقەکانی دەستوور پێویستە ڕای گەل لە سەر بێت و لە هەمان کاتدا گەل دەتوانێت لە ڕێگەی نوێنەرە دەسەڵاتدارەکان ئەم کارە بکات، بەڵام ڕای لە هەموویان گرنگتر ئەوەیە کە دەبێت لە ناو خودی دەستووردا شێوازی هەموارکردن دیاریکرابێت، کە ئەمە ڕای جان جاك ڕۆسۆیە.

**یاسای دەستووری هەموار ناکرێت تا بە یاسایەکی دیکەی دەستووری نەبێت.**

**نابێت یاسا ئاساییەکان پێچەوانەی بنەماکانی دەستوور بێت.**

## ٥
## دەستووری کاتی و دەستووری هەمیشەیی[١]

هــەر لــە بنەڕەتــدا دەســتووری وڵاتــان دەســتووری هەمیشــەییە نــەك دەســتووری کاتی، چونکــە ئەمــە بنەمایــەکی گشــتگیرە بــۆ هەمــوو دەســتوورەکان. ئــەرکی دەســتوور بریتییــە لــە ڕێکخســتنی پەیوەنــدی نێــوان دەســەڵاتدار و ژێردەســتە، کــە لــە ناوەڕۆکەکەیــدا شــێوازی سیســتەمی سیاســی و دەســەڵاتە ســەرەکییەکان و پەیوەنــدی نێوانیــان دیــاری دەکات، کــە ئەمــە لــە بەرژەوەنــدی تــاك و دەســەڵاتداردایە[٢].

ئێمــە کــە دەڵێین هەمیشــەیی واتە مانای ئەوە نییە کە ئەم دەســتوورە هەتــا هەتاییــە، بــەڵام لەبــەر ئــەوەی کــە دەســتوور لــە لایــەن مرۆڤــەوە دادەنرێــت، کــە واتــە لــە هەمان کاتــدا مانای ئــەوەش نییە بــێ کەموکۆڕی دەبێــت، چونکــە هــەر شــتێك دروســتکراوی دەســت و هزری مــرۆڤ بێت بــە درێژایــی کات و لەگــەڵ پێشــکەوتنی بــاری سیاســی و کۆمەڵایــەتی و ئابــووری وڵات، ئەویــش پێویســتی بە پێشــکەوتن و هەموارکــردن و گۆڕین و کۆتایــی پێهێنــان دەبێــت، بــەڵام بــە شــێواز و ڕێوشــوێنی تایبــەت کــە دەبێــت ئــەم شــێواز و ڕێکارانــە لە ناو خــودی دەقەکانی دەســتووردا دیاری دەکرێــت یاخــود دەکرێــت بــە نەریتێــکی دەســتووری هەمــوار بکرێت.

---

(١) ئــەم بابەتــە لــە ڕۆژنامــەی خەبــات ژمــارە ٥٨١٠ لــە ٢٠١٩\٨\٢٠ بــڵاو بوویتــەوە. بــۆ نووســینی بەشــێك لــەم بابەتــە، ســوود لــە حســان محمــد شــفیق العــانی لا٢٠٧ وەرگــیراوە.
(٢) د. حسان محمد شفيق العاني. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا ٢٠٧.

بەگشتی هەتا بکرێت پێویستە دەستووری وڵات هەمیشەیی بێت، بەڵام زۆر جار لە زۆر وڵاتان لەبەر نەگونجاوی بارودۆخی سیاسی وڵات و بوونی شەڕ و کودەتا هەندێك وڵات بە تایبەتی لە دوای سەرکەوتنی کودەتاکان دەستوورێکی کاتی بۆ خۆیان دەنووسنەوە و دەخەنە واری جێبەجێکردنەوە تا باری نائاسایی لادەچێت و ئاشتی و ئارامی بەرپادەبێت تا ئەوکاتەی بتوانن بە شێواز و ڕێکاری زانستیانە دەستووری هەمیشەیی بۆ خۆیان دەنووسنەوە.

بۆ نمونە لە دوای لادانی دەسەڵاتی پاشایەتی لە عێراق لە ساڵی ١٩٥٨ تا ساڵی ٢٠٠٣ ئەم وڵاتە چەندین دەستووری بۆ عێراق نووسییەوە کە هەموویان دەستووری کاتی و دەستووری نەرم بوون بەبێ ئەوەی هیچ ماوەیەکی دیاریکراو هەبێت بۆ کاتیبوونی ئەم دەستوورانە. هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بە درێژایی ئەم ماوەیە هەر دەسەڵاتدارێك هاتبێتە سەر دەسەڵات بە ئەنجامدانی کودەتا و شێوازی نائاسایی و بەکارهێنانی هێزی سەربازی بووە، واتە دوور لە هەموو بنەماکانی دیموکراتی و ڕەچاوکردنی مافی مرۆڤ و دەستاودەستکردنی مەدەنیانەی دەسەڵات بووە.

لە دوای سەرکەوتنی بەناو شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨ کە کۆتایی بە سیستەمی پاشایەتی لە عێراق هێنا و دەستوورێکی کاتییان نووسییەوە. لەم دەستوورەدا سیستەمی کۆماری جێگیر کرا، بەڵام بەپێی بنەماکانی یاسای گشتی لە سیستەمی کۆماری لە وڵاتانی جیهاندا سەرۆك کۆمار بە هەڵبژاردن و شێوازێکی دیموکراتی دادەنرێت و ئاڵوگۆڕی دەسەڵات بە شێوازێکی مەدەنیانە ئەنجام

دەدرێـت، نـەك بـە ئەنجامـدانی کودەتـا، چونکـە هـەر ئاڵوگۆڕیکردنێـکی دەسـەڵات لـەم وڵاتـەدا کرابێـت، هەموویـان بـە هـۆی کودەتـاوە بـووە.

لـە دوای هـەر کودەتایـەك ئـەم دەسـتوورانەی خـوارەوە بـۆ عێـراق نـووسراون:

- دەسـتووری کاتی لـە ٢٧ی تەمـووزی ١٩٥٨ کـە پێکدێـت لـە ٣٠ مـادە و بەسـەر چـوار بەشـدا دابـەش کـراوە، ئـەم دەسـتووره لـە مـاوەی دوو ڕۆژدا دانراوە بە پشتبەسـتن بەدەسـتووری میسـری، واتــە کۆمــاری عــەرەبی یەکگرتــوو کــە لــە٢١ی شــوباتی ١٩٥٨ نووسـیبوو.
- دەسـتووری کاتی لـە ٨ی شـوباتی ١٩٦٣ کـە پێکدێـت لـە ٢٠ مـادە و بـە سـەر پێنـج بەشـدا دابـەش کـراوە.
- دەسـتووری کاتی لـە ٢٩ی نیسـانی ١٩٦٤ کـە پێـك دێـت لـە ١٠٦ مـادە و بەسـەر شـەش بەشـدا دابـەش کـراوە.
- سیســتەمی دەســتووری لــە ١٧ی تەمــووزی ١٩٦٨، لــە دوای ســەرکەوتنی کودەتاکەیــان بڕیاریانــدا کــە کار بەدەســتووری سـاڵی ١٩٦٤ بکرێـت لەگـەڵ ئەنجامـدانی هەندێـك هەموارکـردن کـە لـە ٢١ی ئەیلـولی ١٩٦٨ هەمـوار کـرا، بـەڵام ئـەم هەمـوار کردنانـە بنەڕەتـی نەبـوون و ئـەم دەستووره بـوو بـە ٩٥ مـادە، بـە پشتگوێخسـتنی مافـەکانی گـەلی کـورد.
- دەسـتووری کاتی لە ١٦ی تەمـوزی ١٩٧٠ کـە لـە لایـەن (مجلـس قیـادة الثـورة)ەوە دەرچـوو کـە پێـك دەهـات لە ٦٧ مـادە و بە سـەر پێنج بەشـدا دابـەش کـراوە کـە لـە مـادەی (٦٣ أ)ی دەسـتوورەدا هاتبـوو کار بـەم دەسـتووره دەکرێـت تـا دەسـتوورێکی هەمیشـەیی دەنووسرێتـەوە

و دەسەڵاتی هەموارکردنی دابوو (مجلس قيادة الثورة) ئەمەش مانای ئەوەیە سەرۆك کۆمار چی بیەوێت کەس ناتوانێت ڕایەکی جیاوازی هەبێت، چونکە سەرۆك کۆمار سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشە[1]، تا ساڵی ٢٠٠٣ ئەم دەستوورە لە عێراق پەیڕەو کرا. لە هەموو ئەم دەستوورانەدا ماوەی قۆناغی ڕاگواستن (فترة انتقالية) دیار نەبوو. هەموو ئەم دەستوورانەش دەستووری نەرم بوون، واتە یاسادانەری ئاسایی دەتوانێت هەموار بکات، بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم ڕاستییە وتەیەکی سەدامی دیکتاتۆر بەبیر دێنمەوە کە دەڵێت یاسا وەك لاستیکە چۆن بمانەوێت ئەوها ڕادەکێشین، کە واتە ئەم وتەیە ئەو ڕاستییە دەردەخات کە دەستوورەکانی عێراق هیچ بەهایەکی دەستوورییان نەبوو، چونکە ڕای گەل لەگەڵدا نەبوو و تەنها بیروبۆچوونی دەسەڵاتدارە چەوسێنەرەکان بوو، دەبێت یەکەم جار دەستوور گوزارشت لە ڕای خەڵکێک بکات.

لە ڕووی یاساییەوە پێویستە لە کاتی نووسینی هەر دەستوورێکی

---

(١) بەپێی بڕیاری ٢٢ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی بەناو شۆڕشەکەیان ئەم ئەنجومەنە پێکدێت لەم ئەندامانەی خوارەوە: ١- سەرۆك کۆمار. ٢- سەرۆك وەزیران. ٣- وەزیری بەرگری. ٤- وەزیری ناوخۆ. ٥- سەرۆکی ئەرکانی سوپا. ٦- سەرۆکی ناوچەی بەغدا. ٧- سەرۆکی پاسەوانی کۆماری. سەرچاوە: (رعد ناجي الجده. النظريه العامه في القانون الدستوري والنظام الدستوري في العراق. الطبعه بغداد. المكتبه القانونيه. ١٩٨٩. ص٣٩٤. ). هەروەها لە مادەی ٥٨ی دەستووری ١٩٥٨دا هاتووە ئەم ئەنجومەنە دەسەڵاتی یاسادانانی هەیە. بۆنموونە لە ساڵی ١٩٦٩ ئەم ئەنجومەنە دەستووری عێراقی هەموار کرد بڕگەیەکی بۆ مادەی ٤٤ زیاد کرد کە تێیدا هاتووە: (ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دەسەڵاتی دەرکردنی بڕیار و یاساکانی هەیە کە هێزی یاساییان هەیە بەبێ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران). سەرچاوە: (حميد حنون خالد. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا(٢٦٠-٢٦١).

کاتیـدا مـاوەی کارپێکـردنی ئـەم دەسـتووره دیاریکـراو بێـت، واتـە دەبێت مێـژووی قۆناغـی ڕاگواسـتن دیاریکـراو بێـت. کـە واتـە بـۆ نووسـینەوەی دەستووری هەمیشـەیی پێویسـتە هەمـوو بنەمـاكانی پەیوەسـت بـە دەسـەڵات و شـێوازی دامـەزراوەکان و پەیوەنـدی نێوانیـان دیاریکـراو بێـت، بـە شـێوەیەك کـە ئـەم دامەزراوانـە ئەرکێـکی سیاسـی و کۆمەڵایەتی جێبەجـێ بکـەن کـە بگونجێـت لەگـەڵ سروشـتی ئـەو هێـزە سیاسـی و کۆمەڵایـەتی و ئابوورییانـەی لـە وڵاتـدا هەیـە کـە لـە بەرژەوەندی گشـتی وڵاتـدا بێـت، نـەك تەنهـا لـە بەرژەوەنـدی دەسـەڵاتدارەکان. ئەمـە کارێکی ئاسـان نییـە لـە بارودۆخێـکی لەم شـێوەیە ناجێگیر و لە ژێر زەبـر و زەنگی ئـەم دیکتاتۆرانـەدا بتوانێـت دەسـتە و دامـەزراوەکان بەپێـی گونجـاوی بارودۆخـی ئابـووری و کۆمەڵایـەتی و سیاسـی وڵات دامەزرێنـن، چونکـە هـەر سـەرۆك کۆمارێـکی عێراقـی لـە دوای دەسـەڵاتی پاشـایەتی لـە ١٩٥٨ هاتبێتـە سـەر دەسـەڵات ئەفسـەری سـەربازی بـووه و بـە ئەنجامـدانی کودەتـا و هێـز هاتووه سـەر دەسـەڵات، خۆی سـەپاندووه و گـوێ نەدایتە بیروبۆچـوونی سیاسـەتوان و یاسـاناس و نیشـتیمانپەروەرەکان بـۆ پێـدانی شـەرعیەتی یاسـایی و پێـدانی مـاف بـە هـەر خـاوەن مافێـك.

وڵاتی فەڕەنسـا زۆر دەسـتووری نووسـیوە لە پاشـایەتی بۆ ئیمپراتۆری و لـە ئیمپراتـۆری بـۆ کۆماری یان شۆڕشـگێڕی، لە هەموو ئەم دەسـتوورانەدا ویسـتیان هێزەکانیـان لـە دامەزراوەکانـدا چـڕ بکەنـەوە کـە ئەمـە کارێکی ئاسـان نەبـوو بـۆ ئـەوکات هەنگاونـان لـەم قۆناغـە سـەختەدا بـۆ دانـانی دەسـتوورێکی هەمیشەیی.

کە واتە هەرێمی کوردستانیش بە قۆناغێکی ناجێگیردا تێدەپەڕێت پێویستە هەموو هەوڵ و کۆششەکان چڕ بکرێنەوە بۆ بە دامەزراوەکردنی دەزگاکانی حکومەتی هەرێم و هەوڵدان بۆ چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراتی و یەکسانی و دادپەروەری لە بوارە جۆراوجۆرەکان، کە هەموو سێکتەرەکانی حکومەت بگرێتەوە لە پێناو دەستبەرکردنی گشت ماف و ئازادییەکانی تاك لەم هەرێمەدا بۆ ئەوەی بەرژەوەندی گشتی وڵات لە سەرەوەری هەموو بەرژەوەندییەکانی دیکەدا بێت.

## ٦
## چەمکی حکومەت[1]:

حکومەت بریتییە لە سیستەمی دەسەڵات واتە بەڕێوەبردنی (حکم) لە ڕێگەی کۆمەڵێکی سیاسی دیاریکراو. پەیڕەوی هەرسێ دەسەڵاتی یاسادانان و دادوەری و جێبەجێکردن دەکات، بۆ پارێزگاریکردن لە ئاسایشی کۆمەڵگا لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات[2]. حکومەت زۆر واتای جیاواز لەخۆ دەگرێت، بۆ دیاریکردنی واتای دروستی حکومەت دوو پێوەر هەیە پێوەری بابەتی و پێوەری ئەندامێتی (عضوي)[3].

### یەکەم: حکومەت بەپێی پێوەری بابەتی:

حکومەت بریتییە لەو ڕێگایانەی دەسەڵات لە سەری دامەزراوە و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی وڵات لە پراکتیکدا. بەپێی پێوەری بابەتی حکومەت دابەش دەبێت بۆ چەند جۆرێك، بۆ نمونە لە ڕووی دیاریکردنی سەرۆکی وڵات دابەش دەبێت بۆ حکومەتی پاشایەتی و حکومەتی کۆماری. لە ڕووی ملکەچبوون بە یاسا دابەش دەبێت بۆ حکومەتی یاسایی و حکومەتی داپلۆسێنەر(استبدادی). لە ڕووی سەروەری دەسەڵات دابەش دەبێت بۆ حکومەتی تاکڕەوی(فردی)

(١) ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٥٨١٥ لە ٢٠١٩\٨\٢٧ بڵاو بوویتەوە.

(٢) د.محمد احمد ابراهیم المسلمانی. القانون الدستوري والنظم السیاسیه. الطبعه الاولی. ٢٠١٥. الاسکندریه. ص٣٩٢.

(٣) د. علي یوسف الشکري. الوسیط في الانظمه السیاسیه المقارنه. الطبعه الاولی، ٢٠١٢. عمان. ص ١٣٢.

و حکومـەتی کەمینـە( ئەرسـتوکراتی) و حکومـەتی دیموکـراتی[1]. هەروەهـا حکومـەت لـە ڕووی چڕبوونـەوەی دابەشـبوونی دەسـەڵاتەکان، دابـەش دەبێـت بـۆ حکومـەتی ڕەهـا و حکومـەتی مەرجـدار (مقیـد). لـە خـوارەوە باسـی هەندێـك لـەم چەمكـە جیاوازانـە دەكەیـن:

## حکومەتی پاشایەتی و حکومەتی کۆماری:

### حکومەتی پاشایەتی:

حکومـەت لـە ڕووی دیاریکـردنی سـەرۆکی وڵات: ئەگـەر شـێوازی دیاریکـردنی سـەرۆکی وڵات بـە ویـراسی بێـت واتـە لـە بابـەوە بـۆ کـوڕ بـە درێژایـی تەمـەن، یاخـود تـا ئـەو کاتـەی پاشـا (اهلیـە)ی بەڕێوەبـردنی هەیـە، بـەم شـێوەیە دەگوترێـت حکومـەتی پاشـایەتی، سـەرەڕای ئـەوەی لـە ژێـر هـەر ناوێکـدا بێـت بـۆ نمونـە: نـاوی لێنابێـت پاشـا یـان ئیمپراتۆر یـان سـوڵتان یـان (العاهـل). ئـەم شـێوازەی دەسـەڵات کۆنتریـن شـێوازە و زۆر بـاو بـووە تـا سـەرهەڵدانی شـۆڕشی فەڕەنسـا. لـە حکومـەتی پاشـایەتیدا مـەرج نییـە تەنهـا یـەك کـەس واتـە پاشـا دەسـەڵات بەڕێـوە ببـات، بەڵکـو دەکرێـت ئەندامـانی ئەنجومەنێـك یـان بنەماڵەیـەك بـە ویراسـی دامەزرێـن بـۆ بەڕێوەبـردنی دەسـەڵات، بـە زۆری ئـەم شـێوازە لـە سیسـتەمی پاشـایەتی ڕەهـادا جێبەجـێ دەکرێـت کـە دەسـەڵاتی پاشـا ڕەهایـە، وەك ئەنجومـەنی لـۆردەکانی بەریتانیـا[2]. سیسـتەمی پاشـایەتی دابـەش دەبێـت بـۆ پاشـایەتی ڕەهـا و پاشـایەتی دەسـتووری، لـە پاشـایەتی ڕەهـادا پاشـا هەمـوو پسـپۆری و دەسـەڵاتە سـەرەکییەکان لـە ژێـر

(١) د. السيد صبري. مباديءالقانون الدستورى. الطبعه الرابعه. ١٩٤٩. ص٣٣.

(٢) -د. مصطفى عفيغي. دستور المصري. دار الجامعه الجديده. ٢٠١٢. ص٢٣.

دەسـەڵاتی خۆیـدا کۆدەکاتـەوە و بـوار بـە هیـچ دەسـەڵاتێکی دیکـە نـادات لـە بەڕێوەبـردنی وڵات لـە دەرەوەی دەسـەڵاتی ئـەودا. بـەڵام لـە پاشـایەتی دەسـتووریدا گـەل دەسـەڵاتەکان بەڕێـوە دەبـات، لـە ڕێگـەی هەرسـێ دەسـەڵاتی سـەرەکی (یاسـادانان و جێبەجێکـردن و دادوەری)، پاشـا تەنهـا ڕەمـزی یەکڕیـزی وڵاتـە[1].

ئـەوەش لەبیرمـان نەچێـت حکومـەتی پاشـایەتی دابـەش دەبێـت بـۆ پاشـایەتی ڕەهـای داپڵۆسـێنەر (استـبدادی) کـە ملکەچـی یاسـا نابێـت، یاخـود پاشـایەتی ڕەهـا بـەڵام ملکەچـی یاسـا دەبێـت و بـەم سیسـتەمە دەگوترێـت سیسـتەمی پاشـایەتی یاسـایی.

### حکومەتی کۆماری:

ئەگـەر شـێوازی دیاریکـردنی سـەرۆك بـە هەڵبـژاردن و شـێوازێکی دیموکـراتی بێـت و بـۆ ماوەیـەکی دیاریکـراو بێـت. چ سـەرۆك ڕاسـتەوخۆ لـە نـاو گـەل هەڵبژێرێـت، وەك لـە ویلایەتـە یەکگرتـوەکانی ئەمریـکا بەپێـی دەسـتووری ١٧٨٧، ڕوسـیا بەپێـی دەسـتووری ١٩٩٣، فەڕەنسـا بەپێـی دەسـتووری ١٩٥٨. یاخـود سـەرۆك ناڕاسـتەوخۆ لـە پەرلەمـان هەڵدەبژێرێـت، وەك لوبنـان بەپێـی دەسـتووری ١٩٢٦، تورکیـا لـە دەسـتووری ١٩٨٢، عێـراق دەسـتووری ٢٠٠٥. بـەم شـێوازە دەگوترێـت حکومـەتی کۆمـاری.

هەروەهـا ڕێگایەکـی دیکـەش هەیـە کـە سـەرۆك کۆمـار لـە

---

(١) د.عمـر احمـد قـدور. شـكل الدولـه واثـره في تنظيـم مرفـق الامـن. دار الحيـال. بـيروت. الطبعـه الاولى. ١٩٩٤. ص٨٨. و د. عبدالكريـم العلـوان. هەمـان سـەرچاوەی پێشـوو. لا ١٤٤.

لایەن پەرلەمان و گەلەوە هەڵدەبژێرێت، بۆ نمونە لە مادەی ٧٦ی دەستووری میسری ساڵی ١٩٧١ دەڵێت: (ئەنجومەنی گەل سەرۆك كۆمار هەڵدەبژێرێت لە سەر ڕاسپاردەی سێیەكی ئەندامانی ئەنجومەن دواتر ئەو پاڵێوراوەی دەنگی دوو لە سەر سێی ئەندامانی پەرلەمان بەدەست هێنا دەدرێتە ڕاپرسی گەل، كاتێك كە هیچ پاڵێوراوێك دەنگی دوو لە سەر سێی ئەندامان بەدەست نەهێنا، پێویستە دوو ڕۆژ لە دوای یەكەم دەنگدان هەڵبژاردنەكە دووبار بكرێتەوە. دواتر ئەو پاڵێوراوەی زۆرینەی ڕەهای دەنگەكانی بەدەست هێنا دەدرێتە ڕاپرسی گەل...). كە واتە حكومەتی كۆماری بەوە لە حكومەتەكانی دیكە جیادەكرێتەوە، كە گەل خاوەن سەروەری و دەسەڵاتە سەرۆك كۆمار بە دەنگی گەل هەڵدەبژێرێت، بەو شێوەیەی كە لە دەستووردا هاتووە، واتە هاووڵاتیان هەموویان لەم پرۆسەیەدا یەكسانن، هەروەها لە دوای شۆڕشی فەڕەنسا و پەرەسەندنی بنەماكانی دیموكراتی، زۆربەی وڵاتانی جیهان پەیڕەوی سیستەمی كۆمارییان كرد.

لە هەردوو شێوازی حكومەتی كۆماری و حكومەتی پاشایەتیدا ئەگەر حكومەت ملكەچی یاسا بێت ئەوە حكومەتی یاساییە و بە پێچەوانەشەوە ئەگەر حكومەت ملكەچی یاسا نەبوو ئەوە حكومەتی چەوسێنەرە.

بەڵام لە ڕووی بەرپرسیاریەتییەوە جیاوازییەكی بنەڕەتی لە نێوان حكومەتی پاشایەتی و حكومەتی كۆماریدا هەیە، لە حكومەتی پاشایەتیدا هەمیشە دەستووری وڵات هیچ بەرپرسیاریەتییەكی سیاسی و تاوانكاری بۆ پاشا دروست ناكات، هەروەك بڵێین پاشا هەڵە ناكات، چ ئەم

بەرپرسیاریەتییە لە چوارچێوەی بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی ئەودابێت یان لە دەرەوەی بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی ئەودابێت. ئەم بنەمایەی نەبوونی بەرپرسیاریەتی پاشا لە بەریتانیا سەریهەڵداوە، هەروەك ئەوان دەڵێن پاشا هەڵە ناکات (The King can do no wrong)، کە واتە کاتێ پاشا بەرپرس نەبوو لە سەر ئەدای بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی حکومەت، کە واتە ئەم بەرپرسیاریەتییە دەکەوێتە سەرشانی سەرۆك وەزیران و وەزیرەکان[1]. لە دەستووری زۆر وڵاتاندا پاشا بەرپرسیار نییە وەك مادەی ٣٠ی دەستووری ئوردنی ساڵی ١٩٥٢، مادە ٣٣ی دەستووری میسری ساڵی ١٩٢٣، کە واتە ئەم بنەمایەی پاشا هەڵە ناکات بنەمایەکی ڕەهایە.

بەڵام لە دەستووری وڵاتانی کۆماریدا سەرۆك کۆمار بەرپرسیاریەتی سیاسی و تاوانکاری هەڵدەگرێت، وەك خیانەتی گەورە یان دەرچوون لەیاسا. بۆ نمونە چەندین سەرۆك کۆمارەکانی ئەمریکا تۆمەتبار کراون وەك تۆمەتبارکردنی سەرۆك (ئەندرو جونسون) بەڵام بێ تاوان دەرچوو، هەروەها تۆمەتبارکردنی سەرۆك (دی نیکسون) لە ئەنجامدا ئەم سەرۆکە لە بەرامبەر ئەنجومەنی نوێنەران دەستی لە کار کێشایەوە[2]. هەروەها لە دەستووری هەندێك وڵاتیشدا سەرۆك کۆمار تەنها بەرپرسیاریەتی تاوانکاری هەڵدەگرێت و بەرپرسیاریەتی سیاسی هەڵناگرێت.

---

(١) د. عبدالكريم العلوان. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا (١٣٢-١٣٣). وە د. علي يوسف الشكري. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا ١٥٢.

(٢) د. علي يوسف الشكري. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا ١٥٤.

**حکومەتی یاسایی (حکومەتی ڕەها و حکومەتی مەرجدار -مقید-):**

**حکومەتی یاسایی:**

ئـەو حکومەتەیـە کـە دەسـەڵاتدار و هاووڵاتیـان ملکەچـی یاسـا و ڕێنماییـە بـەرکارەکان بـن، هـەر بڕیارێـك یـان کردارێـك حکومـەت ئەنجـام بـدات پێویسـتە بەپێـی یاسـا بێـت. لـە حکومـەتی یاسـاییدا پابەندبـوون بـە بنەمـا یاسـاییەکان ئەرکـە لـە سـەر حکومـەت بـە جێبەجێکـردنی بنەمـاکانی دەسـتوور و هەرسـێ دەسـەڵاتی سـەرەکی (یاسـادانان و جێبەجێکـردن و دادوەری). کـە دەسـەڵاتی یاسـادانان ئـەرکی دەرکـردنی یاسـاکان و چاودێریکردنـە بـە سـەر کاروبـارەکانی حکومەتـدا. هەروەهـا ئـەرکی دەسـەڵاتی جێبەجێکردنیـش دەرکـردنی ڕێنماییەکانـە بـۆ ئـەوەی بتوانێـت بـە ئاسـانی یاسـاکان جێبەجـێ بـکات لەبـەر ڕۆشـنایی بنەمـاکانی دەسـتوور و یاسـا بـەرکارەکان. هەروەهـا دەسـەڵاتی دادوەریـش پابەنـدە بـە یەکلایکردنـەوەی کێشـەکان بەپێـی یاسـا و بنەمـاکانی دەسـتوور و بەپێـی پسـپۆری (بابـەتی و کات و شـوێن) ی هـەر ڕووداوێـك، و بەپێـی پلەبەنـدی دادوەری، بۆیـە دەبێـت دادگا بچوکـەکان پابەندبـن بـە بنەمـا و بڕیـاری دادگاکانی سـەرەوەی خۆیـان.

بـە گشـتی ئـەرکی حکومـەتی یاسـاییە هـەر هەنگاوێـك بنێـت دەبێـت لـە پێنـاو بەرژەوەنـدی گشـتیدا بێـت، کـە هەڵقـوڵاوی یاسـا گشـتییەکان بێـت، بـۆ ڕێکخسـتنی پەیوەنـدی نێـوان تـاك و حکومـەت، هەروەهـا ڕێکخسـتنی پەیوەنـدی تاکـەکان لەگـەڵ یەکتریانـدا. دەکرێـت حکومـەت ڕێنمایـەکان هەمـوار بـکات و داوای هەموارکـردنی یاسـاکان لـە پەرلەمـان بـکات. کـە واتـە دەسـەڵاتی سیاسـی وڵات سـەروەری

تـەواو بـاڵای هەیـە و ناکەوێتـە ژێـر هیـچ دەسـەڵاتێکی دیکـە چونکـە پابەنـدە بـە بنەمـاکانی یاسـا[1].

## لە ڕووی ملکەچبوون بەیاسا:

ئەگـەر حکومـەت ملکـەچ بێـت بـە یاسا بـەم حکومەتـە دەگوترێـت حکومـەتی یاسـایی، دەکرێـت حکومـەتی یاسـایی مەرجـدار (مقیـد) بێـت، واتە دەسـەڵاتەکان دابەش بکرێن بە سـەر دەسـتەی جیاوازدا و لە هەمان کاتـدا لێکجیـا کردنەوەی دەسـەڵاتەکان هەبێت و ئەم دەسـەڵاتانە بتوانن چاودێـری بـە سـەر یەکـترەوە بکـەن[2]. هەروەهـا دەکرێـت حکومـەت ڕەهـا بێـت، واتـە دەسـەڵاتە سـەرەکییەکان تەنهـا لە دەسـت یەك کەسـدا بێـت، بـەڵام لـە هـەردوو حاڵەتـدا یاسـا جێبەجێ بکرێـت، ئـەم حکومەتە حکومەتێـکی یاسـایی دەبێت[3].

دەکرێـت حکومـەت ڕەهـا بێـت واتە هەرسـێ دەسـەڵاتی سـەرەکی لە دەسـت یەك کەسـدا بێت و دەوڵەتێکی یاسـایی بێت، بۆ نمونە لە دەوڵەتی ئیسـلامیدا هەرسـێ دەسـەڵاتی یاسـادانان و جێبەجێکـردن و دادوەری لـە دەسـت پێغمبـەر(د.خ) و خولەفای ڕاشـدیندا بوو، بـەڵام هەموویان پابەند بـوون بـە بنەماکانی شـەریعەتی ئیسـلام کە لـە قورئان و سـونەتدا هاتووە و دەوڵەتێکی یاسـایی بوو[4].

دەتوانیـن بڵێیـن حکومـەتی پاشـای دەسـتووری حکومەتێـکی (مقیـد)ە

(١) محمد احمد المسلماني. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا٣٩٥.

(٢) د. محمد عمر قدور. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا٨٢.

(٣) د. عبدالكريم العلوان. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا ١٤٢.

(٤) علي يوسف الشكرى. هەمان سەرچاوەی پێشوو. ١٤٣.

کاتێـك پاشـا پابەنـد بێت بـە بنەماکانی دەسـتوور لەو کاتەی دەسـەڵاتەکانی پاشـا لـە دەسـتووردا دیـاری کرابـن، واتـە دەسـەڵاتەکان دابـەش بکرێن لە نێوان هەرسـێ دەسـەڵاتی سـەرەکی و پاشـاش پابەند بێت بەو ئەنجومەنەی لە لایەن گەلەوە هەڵبژێردراوە. بەم شـێوەیە پسـپۆرانی یاسـای دەسـتووری سیسـتەمی پاشـایەتی دەسـتووری بـە سیسـتەمێکی ئـازاد هەژمـار دەکـەن، چونکـە لـەم سیسـتەمەدا پاشـا ناتوانێـت زۆرداری بـکات و بەرژەوەنـدی خـۆی بـە سـەرەوەی بەرژەوەندی گشـتی بخـات[1].

بـە پێچەوانـەوە لـە هـەردوو حاڵەتـدا ئەگـەر حکومەت ملکـەچ نەبوو بـە جێبەجێکـردنی یاسـاکان، بـەم جـۆرە دەگوترێـت حکومـەتی چەوسـێنەر یـان داپلۆسـێنەر (استبدادی). هـەروەك بینیـمان لـە کۆنـدا حکومـەتی پاشـایەتی هەرسـێ دەسـەڵاتە سـەرەکییەکانی (یاسـادانان و جێبەجێکردن و دادوەری) لـە ژێـر دەسـەڵاتی خۆیاندا قۆرخ دەکرد و وڵات بە دەسـەڵاتێکی ڕەهـا بەڕێـوە دەبـرد، بەبـێ ویسـتی گـەل بـەم حکومەتانـە دەگوترێـت حکومـەتی داپلۆسێنەر(استبدادی).

## حکومەتی مونوکراتی و ئەرستۆکراتی و دیموکراتی:

لـە ڕووی سـەروەری دەسـەڵاتەوە: حکومـەت دابـەش دەبێـت بـۆ هەرسـێ حکومـەتی تاکڕەوی(مونۆکـراتی) و حکومـەتی کەمینـە( ئەرسـتۆکراتی) و حکومـەتی دیموکـراتی.

---

(١) علي يوسف الشكري. هەمان سەرچاوەی سەرەوە. ل١٤٥.

## حکومەتی تاکڕەوی (مونۆکراتی):

بریتییە لە دەسەڵاتی تاکەکەسی، کە واتە مونۆکراتی زاراوەیەکی یۆنانییە و لە دوو بەش پێکدێت (Monos) واتە تاك و (Kratos) واتە دەسەڵات، هەردووکیان پێکەو دەبێتە دەسەڵاتی تاکەکەسی، دەسەڵاتی تاکەکەسی دەکرێت لە هەریەك لە سیستەمی پاشایەتی یان کۆماریدا هەبێت. دەتوانین تاکڕەوی دابەش بکەین بۆ دوو جۆر[1]:

ئەگەر سەرۆکی وڵات لە ڕێگەی ویراسییەوە هاتبێتە سەر دەسەڵات ئەوا بەم دەسەڵاتە دەگوترێت پاشایەتی ڕەهای تاکڕەو، لەم کاتەدا پاشا ملکەچی یاساکان نابێت.

ئەگەر سەرۆکی وڵات لە ڕێگەی هێزەوە هاتبێتە سەر دەسەڵات و ملکەچی یاساکان نەبێت، بەم دەسەڵاتە تاکڕەویە دەگوترێت دەسەڵاتی تاکڕەوی دیکتاتۆری.

## حکومەتی ئەرستۆکراتی:

حکومەتی ئەرستۆکراتی یان (Oligarchies) واتە حکومەتی کەمینەی باشتر، زاراوەی ئەرستۆکراتی بریتییە لە دوو وشەی یۆنانی (Aristos) واتە اصلح واتە باشتر و (Kratos) واتە دەسەڵات. ئولیگارشی بەهەمان شێوە بریتییە لە زاراوەیەکی یۆنانی کە لە دوو وشەی (Oligos) واتە کەم و (Archie) واتە دەسەڵات پێکدێت کە دەبێتە دەسەڵاتی کەمینەیەکی کەم. کە واتە لەم شێوازەدا حکومەت لە دەست کەمینەیەکی

(١) محمد احمد المسلماني. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا٤٠٣. و د. عبدالكريم العلوان. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا ١٤٣.

دیاریکراودایـە و گـەل هیـچ دەسـەڵاتێکی بـاڵای لـە حکومەتـدا نییـە. کـە واتـە دەسـەڵاتی کەمینەیـی لـە ئاسـتی نێـوان هـەردوو دەسـەڵاتی تاکڕەوی و دەسـەڵاتی دیموکراتیدایـە، واتـە لە قۆناغی گواسـتنەوەدایە لە دەسـەڵاتی تاکـڕەوی بـۆ قۆناغـی دیموکـراتی. نمونەیـەکی زیندووی ئـەم بابەتـە بریتییە لـە دەسـەڵاتی پاشـایەتی لـە بەریتانیـا، لـەو کاتـەی گـەل توانـرا هەندێك لە دەسـەڵاتەکانی پاشـا کـەم بکاتـەوە و دابـەش بـکات بـە سـەر ئەنجومـەنی لـۆردەکان و ئەنجومـەنی گشـتی لە پەرلەمانـدا، چونکە تا سـاڵی ١٨٣٢ ئەم دوو ئەنجومەنـە لـە کەمینـە پێکدەهـات وەك کەمینـەی سـەرمایەداری و پیـاوانی  ئاینی[١].

## حکومەتی دیموکراتی:

بریتییـە لـە حکومـەتی گـەل، واتـە گـەل خـاوەن سـەروەری و دەسـەڵاتە. دیموکـراتی زاراوەیـەکی یۆنانییـە  پێکدێـت لـە(Demos) واتـە گـەل و (Kratos) واتـە دەسـەڵات کـە دەبێتـە دەسـەڵاتی گـەل. زۆربـەی زانـاکان لـەو بڕوایـەدان بنەمـاکانی حکومـەتی دیموکـراتی لـە پراکتیکـدا تەنهـا خـۆی لـە جێبەجێکـردنی بنەمـای لێکجیاکردنـەوەی دەسـەڵاتەکاندا دەبینێتـەوە، چونکـە ئـەم بنەمایـە ناهێڵێـت دەسـەڵات تەنهـا لـە دەسـت یـەك کـەس یـان یـەك دەسـتەدا کـۆ بکرێتـەوە. لـە هەمـان کاتـدا چەمـکی دیموکراتیـەت تایبـەت نییـە تەنهـا بـە سیسـتەمێکی حوکمـڕانی دیاریکـراو، بەڵکـو ئـەم چەمکـە لـە سـەر هەریـەك لـە سیسـتەمەکانی پەرلەمـانی و سـەرۆکایەتی و نیـو سـەرۆکایەتی و مەجلسـیدا جێبەجـێ دەکرێـت.

(١) د. سلیمان الطماوي. النظم السیاسیه والقانون الدستوری. الطبعه ١٩٨٨. ص٩٥.

## حکومەتی پۆلیسی و حکومەتی داپلۆسێنەر(استبدادی):

### حکومەتی داپلۆسێنەر:

ئـەو حکومەتەیـە کـە دەسـەڵاتداران ناچنـە ژێـر بـاری یاسـاکانەوە، ئـەوەی سـەرۆك ویسـتی ئـەو یاسـایە، دەبێـت هەمـوو هاووڵاتیـان بەبـێ مـەرج پێـوەی پابەندبـن[1]. لـەم جـۆرە سیسـتەمانەدا مـاف و ئازادییـەکانی تـاك بنپـێ دەخرێـن و تـاك هیـچ بەهایـەکی لـە بەرامبـەر دەسـەڵاتدا نابێـت، هـەروەك حکومـەتی داپلۆسـێنەر شـێوازێکی پاشـایی کۆنـە، چونکە لـەم سیسـتەمەدا پاشـا سـەرچاوەی یاسـاکانە ئـەو بڕیـارەکان دەدات و بەبـێ ئـەوەی پابەنـدی هیـچ بنەمایـەکی یاسـایی دیاریکـراو بێـت، هاوشـێوەی وتەیـەکی یەکێـك لـە پاشـاکانی فەڕەنسـا کـە دەڵێـت: (مـن وڵاتـم و وڵاتیـش ئەمنـم)[2].

هەندێـك لـە زانـاکانی بـواری یاسـای دەسـتووری جیاوازییـان دایتـە نێـوان حکومـەتی پۆلیسـی و حکومـەتی داپلۆسـێنەر (اسـتبدادی)، لـە هەردووکیانـدا دەسـەڵاتداران پابەنـد نابـن بـە جێبەجێکـردنی یاسـاکان، بـەڵام لـە حکومـەتی پۆلیسـیدا کاتـێ کە یاسـا لـە لایـەن دەسـەڵاتدارانەوە جێبەجـێ ناکرێـت لـە بەرژەوەنـدی گشـتی گەلدایـە. بـەڵام لـە حکومـەتی داپلۆسـێنەر دەرچـوون لـە یاسـا لـە بەرژەوەنـدی تاکەکەسـیدایە[3]. لـە حکومـەتی پۆلیسـیدا دەسـەڵاتدار لـە ڕووی (وسـیلە) و پابەنـدی یاسـا

---

(١) د. ابراهيـم عبدالعزيـز شـيحا. مبـادیء الانظمـه السياسـيه. الـدول، الحکومـات، الـدار الجامعيـه. بـيروت. ١٩٨٢. ص١٣٠.

(٢) د.علي يوسف الشكري. هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل١٤١.

(٣) د.احمـد رسـلان. النظـم السياسـيه والقانـون الدسـتوري. القسـم الاول. دار النهچـه العربيـه. القاهـره. ١٩٩٧. ص١٠١.

نییـە، بـەڵام لـە ڕووی ئامانجـەوە پابەنـدە. بـەڵام دەسـەڵاتدار لـە حکومـەتی ئیسـتبدادیدا لـە ڕووی وەسـیلە و ئامانجـەوە پابەنـد نییـە. هەروەهـا ئەگـەر لـە هـەردوو حاڵـەتی حکومـەتی ڕەهـا و حکومـەتی (مقیـد)دا یاسـا جێبەجـێ نەکـرا دەبێتـە حکومـەتی چەوسـێنەر، بـەڵام هەمیشـە حکومـەتی چەوسـێنەر هەرسـێ دەسـەڵاتی سـەرەکی یاسـادانان و جێبەجێکـردن و دادوەری لـە ژێـر دەسـەڵاتی خۆیـدا قـۆرخ دەکات بەبـێ گوێدانـە بەرژەوەنـدی گشـتی و یاسـا و ڕێسـاکان.

## دووەم: حکومەت بە پێوەری ئەندامێتی(عضوی):

حکومـەت بریتییـە لـەو دامـەزراوە باڵایانـەی سیاسـەتی وڵات ڕێـك دەخـات و ئاراسـتە دەکات و بەڕێـوەی دەبات و بەرپرسـە لـە بەڕێوەبردنی کاروبـارەکانی وڵاتـدا. لـە ڕووی ئەندامێتییـەوە زانـاکانی بـواری یاسـای دەسـتووری سـێ بۆچوونـی جیاوازیـان هەیـە بـۆ پێکهاتـەی حکومـەت وەك[1]:

**یەکەم:** هەندێکیان پێیان وایە حکومەت پێکدێت لە دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن وەك (عمید دیجی) ئەم ڕایەی هەیە، بەڵام خاوەنی ئەم ڕایە دەسەڵاتی دادوەری بە حکومەت دانانێت. هەروەها هەندێکیتریش کە لە سەر هەمان ئەم بۆچوونەن پێیان وایە حکومەت پێکدێت لە هەرسێ دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری. کە واتە حکومەت بریتییە لەو میکانیزمەی کە دەوڵەت بەبێ ئەمانە بەڕێوە ناچێت، واتە هەرسێ دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری دەگرێتەوە.

(١) د.علي يوسف الشكري. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا١٣٢. و محمد احمد المسلماني. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا(٣٩٢- ٣٩٣).

**دووەم:** خاوەنی ئەم بۆچوونە پێیان وایە حکومەت تەنها لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن پێکدێت کە بریتییە لە وەزیرەکان و بەڕێوەبەرە گشتییەکان و دەستە باڵاکانی بەڕێوەبردنی وڵات هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەم دوو خاڵانەی خوارەوە:

ا- دەسەڵاتی یاسادانان بەرزترین دامەزراوەی وڵاتە، بەڵام خاوەنی ئەم بۆچوونە پێیان وایە بەرهەمی کاری ئەم دەسەڵاتە ناگاتە هاووڵاتیان تا بە ڕێگەی دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە نەبێت.

**ب**- زانای فەڕەنسی (جان جاك ڕۆسۆ) دەڵێت: حکومەت بریتییە لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن، چونکە سەروەری دەسەڵات لە دەست گەلدایە، گەلیش ئەم سەروەرییەی لە دەسەڵاتی یاساداناندا چڕ کردیتەوە، بەڵام گەل ئەرکی جێبەجێکردنی یاساکانی دایتە دەسەڵاتی جێبەجێکردن، کە واتە حکومەت پێکدێت لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن.

**سێیەم:** خاوەنی ئەم بۆچوونە دەڵێن حکومەت تەنها لە وەزیرەکان پێکدێت، ئەم ڕایە لە هەردوو ڕای تر بەرتەسکترە، بەڵام بڵاوترە بە تایبەتی لە سیستەمی نوێنەرایەتی پەرلەمانیدا، چونکە وەزیر یەکەم کەسی جێبەجێکارە و بەرپرسە لەبەرامبەر پەرلەماندا.

## ٧
## بنەمای لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان[١]

بنەمای لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان بریتییە لە لێکجیاکردنەوەی هەرسێ دەسەڵاتی سەرەکی (یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری) بۆ ئەوەی ئەم سێ دەسەڵاتە نەکەوێتە ژێر دەستی یەك كەس یان یەك دەستە، بەڵکو دەبێت ئەم دەسەڵاتانە دابەش بکرێن بە سەر دەستە جیاوازەکاندا. بۆ نمونە ئەرکی پەرلەمان بریتییە لە یاسادانان و چاودێریکردن بە سەر دەزگاکانی حکومەتدا، هەروەها ئەرکی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە پراکتیدا بریتییە لە جێبەجێکردنی ڕێنما و ئەو یاسایانەی لە پەرلەمان دەردەچن. هەروەها دەسەڵاتی دادوەری پێویستە سەربەخۆ بێت لە هەردوو دەسەڵاتی دیکە بۆ یەکلایکردنەوەی کێشە و ناکۆکییەکان و ڕاڤەکردنی یاساکان و ئەو بنەما دەستوورییانەی زیاتر لە یەك واتا هەڵدەگرن.

زۆربەی زاناکان کۆکن لەسەر ئەوەی کە بنەمای لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان بریتییە لە گرنگترین ئەو گەرەنتیانەی حکومەت ناچار دەکات بە جێبەجێکردنی یاساکان و دەبێتە حکومەتێکی یاسایی، هەروەها ئەم بنەمایە باشترین گەرەنتییە بۆ بەرگریکرن لە ماف و ئازادییە گشتییەکانی تاك، لە هەمانکاتدا بریتییە لە گرنگترین بنەمای

---

(١) ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٥٨٢٠ لە ٢٠١٩\٩\١٣ بڵاو بوویەتەوە.

دیموکـراتی[1]، کـە یەکێکـە لـە کۆلەگـەکانی هونـەری سیاسـەت، هـەر لەبـەر ئـەوەش ئـەم بنەمایـە لـە شۆڕشـی فەڕەنسـا وەك چەکێـك بـەکار هـات لـە دژی پاشـا و دەسـەڵاتدارە چەوسـێنەرەکان.

ئەرسـتۆ یەکێـك بـوو لـەو فەیلەسـوفانەی بانگەشـەی بـۆ بنەمـای لێکجیاکردنـەوەی دەسـەڵاتەکان کـردووە بـۆ ئـەوەی ئـەم دەسـەڵاتانە لـە دەسـت ئیمپراتـۆر و پاشـاکان دەربێـن و بخرێنـە دەسـت گـەل لـە پێنـاو پارێزگاریکـردن لـە مـاف و ئازادییـەکانی تـاك.

هەروەهـا مۆنتسـکیۆ کـە بـە بـاوکی ئـەم بنەمایـە دەناسرێـت یەکـەم کـەس بـوو لێکجیاکردنــەوەی دەســەڵاتەکانی لــە پراکتیکــدا جێبەجــێ کـرد هەمـوو ڕەهەنـدەکانی ئـەم بنەمایـە لـە کتێبـی (ڕۆحـی یاسـاکان) دا خسـتە ڕوو، ئـەو پێـی وابـوو هـەر وڵاتێـك سـێ دەسـەڵاتی جیـاوازی هەیـە: دەسـەڵاتی (یاسـادانان و جێبەجێکـردن و دادوەری)[2]. هەروەهـا ئـەو لـەو بڕوایـەدا بـوو ئەمـە باشـترین ڕێگایـە بـۆ ئـەوەی سـنوورێك بـۆ دەسـەڵاتدارە تاکـڕەوەکان دابنرێـت و دەسـەڵاتی ڕەهایـان نەبێـت، واتـە ئـەو پێـی وابـوو ئـەم بنەمایـە باشـترین چەکـە بەدەسـت هاووڵاتیانـەوە لـە دژی دەسـەڵاتە تاکـڕەوەکان.

بـە هەمـان شـێوە (ئەفلاتون)یـش یەکێـك بـوو لـە وانـەی بانگەشـەی بـۆ لێکجیاکردنـەوەی دەسـەڵاتەکانی کـردووە، بـۆ ئـەوەی دەسـەڵات بـۆ گـەل بگەڕێتـەوە و گـەل ڕزگار بێـت لـە چەوسـاندنەوەی دەسـەڵاتدارە

---

(١) د. السيد صبري. مباديء القانون الدستوری ١٩٤٩. ص١٦٩.

(٢) د.حميـد عطيـه عامـر مصطفـى. دعائـم النظـام الحكـم في النظـام القانـونی الوظعـي والاسـلامي، دراسـه مقارنـه. الطبعـه الاولى ٢٠١٩. الاسـكندريه. ص٢٣٢.

ستەمکارەکان، بەڵام ئەو پێی وابوو نابێت لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان ڕەها بێت، بەڵکو دەبێت هەماهەنگی و هاوکاری لە نێوان ئەم دەسەڵاتانەدا هەبێت و بتوانن چاودێری بە سەر یەکترەوە بکەن، هەروەها لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان گرنگترین فاکتەرە بۆ ئەوەی هاوکاری و هاوسەنگی و یەکسانی لە نێوان ئەم دەسەڵاتانەدا هەبێت، بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندی گشتی وڵات[1].

جۆن لۆك هەموو بیروبۆچوونەکانی خۆی لە بارەی بنەمای لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە کتێبی حکومەتی شارستانی (الحكومة المدنیة)دا خستە ڕوو. لۆك پێی وابوو دەبێت لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە حکومەتی نوێنەرایەتیدا هەبێت، چونکە ئەو ڕایەکی جیاوازتری هەبوو، ئەو پێی وابوو دەبێت دەسەڵاتی جێبەجیکردن لە دەسەڵاتی ناوەندیش جیا بکرێتەوە لەبەر جیاوازی هەریەك لەم دوو دەسەڵاتە. هەروەها لۆك هۆکاری لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردنی دەگەڕاندەوە بۆ ئەم دوو خاڵانەی خوارەوە:

**یەکەم:** لۆك دەڵێت دەسەڵاتی یاسادانان پێویستی بەوە نییە هەمیشە لە کارکردندا بێت و بەردەوام کۆبوونەوە ئەنجام بدات، چونکە تەنها لە هەندێك کاتی دیاریکراودا یاساکان دادەنێت و پێویست بە کۆبوونەوەی بەردەوام نابێت، چونکە گەل تەنها لەکاتی گۆڕانکارییەکاندا پێویستی بە یاسای نوێ دەبێت.

دەسەڵاتی جێبەجێکردن پێویستە بەردەوام لە کارکردندا بێت

---

(١) د. اسماعیل ابراهیم البدوي. نظام الحكم الاسلامي مقارنا بالنظم السیاسیه المعاصره. الطبعه الاولى. ٢٠١٦. الاسكندریه. ص ٢٩٦..

و هەمیشە گەل پێویستی بە دەسەڵاتی جێبەجێکردن هەیە لە جێبەجێکردنی یاساکاندا، وڵات هەموو ڕۆژێك پێویستی بە چارەسەرکردنی کێشەکانی هاووڵاتیان هەیە.

**دووەم:** لۆك پێی وابوو ئەگەر دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن لە دەست یەك کەسدا بێت، دەبێتە هۆی چەوساندنەوە و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات، کە واتە دەبێت ئەم دەسەڵاتانە لە دەست دەستەی جیاوازدا بێت. بەڵام لۆك ڕایەکی جیاوازی هەبوو لە فەیلەسوفەکانی دیکە ئەو پێی وابوو دەسەڵاتی دادوەری بەشێکە لە دەسەڵاتی یاسادانان نەك جێبەجێکردن، لەوکات دەسەڵاتی دادوەری لە بەریتانیا سەربەخۆ نەبوو تا شۆڕشی ١٦٨٨، دواتریش دەسەڵاتی دادوەری بوو سەر بە حیزبی زۆرینە. کە واتە بەپێی هەموو ئەم ئەزموون و بۆچوونانە دەستوور و یاساکان هیچ بەهایەکیان نابێت تا سەروەری بۆ گەل نەگەڕێتەوە. لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان بۆ دەستەی جیاواز تاکە ڕێگایە بۆ ڕێزگرتن لە ماف و ئازادییەکانی تاك و تاکە ڕێگایە بۆ ڕێزگرتن لە یاساکان، کەواتە جێبەجێکردنی ئەم بنەمایە لە پراکتیکدا بنەمایەکی ڕاست و دروستە.

بەگشتی جۆن لۆك دەسەڵاتە گشتییەکانی دابەش کردووە بۆ چوار بەش وەك[1]:

- دەسەڵاتی یاسادانان تایبەتە بە یاسادانان.

(١) د. حمید عطیه مصطفی عامر. دعائم النظام الحکم. هەمان سەرچاوەی پێشوو.لا ٢٢٨. و اسماعیل ابراهیم البدوي. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا٢٠١٦. ص٢٩٨. و محمد کامل لیله. النظم السیاسیه الدوله والحکومات. القاهره. ١٩٦٧-١٩٦٨. ص٥٣٣.

- دەسـەڵاتی جێبەجێکـردن تایبەتـە بـە جێبەجێکـردنی یاسـاکان و، پارێزگاریکـردن لـە ئاسـایشی وڵات.
- دەسـەڵاتی ناوەنـدی (الاتحـادی) تایبەتـە بـە ڕاگەیانـدنی حاڵـەتی شـەڕ و بڕیـاردان لـە سـەر ئاشـتی، بەسـتنی ڕێککەوتننامـەکان و پەیڕەوکـردنی پەیوەندییـە نێودەوڵەتییـەکان.
- دەسەڵاتی تاج، بریتییە لە ماف و دەستکەوتەکانی پاشایەتی.

گـەورە پیـاوانی شـۆڕشی فەڕەنـسی پشـتگیرییەکی باشـیان بـۆ ئـەم بنەمایـە هەبـوو لـە مـادەی ١٦ی جاڕنامـەی مـافی مرۆڤـی فەڕەنسـیدا هاتـووە ( هـەر کۆمەڵگایـەکی سیاسـی مـافی تاکـەکان زامـن نـەکات و دەسـەڵاتەکان لێکجیـا نەکاتـەوە هیـچ دەسـتوورێکیان نییـە). بۆیـە بـۆ هەرێمـی کوردسـتانیش زۆر گرنگـە لـە کاتی نووسـینەوەی دەسـتووری کوردسـتان گرنگییـەکی تایبـەت بـە لێکجیاکردنـەوەی دەسـەڵاتەکان بدرێـت کـە گرنگتریـن بنەمـای پاراسـتنی مـاف و ئازادییـەکانی تـاکی کـوردە.

یاساناسـانی بـواری یاسـای دەسـتووری پێیـان وایـە جـان جـاك ڕۆسـۆ هەمـان ڕای مۆنتسـکیۆی هەیـە لـە بنەمـای لێکجیاکردنـەوەی دەسـەڵاتەکاندا، بـەڵام لـە هەندێـك بواریشـدا لـە وانەیـە هەندێـك ڕای جیـاوازی هەبێـت، چونکـە ڕۆسـۆ پێـی وابـوو نابێـت دەسـەڵاتەکان بـە شـێوەیەکی ڕەهـا لـە یەکـتر جیـا بکرێنـەوە، لـە هەمـان کاتـدا ئـەم دەسـەڵاتانەش لـە سـەروەریدا یەکسـان نیـن، ئـەو دەڵێـت دەبێـت دەسـەڵاتی یاسادانان لـە دەسـەڵاتی جێبەجێکـردن جیـا بکرێتـەوە، چونکـە

سروشـتی ئـەم دوو دەسـەڵاتە لە یەکتر جیـاوازە[1]. لە ڕووی سـەروەرییەوە دەسـەڵاتی یاسـادانان نوێنەرایـەتی گـەل دەکات کـە ئەرکەکـەی بریتییـە لـە یاسـادانان و پێویسـت نـاکات بـەردەوام لـە کارکردنـدا بێـت. بـەڵام دەسـەڵاتی جێبەجێکـردن بریتییـە لـە پـردی پەیوەنـدی لـە نێـوان تـاك و دەسـەڵاتی یاسـادانانـدا، ئەرکەکـەی بریتییـە لـە جێبەجێکـردنی یاسـاکان و گـەل مـافی ئـەوەی هەیـە چاودێـری بـە سـەر کارەکانی حکومەتـدا بـکات و لـە کاتی پێویسـتدا بەرپرسـانی حکومـەت لـە سـەر کار لایـان بـدات، چونکـە لـە لایـەن گەلـەوە دانـراون و سـەر بـە گەلـن.

سـەبارەت بـە دەسـەڵاتی دادوەری ڕۆسـۆ ڕایـەکی جیـاوازی هەبـوو لەوانـی دیکـە، ئـەو پێـی وابـوو دەبێـت دەسـەڵاتی دادوەری لـە دەسـت دەسـتەیەکی تایبەتـدا بێـت وەك دەسـەڵاتی جێبەجێکـردن، چونکـە ئەمانـەش نوێنـەری گەلـن و سـەر بـە گـەل و خزمەتـکاری گەلـن، هاوشـێوەی دەسـەڵاتی جێبەجێکـردن، بـەڵام پێویسـتە دەسـەڵاتی دادوەری ملکەچـی یاسـاکان و بنەمـا گشـتییەکانی وڵات بێـت هاوشـێوەی فەرمانبـەرانی دەسـەڵاتی جێبەجێکـردن[2].

لـە ئەنجامـی چۆنیـەتی پەیوەنـدی نێـوان هەرسـێ دەسـەڵاتی سـەرەکی (یاسـادانان، جێبەجێکـردن، دادوەری) لەگـەڵ یەکتردا هەرسـێ سیسـتەمی حوکمـڕانی (سـەرۆکایەتی و پەرلەمـانی و مەجلـسی) لەدایـك دەبێـت، کـە زۆربـەی وڵاتـانی جیهـان پەیـڕەوی هەریـەك لـەم سیسـتەمانە دەکـەن.

بـۆ نموونـە لـە سیسـتەمی سـەرۆکایەتیدا بنەمـای لێکجیاکردنـەوەی

(١) اسماعیل ابراهیم البدوي. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا ٣٠٧.

(٢) اسماعیل ابراهیم البدوي. هەمان سەرچاوەی سەرەوە. لا ٣٠٧.

دەسـەڵاتەکان ڕەهایـە یـان نیمچـە ڕەهایـە، ئـەم سیسـتەمە تەنهـا بـە سـەر وڵاتـە کۆمارییەکانـدا جێبەجـێ دەکرێـت، بـە گشـتی دوو بنەمـای سـەرەکی لـە سیسـتەمی سـەرۆکایەتیدا بـەدی دەکرێـت.

**یەکـەم:** سـەرۆك کۆمـار سـەرۆکی دەسـەڵاتی جێبەجێکردنـە بـە دەسـەڵاتی زۆر بـاڵاوە، دەسـەڵاتی جێبەجێکـردن بـە سـەرەوەی دەسـەڵاتی یاسـادانادایە و هیـچ یەکسـانییەك لـە نێـوان ئـەم دوو دەسـەڵاتانەدا نییـە.

**دووەم:** بنەمای لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان زۆر بەهێزە.

بنەمـای لێکجیاکردنـەوەی دەسـەڵاتەکان لـە سیسـتەمی پەرلەمانیـدا هەیـە، بـەڵام پەیوەندییـەکی ڕەهـا نییـە، بەڵکـو پەیوەنـدی و هەماهەنگـی و هاوسـەنگی لـە نێـوان دەسـەڵاتی یاسـادانان و جێبەجێکـردن و دادوەریـدا هەیـە، واتـە هـەردوو دەسـەڵاتی یاسـادانان و جێبەجێکـردن هاوسـەنگن و لـە یـەك ئاسـتدان، چونکـە هەریـەك لـەم دوو دەسـەڵاتە دەتوانـن چاودێـری بـە سـەر یەکـتردا بکـەن، واتـە پەرلەمـان دەتوانێـت حکومـەت هەڵوەشـێنێتەوە و حکومەتیـش دەتوانێـت پەرلەمـان هەڵوەشـێنێتەوە. لـەم سیسـتەمەدا دەسـەڵاتی دادوەریـش سـەربەخۆیە لـە هـەردوو دەسـەڵاتی دیکـە. ئـەوەی شـایانی ئاماژەپێکردنـە سیسـتەمی پەرلەمـانی بـە سـەر وڵاتـانی کۆمـاری و پاشـایەتیدا جێبەجـێ دەکرێـت هاوشـێوەی ئەڵمانیـا کـە کۆمارییـە و بەریتانیـاش پاشـایەتییە.

بنەمـای لێکجیاکردنـەوەی دەسـەڵاتەکان لـە سیسـتەمی مەجلسـیدا زۆر لاوازە، چونکـە هیـچ یەکسـانییەك لـە نێـوان هـەردوو دەسـەڵاتی

یاسـادانان و جێبەجێکردنـدا نییـە، بەڵکـو دەسـەڵاتی جێبەجێکـردن لـە ژێـر دەسـتی دەسـەڵاتی یاسـاداناندایە و دەسـەڵاتی یاسـادانان باڵادەسـتە بــە ســەر هەمــوو جومگــەکانی حکومەتــدا، حکومــەت بەرپرســە بەرامبــەر پەرلەمــان و ئــەرکی حکومــەت بریتییــە لــە جێبەجێکــردنی ویســتی پەرلەمــان.

## ٨
## سەرچاوەكانی یاسای دەستووری[(١)]

سـەرچاوەکانی یاسـای دەسـتووری دابـەش دەکرێـن بـۆ دوو جـۆر، سـەرچاوەی سـەرەکی و سـەرچاوەی ڕاڤـەکاری، سـەرچاوەی سـەرەکی (وەك: ئاییـن، یاسـادانان، نەریتـی دەسـتوور) و سـەرچاوەی ڕاڤـەکاری کـە بریتیـن لـە (یاسـاناسی الفقـە و دادگـەری)[(٢)]. بـە گشـتی یاسـای دەسـتوور پەیوەنـدی بـە ژیـان و بارودۆخـی کۆمەڵـگاوە هەیـە، شـێوازی هەریـەك لـەم سـەرچاوانە لـە کاتێـك بـۆ کاتێکـی دیکـە و لـە وڵاتێـك بـۆ وڵاتێکـی دیکـە بەپێـی چۆنیەتـی گرنگیپێـدان دەگۆڕێـت. بـۆ نمونـە ئەگـەر سـەرچاوەیەکی ڕاڤـەکاری گرنگییـەکی زۆری پـێ بدرێت، دەگۆڕێـت دەبێتە سـەرچاوەیەکی سـەرەکی، بە پێچەوانەشـەوە سـەرچاوەیەکی سـەرەکی ئەگەر لەبـەر هـەر هۆکارێـکی سیاسـی یـان ئابـووری یـان کۆمەڵایـەتی کۆمەڵـگا کـەم گرنگـی پـێ بدرێـت دەبێتـە سـەرچاوەیەکی لاوەکی یاخـود ڕاڤـەکاری. بـۆ نمونـە ئاییـن لـە وڵاتـانی ڕۆژئـاوا ڕۆڵێکـی لاوازی لـە یاسـادانانددا هەیـە و بـە سـەرچاوەی سـەرەکی دانانرێـت، بـەڵام لـە وڵاتـە ئیسـلامییەکاندا زۆر گرنگـی بـە ئاییـن دەدرێـت و ڕۆڵێکـی بـاڵای هەیـە، بۆیـە بە سـەرچاوەی سـەرەکی یاسـای دەسـتووری دەژمێردرێـت. هەروەهـا دادگـەری لـە وڵاتانی

---

(١) ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٢٨٢٤ لە ٢٠١٩\٩\١٠ بڵاو بوویتەوە.

(٢) عبدالكريـم علـوان. هەمـان سـەرچاوەی پێشـوو. لا٢٦٦. و محمـد احمـد المسـلماني. هەمـان سـەرچاوەی پێشـوو. ٦٨. و محمـد محمـد عبـده امـام. هەمـان سـەرچاوەی پێشـوو. لا٢٢.

ئەنگلۆ سەکسۆنی ڕۆڵێکی باڵای هەیە، بۆ نموونە لە بەریتانیا پێشینەی دادوەری بە سەرچاوەی سەرەکی یاسای دەستووری دادەنرێت، بەڵام دادگەری لە وڵاتانی لاتینی بە سەرچاوەی ڕاڤەکاری دادەنرێت و لە بواری یاسای دەستووریدا کەمتر گرنگی پێدەدرێت. هەروەها هەموو ئەمانەی باسمان کرد لە کاتێکەوە بو کاتێکیتر دەگۆڕێت، بۆ نموونە لە وڵاتێکدا دادگەری بە سەرچاوەی ڕاڤەکاری دادەنرێت، بەڵام لە دوای ماوەیەك لە هەمان ئەم وڵاتەدا گرنگی زیاتری پێدەدرێت و دەگۆڕێت بۆ سەرچاوەیەکی سەرەکی. نموونەیەکی دیکە هەر لەکۆنەوە لە هەموو وڵاتان نەریت سەرچاوەی سەرەکی یاسای دەستووری بوو، بەڵام لە دوای پێشکەوتنی بزاڤی نووسینەوەی دەستوور و گرنگیدان بەدەستووری نووسراو، ڕۆڵ و گرنگیپێدانی نەریت کەمتر بووە و ئێستا کەم وڵات نەریت وەك سەرچاوەی سەرەکی بەکار دێنن، بەڵکو لە زۆربەی وڵاتان وەك سەرچاوەی ڕاڤەکاری بەکار دێنن. لەبەر گرنگی بابەتەکە لە خوارەوە باسی سەرچاوە سەرەکییەکانی یاسای دەستووری دەکەین.

## سەرچاوە سەرەکییەکانی یاسای دەستووری:

### یەکەم: یاسادانان:

یاسادانان بریتییە لە کۆمەڵێك بنەمای یاسایی نووسراو لە بەڵگەنامەیەکی دەستووریدا، بە هۆی دەسەڵاتێکی گشتی کە بە ڕێوشوێنی تایبەت دامەزراوە، جیاواز لەو ڕێوشوێنانەی کە یاسا

ئاسـاییەکان پـێ دەردەکرێـن[١].

یاسـادانان بریتییـە لـە سـەرچاوەیەکی فەرمـی و سـەرەکی بنەمـا یاسـاییە نـووسراوەکان، کـە بەپێـی ڕێوشـوێنی دیاریکـراو لـە لایـەن دەسـتەیەکی تایبـەت بـۆ ئـەم مەبەسـتە دەردەچـن. لـە کۆنـەوە نەریـت سـەرچاوەی سـەرەکی یاسـای دەسـتووری وڵاتـان بـوو بـە تایبـەتی لـە وڵاتـە ڕۆژئاواییـەکان لـە دوای سـەربەخۆبوونی ئەمریـکا لـە دەسـت بەریتانیـا لـە ساڵی ١٧٨٧ بزاڤـی نووسـینەوەی دەسـتوور دەسـتی پێکـرد و ویلایەتـە یەکگرتـووەکانی ئەمریـکا یەکـەم دەسـتووری نووسراویـان بـۆ وڵاتـە فیدراڵییەکەیـان نووسـییەوە[٢]، دوابـەدوای ئـەو فەڕەنسـا لـە سـاڵی ١٧٩١ دەسـتووری نووسراویـان نووسـییەوە. دواتریـش ئـەم دیاردەیـە لـە وڵاتـانی دیکـەی ڕۆژئـاوا بڵاوبوویـەوە بـە تایبـەتی لـە سـەدەی نۆزدەیەمدا، قۆنـاغ بـە قۆنـاغ دەسـتووری نـووسراو شـوێنی دەسـتووری نەریتـی گرتـەوە و تـا ئەمـڕۆ بایەخـدان بەدەسـتووری نـووسراو زیاتـر دەبێـت و کەمـتر گرنگـی بەدەسـتووری نەریتـی دەدرێـت، چونکـە دەسـتووری نـووسراو وەك بەڵگەنامەیـەکی جێگیـر سـەیر دەکرێـت و مـادە و بڕگـەکانی بـە دیاریکـراوی و ڕوون و ئاشـکراتر دەردەکـەون، کـە ئـەم سیفەتانە لـە دەسـتووری نەریتیـدا بـەدی ناکرێـت.

بەپێـی پێـوەری بابـەتی یاسـای دەسـتووری تەنهـا بەڵگەنامـەی دەسـتوور ناگرێتـەوە، بەڵکـو پێشـەکی و هەندێـك یاسـا ئاسـاییەکانیش دەگرێتـەوە، ئـەو یاسایانەی ئـەو بابەتانـە ڕێکدەخـات کـە لـە بنەڕەتـدا

---

(١) د. محمد احمد المسلماني. هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل٦٩.

(٢) د. سامي جمال الدين. القانون الدستوري والشرعيه الدستوريه. ٢٠٠١. ص٨١.

بابــەتی دەســتوورین، بــەم یاســایانە دەگوترێــت یاســا بنەڕەتییــەکان، چونکــە دەســتوور پێکدێــت لــەم چــوار بەڵگەنامانــەی خــوارەوە[1]:

١. بەڵگەنامەی دەستووری.

٢. دیباجە واتە پێشەکی دەستوور.

٣. جاڕنامەکانی ماف کە زۆر جار لەگەڵ دەستوور هاوپێچ دەکرێن.

٤. یاسا بنەڕەتییەکان.

زۆر لــە زانــاکانی بــواری یاســای دەســتووری لــەو بڕوایــەدان کــە یاسـادانان(تشریع) یەکەم و سـەرەکیترین سـەرچاوەی یاسـای دەستوورییە بـۆ ئـەو وڵاتانـەی کار بەدەسـتووری نـووسراو دەکـەن، لـە هەمـان کاتـدا دەسـتووری زۆربـەی وڵاتـان تەنهـا لـە یـەك بەڵگەنامـەی دەسـتووری پێکدێــت، بــەڵام دەســتووری هەندێــك وڵاتیــش زیاتــر لــە یــەك بەڵگەنامــەی دەســتووری پێکدێــت وەك دەســتووری فەڕەنســای ســاڵی ١٨٧٥ کــە لــە ســێ بەڵگەنامــەی دەســتووری پێکدەهــات. لەبــەر گرنگــی بابەتەکــە پێناســەی هەریەکەیــان دەکەیــن:

## بەڵگەنامەی دەستووری:

بریتییــە لــەو بەڵگەنامەیــەی شــێوازی دەســەڵات لــە وڵاتــدا دیــاری دەکات و، دەســەڵاتە گشــتییەکان ڕێکدەخــات و پســپۆری و پەیوەنــدی نێــوان هەریەکەیــان دیــاری دەکات، هەروەهــا مــاف و ئــازادی و

(١) د. محمـد احمـد المسـلماني. هەمـان سـەرچاوەی پێشـوو. لا٧١. و محمـد محمـد عبـده امـام . هەمـان سـەرچاوەی پێشـوو. لا ٥٢. و ئەویـش سـوودی لـە د. محمـد السـناري . القانـون الدسـتوري والنظريـه الدولـه والحكومـه. دراسـه مقارنـه. بـدون نـاشر. ص٨٩. وەرگـیراوە.

پەیوەنـدی نێوانیـان لەگـەڵ دەسـەڵاتەکانی پێشـتر دیـاری دەکات[١].

## پێشەکییەکانی دەستوور:

بریتییـە لـەو بنەمـا و بنچینـە فەلسـەفی بنەڕەتییانـەی کـە کۆمەڵـگا پشـت پـێ دەبەسـتێت کـە شـێوازی تیۆری(مذهبـی) کۆمەڵایـەتی لـە وڵاتـدا دیـاری دەکات، هەروەهـا لەگـەڵ ئـەو تیۆرانـەی لە لایـەن گەلەوە گرنگـن لـە مـاف و ئازادییـەکان[٢]. هەندێـك پێشـینەی دەسـتوور بنەمـای گرنـگ لەخـۆ دەگرێـت لـە شـێوازی بڕگـەی دیاریکـراو، لـە هەندێـك پێشـەکیتردا ئاراسـتە سیاسـییەکان و هـزری فەلسـەفی و کۆمەڵایـەتی و ئابـووری و بیروبـاوەڕی ئایینـی لەخـۆ دەگرێـت بـە شـێوەیەك دەبێتـە یاریـدەدەر بـۆ ڕاڤەکـردن و تێگەیشـتنی دەقـەکانی دەسـتوور.

## جاڕنامەکانی ماف:

بریتییــە لــەو بەڵگەنامــە سیاســییانەی لــە شۆڕشــەکاندا بنەمــای ئایدیۆلۆجــی و فەلســەفی بــۆ ئاینــدە لــە بەڕێوەبــردنی کۆمەڵــگادا تۆمـار دەکرێـن، کـە بریتییـە لـە هۆکارێـك بـۆ گەرەنتیکـردنی مـاف و ئازادییـەکانی تـاك[٣]. یاخـود بریتییـە لـەو بەڵگەنامـە سیاسـییانەی مـاف و ئازادییـەکانی تـاك لەخـۆ دەگرێـت و لەسـەر وڵاتیـش پێویسـتە ڕێزیـان لـێ بگیرێـت. وەك ( العهـد الاعظـم Magna carta ) لـە بەریتانیـا لـە سـاڵی ١٢١٥ دەرچـووە.

---

(١) د. محمد احمد المسلماني. هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل٧١.

(٢) د. رمـزي طـه الشـاعر. النظـم السياسـيه، الدولـه والانظمـه السياسـيه المعـاصره. ١٩٩٤. ص٢٤٧.

(٣) د. السيد احمد مرجان. الوسيط في القانون الدستوري. الطبعه الاولى. ٢٠٠٥. ص٦٤.

**یاسا بنەڕەتییەکان:**

بریتییە لە کۆمەڵێك لەو بنەما یاساییانەی لە دەسەڵاتی یاسادانان دەردەچن کە تایبەتن بەسیستەمی دەسەڵات و ڕێکخستنی دەسەڵاتە گشتییەکان لە وڵاتدا کە بە ڕێوشوێنی تایبەت دەردەکرێن، جیاواز لەو ڕێوشوێنانەی یاسا ئاساییەکان پێ دەردەکرێن[١]. ئەم یاسایانە تایبەتن بە بابەتە دەستوورییەکانەوە کە دەسەڵاتە گشتییەکان لە وڵاتدا ڕێکدەخات و چۆنیەتی دامەزراندن و ئەنجامدانی پسپۆرییەکان دیاری دەکات، کە تایبەتن بە ماف و ئازادییە گشتییەکانی تاك، چ لە لایەن دەسەڵاتی یاسادانانەوە دەردەچێت یاخود لە سەر ڕاسپاردەی یاسادانەری دەستووری[٢].

**دووەم: ئایین:**

ئایین سەرچاوەیەکی سەرەکی یاسای دەستوورییە، چونکە ئایین گرنگییەکی زۆر بە پەیوەندی و ڕێکخستنی بنەماکانی کۆمەڵایەتی دەدات، هەروەها ئایین بە بیروباوەڕ و شەریعەتەوە پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی زۆر بەهێزە، ئەم بنەمایە هەموو ئایینە ئاسمانییەکان دەگرێتەوە. بەڵام بە شێوازی جیاواز، بۆ نمونە ئێستا ئایینی مەسیحی زۆر گرنگی بە ڕوحانیات دەدات، واتە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و خودا دەدات و کەمتر گرنگی بە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و کۆمەڵگا، یان تاك و دەسەڵات دەدات[٣]، لە وانەیە لە سەرەتاوە ئایینی مەسیحی زۆر گرنگی بە

(١) د. محمد احمد المسلماني. هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل٧٨.

(٢) عمرو حسبو. القوانين الاساسيه المكمله للدستور. دار النهچه. ٢٠٠١. ص٦.

(٣) د. السيد احمد مرجان. الاحكام العامه للقانون الدستوري. دار النهضه العربيه.

پەیوەنـدی کومەڵایـەتی واتـە پەیوەنـدی نێـوان تـاك و کۆمەڵـگا یاخـود تـاك و دەسـەڵات دابێـت، بـەڵام دواتـر ئـەم ئایینـە گۆڕانـکاری تێکەوت و پەیـڕەوانی ئـەم ئایینـە زیاتـر گرنگی بـە ڕوحانیـات داوە و پەیوەندی نێوان تـاك و کۆمەڵـگا بـەرەو لاوازبـوون ڕۆیشـت. هـەروەك ئێسـتا وتەیـەکی باو لـە نێـوان ئەوانـدا هەیـە کە دەڵێـت: (ما لقيصر لقيـصر و ما للـه لله) واتە کاری دونیا بـۆ دونیـا و کاری دواڕۆژیـش بـۆ خـودا، کە ئەمە سـەرەکیترین بنەمـای لێکجیاکردنـەوەی (دیـن و دەوڵـەت)ە، کـە بوویتـە بنەمایـەکی سـەرەکی بـە تایبـەتی لـە وڵاتـانی ڕۆژئـاوا. بۆیـە هـەر لەبـەر ئەم هـۆکارە لە وڵاتـە ئەوڕووپییـەکان ئاییـن سـەرچاوەیەکی سـەرەکی یاسـای دەسـتووری نییـە، بەڵکـو سـەرچاوەی لاوەکییـە. بـەڵام ئایینـی ئیسـلام بـە پێچەوانـەوە زیاتـر گرنگـی بـە پەیوەنـدی نێـوان مـرۆڤ و کۆمەڵـگا دەدات، چونکـە ئایینـی پیـرۆزی ئیسـلام بیروبـاوەڕە و عیباداتـە و دەسـەڵاتە، واتـە ئایینـی بەڕێوەبـردنی وڵاتـە[1]، کـە واتە ئایینی پیرۆزی ئیسـلام دین و دەوڵەتە، بۆیە لـە زۆربـەی وڵاتـانی عەرەبی و ئیسـلامی ئایین سـەرچاوەی سـەرەکی یاسـای دەسـتوورییە، بەڵام لە هەمان کاتدا زاناکانی بواری یاسـای دەسـتووری دوو مەرجیـان دانـاوە بـۆ ئـەوەی ئاییـن ببێتە سـەرچاوەی یاسـای دەسـتووری، کـە ئـەم دوو مەرجـە پەیوەسـتە بـە هەمـوو ئایینەکانەوە، چونکـە هەموو ئایینـە ئاسـمانییەکان لـە بەرژەوەنـدی مرۆڤایەتیـدا دابەزیـون[2]:

- دەبێت ئایین بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی بێت.
- دەبێـت ئاییـن بـاس لـەو بنەمـا یاسـاییانە بـکات ئەوانـەی

---

٢٠٠٣. ص٥٦.

(١) د. عبدالكريم علوان. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا ٢٦٧.

(٢) د. محمد محمد عبده امام . هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا ٢٥.

دادوەر بەکردەیــی لــە دادگاکان جێبەجــێ دەکات، ڕاســتەوخۆ لــە ئایینــەوە وەرگیــراون.

**سێیەم: نەریت.**

هـەر لـە کۆنـەوە نەریـت سـەرچاوەیەکی سـەرەکی یاسـای دەسـتووری بـوو، لـە دوای پەرەسـەندنی بزاڤـی نووسـینەوەی دەسـتوور و پێشـکەوتنی دەسـتووری نـووسراو، دەسـتووری نـووسراو شـوێنی دەسـتووری نەریتـی گرتـەوە، بـەڵام هێشـتا گرنگـی زۆر بـە نەریـت دەدرێـت و لـە زۆربـەی وڵاتــان وەك ســەرچاوەیەکی ســەرەکی یاســای دەســتووری ڕۆڵــی خــۆی دەبینێـت. بـۆ نمونـە لـە بەریتانیـا کـە پەیـڕەوی دەسـتووری نەنـووسراو دەکرێـت، واتـە دەسـتووری نەریتییـان هەیـە و نەریـت سـەرچاوەیەکی سـەرەکی یاسـادانانە لـەم وڵاتـەدا.

نەریتـی دەسـتووری بریتییـە لـە دووبارەبوونـەوەی کارێك لـە بابەتێکی دەسـتووری دیاریکـراودا، بـە شـێوەیەك ئـەم دووبارەبوونـە سـیفەتی پابەندبـوون وەرگرێـت[1]. هەروەهـا نەریتـی دەسـتووری لـە دەسـتووری ئـەو وڵاتانـەدا بـەدی دەکرێـت کـە دەسـتووری نووسراویـان هەیـە، بـۆ زیادکـردنی هەندێـك بنەمـای دەسـتووری نـووسراو، یـان هەموارکـردنی بنەمایـەکی دەسـتووری نـووسراو، بـۆ ئـەوەی لەگـەڵ پێشـکەوتنەکانی ژیانی سیاسـی وڵات بگونجێـت. بۆ زیاتر ڕوونکردنـەوەی بابەتی نەریت، لە بواری یاسـای دەسـتووریدا بـاس لە جیـاوازی نێوان دەسـتووری نەریتی و نەریتی دەسـتووری دەکەیـن: نەریتـی دەسـتووری بریتییـە لـە کۆمەڵێـك بنەمـای

(١) د. عبدالکریم علوان. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا ٢٩٥.

نەریتـی، بەڵام لە بەڵگەنامەی دەسـتووردا دەنووسرێنەوە و وەك دەقەکانی دەسـتوور کاریـان پـێ دەکرێـت. بـەڵام دەسـتووری نەریتـی بریتییـە لـە کۆمەڵێـك بنەمـای نەریتـی کـۆن کە لـە هیـچ بەڵگەنامەیەکی دەسـتووریدا نانووسرێنـەوە و وەك دەقـەکانی دەسـتوور کاریان پێ دەکرێـت[1]. ئەوەش لـە بیرمـان نەچێـت دەسـتووری نەریتـی هەمیشـە دەسـتووری نەرمن. کە واتە نەریت سـەرچاوەی سـەرەکی دەسـتوورە نەنووسراوەکانـە، چونکە لەم دەسـتوورانەدا بنەمـاکان بـە نەریـت دادەنرێـن و بـە نەریتیـش هەمـوار دەکرێـن یـان لادەبرێن.

زۆربـەی زانـاکانی یاسـای دەسـتووری کۆکـن لەسـەر ئـەوەی نەریتـی دروسـت، نابێت پێچەوانەی بنەماکانی شـەریعەت بێت، لەو کات دەکرێت نەریت ببێتە سـەرچاوەی یاسـادانان، بۆ ئەم مەبەسـتەش زاناکان هەندێك مەرجیان دانـاوە وەك[2]:

**ڕاستەوانەیی:**

واتـە بـەردەوام دووبارەبوونـەوەی نەریـت لـە نێـوان مـاوەی گونجـاو و جێگیـردا، کـە ئـەم نەریتە لە لایـەن دەسـتە جیاوازەکانی دیکەوە پەسـەند بێـت، تـا پابەندبـوون لـەم نەریتـە دەسـتوورییەدا دروسـت بێـت[3].

- پێچەوانەی بنەماکانی شەرع نەبێت.
- بەردەوام لە دووبارەبوونەوەدا بێت و باو بێت (التكرار والشيوع).

(١) د. محمد احمد المسلماني. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا ٨٢.

(٢)- د. محمد محمد عبده امام . هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا٣٧.

(٣) د. سـعد عسـفور. المبـادىء السياسـيه في القانـون الدسـتوری والنظـم السياسـيه. منشـأه المعـارف بالاسـكندريه. ص٤٠.

سـەبارەت دەسـتووره نووسراوەکانیش سـێ جۆره نەریتی دەستووریان هەیە[1]:

## نەریتی ڕاڤەکەری دەستوور:

کاتـێ دەقێکی دەسـتوور نـاڕوون و لێل بێت، یاسـادانەر یاخـود دادوەر دەگەڕێتـەوە بـۆ نەریتـی دەسـتووری کـە لە پێشـدا ئـەم حاڵەتە لـە ڕووی پراکتیکییـەوە چـۆن چارەسـەر کـراوە، بـۆ ئـەوەی ئەوانیـش بـە هەمـان شـێوە چارەسـەر بکـەن، کـە واتـە نەریـت هیـچ بنەمایـەکی دەسـتووری لە نـوێ دروسـت نـاکات، بەڵکـو واتای ئـەو دەقانـەی دەسـتوور دەدۆزێتەوە کـە واتاکانیـان شـاراوە و ناڕوونـن، کـە واتـە لەم حاڵەتـەدا نەریـت دەبێتە سـەرچاوەی ڕاڤـەکاری دەسـتوور بـۆ نەهێـلانی نـاڕوونی لـە دەقەکانـدا. هەمـوو زانـاکانی بـواری یاسـای دەسـتووری کۆکـن لـە سـەر ئـەم جـۆرە نەریتانـە و ئـەم نەریتانـەش بەشـێکن لـە دەسـتوور، لـە کاتێکـدا کـە ئـەم نەریتانـە نـە پێچەوانـەی دەسـتوورن و نـە دەسـتوور هەمـوار دەکـەن، لە هەمـان کاتـدا هەمـان هێـزی یاسـایی دەقـەکانی دەسـتووریان هەیـە، چ دەسـتووری نـەرم یـان بەسـتەڵەك بێـت[2].

## نەریتی تەواوکەری دەستوور:

ئـەم جـۆره نەریتانـە ئـەو حاڵەتانـە ڕێکدەخـات کـە دەسـتوور باسـی لێـوە نەکـردوون، یاسـادانەر و دادوەرەکان دەگەڕێنـەوە بـۆ ئـەم جـۆره نەریتانـە و وەك دەقـەکانی دەسـتوور کاریان پێ دەکرێـت و هەمان هێزی

(١) د. عبدالكريم علوان. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا (٢٩٧-٢٩٨).

(٢) د. محمد محمد عبده امام. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا ٤٢.

یاسایی دەستووریان هەیە. نەریتی تەواوکەری دەستووری نووسراو بەم دوو شێوەی خوارەوە دەبێت[1]: **یەکەم:** کاتێك دەستووری نووسراو باسی بابەتێکی دیاریکراوی نەکردبێت، نەریتی تەواوکەر ئەم کەلێنە پڕ دەکاتەوە، بەڵام دەبێت پێچەوانەی دەستوور نەبێت. بۆ نمونە دەستووری کۆماری سێیەمی فەڕەنسا باسی گرێبەستی قەرزی گشتی نەکردبوو، بەڵام لە دەستوورەکانی پێشتردا گرێبەستی قەرزی گشتی بە یاسا ڕێك دەخرا، کە واتە لێرەشدا بەپێی نەریت دەبێت ئەم گرێبەستانە بە یاسا ڕێك بخرێن. **دووەم:** کاتێك دەستووری نووسراو باسی بابەتێك کراوە، بەڵام بە درێژی باس نەکراوە و هەندێك کەموکوڕی لە یاساکەدا هەیە، لەم حاڵەتەدا نەریت ئەم کەموکوڕییانە پڕ دەکاتەوە. بۆ نمونە دەستووری فەڕەنسای ساڵی ١٨٧٥ و دەستووری میسری ساڵی ١٩٢٣ باسی ڕێنماییەکانی پۆلیسی نەکردبوو، بەڵام بەپێی نەریت دەبێت دەسەڵاتی جێبەجێکردن ئەم ڕێنماییانە دەربکات.

## نەریتی هەموارکەری دەستوور:

نەریتی هەموارکەری دەستوور دوو جۆر دەگرێتەوە، هەموارکردن بە زیادە خستنەسەر، واتە بابەتەکە ڕاڤەکردن هەڵناگرێت جیاواز لە دەقە دەستووریەکانی پێشتر. ئەویتریش نەریتی هەموارکەری دەستوور بە کەمکردنەوە، واتە هەر نەریتێکی دەستووری ئەگەر بۆ ماوەیەکی درێژ جێبەجێ نەکرا ئەوا دەبێتە هۆی لاچوونی ئەم نەریتە، بۆ نمونە لە دەستووری فەڕەنسای ساڵی ١٨٧٥ مافی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانی دایتە سەرۆك کۆمار، بەڵام تا ئێستا سەرۆك کۆمار ئەم دەسەڵاتەی بەکار

(١) د. محمد احمد المسلماني. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا ٨٩.

نەهێناوە، کە واتە ئەم مافەی بۆ سەرۆك کۆمار نامێنێت. نمونەیەکی دیکە لەبەریتانیا لە ساڵی ١٧٠٧ ەوە پاشا لەکاتی پەسەندکردنی یاساکاندا هیچ یاسایەکی ڕەت نەکردیتەوە، کە واتە بەپێی نەریتی دەستووری، پاشا مافی ڕەتکردنەوەی یاساکانی نابێت.

## ٩
## چاودێریکردنی دەستووریبوونی یاساکان[١]:

چاودێریکـردنی دەسـتووریبوونی یاسـاکان بریتییـە لـە دڵنیابـوون لـە دروسـتی یاسـاکان کـە پێچەوانـەی دەسـتوور نیـن، بـۆ ئـەوەی هیـچ یاسـایەك پێچەوانـەی دەسـتوور دەرنەچێـت یـان ئەگـەر دەرچـووە پوچـەڵ بکرێتـەوە یاخـود جێبەجـێ نەکرێـت، چونکـە ئەگـەر یاسـا ئاسـاییەکان پێچەوانـەی دەسـتوور بێـت و کاریـان پـێ بکرێـت ئـەوە دەکاتـە هەموارکـردنی دەسـتوور بـە یاسـا ئاسـاییەکان، کـە واتـە ئـەم بنەمایـە لـە بنەڕەتـدا بنەمایـەکی هەڵەیـە و ناکرێـت دەسـتووری بەسـتەڵەك بـە یاسـای ئاسـایی هەمـوار بکرێـت[٢]. لەبـەر ئـەوەی یاسادانەری ئاسـایی ناتوانێـت دەسـتووری بەسـتەڵەك هەمـوار بـکات تـا بـە ڕێوشـوێنی تایبـەت نەبێـت.

چاودێریکـردنی دەسـتووریبوونی یاسـاکان دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەروەریبوونی بنەمـاکانی دەسـتوور بـۆ بەرگریکـردن لـە مـاف و ئازادییـەکان، سـەروەری دەسـتوور واتـە بنەمـاکانی دەسـتوور لـە سـەرەوەی لوتکـەی هەرەمـی هەمـوو بنەمـا یاسـاییەکانی سیسـتەمی یاسـایی وڵاتدایـە بـە تایبـەتی یاسـا ئاسـاییەکان. بابـەتی چاودێربکـردنی یاسـاکان گرنگتریـن بابـەتی یاسـای دەسـتوورییە و زانـاکانی بـواری یاسـای

---

(١) ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٥٨٢٩ لە ٢٠١٩|٩|١٧ بڵاو بوویتەوە.

(٢) د. محمد محمد عبده امام. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا١٠٣.

دەستووری گرنگییەکی زۆریان پێداوە، چونکە ئەم بابەتە لە بابەتە هەرە گرنگەکانی دامەزراندنی دەوڵەتی یاساییە.

ئەگەر چاودێریکردن لە سەر دەستووریبوونی یاساکان نەبێت ئەم سەروەرییەی دەستوور هیچ واتایەکی نابێت، کە واتە چاودێریکردن باشترین گەرەنتییە بۆ جێبەجێکردنی دەستوور و سەروەریبوونی بە سەر هەموو یاساکانی دیکەی وڵاتدا ئەمە واتای ئەوە دەگەیەنێت کە هەموو دەسەڵاتەکانی وڵات ملکەچی دەستوور و یاساکان بن، چونکە ئەگەر هیچ چاودێریکردنێك بە سەر دەزگاکانی وڵاتەوە نەبێت و هەر دەزگایەك بتوانێت سەرپێچی دەستوور و یاساکان بکات و هیچ سزایەك بۆیان نەبێت لەم حاڵەتەشدا هیچ واتایەك بۆ دەستوور و یاساکان نامێنێت و هیچ گەرەنتییەك بۆ ماف و ئازادییەکانی تاك نابێت و بەرژەوەندی گشتی وڵات دەکەوێتە مەترسییەوە.

چاودێریکردنی دەستووریبوونی یاساکان لە دەستوورە بەستەڵەکەکاندا ڕۆڵی زیاتری هەیە، چونکە یاساکان لە دەستوورە بەستەڵەکەکاندا دابەش دەکرێن بۆ سێ جۆر (دەستوور و یاسا ئاساییەکان و ڕێنماییەکان)، کە واتە لێرەدا دوو جۆرە یاسادانەرمان هەیە[1]: یاسادانەری باڵا (المشرع الاعلى) کە یاسادانەری دەستوورییە و پێکدێت لە دەستەیەکی تایبەت بە ڕێوشوێنی تایبەت دادەمەزرێت بۆ نووسینەوە و هەموارکردنی دەستوور. ئەوی دیکەش یاسادانەری ئاساییە کە پێی دەگوترێت (المشرع الادنى) کە بریتییە لە دەسەڵاتی یاسادانان(پەرلەمان)، چونکە پەرلەمان ناتوانێت بنەماکانی دەستووری

(١) د. عبدالكريم علوان. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا ٣٠٧.

بەستەڵەك دابنێت یان هەموار بکات هاوشێوەی دەستووری نەرم تا بە مەرجی سەختدا تێنەپەڕێت، بەڵام لە دەستووورە نەرمەکاندا یاسادانەری ئاسایی دەتوانێت بنەماکانی دەستوور دابنێت یان هەموار بکات یان لاببات.

چاودێریکردنی دەستووریبوونی یاساکان بە دوو ڕێگا ئەنجام دەدرێت: چاودێریکردنی سیاسی و چاودێریکردنی دادگەری. چاودێریکردنی سیاسی لە ڕێگەی دەزگاکانی سیاسی وەك حکومەت و حیزبەکانەوە ئەنجام دەدرێت، ئەم کارەش لە پێش دەرچوونی یاساکان یاخود لەکاتی ئامادەکردنی پرۆژە یاساکان ئەنجام دەدرێت، لەبەر ئەوە پێی دەگوترێت چاودێری پێشوەختە[1]. وڵاتی فەڕەنسا پێشینەیەکی درێژی هەیە لە پەیڕەوکردنی شێوازی چاودێریکردنی سیاسی یاساکان، تا ئێستاش بەردەوامە. لەسەردەمی کۆماری پێنجەم فەڕەنسا بڕیاریدا ئەنجومەنێك بۆ ئەم مەبەستە دامەزرێنێت، کە پێی دەگوترێت ئەنجومەنی دەستووری، بەپێی دەستووری ئێستاش ئەنجومەنی دەستووری بە هەمان ناو لە سەر ئەرکی خۆی بەردەوامە.

بەڵام چاودێریکردنی دادگەری لە لایەن دەسەڵاتی دادوەرییەوە ئەنجام دەدرێت کە لە ڕێگەی دادگاکانەوە بڕیار لە سەر دەستووریبوون یان دەستووری نەبوونی یاساکان دەدرێت، ئەم بڕیارەی دادگا لە دوای دەرچوونی یاساکان دەردەچێت، بۆیە بەم چاودێریکردنە دەگوترێت چاودێریکردنی پاشوەختە، هەروەها ئەم جۆرەی چاودێریکردن بە دوو ڕێگا ئەنجام دەدرێت کە

(١) د. حمید حنون خالد. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا ١٦٤.

پێـی دەڵێـن چاودێریکـردنی قەدەغەکـردن (امتنـاع) و چاودێریکـردنی پوچەڵکردنەوە(الغـا). ئێسـتا بـاسی هەریـەك لـە چاودێریکـردنی دادگـەری و چاودێریکـردنی سیاسـی دەکەیـن:

## یەکەم: چاودێریکردنی دادگەری:

چاودێریکـردنی دادگەری دەسـتووریبوونی یاسـاکان لـەدوای دەرچوونی یاسـا ئەنجـام دەدرێـت لەبەرئـەوە پێـی دەڵێـن چاودێـری کردنـی پاشـوەختە، ئـەم چاودێـری کردنـە بـە دوو ڕێـگا ئەنجـام دەدرێـت:

## چاودێریکـردن لـە ڕێگـەی پێشکەشـکردنی داوای ڕاسـتەوخۆ (دعـوی اصلیـە) کـە پێـی دەڵێـن (رقابـە الالغـاء):

بـەم شـێوازە دەگوترێت چاودێریکـردنی هەڵوەشـاندنەوە، دەکرێت لە سـەر ئەو یاسـایانەی گومانی نادەسـتووریبوونی لێ دەکرێت کە بەم ڕێگایە دەگوترێـت ڕێـگای هێرشـبەر، چونکـە ئەگـەر یاسـاکە نادەسـتووری بـوو، بڕیـاری دادگا لـەم کەیسـەدا کۆتایـی دەبێـت و هەمـوو دادگاکان پێـوەی پابەنـد دەبـن، ئـەم یاسـایە بـە تـەواوەتی پوچـەڵ دەکرێتـەوە هـەروەك نەبـووە. بڕیارەکـەش بە(اثـر رجعـی) دەبێـت لـە ڕۆژی دەرچـوونی یاسـا نادەسـتوورییەکەوە. لـە هەندێـك وڵات دەکرێت ئەم داوایـە لە لایەن تاك یـان یەکێـك لـە دەزگاکانی حکومەت پێشـکەش بە دادگای ئاسـایی بکرێت، بـەڵام بـە زۆری ئـەم دادگایـە لـە باڵاتریـن پلـەی دادگا ئاسـاییەکاندایە. لە هـەر وڵاتێـك جـۆرە دادگایـەك تایبەتە بـەم کارە.

بـۆ نمونـە لـە سویسـرا هیـچ دادگایـەك تایبـەت نەکـراوە تەنها بـو ئـەم کارە، بەڵکـو داوای نادەسـتووریبوونی یاسـاکان پێشـکەش بـە دادگای

فیدراڵـی دەکرێـن کـە ئـەم دادگایـە بەرزتریـن پلـەی دادگای ئاسایيە لـەم وڵاتـەدا. تـاك دەتوانێـت داوای نادەسـتووریبوونی هـەر یاسـایەك بـۆ ئـەم دادگایـە بـەرز بکاتـەوە کـە پەیوەنـدی بـە ئـەوەوە هەبێـت، بـەڵام دەبێـت لـە مـاوەی شەسـت ڕۆژ لـە دوای دەرچـوونی ئەو یاسـایەی گومانی نادەسـتووریبوونی لـێ دەکرێـت داواکـەی بـەرز بکاتـەوە[1]. زۆر وڵات کار بـەم ڕێگایـەی چاودێریکردن دەکـەن وەك: وڵاتانی کۆلۆمبیا لە دەسـتووری ١٨٨٦ و کوبـا لـە دەسـتووری ١٩٣٤ و سـۆماڵ لـە دەسـتووری ١٩٦٠ و سـودان لـە دەسـتووری ١٩٧٣.

هەندێـك وڵاتیـش دادگایـەکی تایبـەت بـۆ ئـەم مەبەسـتە دادەمەزرێنن وەك: نەمسـا لـە دەسـتووری ١٩٢٠ دادگایـەکی تایبـەتی بـۆ ئـەم مەبەسـتە دامەزرانـد بـۆ پارێزگاریکـردن لـە سیسـتەمی فیدراڵـی کـە بـەم دادگایـە دەگوترێت (دادگای دادوەری دەسـتووری) شـێوازی پێشکەشـکردنی داوا بۆ ئەم دادگایە دەبێت حکومەتی ناوەندی داوا لە سـەر یاسـاکانی هەرێمەکان پێشـکەش بـەم دادگایـە بـکات و حکومـەتی هەرێمەکانیـش داوا لـە دژی یاسـاکانی حکومـەتی فیدراڵـی بـۆ ئـەم دادگایـە بەرز بکاتـەوە، لـەم وڵاتەدا تـاك بـۆی نییـە داوا بـۆ ئـەم دادگایـە بـەرز بکاتەوە.

دەسـتووری ئیسـپانیای سـاڵی ١٩٣١ بڕیـاری دامەزرانـدنی (دادگای دەسـتووری فیدراڵـی) دا بـۆ تەماشـاکردنی ئـەو یاسـایانەی لـە لایـەن یاسـادانەری فیدراڵـی یـان یاسـادانەری هەرێمەکانـەوە دەردەچـن.

دەسـتووری ئیتاڵیـای سـاڵی ١٩٤٧ بڕیـاری دامەزرانـدنی (دادگای

(١) نزيـه رعـد. هەمـان سـەرچاوەی پێشـوو. لا ١١٩. و احسـان حميـد المفرجـي. هەمـان سـەرچاوەی پێشـوو. لا١٧٦.

دەستووری) دا بۆ تەماشاکردنی ئەو یاسایانەی لە لایەن یاسادانەری فیدراڵی و هەرێمەکانەوە دەردەچن. لەم وڵاتەدا تاك مافی بەرزکردنەوەی داوای نادەستووریبوونی یاساکانی هەیە، بەڵام بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، یەکەم جار تاك داوا بۆ دادگایەکی ئاسایی بەرز دەکاتەوە ئەگەر داواکەی ڕەوا بوو دواتر دادوەر ئەم داوایە بۆ دادگای دەستووری بەرز دەکاتەوە.

## چاودێریکردن لە ڕێگەی داوای لاوەکییەوە (دفع فرعی) کە پێی دەڵێن (رقابه الامتناع):

لەم ڕێگایەدا کاتێك دادوەر بڕیار لە سەر یەکلایکردنەوەی کێشەیەك دەدات، ئەگەر هەر یەکێك لە دوو لایەنی کێشەکە گومانی لە سەر نادەستووریبوونی ئەو یاسایە هەبێت کە دادوەر بە سەر ئەم کێشەیەدا جێبەجێ کردووە، ئەوا ئەم لایەنە دەتوانێت داوا لە دادگای ئاسایی بکات کە ئەم بڕیارەی دادوەر دراوە هەڵەیە و داوا دەکات کە ئەم یاسایە بە سەر ئەم کێشەیەدا جێبەجێ نەکرێت. لە ئەنجامدا دادگا ئەم کەیسە ڕادەگرێت و پشکنینی بۆ دەکات، ئەگەر دەرکەوت ئەم یاسایە نادەستوورییە دادوەر بڕیار دەدات کە ئەم یاسایە بە سەر ئەم کێشەیەدا جێبەجێ نەکرێت، بەڵام لە دادگاکانی دیکە ئەم یاسایە بە سەر کێشەکانی دیکەدا جێبەجێ دەکرێن و یەکەم وڵات، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کاری بەم ڕێگایە کردووە[1]، یاخود دادوەر ئەم داوایە بەرز دەکاتەوە بۆ دادگای تایبەتمەند بۆ بڕیاردانی کۆتایی.

جیاوازی لە نێوان داوای گشتی و داوای لاوەکی لەوەدایە، لە داوای

(١) موریس دوفرجیە. المؤسسات السیاسیە والقانون الدستوري الانظمە الکبری. الطبعە الثانیە. ٢٠١٤. بیروت. ص١٦٠.

لاوەکیـدا ئەگەر دادگای تایبەتمەند بڕیاری نادەسـتووریبوونی ئەم یاسـایەی دا کـە بـە سـەر ئـەم کێشـەیەدا جێبەجـێ کـراوە تەنها لـەم دادگایـەدا ئەم یاسـایە بە سـەر ئەم کێشـەیەدا جێبەجـێ ناکرێت، بەڵکـو دادگاکانی دیکە ئازادن دەتوانن ئەم یاسـایە بە سـەر کێشـەی هاوشـێوەدا جێبەجێ بکەن. بـەڵام لـە داوای ئەسـڵیدا ئەگـەر دادوەر بڕیاری نادەسـتووریبوونی یاسـاکە دا ئـەم بڕیـارەی دادوەر هەمـوو دادگاکانی وڵات دەگرێتـەوە و نابێـت ئەم یاسـایە لـە هیـچ دادگایـەکی وڵات جێبەجـێ بکرێـت و دەبێت ئەم یاسـایە هەڵوەشـێتەوە هـەر وەك نەبووە.

ئـەوەی شـایانی ئاماژەپێکردنـە دەسـتەی دادوەری پشـکنین بـۆ هیـچ کێشـەیەك نـاکات تـا بۆی بـەرز نەکرێتـەوە. ئـەم شـێوازەی چاودێریکردن لـە نەرویـج و کەنـەدا و ئیرلەنـدا و پرتـوگال و وڵاتانی ئەمریکای باشـوور و یەکێتـی باشـووری ئەفریقیـا جێبەجـێ دەکرێت.

## دووەم: چاودێریکردنی سیاسی:

بـە زۆری چاودێریکـردنی سیاسـی بەدەسـتەیەکی سـیاسی دەسـپێردرێت کـە ئـەم دەسـتەیە سـەربەخۆ بێـت لـە دەسـەڵاتە سـەرەکییەکانی وڵات (یاسـادانان، جێبەجێکـردن، دادوەری). چونکـە کێشـەکە لەوەدایـە ئەگـەر پەرلەمـان ئـەم دەسـتەیە هەڵبژێرێـت ئـەوا دەبێتـە سـەر بـە پەرلەمـان یاخـود ئەگـەر ئـەم دەسـتەیە بـە ڕاپـرسی گـەل هەڵبژێردرێـت لـە وانەیـە سـەر بـەو حیزبـە بێـت کـە زۆرینەیە لـە پەرلەمـان، بـەڵام ئەگەر سـەر بە ئەنجومـەنی دادوەری بێـت لـە وانەیـە تـا ڕادەیـەك سـەربەخۆتر بێـت.

ئـەم چاودێریکردنـە لە پێش دەرچـوونی پرۆژە یاسـاکان یاخود هاوکات لەگـەڵ ئامادەکردنی پرۆژە یاسـاکان ئەنجـام دەدرێت، بۆیە پێی دەگوترێت

چاودێریکـردنی پێشـوەختە، یـان چاودێـری پارێزگاریکردنـە (الرقابـة الوقائیـة)[1]. ئـەرکی ئـەم دەسـتەیە ئـەوە دەبێـت هەمـوو ئـەو یاسـایانەی پێچەوانـەی دەسـتوورن پوچـەڵ بکرێنەوە یاخـود ناهێڵێت هیچ یاسـایەکی نادەسـتووری بچێتـە واری جێبەجێکردنـەوە.

وڵاتی فەڕەنسا پێشـکەوتووترین و سـەرەکیترین وڵاتـە کـە هـەر لـە سـەرەتاوە تـا ئێسـتا کار بـەم شـێوازەی چاودێریکـردن دەکات. لـە مـادەی ٥٦ی دەسـتووری ١٩٥٨ی ئـەم وڵاتـەدا ئـەم کارەی بەدەسـتەیەکی سیاسـی داوە کـە پێـی دەگوترێـت (ئەنجومـەنی دەسـتووری)[2]، بـەڵام وڵاتـان چاودێریکـردنی سیاسـی بـە جـۆری جیـاواز ئەنجـام دەدەن وەك ئـەم نمونانـەی خـوارەوە[3]:

## چاودێریکردن لە ڕێگەی پەرلەمان:

وەك مـادەی ٢٢ی دەسـتووری چینـی ١٩٧٧ کـە ئـەم کارەی بـە پەرلەمـان سـپاردووە. دەسـتووری یەکێتـی کۆمـارەکانی یەکێتـی سـۆڤیەتی جـاران لـە سـاڵی ١٩٧٧ لەمـادەی ٧٣دا ئـەم کارەی بـە ئەنجومـەنی بـاڵای سـۆڤیەت سـپاردووە، لـە ڕێگـەی دەسـتەی سـەرۆکایەتی بـۆ چاودێریکردنی جێبەجێکـردنی دەسـتوور.

## چاودێریکردن لە ڕێگەی سەرۆکی پەرلەمان:

وەك مـادەی ٦١ی دەسـتووری سـوێدی سـاڵی ١٨٠٦ کە ئـەم مافەی بە

---

(١) حمید حنون خالد. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا١٥٧.

(٢) عبدالکریم علوان. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا٣١٠.

(٣) محمد محمد عبده امام. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا(١١٤-١١٥).

سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران داوە.

## چاودێریکردن لە ڕێگەی هەندێك لە ئەندامانی پەرلەمان:

وەك دەستووری فەڕەنسای ساڵی ١٩٤٦ لێژنەیەکی دەستووری پێکهێنا لە ئەندامانی کۆمەڵەی نیشتیمانی و ئەنجومەنی پیران بۆ چاودێریکردنی دەستووریبوونی یاساکان.

## چاودێریکردن لە ڕێگەی سەرۆکی وڵات یان سەرۆکی پارتی دەسەڵاتدار:

وەك دەستووری یەکێتی سۆڤیەتی ١٩٣٦.

## چاودێریکردن بە هۆی لێژنەیەکی هاوبەش:

بۆ نمونە ئەنجومەنی دەستووری فەڕەنسا پێکدێت لە ئەندامانی دەستەی جیاواز.

## ١٠
## دەوڵەتی فیدراڵی (Federation)[١]

لەبەر ئەوەی عێراق وڵاتێکی فیدراڵییە و کوردستانیش هەرێمێکی ئەم وڵاتەیە بە کورتی باسی چەمك و هەندێك لە ڕەهەندەکانی دەوڵەتی فیدراڵی دەکەین بۆ بەرچاوڕوونی زیاتر لە سەر نووسینەوەی دەستووری کوردستان.

### چەمکی دەوڵەتی فیدراڵی:

زاراوەی دەوڵەتی فیدراڵی بە زۆر شێوە بەکار دێت، هەندێك پێی دەڵێن یەکێتی فیدراڵی یان یەکێتی دەستووری یان یەکێتی ناوەندی یان دەوڵەتی فیدراڵی یان دەوڵەتی یەکگرتوو...تاد. فیدراڵی زاراوەیەکی لاتینییە لە ( Foedus ) هاتووە واتە پەیماننامە(معاهدە)، مەبەست لێی پەیماننامەی دەستوورییە لە نێوان حکومەتی فیدراڵی و هەریەك لە حکومەتی هەرێمەکان، چونکە حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمەکان لە ڕێگەی دەستوورەوە بە یەکەوە گرێدراون نەك لە ڕێگەی پەیماننامەکان.

زاناکانی بواری یاسای دەستووری و فەیلەسوفەکان پێناسەی جیاوازیان بۆ دەوڵەتی فیدراڵی کردووە، بۆ نمونە[٢]: (ئۆپنهایم)

---

(١) ئەم بابەت لە ڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٥٨٣٤ لە ٢٠١٩\٩\٢٤ بڵاو بوویەتەوە.

(٢) القاچي. د. محمد عمر مولود. الفدراليە وامکانيە تطبيقها کنظام السياسي. الطبعە الاولى. بيروت. ٢٠٠٩. ص٢٩.

بـەم شـێویە پێناسـەی کـردووە: (دەوڵەتـی فیدراڵـی بریتییـە لـە یەکگرتنێـکی هەمیشـەیی وڵاتـانی جیـاواز و خـاوەن سـەروەری، کـە خـاوەن دەزگای تایبەتـن و دەسـەڵاتی تایبەتیـان هەیـە نـەك تەنیـا لەسـەر وڵاتـانی ئەنـدام لـە دەوڵەتـی فیدراڵیـدا، بەڵکـو لەسـەر هاووڵاتیانیـش). هەروەهـا (مارسـیل بریلـو) بـەم شـێوەیە پێناسـەی کـردووە: (دەوڵەتـی فیدراڵـی بریتییـە لـە یەکگرتنـی کۆمەڵێـك وڵات کـە دەسـت لـە هەندێـك دەسـەڵاتی خۆیـان بـەردەدەن بـۆ دەسـەڵاتی ناوەندی(فیدراڵـی) لـە بەرامبـەر سـەربەخۆبوونی ناوخۆیـی دەسـتووری و یاسـایی و کارگێڕییـەکی فـراوان). هەروەهـا (دکتـۆر محەمـەد عومـەر مەولـود) بـەم شـێوەیە پێناسـەی فیدراڵییـەت دەکات: (فیدراڵـی بریتییـە لـە ڕێکخسـتنێکی سیاسـی دەسـتووری ناوخۆیـی یەکگرتوو(مرکـب)، بـەم پێیـە کۆمەڵێـك حکومـەتی ئەنـدام یـان هەرێمـەکان دەکەونـە ژێـر دەسـەڵاتی حکومـەتی فیدراڵـی کـە دەسـەڵاتەکانی باڵاتـرە لـە دەسـەڵاتی حکومەتـە هەرێمییـەکان، ئـەم ڕێکخسـتنە دوو ڕووی هەیـە یەکەمیـان ڕووی دەرەوە، واتـە لـە بـواری سیاسـەتی دەرەوەدا ئـەم وڵاتـە خـۆی وەك یـەك وڵاتی خـاوەن سـەروەری پیشـانی وڵاتـانی بیـانی دەدات. لـە ڕووی ناوخۆییـەوە کۆمەڵێـك قـەوارەی دەسـتووری لەخـۆ دەگرێـت و حکومـەتی ناوەنـدی بەشـداری لـە مومارسـەکردنی سـەروەری و ناوخۆیـدا دەکات).

ئـەوەی گرنگـە لێـرەدا ئەوەیـە کـە ئامـاژەی پـێ بکەیـن حکومـەتی فیدراڵـی بریتییـە لـە ڕێکخسـتنێکی یاسـایی و دەسـتووری (نـەك سیسـتەمێکی کارگێـڕی یـان ڕێککەوتنێـکی هەرێمـی یـان نێودەوڵەتـی،

هــەر کاتێــك لایــەنی پەیوەندیــدار ویســتیان پاشــگەز ببنــەوە یــان ئــەم ڕێککەوتنــە پوچــەڵ بکەنــەوە)، بۆیــە پێویســتە حکومــەتی فیدراڵــی پابەنــد بێــت بــە جێبەجێکــردنی هەمــوو بنەمــا دەســتوورییەکان و بــە هیــچ شــێوەیەك ســەرپێچی دەســتوور و یاســاکان نەکرێــت، چونکــە دەســتوور گرێبەســتێکی درێژخایەنــە لــە نێــوان هاووڵاتیــان و دەســەڵاتدارەکاندا، هەروەهــا لــە نێــوان حکومــەتی فیدراڵــی و حکومــەتی هەرێمەکانیشــدا.

بەپێــی یاســای نێودەوڵەتــی، دەوڵەتــی فیدراڵــی دەوڵەتێــکی ڕاســتەقینەیە. حکومــەتی فیدراڵــی دەســەڵاتی بــاڵای لــە دەرەوە و نــاوەوە هەیــە، بــۆ نمونــە دەســەڵاتی بڕیــاردان لــە ســەر شــەڕ یــان ئاشــتی و بەســتنی ڕێککەوتننامــە نێودەوڵەتییــەکان وەك ڕێککەوتننامــە ســەربازییە نێودەوڵەتییــەکان. چونکــە لــەم پەیوەندییــە دەســتوورییەدا، واتــە یەکگرتنــی حکومــەتی فیدراڵــی و هەرێمــەکان. حکومــەتی هەرێمــەکان ســەروەری و کەســایەتی یاســایی نێودەوڵەتییــان نییــە، بــەڵام لــە ڕووی ناوخۆییــەوە خــاوەن دەســتوور و هەرســێ دەســەڵاتی ســەرەکی یاســادانان و جێبەجێکــردن و دادوەرییــە، هەروەهــا لــە ڕووی بەڕێوەبردنــەوە دەســەڵاتی کارگێــڕی تەواویــان هەیــە[١].

سیســتەمی فیدراڵــی لــە وڵاتێکــەوە بــو وڵاتێکــی دیکــە جیــاوازە و لــە کاتێکــەوە بــۆ کاتێکــی دیکــە جیــاوازە. لــە دەوڵەتــی فیدراڵیــدا وڵاتــە هەرێمییــەکان هەندێــك لــە دەســەڵاتەکانی خۆیــان دەدەنــە حکومــەتی ناوەنــدی، (وەك سیاســەتی دەرەوە و بەرگــری و ئابــووری و

(١) د. عبدالکریم علوان هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا ٧٢.

بازرگانی...تاد)، تا دەوڵەتی فیدراڵی بەهێز بکەوێت بۆ ئەوەی ئەم بەهێزییەی حکومەتی فیدراڵی بەرگری لە هەرێمەکان بکات و هەوڵی پێشخستنیان بدات. بەڵام زۆر بەداخەوە لە عێراق و وڵاتانی عەرەبی هاوکێشەکە بە پێچەوانەیە، بۆ نمونە لە بەهێزکەوتنی دەوڵەتی فیدراڵی عێراقدا دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتە دەست بۆ کاری نایاسایی و نادەستووری دەبات و هەوڵ بۆ سڕینەوەی قەوارەی هەرێمی کوردستان یان لاوازکردنی دەدات بۆ ئەوەی عێراق ببێتە سیستەمێکی ناوەندی داپلۆسێنەر، بۆ نمونە هەوڵی بڕینی بودجە و چەندەها شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان، چەندین کاری دیکەش وەك بەکارهێنانی هێز لە دژی کوردستان، هەموو ئەمانە تەواو نادەستوورییە، کە واتە ئەمانە هەر خۆیان دەسەلمێنن کە شۆڤینیەتی عەرەبی ڕێگە بە پرۆسەی دیموکراتی و ڕێزگرتن لە دەستوور و یاساکان و پاراستنی مافی تاك و بوونی بنەمای دەوڵەتی فیدراڵی نادات.

هەمیشە دەستووری وڵاتانی فیدراڵی و هەرێمەکانی، دەستووری بەستەڵەکن لە ڕووی نووسینەوەوە بۆ ئەوەی هەر حیزبێك یان هاوپەیمانەتییەك ببێتە زۆرینەی ناو پەرلەمان نەتوانێت بە ئاسانی دەستووری فیدراڵی یان هەرێمەکان بەپێی بەرژەوەندی حزبی خۆیان هەموار بکەن، بەبێ ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی گشتی وڵات. بە گشتی وڵاتانی فیدراڵی بە دوو ڕێگا دادەمەزرێن[1]:

(١) حمدي عطيه مصطفى عامر. اصول و مباديء نظام الحكم في النظام السياسي و القانوني الوچعي والاسلامي. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا١٣١. و گۆران حمه گەمحان. دەسەڵاتی دادوەری لە دەوڵەتی فیدرالیدا. چاپی یەکەم. سلیمانی. ٢٠٠٨. لا(٣٧-٤٠).

## یەکەم: چوونە ناویەك (الانضمام او الاندماج):

بەپێی ئەم ڕێگایە کۆمەڵێك وڵات یەك دەگرن[(١)] و هەموویان پێکەوە وڵاتێکی یەکگرتووی فیدراڵی پێك دێنن، کە حکومەتێکی ناوەندی (فیدراڵی) بەهێزیان دەبێت و هەموو دەسەڵاتە سەرەکییەکانی حکومەتی ناوەندی باڵاترن لە دەسەڵاتەکانی حکومەتی هەریەك لە هەرێمەکان. وەك ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئەڵمانیا و سویسرا و ئوستراليا و کەنەدا و زۆر وڵاتانی دیکەش.

## دووەم: ڕێگای هەڵوەشاندنەوە:

بەپێی ئەم ڕێگایە دەوڵەتێکی ئاسایی (مرکزی) هەڵدەوەشێتەوە بۆ چەند هەرێمێکی دیاریکراو کە ئەم هەرێمانە لە ڕووی ناوخۆییەوە تەواو سەربەخۆن، بەڵام لە ڕووی سیاسەتی دەرەوە سەر بە دەوڵەتێکی یەکگرتووی (فیدراڵی) بەهێزترن، واتە ئەم هەرێمانە بە ئارەزووی خۆیان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی دەمێننەوە. بۆ نمونە عێراق دەوڵەتێکی ئاسایی ناوەندی(مرکزی) بوو لە دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣ توانی لە ساڵی ٢٠٠٤ دەوڵەتێکی فیدراڵی یەکگرتوو پێك بێنێت کە تەنها هەرێمی کوردستانی هەیە، بەڵام لە دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ی ئەم وڵاتەدا بوار بە دروستکردنی هەرێمی نوێ دراوە، دەکرێت لە ئایندەدا هەرێمی دیکەش بۆ عێراق دروست

---

(١) لە دەوڵەتی فیدرالیدا بە زۆری ئەو گەلانە یەك دەگرن کە نزیکن لەیەکترەوە لە ڕووی مێژووی و شارستانی و کولتووری ئایینییەوە، یاخود ئەو گەلانەی هەست بەوە دەکەن کە یەکگرتن پێشیان دەخات لە بەرامبەر هەر دوژمنکارییەك سەریان دەخات.

بکرێـت. نموونـەی هەڵوەشـاندنەوەی دەوڵەتێـکی ئاسـایی ناوەنـدی بـۆ دەوڵەتێـکی فیدراڵـی یەکگرتـوو. نموونـەی ئـەو وڵاتـە فیدراڵیانـەی بـەم شـێوەیە دروسـت بـوون گەلێـك زۆرن وەك: ڕوسـیای قەیسـەری لـە پێـش ساڵی ١٩١٧ لـە دوای شـەڕی بەلاشـەڤی هەڵوەشایەوە و چەندیـن دەوڵەتـی فیدراڵـی لێـی دروسـت بـوو، هەروەهـا دەوڵەتـی بەلجیـکاش بەهەمـان شـێوە لـە دوای هەمـواری دەسـتووری سـاڵی ١٩٩٣ بـوو بـە دەوڵەتێـکی فیدراڵـی. هـۆکارەکانی دروسـتبوونی دەوڵەتـی فیدراڵـی لـە وڵاتـانی جیهـان دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەم هۆکارانـەی خـوارەوە[١]:

## یەکەم: هۆکاری ناوخۆیی:

بـە زۆری هـۆکاری دروسـتبوونی دەوڵەتـی فیدراڵـی دەگەڕێتـەوە بـۆ هـۆکاری نەتەوەیـی یـان ئایینـی یـان ڕەگـەزی یـان مێژوویـی یـان زمـان یـان کولتـوور یاخـود نەریتـی هاوبـەش و... تـاد. بـۆ ئـەوەی بەرژەوەندییـەکی هاوبەشـیان هەبێـت چ ئـەم بەرژەوەندییانـە ئابـووری یـان کولتـووری یـان کۆمەڵایـەتی یـان سیاسـی بێـت، هەمـوو ئـەم هۆکارانـە وڵاتـان هـان دەدات بـۆ دروسـتکردنی دەوڵەتـی فیدراڵـی.

## دووەم: هۆکاری دەرەکی:

زۆرجـار هـۆکاری دەرەکی وڵاتـان هـان دەدات بـۆ دروسـتبوونی دەوڵەتـی فیدراڵـی، بـۆ نموونـە لـە کاتی سـەرهەڵدانی مەتـرسی یـان هەڕەشـەی دەرەکی لـە سـەر هەندێك وڵات، دەبێتـە هـۆی ئـەوەی ئـەم

(١) لقمان عمر حسين. مبدأ المشاركه في الدوله الفدراليه. الطبعه الاولى. اربيل. ٢٠٠٨. ص٤٠.

وڵاتانــە هەوڵبــدەن یەکبگــرن و هێزەکانیــان کۆبکەنــەوە تــا هەموویــان پێکــەوە دەوڵەتێــکی فیدراڵــی بەهێــز دروســت بکــەن، تــا بتوانــن بــە هاوبــەشی بەرگــری لــە هــەر هەڕەشــەیەکی دەرەکی بکــەن بــۆ پاراســتنی بەرژەوەندییــە گشــتییەکانیان و هــەوڵ بــۆ پێشخســتنی هەرێمەکانیــان بــدەن لــە ڕێگــەی ئــەم یەکگرتنــە لــە پێنــاو پێشخســتنی سیاســی و ئابــووری و بــازرگانی و...تــاد. بــۆ نمونــە ســەرەکیترین هــۆکاری دروســتبوونی دەوڵەتــی فیدراڵــی ویلایەتــە یەکگرتــووەکانی ئەمریــکا و ئەڵمانیــا لەبــەر ئــەم ئامانجانــە بــوو.

## ١١
## چۆنیەتی دابەشبوونی دەسەڵاتەکان لە نێوان حکومەتی فیدراڵی و هەرێمەکاندا:[١]

بە گشتی دەستووری وڵاتانی فیدراڵی میکانیزمی جیاوازیان هەیە بۆ دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لە نێوان حکومەتی فیدراڵی و هەرێمەکاندا کە هەر وڵاتێك بە یەکێك لەم سێ ڕێگایانەی خوارەوە دیاری دەکرێن[٢]:

### ڕێگای یەکەم: دیاریکردنی پسپۆرییەکانی هەرێمەکان بە دیاریکراوی (علی سبیل الحصر):

بەپێی ئەم ڕێگایە دەستووری فیدراڵی دەسەڵاتەکانی هەرێم و ویلایەتەکان و ئەو پارێزگایانەی نەبەستراون بە هەرێمەکانەوە دیاری دەکات بە دیاریکراوی، هەموو ئەو پسپۆری و دەسەڵاتانەی دیاری نەکراون تایبەت دەبێت بە دەوڵەتی فیدراڵی، کە واتە پسپۆرییەکانی دەوڵەتی فیدراڵی پسپۆری گشتین و پسپۆرییەکانی هەرێمەکان پسپۆری ڕیزپەڕ (استثنائی) و سنووردارن. بەپێی ئەم ڕێگایە دەسەڵاتەکانی حکومەتی فیدراڵی فراوان دەبێت و دەسەڵاتی هەرێمەکانیش بەرتەسك و بە دیاریکراوی دەمێننەوە، کە واتە ئەو پسپۆرییانەی لە ئایندەدا دروست دەبن تایبەت دەبێت بە دەسەڵاتی

---

(١) ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی خەبات ژمارە (٥٨٣٩) لە ٢٠١٩\١١\٠١١ دا بڵاو بوویتەوە.
(٢) لقمان عمر حسین. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا(٤٥-٥١).

حکومـەتی فیدراڵـی. ئـەم ڕێگایـە لـە ڕووی پراکتیکیـەوە زۆر پەسـەند نییـە و زۆریـش کـەم پەیـڕەو دەکرێـت، چونکـە ئـەو وڵاتانـەی پەیـڕەوی ئـەم ڕێگایـە دەکـەن دەتوانـن بـە ئاسـانی دەسـەڵاتەکان بقۆزنـەوە و وڵاتەکەیـان لـە فیدراڵییـەوە بگـۆڕن بـۆ دەوڵەتـی مەرکـەزی، لـە لایەکـی دیکـەوە ئـەو بابـەت و پێشـهاتانەی لـە ئاینـدەدا دێنـە پێـش سـەر بـە پسـپۆری دەسـەڵاتی فیدراڵـی دەبـن، کـە واتـە بەپێـی بنەمـاکانی دەسـتوور ئەمـەش دەبێتـە هـۆی بەهێزکـردن و زیادبـوونی پسـپۆرییەکانی حکومـەتی فیدراڵـی لـە سـەر حسـابی پسـپۆری دەسـەڵاتی هەرێمـەکان. بـۆ نمونـە ئـەو وڵاتانـەی پەیـڕەوی ئـەم ڕێگایەیـان کـردووە وەك فەنزویـلا لـە دەسـتووری ١٩٥٣ و کەنـەدا لـە دەسـتووری ١٨٦٧.

## ڕێـگای دووەم: دیاریکـردنی پسـپۆرییەکانی حکومـەتی فیدراڵـی بەدیاریکـراوی:

بەپێـی ئـەم ڕێگایـە دەسـتووری فیدراڵـی پسـپۆری و دەسـەڵاتەکانی حکومـەتی فیدراڵـی دیـاری دەکات بـە وردی و دیاریکـراوی. ئـەو کار و پسـپۆرییانەی دەسـتووری فیدراڵـی باسـیان لێـوە نەکـردوون، سـەر بـە پسـپۆرییەکانی دەسـەڵاتی هەرێمـەکان دەبێـت. کـە واتـە بەپێـی ئـەم ڕێگایـە پسـپۆرییەکانی هەرێمـەکان پسـپۆری گشـتی دەبـن و پسـپۆرییەکانی حکومـەتی فیدراڵـی دەبێتـە پسـپۆری ڕیزپەڕ(اسـتثنائی) واتـە بـە دیاریکـراوی دەمێنێتـەوە، لێـرەدا دەسـەڵاتی هەرێمـەکان فـراوان دەبـن و دەسـەڵاتی فیدراڵـی بەرتەسـك دەمێننـەوە. ئـەم ڕێگایـە ڕێگایەکی سـەرکەوتوویە و زۆربـەی وڵاتـانی فیدراڵـی پەیـڕەوی ئـەم ڕێگایـە دەکـەن، وەك ویلایەتـە یەکگرتـووەکانی ئەمریـکا لـە دەیـەم هەموارکـردنی

دەستووری ساڵی ١٧٨٧ و لە مادەی ٣ی دەستووری سویسرای ٢٠٠٠ و لە مادەی ١٢٤ی دەستووری مەکسیکی ١٩١٧ و لە مادەی ١١٥ی دەستووری فیدراڵی عێراقی ٢٠٠٥. کەواتە ئەگەر سەیری ئەم مادەی دەستووری عێراق بکەین دەسەڵاتی زۆر فراوانی دایتە هەرێمەکان کە دەقەکەی بەم شێوەیە: (هەموو ئەو بابەتانەی لە دەستووری فیدراڵیدا باس نەکراون، دەبێتە پسپۆری دەسەڵاتی هەرێمەکان و ئەو پارێزگایانەی نەبەستراونەتەوە بە هەرێمەکان، سەبارەت ئەو دەسەڵاتانەی هاوبەش لە نێوان حکومەتی فیدراڵی و هەرێمەکاندا، دەبێت ئەولەویەت بۆ یاسای هەرێمەکان و ئەو پارێزگایانە بێت کە نەبەستراونەتەوە بە هەرێم، لەو کاتانەی ناکۆکی لە نێوانیاندا هەبێت).

گرنگی ئەم ڕێگایە لەوەدایە هەرێمەکان زووتر درك بە کێشە و گیروگرفتەکانی هاووڵاتیان دەکات، چونکە نزیکن و زووتر و ئاسانتریش چارەسەر دەکرێن و خەرجی و پابەندبوونەکانی حکومەتی فیدراڵی کەمتر دەبێت، بە تایبەتی ئەو کاروبارانەی تایبەتن بە نەتەوەکانەوە.

## ڕێگای سێیەم: دیاریکردنی پسپۆرییەکانی حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمەکان بە دیاریکراوی:

بەپێی ئەم ڕێگایە پێویستە دەستووری فیدراڵی بە شێوەیەکی دیاریکراو پسپۆرییەکانی حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمەکان بە گشتی دیاری بکات. ئەم ڕێگایە ڕێگایەکی باش نییە و سوودی زۆریشی نییە، چونکە دەستووری فیدراڵی هەرچەند بە درێژی بنووسرێتەوە ناتوانێت باس لە هەموو وردەکاری و کاروبارەکان

بـکات. بـە تایبـەتی ئـەو بابەتانـەی لـە نـوێ لـە ئایندەدا ڕوو دەدەن کـە دەسـتوور باسـیان لێـوە نەکـردووە، ئایـا ئـەم کێشـانە تایبـەت بـە پسـپۆری حکومـەتی فیدراڵـی یـان هەرێمـەکان دەبێـت. بۆیـە لـەم حاڵەتـەدا یاسـادانەر بـەردەوام هەوڵی هەموارکـردنی دەسـتوور دەدات[1].

واتـە ئـەم ڕێگایـە لەبەرژەوەنـدی گشـتیدا نییـە، چونکـە ئـەو پێشـهاتانەی لـە نـوێ لـە هەرێمـەکان دروسـت دەبـن، کـە لـە بنەڕەتـدا پسـپۆری هەرێمەکانـن وەك بابەتـەکانی نەتەوەیـی و ئایینـی و...تاد دەبنە سـەر بـە پسـپۆری حکومـەتی فیدراڵـی[2]. دیاریکـردنی پسـپۆرییەکان بـە گشـتی لـە دەسـتووری فیدراڵـی و هەرێمەکانـدا دەبێتـە هـۆی ئـەوەی دەسـتوور بـە درێـژی بچێتـە نـاو کاروبـاری پسـپۆرییەکان، ئەمـەش ناگونجێـت لەگـەڵ سروشـتی دەسـتوورەکان، چونکـە دەسـتوور تەنهـا بنەمـا گشـتییەکان دیـاری دەکات و ناچێتـە نـاو وردەکارییەکانـەوە، کەواتـە ئـەم شـێوازە لـە ڕووی کردەییـەوە کێشـەکان چارەسـەر نـاکات، بەڵکـو کێشـەکان زیاتـر دەکات، بۆیـە وڵاتـانی فیدراڵـی زۆر کەمـتر کار بـەم ڕێگایـە دەکـەن. هەروەهـا هەندێـك وڵاتیـش تێکەڵەیـەك لـەم سێ ڕێگایـە بەکاردێنـن، بـۆ نمونـە دەسـتووری هینـدی سـاڵی ١٩٥٠ پسـپۆرییە تایبەتـەکانی حکومـەتی فیدراڵـی دیـاری دەکات و پسـپۆرییە تایبەتـەکانی هەرێمەکانیـش دیـاری دەکات، هەروەهـا پسـپۆرییەکانی هاوبـەش لـە نێـوان حکومـەتی فیدراڵـی و هەرێمـەکان دیـاری دەکات، لـە هەمـان

(١) د. ازهـار هاشـم احمـد. تنظيـم العلاقـه بـين السـلطه المركزيـه و سـلطات الاقاليـم في النظـام الفـدرالي. الطبعـه الاولى. ٢٠١٤. القاهـره . لا ٧٣.

(٢) د. محسـن خليـل. القانـون الدسـتوري والنظـم السياسـيه. منشـأه المعـارف. الاسـكندريه. ص١١١.

کاتــدا ئــەو پســپۆرییانەی دەمێننــەوە ســەر بــە دەســەڵاتی فیدراڵــی دەبێــت[1].

دەسـتووری هەندێـك وڵات ئـەم سـێ ڕێگایـە تێکـەڵ بە یەکـتر دەکەن وەك هینـد و سـودان و مالیزیـا. بـەڵام لـە کۆتایـدا دەڵێـم ڕێـگای دووەم کـە پسـپۆرییەکانی دەوڵەتـی فیدراڵـی دیاریکـراو بێـت و پسـپۆرییەکانی هەرێمـەکان گشـتی بـن لـە پراکتیکـدا کاریگەرتـر و باشـترە و دەسـتووری فیدراڵـی عێراقیـش پەیـڕەوی ڕێـگای دووەمـی کـردووە و هەرێمـی کوردسـتانیش زۆر سـوودمەند بـووە.

(١) پاشکۆی حەوتەم لە لیستی ژمارە (١، ٢، ٣) ی دەستووری هیندی ساڵی ١٩٥٠.

## ١٢
## جیاکەرەوەکانی دەوڵەتی فیدراڵی[١]

دەوڵەتــی فیدراڵــی یەکێکــە لــە ڕێکخســتنە تایبەتــەکانی بــواری یاسـای دەسـتووری، لـە دەوڵەتـی فیدراڵیـدا دوو ڕەگـەزی سـەرەکی هـەن یەکەمیــان: ڕەگــەزی یەکگرتــن: کــە بنەمــای بەشــداریکردنی هەمــوو هەرێـم و ویلایەتـەکان لـە زۆر بـوارە جۆراوجۆرەکانـدا لەگـەڵ دەوڵەتـی فیدراڵــی هاوبەشــن، وەك بــوونی یــەك ڕەگەزنامــە و یــەك جــۆری دراو و زۆر بــواری دیکــەی ناوخۆیــی وەك دارایــی گشــتی و یــەك ســوپا و یــەك گــەل و یــەك خــاك و...تــاد. هەروەهــا لــە ڕووی سیاســەتی دەرەوە تەنهــا حکومــەتی فیدراڵــی کەســایەتی یاســایی نێودەوڵەتــی هەیــە، هەرێمـەکان کەسـایەتی یاسـایی نێودەوڵەتییـان نییـە، هەروەهـا لـە ڕووی بەرپرسـیاریەتیش حکومـەتی فیدراڵـی و هەرێمـەکان یـەك بەرپرسـیاریەتی نێودەوڵەتییــان هەیــە، لــە ڕووی نێودەوڵەتییــەوە هەموویــان وەك یــەك وڵات ســەیریان دەکرێــت[٢]. بــۆ ئــەوەی جیــاوازی بدەینــە نێــوان ڕەگەزنامــە و هاووڵاتیبــوون لــە دەوڵەتــی فیدراڵیــدا تەنهــا یــەك ڕەگەزنامـەی یەکگرتـووی هەیـە، بـەڵام هاووڵاتیبـوون بەنـدە بـە ژمـارەی ئــەو هەرێمانــەی کــە دەوڵەتــی فیدراڵــی لــێ پێکهاتــووە[٣].

---

(١) ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی خەبات ژمارە (٥٨٤٤) لە ٢٠١٩\١٠\١٨ دا بڵاو بوویەتەوە.

(٢) د. ازهار هاشم احمد. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا (٣٩- ٤٥).

(٣) د. خالـد قبـاني. اللامرکزیـه و مسـائله تطبیقهـا في لبنـان. الطبعـه الاولی. منشـورات بحـر

دووەم: ڕەگــەزی ســەربەخۆیی ناوخۆی(الاســتقلال الذاتــی): کــە هەریــەك لــە هەرێـم و ویلایەتـەکان لـە ڕووی ناوخۆییـەوە سـەربەخۆیی تەواویــان هەیــە و هیــچ هەرێمێــك بــۆی نییــە دەســت لــە کاروبــاری هەرێمەکانــی دیکــە وەردات. واتــە بــە گشــتی لــە دەوڵەتــی فیدراڵیــدا دەســەڵاتەکان دابــەش دەکرێــن بــۆ دوو جــۆرە دەســەڵات، دەســەڵاتەکانی حکومــەتی فیدراڵــی و دەســەڵاتی حکومــەتی هەرێمــەکان. کــە واتــە بنەمــای دابەشــکردنی دەســەڵاتەکان لــە نێــوان حکومــەتی فیدراڵــی و هەرێمەکانــدا بابەتێــکی بنەڕەتییــە کــە دەســتووری فیدراڵــی دیــاری دەکات. لـە دەوڵەتـی فیدراڵیـدا بـە شـێوەیەکی فـراوان دەسـەڵاتی دایتـە حکومەتـە هەرێمییـەکان، سـەرەڕای ئـەوەی کـە هـەر هەرێمێـك خـاوەنی دەسـتووری خـۆی دەبێـت، لـە هەمـان کاتـدا هـەر هەرێمێـك پەیـڕەوی هەرســێ دەســەڵاتی ســەرەکی (یاســادانان و جێبەجێکــردن و دادوەری) دەکات، واتـە هەرسـێ دامەزراوەیـان لـە هـەر هەرێمێکـدا دەبێـت و بـە سـەربەخۆیی پەیـڕەوی پسـپۆرییەکانیان دەکـەن.

لـە ڕووی دابەشـکاری پسـپۆری و دەسـەڵاتەکان لـە نێـوان حکومـەتی فیدراڵــی هەرێمەکانــدا دابــەش دەکرێــن بــۆ ســێ جــۆرە دەســەڵات **یەکەمیـان**: هەندێـك دەسـەڵات تەنهـا تایبەتـن بـە هەرێمـەکان، هـەر هەرێمێـك ڕاسـتەوخۆ و بـە ئـازادی پەیـڕەو دەکات.

**دووەم**: هەندێــك دەســەڵات تەنهــا تایبەتــن بــە حکومــەتی فیدراڵــی، پێویسـتە حکومـەتی فیدراڵـی و هەرێمـەکان پابەنـد بەم دەسـەڵاتانە بێت. **سـێیەم**: هەندێـك دەسـەڵات هاوبەشـن لـە نێـوان حکومـەتی فیدراڵـی

---

المتوسط و عویدات. بیروت. پاریس. ١٩٨١. ص١٤١.

و حکومـەتی هەرێمـەکان، واتـە حکومـەتی فیدراڵـی و هەرێمـەکان بـە هاوبـەشی پەیـڕەوی ئـەم دەسـەڵاتانە دەکـەن.

لەبـەر ئـەوەی کوردسـتان هەرێمێـکی فیدراڵییـە لـە چوارچێـوەی وڵاتی عێراقـدا، پێویسـتە لـەکاتی نووسـینەوەی دەسـتووری کوردسـتان ڕەچـاوی هەمـوو ئـەم بنەمـا سـەرەکییانەی سیسـتەمی فیدراڵـی بکرێـت، چونکـە سیسـتەمی فیدراڵـی کۆڵەگەیەکـی گرنگـی ڕێکخسـتنی یاسـای دەسـتوورییە. بۆیـە دەتوانیـن جیاکـەرەوەکانی دەوڵەتـی فیدراڵـی لـەم خاڵانـەی خـوارەوەدا کـورت بکەینـەوە:

## یەکەم: بوونی دەستوورێکی نووسراو:

دەسـتووری فیدراڵـی بنەمـا سـەرەکییەکانی سیسـتەمی فیدراڵـی و شـێوازی دەوڵـەت دیـاری دەکات و دەسـەڵاتەکان لـە نێـوان حکومـەتی فیدراڵـی و هەرێمـەکان دابـەش دەکات و هێڵـە گشـتییەکان دیـاری دەکات، هەروەهـا بـاس لـەو بنەمایانـە دەکات کـە تایبەتـن بـە شـێوازی وڵات و ڕێکخسـتنی دەسـەڵاتەکانی فیدراڵـی، لەگـەڵ ئـەو بنەمـا دەسـتوورییانەی تایبەتـن بـە مـاف و ئازادییـە گشـتییەکانەوە، هەروەهـا دەسـتووری فیدراڵـی هەندێـك جـار بـاس لـەو مەرجانـەش دەکات کـە پەیوەنـدی ڕاسـتەوخۆی بـە دەسـەڵاتەکانی یاسـادانان و جێبەجێکـردن و دادوەری هەرێمەکانـەوە هەیـە، پێویسـتە هەمـوو هەرێمـەکان پێـوە پابەندبـن[١].

لەبـەر ئـەوەی بەپێـی دەسـتووری فیدراڵـی دەسـەڵاتەکان لـە نێـوان

(١) د. ازهار هاشم احمد. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا (٤٦- ٤٧).

حکومـەتی فیدراڵـی و هەرێمەکانـدا دابـەش دەکرێـن بـۆ ئـەوەی لـە بـواری پراکتیکـدا بـە وردی ئـەم دەسـەڵاتانە جێبەجـێ بکرێـن و هیـچ گیروگرفتێـك ڕوو نـەدات، پێویسـتە هەریـەك لـە حکومـەتی فیدراڵـی و حکومـەتی هەرێمـەکان دەسـتووری نووسراویـان هەبێـت و نابێـت پەیـڕەوی دەسـتووری نەریتـی بکرێـت. بـە وتـەی زانـاکان بـۆ نمونـە (وێیـەر wheare ) و (دایسـی ) و زۆربـەی زانـاکانی بـواری یاسـای دەسـتووری دەڵێـن پێویسـتە دەسـتووری وڵاتی فیدراڵـی دەسـتووری نـووسراو بێـت. هەروەهـا زۆربـەی زانـاکانی بـواری یاسـای دەسـتووری عەرەبیـش لـەو بڕوایـەدان کـە بـوونی دەسـتووری نـووسراو زەرورەتێـکی لۆژیکییـە بـۆ وڵاتـە فیدراڵییـەکان(١).

دەتوانیـن ویلایەتـە یەکگرتـووەکانی ئەمریـکا بە یەکـەم وڵاتی فیدراڵی دابنێیـن کـە لـە سـاڵی ١٧٨٧ بەپێـی دەسـتووری نـووسراو دامـەزراوە و لـە مـادەی پێنجـی ئـەم دەسـتوورەدا شـێوازی هەموارکـردنی دەسـتووری دیاریکـراوە(٢)، کـە بە ڕێوشـوێنی سـەخت نەبێت هەمـوار ناکرێت، چونکە دەسـتووری فیدراڵـی دەبێـت دەسـتووری بەسـتەڵەك بێـت، هەروەهـا لـە مادەی شـەشی ئەم دەسـتوورەدا هاتووە: دەسـتوور بەرزترین یاسـای وڵاتە و پێویسـتە دادوەرەکان لـە هەمـوو ویلایەتـەکان پێـوە پابەندبـن. بەپێـی

(١) لقمان عمر حسين . هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا٢٠٤.

(٢) دەقـی مـادەی ٥ی دەسـتووری ئەمریـکای سـاڵی ١٧٨٧ بـەم شـێوەیە: ( لـەو کاتـە کۆنگرێـس پێشـنیاری هەمـوار کـردنی دەسـتوور دەکات کاتـێ کـە دوو لەسـەر سـێی ئەندامـانی هـەردوو ئەنجومـەن ڕەزامەنـد بـن و بـە پێویسـت بزانـن، یـان لەسـەر داوای دوو لەسـەر سـێی دەسـتەکانی یاسـادانانی دوو لەسـەر سـێی هەمـوو ویلایەتـەکان بـۆ بەسـتنی کۆنگرەیـەك و بـۆ پێشـنیار کـردنی هەمـوار کردنـەکان....) دەکرێـت بـە یەکێـك لـەم دوو حاڵەتانـە هەمـوار بکرێـت.

بۆچـوونی وێیـەر دەسـتوور ڕێککەوتنێکـە لـە نێـوان حکومـەتی فیدراڵـی و هەرێمەکانـدا لـە سـەر دابەشـکردنی دەسـەڵاتەکان لەنـاو خۆیانـدا و هیچ یەکێـك لـەم دوو لایەنـە بـۆی نییـە تاکلایەنـە پاشـگەز ببێتەوە.

## دووەم: بەستەڵەکی دەستوور:

لـە دەوڵەتـە فیدراڵییەکانـدا پێویسـتە دەسـتووری فیدراڵی بەسـتەڵەك بێت[1]، چونکە دەسـتوور پسـپۆرییەکانی حکومەتی فیدراڵی و حکومەتەکانی هەرێمـەکان دیـاری دەکات، بۆیـە ئەگـەر دەسـتووری فیدراڵـی نـەرم بێت و بـوار بـە دەسـەڵات بدرێـت بـە ئاسـانی دەسـتوور هەمـوار بکرێـت، مەترسی دەکەوێتە سـەر پسـپۆری و دەسەڵات و سـەربەخۆیی هەرێمەکان و ناجێگیـری سیاسـی لـە وڵاتـدا دروسـت دەبێـت، لـە هەمـان کاتـدا لـە وانەیـە ببێتـە هـۆی بچوکبوونـەوەی قـەوارەی حکومەتـە هەرێمییـەکان. بـۆ ڕێگریکـردن لەم مەترسـیانە و جێگیربوونی قەوارەی سیاسـی، پێویسـتە دەسـتووری فیدراڵـی و دەسـتووری هەرێمـەکان بەسـتەڵەك بێـت و بـە ڕێوشـوێنی سـەخت نەبێـت هەمـوار نەکرێـت. چونکـە هـەر لایەنێـك لـەم دوو لایەنانـە تاکڕەوی ئەنجـام بـدات دەبێتـە هـۆی کەمکردنـەوەی دەسـەڵاتی لایەنـی دیکـە.

هەمیشـە دەسـتووری وڵاتـانی فیدراڵـی دەسـتووری بەسـتەڵەکن بـۆ هەموارکردنی بە ڕێوشـوێنی سـەختدا تێدەپەڕێت، چونکە بەو ڕێوشـوێنانە هەمـوار ناکرێـن کـە یاسـا ئاسـاییەکان پـێ دەردەکرێـن و دەبێـت لـەم قۆناغانـەدا تێپـەڕ بێت، وەك: قۆناغی پێشـنیارکردنی هەموارکردن و قۆناغی

(١) د. محمـد عبـد المعـز نـصر. في النظريـات والنظـم السياسـيه. دار النهجـه العربيـه للطباعـه والنـشر. بـيروت. ١٩٧٣. ص٤٧٦.

تاوتوێکـردنی بابەتـەکانی هەموارکـردن و قۆناغـی کۆتایـی بڕیاردان لە سـەر هەموارکـردنی دەسـتوور[1].

ویلایەتــە یەکگرتــووەکانی ئەمریــکا ئــەم بنەمایــە بــە وردی لــە پراکتیکـدا بەرجەسـتەی کـردووە، بـۆ نموونـە بـۆ پێشـنیارکردنی هەموارکردنی دەسـتووری فیدراڵـی دەبێـت ڕەزامەنـدی زۆرینـەی دوو لـە سـەر سـێی هــەردوو ئەنجومــەنی کۆنگرێســی لــە ســەر بێــت یانیــش دەبێــت لــە ســەر داوای دەســتەکانی یاســادانانی دوو لــە ســەر ســێی هەرێمــەکان بێـت و کۆنگرێـس بـە هـۆی کۆنگرەیەکـەوە داواکاریەکـە بخاتـەڕوو[2]. لــە کۆتاییــدا هــەر هەموارکردنێــك لــە دەســتووردا ئەنجــام بدرێــت ئــەم هەموارکردنــە ناچێتــە واری جێبەجێکردنــەوە تــا ڕەزامەنــدی ســێ چـارەکی دەسـتەکانی یاسـادانانی هەرێمـەکانی لـە سـەر نەبێـت. هەروەهـا لـە دەسـتووری هەرێمەکانـدا هاتـووە نابێـت هیـچ هەموارکردنێـك لـە دەسـتووری هەرێمەکانـدا بکرێـت تـا ڕەزامەنـدی یاسـادانانی هەرێـم و کۆنگرێـسی لـە سـەر نەبێـت.

## سـێیەم: دابەشـبوونی دەسـەڵاتەکان لـە نێـوان حکومـەتی فیدراڵــی و حکومــەتی هەرێمەکانــدا:

شـێواز و جیاکـەرەوەکانی سیسـەمی فیدراڵی لە دەقـەکانی بەڵگەنامەی دەسـتووردا دیـاری دەکرێـت، کە بەپێی ئـەم بەڵگەنامـە دەوڵەتی فیدراڵی

(١) د. محسـن خليـل. النظـم السياسـيه والقانـون الدسـتوري. الجـزء الثـاني. الطبعـه الثانيـه. دار النهجـه العربيـه . ١٩٦٦-١٩٦٧. ص٨٦.

(٢) رونالـد. ل. واتـس. الانظمـه الفدراليـه. ترجمـه غـالي برهومـه و مهـا برهومـه و مهـا بسـطامي. طبعـه خاصـه. منتـدى الاتحـادات الفدراليـه. اوتـاوا. كنـدا. ٢٠٠٦. ص٩.

دامـەزراوە و پسـپۆری و دەسـەڵاتەکانی حکومـەتی فیدراڵـی و هەرێمـەکان دیـاری کـراون، هـەر ئـەم جیاکەرەوانەیـە دەوڵەتـی فیدراڵـی لـە دەوڵەتی مەرکـەزی جیـا دەکاتـەوە. چونکـە لـە دەوڵەتـی مەرکەزیـدا پسـپۆری و دەسـەڵاتەکانی هەرێـم (لامەرکـەزی ئیـداری) لە دەسـتووردا دیـار ناکرێن، بەڵکـو لـە یاسـا ئاسـاییەکاندا دیـاری دەکرێـن[1]. شـێوازی پێکهاتـە و دەسـەڵاتەکانی دەوڵەتـی فیدراڵی لـە وڵاتێکەوە بو وڵاتێکـی دیکە جیاوازە، ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ بـارودۆخ و هـۆکاری کۆمەڵایـەتی و سیاسـی و کردەیـی، چونکـە هـەر وڵاتێـکی فیدراڵـی پێشـینەیەکی سیاسـی تایبـەت بە خـۆی هەیـە. هەروەها بنەماکانی دابەشـکردنی پسـپۆرییەکانی یاسـادانان لە نێـوان حکومەتی فیدراڵـی و هەرێمەکاندا بەپێی دەسـتوور دەگەڕێتەوە بۆ پێـوەری جیـاوازی لـە نێـوان بەرژەوەندییـە نەتەوەییـەکان و بەرژەوەنـدی ناوخۆیی[2].

بـۆ نمونـە ئـەو وڵاتانەی بە ئـارەزووی خۆیان یەك دەگـرن و دەوڵەتێکی فیدراڵـی پێـك دێنن بـە زۆری هەوڵـدەدەن کەمترین دەسـەڵاتەکانی خۆیان لـە دەسـت بدەن، بـۆ ئـەوەی زۆرتریـن دەسـەڵاتیان هەبێت لـە دەوڵەتی فیدراڵیـدا. بـەڵام ئـەو دەوڵەتانـەی هەڵدەوەشـێنەوە بۆ چەنـد هەرێمێکی جیـاواز و دەوڵەتێـکی فیدراڵـی پێـك دێنـن، حکومـەتی فیدراڵـی هـەوڵ دەدات زۆرتریـن دەسـەڵات لـە لای خـۆی بمێنێتەوە و کەمترین دەسـەڵات بدرێتـە هەرێمـەکان[3]. دەسـتووری فیدراڵـی عێراقیـش پەیـڕەوی ڕێـگای

(١) د. محمد عمر مولود. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا٤٢.

(٢) د. ازهار هاشم احمد. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا٦٩.

(٣) د. محمـد کامـل لیلە.النظـم السیاسـیە الدولـە والحکومـات. القاهـرە. ١٩٦٧-١٩٦٨. ص١٣١.

دووەمـی کـردووە، بـەڵام هەرێمـی کوردسـتانیش لـە دەسـتووری عێراقـدا زۆر سـوودمەند بـووە و دەسـەڵاتی زۆری بەرکەوتـووە، چونکـە لـەکاتی نووسـینەوەی دەسـتووری فیدراڵـی پێگـەی کـورد لـە بەغـدا بەهێـز بوو.

## چـوارەم: دووانەیـی دەسـەڵاتی یاسـادانان لـە دەوڵەتـی فیدراڵیـدا:

دووانـەی دەسـەڵاتی یاسـادانان بریتییـە لـەوەی کـە دەسـەڵاتی یاسـادانان لـە دەوڵەتـی فیدراڵیـدا لـە دوو ئەنجومـەن پێکدێـت، یەکەمیـان لـە نوێنـەری ویلایەتـەکان پێکدێـت، کـە پێـی دەڵێـن ئەنجومـەنی بـاڵا یاخـود ئەنجومـەنی پیـران یـان هەرێمـەکان کـە هـەر وڵاتێـك ناوێـکی لـێ دەنێـت. ئـەوی دیکـەش پێکدێـت لـەو نوێنەرانـەی کـە لـە لایـەن هاووڵاتییـانی دەوڵەتـی فیدراڵـی بـە هەرێمەکانـەوە ڕاستەوخۆ هەڵدەبژێردرێـن، کـە پێـی دەڵێـن ئەنجومـەنی دووەم (مجلـس الادنی) یـان ئەنجومـەنی نوێنـەران یـان ئەنجومـەنی گـەل و...تـاد. بـوونی دوو ئەنجومـەنی یاسـادانان لـە دەوڵەتـی فیدراڵیـدا سـوودی زۆری هەیـە و بریتییـە لـە باشـترین گەرەنتـی لـە پرۆسـەی دیموکـراتی لـە وڵاتـدا بـە تایبـەتی لـە پاراسـتنی مـاف و ئازادییـەکان. نمونـەی ئـەو وڵاتانـەی دەسـەڵاتی یاسـادانانیان لـە دوو ئەنجومـەن پێکدێـن وەك: بەریتانیـا، فەڕەنسـا، نەمسـا، سـوێد و زۆر وڵاتـی دیکـەش.

لـە مـادەی ٤٨ی دەسـتووری عێراقـدا هاتـووە کـە دەسـەڵاتی یاسـادانان لـە دوو ئەنجومـەن پێکدێـت، ئەنجومـەنی نوێنـەران و ئەنجومـەنی هەرێمـەکان، بـەڵام تـا ئێسـتا ئەنجومـەنی هەرێمـەکان لـە عێـراق دانەمـەزراوە و تەنهـا ئەنجومـەنی نوێنـەران هەیـە. هەروەهـا

لە مادەی ٦٥ی دەستووردا شێواز و چۆنیەتی دامەزراندنی ئەنجومەنی فیدراڵی دیاری کردووە، بەڵام لە مادەی ١٣٧دا دامەزراندنی ئەم ئەنجومەنەی دواخستووە بۆ خولی دووەمی ئەنجومەنی نوێنەران، بەڵام بە داخەوە تا ئێستا دانەمەزراوە، چونکە بە بوونی ئەم ئەنجومەنە بەشداریکردنی هەرێم لە دەوڵەتی فیدراڵیدا بەهێزتر دەبێت، بە تایبەتی لە بواری بڕیاردانددا.

هەندێك وڵاتی فیدراڵی هەن دەسەڵاتی یاسادانانیان تەنها لە یەك ئەنجومەن پێكدێت وەك پاكستان و كامیرۆن، بەڵام لە زۆربەی هەرە زۆری وڵاتە فیدراڵییەكان بە تایبەتی ئەو وڵاتانەی زۆر دیموكراتین دەسەڵاتی یاسادانانیان لە دوو ئەنجومەن پێكدێت، بۆ نمونە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا و وڵاتە ئەوروپییەكان.

لە دەوڵەتی فیدراڵیدا حكومەتی فیدراڵی و حكومەتی هەرێمەكان لە بواری یاساداناندا بە شێوەیەكی یەكسان سەربەخۆن، هەرچەند حكومەتی هەرێمەكان لە ڕووی ناوخۆییەوە سەربەخۆتر بن لە حكومەتی فیدراڵی ئەوا ڕوویەكی گەورەتری سروشتی سیستەمی سیاسی فیدراڵی پیشان دەدات[1]. بەڵام لە ڕووی كردەییەوە بۆ ئەوەی هەردوو حكومەتی فیدراڵی و هەرێمەكان لە سیستەمی فیدراڵیدا دەستوەردان لە كاروبارەكانی یەكتر وەرنەدەن، هەمیشە دەستووری فیدراڵی ژمارەیەك دەسەڵاتی یاسادانانی هاوبەش لە نێوان ئەم دوو لایەنەدا دیاری دەكات. بۆ نمونە وەك دەستووری هیندی ساڵی ١٩٥٠ كە بە سێ جۆر دەسەڵات دیاری كراون: دەسەڵاتەكانی حكومەتی

(١) د. ازهار هاشم احمد. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا(٧٣-٧٤).

فیدراڵـی و دەسـەڵاتەکانی حکومـەتی هەرێمـەکان و دەسـەڵاتەکانی هاوبـەش لـە نێـوان حکومـەتی فیدراڵـی و هەرێمەکانـدا.

## پێنجەم: بوونی دادگایەکی دەستووری (دادگای فیدراڵی):

ئاشـکرایه کـە لـە دەسـتووری فیدراڵیـدا دەسـەڵاتەکان لـە نێـوان حکومـەتی فیدراڵـی و حکومـەتی هەرێمەکانـدا دابـەش دەکرێـن، نابێـت هیـچ یەکێـك لـەم دوو لایەنـە دەسـت لـە کاروبـاری پسـپۆری لایەنـی دیکـە وەردات یـان دەسـەڵاتی لایەنـی دیکـە بـەکار بێنێـت، هـەر کاتێـك ئـەم کارە کـرا ئـەوا کێشـە لـە نێـوان ئـەم دوو لایەنـەدا دروسـت دەبێـت. بۆیـە بـۆ ڕاڤەکـردنی دەقـە دەسـتوورییەکان و یەکلاییکردنـەوەی ئـەو کێشـانەی لـە نێـوان حکومـەتی فیدراڵـی و هەرێمەکانـدا دروسـت دەبێـت پێویسـتی بـە دامەزرانـدنی دەزگایـەکی دەسـتووری بێلایـەن هەیـە ئەویـش بریتییـە لـە دامەزرانـدنی دادگای دەستووری، کـە ئەرکەکـەی بریتییـە لـە ڕاڤەکـردنی دەقـەکانی دەسـتوور و یەکلاکردنـەوەی ئـەو کێشـانەی لـە نێـوان حکومـەتی فیدراڵـی و هەرێمەکانـدا یـان لـە نێـوان هەرێـم و هەرێمێکـی دیکـەدا دروسـت دەبێـت. زۆربـەی وڵاتـانی فیدراڵـی پێکهاتـە و شـێوازی دامەزرانـدنی ئـەم دادگایـە لـە دەسـتووری فیدراڵیـدا بـاس دەکات ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ گەورەیـی ئاسـتی دەسـەڵاتی ئـەم دادگایـە، بـۆ نمونـە لـە دەسـتووری میرنشـینە یەکگرتـووەکانی عەرەبـی لـە مـادەی ١٦دا بـاس دەکات دەسـتووری ئەڵمانیـا بەشـی حەوتەمـی بـۆ ئـەم دادگایـە تەرخـان کـردووە(١)، لـە دەسـتووری عێراقـی سـاڵی ٢٠٠٥دا لـە مـادەی

(١) گۆران ئازاد حەمە گەمحان. هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل١٦٨.

٩٢دا بــاس لــە پێکهاتــەی ئــەم دادگایــە دەکات و لەمــادەی ٩٣دا بــاس لــە پســپۆرییەکانی ئــەم دادگایــە دەکات.

کــە واتــە بــۆ پاراســتنی دەســەڵاتی هــەر حکومەتێــك پێویســتە حکومــەت بەپێــی دەســتوور تەنهــا لــە ســنووری دەســەڵاتی خۆیــدا کار بــکات، تــا هیــچ لایەنێــك دەســت نەخاتــە نــاو کاروبــارەکانی ئــەوی دیکــەدا. لــە وڵاتــە دیموکراتیەکانــدا هیــچ شــتێك لــە دەســەڵاتی دادوەری بەهێزتــر نییــە، بۆیــە دەســتوور بەبــێ بــوونی هــاوکاری و پشــتیوانی دادگای فیدراڵــی تەنهــا نامەیــەکی مــردووە.

هــەر وڵاتێــك ناوێــك لــە دادگای دەســتووری دەنێــت، بــۆ نمونــە لــە هەندێــك وڵات پێــی دەڵێــن دادگای بــاڵا وەك ویلایەتــە یەکگرتــووەکانی ئەمریــکا (Supreme Court)، لــە کەنــەدا و ئوســترالیا و یەکێتــی سـۆڤیەتیش (High Court)، لـە هەندێـك وڵاتیـش پێـی دەڵێـن دادگای دەسـتووری یـان دادگای فیدراڵـی (Federal Tribunal)، وەك سویسـرا و ئەڵمانیـا. لـە دەسـتووری عێراقـدا پێـی دەڵێـن دادگای یەکگرتـووی بـاڵا (المحکمـە الاتحادیـە العلیـا)، زۆر جاریـش پێـی دەڵێـن دادگای فیدراڵــی.

لەبــەر گرنگــی ئــەم بابەتــە بــاسی پســپۆرییەکانی دادگای بــاڵای فیدراڵــی عێــراق دەکەیــن: کــە لــە مــادەی ٩٣ی دەســتووردا پســپۆرییەکانی ئــەم دادگایــە بــەم شــێوەیە دیــاری کــردووە:

- چاودێریکردنی دەستووریبوونی یاسا و ڕێنماییە بەرکارەکان.
- ڕاڤەکردنی دەقەکانی دەستوور.

یەکلایکردنــەوەی ئــەو کێشــانەی کــە لــە جێبەجێکــردنی یاســاکانی

فیدراڵـی و بڕیـار و ڕێنمایـی و ئـەو کردارانـەی لـە دەسـەڵاتی فیدراڵیـدا دەردەچــن دروســت دەبــن. یاسـا مــاف بــە ئەنجومــەنی وەزیــران و ئەوانــەی پەیوەندییــان پێــوە هەیــە لــە تــاك و ئەوانیــتر کــە ڕاســتەخۆ تانــە لەبەرامبــەر ئــەم دادگایــە بــەرز بکەنــەوە.

یەکلایکردنــەوەی ئــەو کێشــانەی لــە نێــوان حکومــەتی فیدراڵــی هەرێمـــەکان و پارێـــزگاکان و شـــارەوانییەکان و کارگێـــڕی ناوخۆیـــدا ڕوودەدەن.

یەکلایکردنـەوەی ئـەو کێشـانەی لـە نێـوان حکومەتـەکانی هەرێمەکان یـان پارێزگاکانـدا ڕوودەدەن.

یەکلایکردنـەوەی ئـەو تومەتانـەی دەدرێنـە پـاڵ سـەرۆك کۆمـار و سـەرۆکی ئەنجومـەنی وەزیـران و وەزیـرەکان، ئەمـە بە یاسـا ڕێکدەخرێت.

پەسـەندکردنی ئەنجامـی کۆتایـی هەڵبژاردنە گشـتییەکان بـۆ ئەندامانی ئەنجومـەنی نوێنەران.

أ- یەکلایکردنـەوەی ئـەو کێشـانەی لەبـەر بەریەککەوتنـی پسـپۆرییەکاندا ڕوودەدات لـە نێـوان دادگـەری کارگێـڕی (القضـاء الاداری) و دەسـتەکانی دادوەری هەرێمـەکان و پارێزگاکانی نەبەسـتراو بـە هەرێمـەوە.

ب- یەکلایکردنـەوەی ئـەو کێشـانەی لەبـەر بەریەککەوتنـی ئـەو پسـپۆرییانەی لـە نێـوان دەسـتەی دادگـەری هەرێمـەکان یـان پارێـزگاکانی نەبەسـتراو بـە هەرێمـەوە دروسـت دەبـن.

## شەشەم: ڕەگەزی یەکگرتن لە دەوڵەتی فیدراڵیدا

بەپێی ڕێکخستنی یاسایی و سیاسی یەکگرتن یەکێکە لە بنەما هەرەگرنگەکانی وڵاتی فیدراڵی، بۆ نموونە یەکێتی گەل، یەکێتی سوپا، یەکێتی هەرێمەکان، یەکێتی ڕەگەزنامە و یەکێتی دراو و ...تاد. کە دەستوور شێوازی پەیوەندی نێوان پسپۆرییەکانی حکومەتی فیدراڵی و هەرێمەکان دیاری دەکات[1].

دەوڵەتی فیدراڵی لە ڕووی نێودەوڵەتییەوە خۆی وەك یەك وڵات پیشان دەدات و یەك کەسایەتی یاسایی نێودەوڵەتی هەیە تەنانەت لە ڕووی بەرپرسیاریەتیشەوە یەك بەرپرسیاریەتی نێودەوڵەتی هەیە، بۆ نموونە هەر هەرێمێك کارێکی نایاسایی لە بواری نێودەوڵەتیدا ئەنجام بدات، بەرپرسیاریەتی نێودەوڵەتی دەکەوێتە سەر دەوڵەتی فیدراڵی، نەك ئەو هەرێمەی کارە نایاسایەکەی ئەنجامداوە. هەروەها لە ڕووی یەکگرتنەوە لە دەوڵەتی فیدراڵیدا هەموو هەرێمە ئەندامەکانی دەوڵەتی فیدراڵی یەکگرتوون و یەك ڕەگەزی یەکگرتنیان هەیە، بۆ نموونە خاکی هەموو هەرێمەکان لە چوارچێوەی یەك سنووردا کۆدەکرێتەوە ئەویش سنووری وڵاتی فیدراڵییە. هاونیشتیمانییەکانی هەموو هەرێمەکان بە جیاوازی ئایین و نەتەوە و ڕەگەزەکانەوە لە چوارچێوەی یەك گەلدا کۆدەکرێتەوە ئەویش گەلی وڵاتی فیدراڵییە.

لە دەوڵەتی فیدراڵیدا هەندێك دەسەڵات تەنها تایبەتن بە دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵی لە هەمان کاتدا پێویستە هەرێمەکانیش پێوە

(١) محمد هماوند. الفدرالیە والحکم الزاتي واللامرکزیە الاداریە الاقلیمیە. دراسە نظریە مقارنە. الطبعە الثانیە. مؤسسە الموکریانی للطباعە والنشر کوردستان. اربیل. ٢٠٠١. ص١٨٩.

پابەندبـن، وەك: وەزارەتی دەرەوە لـە ڕێکخسـتنی پەیوەندییـەکان لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا و داڕشـتن و ئاراسـتەکردنی سیاسـەتی دەرەوە و کردنەوەی بالیۆزخانـە و کۆنسـۆلخانە و دانـانی بالیـۆز و هەمـوو نوێنەرایەتییـەکان لە لایـەن حکومـەتی فیدراڵیەوە ئەنجـام دەدرێت و لە هەمان کاتدا پێویسـتە هەرێمەکانیـش پێـوە پابەندبـن. هەروەها وەزارەتی دارایـی و بەرگریش بە هەمـان شـێوە تایبەتـن بـە پسـپۆرییەکانی حکومـەتی فیدراڵـی. لـە هەمـان کاتـدا هەمـوو هەرێمـەکان پەیـڕەوی سیاسـەتی یـەك جـۆری دراو و یـەك جـۆری ڕەگەزنامـە و پاسـەپۆرت دەکـەن[1]. هەروەها پێشـتریش ئاماژەمان بـەوە کـرد کـە لـە دەوڵەتـی فیدراڵیـدا جیـاوازی لـە نێـوان ڕەگەزنامـە و هاووڵاتیبـون لەوەدایـە، هاووڵاتییـانی هەمـوو هەرێمـەکان یـەك جـۆر ڕەگەزنامەیـان هەیـە، بـەڵام سـەبارەت بـە هاووڵاتیبـون، هاونیشـتیمانی هـەر هەرێمێـك هاووڵاتـی هەرێمـی خۆیـەتی[2]، لـە ڕووی سـەربەخۆیی ناوخۆییـەوە سـەربەخۆی تـەواوی هەیـە.

دەسـتووری فیدراڵـی و دەسـەڵاتە سـەرەکییەکانی وەك دەسـەڵاتی (یاسـادانان و جێبەجێکـردن و دادوەری) لـە سـەرەوەی دەسـتوور و دەسـەڵاتەکانی هەمـوو هەرێمەکاندایـە، هـەروەك پێشـتریش ئاماژەمـان پێکـرد نابێـت دەسـتووری هەرێمـەکان پێچەوانـەی بنەماکانی دەسـتووری فیدراڵـی بێت یان دەسـەڵاتی یاسـادانانی هەرێمەکان پێچەوانـەی بنەماکانی دەسـتووری فیدراڵـی یاسـا دەربـکات.

(١) د. کطـران زغـیر نعمـه. النظریـه العامـه في القانـون الدسـتوري و النظـام الدسـتوري في العـراق. مکتبـه العاتـك لصناعـه الکتـب. القاهـره. ص١٠٣.

(٢) د. خالد القباني. هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل١٣٣.

## حەوتـەم: نەبـوونی توانـای هەرێمـەکان لـە پوچەڵکردنـەوەی یاسـاکانی دەوڵەتـی فیدراڵـی و جیابوونـەوە:

هەندێـك زانـای بـواری یاسـای دەسـتووری وەك (جـۆن کالهـون) دەڵێـن هەرێمـەکان لـە دەوڵەتـی فیدراڵیـدا دەتوانـن یاسـاکانی فیدراڵـی ڕەت بکەنـەوە، ئـەوان ڕوویـە یاساییەکەی دەگەڕێننـەوە بـۆ سـەروەری، چونکـە ئـەوان پێیـان وایـە سـەروەری خاسـیەت یاخـود سـیفەتێکی زەروورییـە بـۆ دەوڵـەت کـە ناکرێـت وڵات دەسـتبەرداری بێـت. بـەڵام ئـەم ڕایـە سـەرکەوتوو نەبـوو، چونکـە ناکرێـت سـەروەری لـە نێـوان دەوڵەتـی فیدراڵـی و هەرێمەکانـدا دابـەش بکرێـت، هەرچەنـدە ئـەوان پێیـان وایـە دەبێـت سـەروەری بـۆ هەرێمـەکان بێـت، چونکـە بەپێـی ڕێککەوتننامـەی دەسـتووری هەرێمـەکان بەشـێکن لـە پێکهاتـەی دەوڵەتـی فیدراڵـی، واتـە دەوڵەتـی فیدراڵـی لـە هەرێمـەکان و ناوەنـد پێکدێـت.

سـەرەتا پرسـیارێکی سـەرەکی بۆمـان دروسـت دەبێـت، ئایـا هـەر هەرێمێـك لـە دەوڵەتـی فیدراڵیـدا دەتوانێـت بڕیـارەکانی حکومـەتی فیدراڵـی پوچـەڵ بکاتـەوە ( Nullification ) یاخـود تـاك لایەنـە داوای جیابوونـەوە بـکات (Secession ). ئـەم پرسـیارە زانـاکانی بـواری یاسـای دەسـتوورییان دابـەش کـردووە بـو دوو بۆچـوونی جیـاواز، هەندێکیـان پێیـان وایـە دەکرێـت هەرێمـەکان یاسـاکانی فیدراڵـی پوچـەڵ بکەنـەوە وەك (ئەنـبری کالهـون)، چونکـە ئـەو پێـی وابـوو حکومـەتی فیدراڵـی وەکیـلی هەرێمەکانـە، واتـە حکومـەتی هەرێمـەکان دەتوانـن هـەر یاسـایەك ڕەت بکەنـەوە کـە لـە لایـەن وەکیلەکەیانـەوە دەردەچێـت و

خۆیـان ڕەزامەنـد نیـن لەسـەری، خـاوەنی ئـەم ڕایـە پشـت بـەم بەڵگانەی خـوارەوە دەبەسـتێت[1]:

- یەکگرتــن واتــە (اتحــاد فیدرالــی) بریتییــە لــە ڕێککەوتــن لــە نێــوان دوو لایــەنی دەوڵەتــی یەکســان.
- حکومــەتی فیدراڵــی بــە هــۆی حکومەتــە هەرێمییەکانــەوە دروســت بــووە کــە وەکالەتیــان دەکات لــە جێبەجێکــردنی ئــەو ڕێککەوتنــەی کــە لــە دەســتووری فیدراڵیــدا هاتــووە.
- هــەر کاتــێ کاری وەکیــل لــە وەکالەتەکــەی دەرچــوو، ئــەم کارە پوچەڵــە و هیــچ بەهایــەکی یاسـایی نییـە.
- هــەر حکومەتێــک بــۆی هەیــە بڕیــاری خــۆی بــدات کاتــێ کــە هــەر کارێــك لــە پســپۆری فیدراڵــی دەرچێــت.

لــە ڕووی پراکتیکیــەوە دروســتبوونی کێشــە لــە نێــوان ویلایــەتی کارۆلێنــای باشــوور لەگــەڵ ویلایەتــە یەکگرتــووەکانی ئەمریــکا لــە ســاڵی ١٨٣٢ ئــەم هەرێمــە ویســتی هەندێــك لــە یاســاکانی فیدراڵــی پوچــەڵ بکاتــەوە، دواتریــش ئــەم ویلایەتــە لــە ســاڵی ١٨٦١ لــە ســەر کێشــەی کویلــەکان ویســتیان بــە یەکجــارەکی لــە ئەمریــکا جیــا ببێتــەوە، بــەڵام لــە دوای ڕوودانی شــەڕێکی چــوار ســاڵە لــە نێــوان ئــەم دوو لایەنــەدا، لــە ئەنجامــدا حکومــەتی فیدراڵــی تــوانی بــە هێــز شکســت بــە پــرۆژەی جیابوونــەوەی ئــەم ویلایەتــە بێنێــت، کــە ئــەم شــەڕە تــا ســاڵی ١٩٦٥ بــەردەوام بــوو[2]، لــە لایەکــی دیکــەوە لــە ســاڵی ١٨٦٨ دادگای بــاڵا بەپێی

(١) د. محمد عمر مولود. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا٥٤.

(٢) د. شـافعي محمـد بشـير. القانـون الدسـتورى والنظـم السياسـيه السـودانيه. المبـاديء الدسـتوريه العامـه الدولـه واشـكالها. ص١٧٩.

دەستوور بڕیاری یەکلاکەرەوەیدا و لە بڕیارەکەدا هاتووە دەڵێت: (دەوڵەتی فیدراڵی دابەش ناکرێت کە پێکدێت لە ویلایەتەکان و توانای دابەشبوونیان نییە). بەپێی دەستووری ئەمریکا تاکە ڕێگای جیابوونەوەی ویلایەتەکان لە دەوڵەتی فیدراڵی پێویستە دەستوور هەموار بکرێت، بەڵام بۆ جیابوونەوەی هەر هەرێمێك پێویستە ڕەزامەندی ئەم هەرێمەی لەگەڵدا بێت، چونکە بڕیاری کۆتایی ئەنجومەنی پیران دەدات.

هەروەها ویلایەتێکی ئوستڕالیای ڕۆژئاوا لە ساڵی ١٩٣٤ داوایان لە پەرلەمانی بەریتانیا کرد کە یاسایەك دەربکات تێدا بڕیار بدات لە کۆمۆنوێلسی ئوستڕالیا جیا ببنەوە، بەڵام ئەم داواکارییە سەرکەوتوو نەبوو، چونکە لێژنەی تایبەت بە ئەنجومەنی لۆردەکان و ئەنجومەنی گشتی بەریتانیا بڕیاریاندا بەپێی ڕێککەوتنی دەستووری پەرلەمان مافی ئەوەمان نییە بڕیار لەسەر کێشەیەکی لەم شێوەیە بدەین[1].

لە دەستووری یەکێتی سۆڤیەتدا بڕیار لەسەر ئەم بنەمایە دراوە، بەڵام ئەم وڵاتە ئامادە نەبوو چیچانی لێ جیا ببێتەوە، بەڵکو بە هۆی هێزی چەکداری دەستێوەردانی کرد و لە دوای شەڕێکی خوێناوی چەند ساڵە و خەسارەتێکی زۆری گیانی و مادی توانی شکست بە داواکارییەکەیان بێنێت و تا کۆتایش ڕوسیا هەر لە سەر هەڵوێستی خۆی بەردەوام بوو.

زانای بەناوبانگ (وێیەر) لەو بڕوایەدا بوو کە پوچەڵکردنەوەی

---

(١) د. محمد عمر مولود. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا٥٦.

(Nullification) یاساکانی حکومەتی فیدراڵی لە لایەن هەرێمەکانەوە لە بنەمای فیدراڵیدا لەگەڵ بنەمای سەروەری ناگونجێت، بەڵام جیابوونەوە (Secession) لە بنەمای دەوڵەتی فیدراڵیدایە کە دەڵێت: (بوونی جیابوونەوە بە بڕیاری یەکلایەنە، یان دەرکردن بە بڕیاری یەکلایەنە گونجاوە لە حکومەتی فیدراڵیدا، چونکە ئەو لەو بڕوایەدا بوو باری پێشوو گونجاو نییە لەگەڵ حکومەتی نوێی فیدراڵی).

پێویست بوو لە دەستووری فیدراڵی عێراقدا ئەم مافە بە هەرێمەکان بدات کە هەرێم مافی جیابوونەوەی هەبێت بە تایبەتی لەو کاتەی لە لایەن حکومەتی فیدراڵییەوە پێشێلی دەستوور دەکرێت. هەر لەسەر ئەم بابەتە لە هیچ مادەیەکی دەستووری فیدراڵی عێراقدا باسی سەربەخۆیی کوردستان و جیابوونەوەی هەرێمەکان نەکراوە، هەروەها لە هیچ شوێنێکی ئەم دەستوورەدا قەدەغەی نەکردووە کە هەرێمێك یان پێکهاتەیەك لە پێکهاتەکانی عێراق سەربەخۆ بێت یان لە عێراق جیابێتەوە. کە واتە لە مادەی ١١٥ی دەستووری فیدراڵی عێراق دەڵێت: (هەموو ئەو بابەتانەی لە دەستووری فیدراڵیدا باس نەکراون، دەبێتە پسپۆری هەرێمەکان و ئەو پارێزگایانەی نەبەستراون بە هەرێمەکانەوە). هەروەها لە هەمان مادەدا دەڵێت: (ئەو دەسەڵاتانەی هاوبەشن لە نێوان حکومەتی فیدراڵی و هەرێمەکان، لەکاتی ناکۆکیدا، ئەولەویەت بۆ هەرێمەکان و ئەو پارێزگایانە دەبێت کە نەبەستراون بە هەرێمەکانەوە). چونکە هەروەك پێشتریش باسمان کرد ئەو ڕێگایەی ئەم دەستوورەی پێ نووسراوە، دەسەڵاتی زیاتر دەداتە هەرێمەکان، واتە دەسەڵاتی

هەرێمـەکان فـراوان و دەسـەڵاتەکانی فیدراڵـی دیاریکـراو دەبـن. کـە واتە بەپێـی بنەمـاکانی دەسـتوور هەمـوو ئەمانـە ڕێخوشـکەرن بـۆ کـورد، تـا بتوانێـت لـە کاتی نووسـینەوەی دەسـتووری هەرێمـی کوردسـتان مـاف بە هەرێـم بـدات بەپێـی یاسـا و دەسـتوور داوای سـەربەخۆی و جیابوونـەوە بـدات، یاخـود مافـی ئـەوەی هەبێـت بـە هـەر شـێوەیەك بێـت بتوانێـت مافـی چارەنووسـی خـۆی دیـاری بـکات.

ئـەوەی شـایانی ئاماژەپێکردنـە لـە مـادەی ٧ی پـرۆژەی دەسـتووری هەرێمـی کوردسـتاندا کـە لـە سـاڵی ٢٠٠٩ پێشـکەش بـە پەرلەمـان کـرا، هاتـووە: (گـەلی کوردسـتان - عێـراق مافـی دیاریکـردنی چارەنووسـی خـۆی هەیـە وە....تـا)[1]، بەپێـی ئـەم مـادەی دەسـتوور، ئەگـەر لـە کاتی ڕیفرانـدۆم ئـەم پـرۆژەی دەسـتووری هەرێـم کارا بـا و لـە واری جێبەجێکردندابـا، لـەوکات دادگای بـاڵای فیدراڵـی بـە هیـچ شـێوەیەك نەیدەتـوانی بڕیـاری نادەسـتووریبوونی ڕیفرانـدۆم بـدات، چونکـە لـە دەسـتووری فیدراڵیـدا باسـی ڕیفرانـدۆم و سـەربەخۆیی نەکـراوە، لـە هەمـان کاتـدا باسـی قەدەغەکردنیشـیان نەکـراوە.

## دابەشبوونی سەروەری:

لـە هـەر وڵاتێکـدا دەسـەڵاتی سیاسـی کۆڵەگـە یـان بنەمایەکـە لـە بنەمـاکانی دەوڵـەت، سـەروەریش سـیفەت یاخـود تایبەتمەنـدی دەسـەڵاتی سیاسـییە لـە وڵاتـدا، چونکـە سـەروەری تەنهـا تایبەتـە بـەو کەسـانەی وڵات بەڕێوەدەبـەن، ئەگـەر ئـەم کەسـانە نەمێنـن یاخـود لابدرێـن،

(١) پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان ٢٠٠٩. مادەی ٧.

سەروەری وڵات هەر بەردەوامە و هەمیشە دەمێنێت. هەندێك لە زاناكان پێیان وایە سەروەری دابەش ناكرێت، بە بیانووی ئەوەی سەروەری وڵات یەكە و ناكرێت كۆمەڵێك دەستە وڵات بەڕێوەببەن، ئەوان دەڵێن سەروەری لە نێوان دەستەكانی دەسەڵاتی گشتی دابەش ناكرێت، بەڵام تەنها پسپۆرییەكان لە نێوانیاندا دابەش دەكرێن[1].

بە گشتی دابەشبوونی سەروەری لە نێوان حكومەتی فیدراڵی و هەرێمەكاندا زاناكانی بواری یاسای دەستوورییان دابەش كردووە بۆ دوو ڕای جیاواز، هەندێكیان پێیان وایە سەروەری لە نێوان حكومەتی فیدراڵی و هەرێمەكاندا دابەش دەكرێت و هەندێكی دیكەیان پێیان وایە دابەش ناكرێت، بەڵام ئەوانەی پێیان وایە سەروەری لە نێوانیاندا دابەش ناكرێت، ئەوانیش دابەش بوون بۆ دوو ڕای جیاواز هەندێكیان پێیان وایە دەبێت سەروەری باڵا لە لای دەوڵەتی فیدراڵی بێت و ئەوانی دیكە پێیانوایە دەبێت لە لای هەرێمەكان بێت. كە واتە ئەوانەی پێیان وایە سەروەری لە نێوان حكومەتی فیدراڵی و هەرێمەكاندا دابەش ناكرێت وەك زانای ئەمریكی (جۆن كالون) و زانای ئەڵمانی (سایدل)، ئەم دوو زانایە پێیان وایە ئەگەر سەروەری دابەش بكرێت دەبێتە هۆی لە ناوچوونی ئەم وڵاتە، چونكە ئەوان دەڵێن ئەگەر سەروەری لە نێوان حكومەتی فیدراڵی و هەرێمەكاندا دابەش كرا ئەوا ئەم وڵاتە سیفەتی فیدراڵی لە دەست دەدات و دەبێتە كۆنفیدراڵی، چونكە ئەوان پێیان وایە ئەركی دەزگاكانی ناوەندی

(١) د. حمدي عطيه عامر مصطفى. اصول ومباديء النظام الحكم في النظام السياسي و القانوني الوجعي والاسلامي. الطبعه الاولى. ٢٠١٩. الاسكندريه. ص٩٣. ئەویش سوودی لە د.ثرت بدوي النظم السياسيه النظريه العامه للنظم السياسيه. ١٩٧٠. ص٦٣.

حکومـەتی فیدراڵـی تەنهـا بـۆ کۆکردنـەوەی ئیـرادەی هەرێمەکانـە، کـە واتـە لێـرەدا دەسـەڵاتی فیدراڵـی لـە ڕووی مەعنەوییـەوە بێلایـەن دەبێـت لـە نێـوان حکومـەتی فیدراڵـی و هەرێمەکانـدا.

هەروەهـا هەندێـك زانـای تـری یاسـای دەسـتووری پێیـان وایـە سـەروەری لـە نێـوان حکومـەتی فیدراڵـی و هەرێمەکانـدا دابـەش دەکرێـت[1]، وەك نووسـەرانی کتێبـی (فیدراڵیسـت) ئەلکسـەندەر هاملتـون و جیمـس مادیسـون و جـون جـی کـە ئـەم کتێبەیـان لـە سـاڵی (١٧٨٨) نـووسی هەروەهـا هەندێـك زانایـانی دیکـەش لەسـەر ئـەم ڕایـەن وەك زانـای فەڕەنـسی (ئەللکسـی دی توکفـل) کـە کتێبـی (دیموکراتیـەتی ئەمریـکا)ی لـە سـاڵی ١٨٣٥ی نووسـی و زانـای ئەڵـمانی (فیتـز) و زانـای سـویسری (سـولنجر).

هەروەهـا هـەردوو زانـای یاسـای دەسـتووری عـەرەبی دکتور عوسـمان خەلیـل عوسـمان و دکتـۆر سـەلمان محەمـەد ئەلتەمـاوی پێیـان وایـە حکومـەتی هەرێمـەکان سـەروەری دەرەکییـان نییـە، بـەڵام سـەروەری ناوخۆییـان هەیـە هەروەهـا ئـەوان دەڵێـن سـەروەری ناوخـۆی لـە نێـوان هـەردوو حکومـەتی فیدراڵـی و هەرێمەکانـدا دابـەش دەکرێـت[2].

بـە گشـتی زۆربـەی زانـاکان لـە سـەر ئـەو تیـۆرەن کـە سـەروەری لـە نێـوان حکومـەتی فیدراڵـی و هەرێمەکانـدا دابـەش دەکرێـت، چونکە واقع و شـێوازی پێکهاتـەی دەوڵەتـی فیدراڵـی پێکهاتەیـەکی لێکدراوە(مرکـب)

---

(١) د. محمد عمر مولود. هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل٨٨.

(٢) د. عثـمان خليـل عثـمان. القانـون الدسـتوري والمبـاديء الدسـتوريه العامـه، والنظـام الدسـتوري المـصري. مكتبـه الاعتـماد بمـصر للطباعـه. الطبعـه الثالثـه. ١٩٥١-١٩٥٢. ص٧٥.

ە هۆکارەکـەشی دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی کاتـێ حکومـەتی هەرێمـەکان دەسـتیا لـە بەشـێکی سـەروەری دەرەکی بـەرداوە بـۆ حکومـەتی فیدراڵـی مانـای ئـەوە نییـە کـە دەسـتی لە هەمـوو سـەروەری ناوخۆیـی بەردابێت، بەڵکـو هەرێمـەکان خـاوەنی سـەروەری ناوخۆییـن بـە تایبـەتی دەسـەڵاتی دامەزرێنـەر و هەرسـێ دەسـەڵاتی سـەرەکی (یاسـادانان و جێبەجێکـردن و دادوەری) سـەربەخۆییان هەیـە.

هەروەهـا نوێنەرایەتییـەکی یەکسـانیان لـە ئەنجومەنـەکانی بـاڵای دەوڵەتـی فیدراڵیـدا هەیـە و تەنانـەت لـە دانـانی دەسـتووری فیدراڵیشـدا بەشـدارن. هەروەهـا هەندێـك وڵات نوێنەرایـەتی سیاسـی سـەربەخۆیان دایتـە هەرێمـەکان لـە ئاسـتی دەرەوەدا وەك بلوڕوسـیا و ئۆکرانیـا لـە یەکێتـی سـۆڤیەتی دەسـەڵاتی گرێـدانی ڕێککەوتننامـەی بـازرگانی نێودەوڵەتـی لەگـەڵ وڵاتـانی بیـانی، زۆر وڵاتانـی دیکـەش ئـەم دەسـەڵاتەیان هەیـە وەك کانتونـەکانی سویسـرا و (مقاطعـات)ەکانی کەنـەدا و ویلایەتـەکانی ئەمریـکا و... تـاد.

هەمیشـە وڵات یـان سـەروەری تـەواوی هەیـە یـان سـەروەری ناتـەواو (السـیادە الناقصـە) ئەگـەر وڵات نەکەوێتـە ژێـر باڵـی هیـچ وڵاتێـکی لەخـۆی بەهێزتـر وەك (الدولـة المحمیـە) یـان وڵات لـە ژێـر (انتـداب او الوصایـە)دا نەبێـت ئـەوە سـەروەری تـەواوی هەیـە، بـەڵام بـە پێچەوانـەوە ئەگـەر لـە ژێـر یەکێـك لەمانـەدا بێـت ئـەوا سـەروەری ناتـەواوی هەیـە.

## ١٣
## بنەمای سەربەخۆی ناوخۆیی لە دەوڵەتی فیدراڵیدا (مبدأ استقلال الذاتی)[١]

هــەر هەرێـم یـان ویلایەتێـکی فیدراڵـی، مێـژوو و کولتـوور و داب و نەریتێـکی تایبـەت بـە خـۆی هەیـە، هەروەهـا هاووڵاتییـانی هــەر هەرێمێـك بارودۆخـی سیاسـی و کۆمەڵایـەتی و ئابـووری و بەرژەوەنـدی تایبـەت بـە خـۆی هەیـە، کـە واتـە بـە گشـتی ئامانـج لـە دروسـتبوونی دەوڵەتـی فیدراڵـی ئەوەیـە تـا بەرژەوەنـدی کۆمەڵایـەتی و ئابـووری و سیاسـی پێکهاتەیـەك نەکەوێتـە ژێـر کاریگـەری پێکهاتەکانـی دیکـەی وڵات، هەروەهـا کاریگـەری و ڕاوبۆچـوونی پێکهاتەکانـی دیکـە لـە سـەر ئـەم پێکهاتەیـە نەبێـت، بۆیـە لەبـەر ئـەم هۆکارانـە وڵاتـان پەنـا بـۆ بـژاردەی سیسـتەمێکی فیدراڵـی تەندروسـت بـۆ بەڕێوەبـردنی وڵات دەبەن و بـە باشـترین چارەسـەر دەزانـن بـۆ زامنکردنی مانـەوە و سـەربەخۆبوونی هەمـوو ئـەم بەهایانـە. دەتوانیـن ئـەم چەمکـە بـە واتایەکـی دیکـە بخەینـەڕوو، بنەمـای سـەربەخۆی ناوخۆیـی دوو ڕەهەنـدی سـەرەکی هەیـە[٢]:

**یەکەمیـان:** هەریـەك لـە هەرێمـەکان بـە جیـا کاروبـارەکانی خۆیـان بەڕێوەدەبـەن و پەیـڕەوەی هەرسـێ دەسـەڵاتی سـەرەکی دەکـەن، بەبـێ

---

(١) ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٥٨٥٤ لە ١٠\١٢١ \٢٠١٩ بڵاو بوویتەوە.

(٢) د. محمد عمر مولود. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا٦٠.

ئـەوەی کاریگـەری نەرێنـی لـە سـەر دەوروبـەری خۆیـان هەبێـت.

**دووەمیــان:** هەمــوو هەرێمــەکان بەشــدارییەکی کارا لــە بەڕێوەبــردنی حکومــەتی فیدراڵــی دەکــەن، بــە تایبــەتی لــە هەرســێ دەســەڵاتە ســەرەکییەکاندا، ئــەوەی باســمان کــرد لــە ڕووی ناوخۆییــەوە بــوو.

بـەڵام لـە ڕووی سیاسـەتی دەرەوە بـۆ ئـەوەی هەمـوو هەرێمـەکان پارێـزراو بـن لەهـەر هەڕەشـەیەکی دەرەکی، ئـەم هەرێمانـە بـە شـێوەیەکی ئارەزوومەندانـە هەوڵـی یەکگرتـن دەدەن لـە چوارچێـوەی دەوڵەتێـکی فیدراڵـی یەکگرتـوودا بـۆ ئـەوەی هێزێـکی توکمـە و کاریگـەر لـە ڕووی ناوخۆیـی و دەرەکیـەوە بـۆی دروسـت بێـت و، هەمـوو هەرێمـەکان پارێـزراو بـن لـە هەمـوو ئـەم هەڕەشـانە بەبـێ ئـەوەی هەرێمـەکان سـەروەری و هێـزی ناوخۆیـی خۆیـان لـە دەسـت بـدەن[1]. واتـە ئـەوەی مەبەسـتمانە دروسـتکردنی دەوڵەتێـکی یەکگرتـووی (فیدراڵـی) نـەك ناوەندی(مرکـزی)، بـۆ ئـەوەی مـاف و ئازادییـەکانی هەمـوو تاکـەکان پارێـزراو بێـت. بـە گشـتی بنەمـای سـەربەخۆی ناوخۆیـی گرنگییـەکی زۆری لـە سیسـتەمی فیدراڵیـدا هەیـە، لـە هەمـان کاتـدا ئـەم بنەمایانـە سیسـتەمی فیدراڵـی لـە سیسـتەمەکانی دیکـە جیـا دەکاتـەوە.

سـەبارەت سـەربەخۆی هەرێمـی لـە دەوڵەتـی فیدراڵیـدا، دەبێـت هەمـوو هەرێمـەکان پابەندبـن بەدەسـتووری فیدراڵـی، بـەڵام لـە هەمـان کاتـدا حکومـەتی فیدراڵـی بەبـێ ڕەزامەنـدی هەرێمـەکان ناتوانێـت لـە ڕێگـەی هەریـەك لـە دەسـەڵاتی یاسادانان یـان جێبەجێکردنـەوە

(١) لقمان عمر حسین. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا ٦٩.

دەستوەردان لـە سنوور یـان پێکهاتـەی هەرێمـەکان بـکات بـە کەمکردن یـان زیادکـردن، یاخـود ناتوانێـت دەسـت لـە کاروبـاری ناوخـۆی تایبـەت بـە هەرێمـەکان وەردات، چونکـە بەڕێوەبـردنی کاروبـارەکانی ناوخۆیـی هەرێمـەکان لـە پسـپۆری هەرێمەکانـە نـەك فیدراڵـی[1]. دەتوانیـن بنەمـاکانی سـەربەخۆیی ناوخـۆی هەرێمـەکان لـەم خاڵانـەی خـوارەوەدا کـورت بکەینـەوە:

## یەکەم: سەربەخۆیی دەستووری:

دەوڵەتـی فیدراڵـی کۆمەڵێـك بنەمـای سـیاسی جیـاواز لـە بـواری ناوخۆییـدا لەخـۆ دەگرێـت، یەکێـك لـەم بنەمایانـە بریتییـە لـە بـوونی دەسـتووری سـەربەخۆ بـۆ هـەر هەرێمێـك لـە پـاڵ دەسـتووری حکومـەتی فیدراڵیـدا، واتـە دەسـتووری هـەر هەرێمێـك سـەربەخۆیە لـە دەسـتووری هەرێمێکـی دیکـە و لـە هەمـان کاتـدا حکومـەتی فیدراڵیـش دەسـتووری سـەربەخۆی تایبـەت بـە خـۆی هەیـە. دەسـتەی دامەزرێنـەری دەسـتووری هـەر هەرێمێـك ئـازادە لـە نووسـینەوە و هەموارکـردنی دەسـتوور بەپێـی بەرژەوەنـدی گشـتی و ئـەو گۆڕانکارییـە سیاسـی و ئابـووری و کۆمەڵایەتیانـەی لـەم هەرێمـەدا ڕوودەدەن، بەبـێ ئـەوەی پێویسـت بـە ڕەزامەنـدی یاخـود پەسـەندکردنی دەوڵەتـی فیدراڵـی هەبێـت. دەسـتەی دامەزرێنـەری دەسـتووریی هەریـەك لـەم هەرێمانـە ئـازادن لـە هەموارکـردنی دەسـتووری هەرێمەکەیـان بەپێـی ڕێوشـوێنی تایبـەت کـە لـە نـاو خـودی دەسـتوورەکەدا دیـاری کـراوە،

---

(١) د. داود البـاز. بنـاء الدولـه (المفهـوم الارکان الشـکل) في الشريعـه الاسـلاميه والنظـم الوچعيـه. القاهـره. ١٩٩٦. ص١٢٩.

بـەڵام هـەر هەمواركردنێـك بكرێـت پێویسـتە پێچەوانـەی بنەمـاكانی دەستووری فیدراڵـی نەبێت، كـە واتـە دەكرێـت دەسـتووری هەرێـم یان ویلایـەت پێچەوانـەی بنەمـاكانی دەسـتووری هەرێمێكـی دیكـەی هەمـان وڵاتی فیدراڵـی بێـت[1]، هەروەهـا یەكێكیـتر لـە بنەمـا سـەرەكییەكانی دەوڵەتـی فیدراڵـی ئەوەیـە دەبێـت هەمـوو ئـەم هەرێمانـە ئـارەزووی پێكەوەژیانیـان لەگـەڵ حكومـەتی فیدراڵیـدا هەبێـت.

بـەڵام سـەبارەت بـە شـێوازی دامەزرانـدنی دەسـتەی دامەزرێنـەری دەسـتوور لـە هـەر وڵاتێـك بـە شـێوازێكی جیـاواز دادەمەزرێـت، بـۆ نمونـە لـە ویلایەتـە یەكگرتـووەكانی ئەمریـكا دەسـتەی دامەزرێنـەر یـان لـە ئەنجومـەنی یاسـادانانی هەرێمەكـە پێكدێـت، یاخـود لـە ڕێـگای هەڵبژاردنێـكی ئـازاد و تایبـەت بـۆ ئـەم مەبەسـتە دادەمەزرێـت[2].

سـەبارەت بـە سـەربەخۆیی دەسـتووری هەرێمـەكان لـە دەسـتووری یەكێتـی سـۆڤیەتدا هاتـووە دەوڵەتـی فیدراڵـی دەسـتووری خـۆی دەبێـت و هەریـەك لـە هەرێمەكانیـش دەسـتووری تایبـەت بـە خۆیـان دەبێـت. هـەر لـە سـەر ئـەم بابەتـە لـە دەسـتووری سویسـرادا هاتـووە هەمـوو كانتونـەكان ئـازادن دەسـتووری خۆیـان هەبێـت بـەڵام سـێ مەرجیـان بـۆ دانـاوە:-

**یەكـەم:** دەبێـت هاووڵاتییـانی هەرێمەكـە لـە ڕاپرسـییەكی گشـتیدا ڕەزامەنـدی خۆیـان لـە سـەر بـدەن.

---

(1) د. یحـی الجمـل. الانظمـە السیاسـیە المعـاصرە. دار النهظـە العربیـە. القاهـرە. ١٩٦٩. ص٤٤.

(2) د. محمد الهماوندي. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا ١٧٨.

**دووەم:** نابێــت دەســتووری هێــچ هەرێمێــك پێچەوانــەی بنەمــاكانی دەســتووری فیدراڵــی بێــت.

**سێیەم:** دەبێت هەموو هەرێمەكان پابەندبن بە بنەمای شێوازی كۆماری(١).

هەرێمـەكان لە دەوڵەتی فیدراڵیدا لە ڕووی یاسـادانان و جێبەجێكردن و دادوەرییـەوە سـەربەخۆیی ناوخۆییان هەیە، هەروەها شـێواز و بنەمای وڵاتی ئاسـاییان هەیـە، وەك: (گـەل، هەرێـم، دەسـەڵات) تەنهـا سـەروەری دەرەكییـان نییە(٢).

## دووەم: سەربەخۆیی دەسەڵاتی یاسادانان:

گرنگترین جیاكەرەوەكانی دەوڵەتی فیدراڵی بریتییە لە بوونی دەسـەڵاتی یاسـادانانی سـەربەخۆیی هـەر هەرێمێـك بـۆ چاودێریكـردن بـە سـەر كاروبـارەكانی حكومـەتی هەرێـم و دانـانی یاسـاكانی ناوخـۆ بەپێـی هـەردوو دەسـتووری هەرێـم و فیدراڵـی(٣). دەسـەڵاتی یاسـادانانی زۆربـەی هەرێمە فیدراڵییەكان هاوشـێوەی دەسـەڵاتی یاسـادانانی فیدراڵی لە دوو ئەنجومەن پێكدێـت، لـە هەندێـك وڵاتیـش دەسـەڵاتی یاسـادانانی هەرێمـەكان تەنهـا لـە یـەك ئەنجومەن پێكدێـت. بۆ نمونـە ویلایەتەكانی وڵاتـە یەكگرتووەكانی ئەمریـكا لـە دوو ئەنجومـەنی یاسـادانان پێكدێـت: یەكەمیـان: ئەنجومـەنی نیشـتیمانی گشـتی و ئەویتریش ئەنجومەنی پیرانە هاوشـێوەی كۆنگرێس لە

---

(١) د. محمد عمر مولود. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا٦٢.

(٢) د. زهـير شـكر. الوسـيط في القانـون الدسـتوری الجـزء الاول. الطبعـە الثالثـە. ١٩٩٤. بـيروت. ص٦٤.

(٣) لقمان عمر حسين. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا٧٣.

دەوڵەتـی فیدراڵیـدا[١]، تەنهـا ویلایـەتی نبراسـکا نەبێـت ئـەو تەنهـا لە یەك ئەنجومـەن پێکدێت.

پەرلەمـانی ویلایـەتی هینـد بەپێـی دەسـتووری ١٩٥٠ لـە دوو ئەنجومـەنی یاسـادانان پێکدێـت کۆمەڵـەی یاسـادانان (Legislative Assembly) و ئەنجومـەنی یاسادانان (Legislative Council) هەروەهـا لـە هەندێـك ویلایەتیـش تەنهـا لـە یـەك ئەنجومـەن پێکدێـت ئەویـش بریتییـە لـە کۆمەڵـەی یاسـادانان[٢].

بە گشـتی دەسـەڵاتی یاسادانانی هەرێمـەکان لە وڵاتێکەوە بـۆ وڵاتێکی دیکـە دەگۆڕێـت بەپێـی ئـەو دەسـەڵاتەی دەسـتووری فیدراڵـی بـە هەرێمـەکان دراوە، بـۆ نمونـە دەسـتووری هەمیشـەیی عێـراق دەسـەڵاتی فـراوانی بـە هەرێمـی کوردسـتان داوە، بۆیـە هەرێمی کوردسـتان هەندێك دەسـەڵات بەکاردێنێـت کـە ئـەم دەسـەڵاتانە لـە کـەم هەرێمـی فیدراڵـی وڵاتـانی جیهان بەکاردێـت. نمونەیەکی دیکە دەسـتووری کۆماری ئەڵمانیای یەکگرتوو لە سـاڵی ١٩٤٩ مافی بەسـتنی ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی دایتە ئەنجومـەنی یاسـادانانی هەرێمـەکان کـە بتوانـن ڕێککەوتن لەگـەڵ وڵاتانی بیـانی بکـەن، بـەڵام لـە دوای وەرگرتنـی ڕەزامەنـدی حکومـەتی فیدراڵـی[٣]. هەروەهـا دەسـتەکانی یاسـادانانی هەرێمـەکانی کۆماری باشـووری ئەفریقیا لـە یـەك ئەنجومـەن پێکدێـن پێـی دەگوترێـت یاسـادانانی هەرێم.

---

(١) د. طعيمـه الجـرف. نظريـه الدولـه والاسـس العامـه للتنظيـم السـياسي. طبعـه القاهـره. ١٩٦٤. ص٢٢٧.

(٢) د. محمد عمر مولود. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا٦٣.

(٣) د. طعيمه الجرف. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا٢٢٨.

## سێیەم: دەسەڵاتی جێبەجێکردن:

هەرێمـە فیدراڵییـەکان هاوشـێوەی حکومـەتی فیدراڵـی هەرسێ دەسـەڵاتی یاسـادانان و جێبەجێکـردن و دادوەرییـان هەیـە. ئـەرکی دەسـەڵاتی جێبەجێکـردن لـە هەرێمـە فیدراڵییەکانـدا بریتییـە لـە بەڕێوەبـردنی کاروبـارەکانی کارگێـڕی و جێبەجێکـردنی یاسـا و ڕێنماییـەکان چ ئـەم یاسـا و ڕێنمایانـە لـە حکومـەتی فیدراڵـی دەردەچـن یـان لـە هەرێمـەکان، لەگـەڵ پاراسـتنی ئاسـایش و بەرژەوەنـدی گشـتی وڵات لـە بـوارە جۆراوجۆرەکانـدا[1]. دەسـەڵاتی جێبەجێکردنی هەندێـك هەرێم تەنها لـە سـەرۆك پێکدێـت و لـە هەندێـك وڵاتیـش لـە سـەرۆك و ئەنجومـەنی وەزیـران پێکدێـت و لـە هەندێـك وڵاتیـش تەنهـا لـە ئەنجومـەنی وەزیـران پێکدێـت. بـەڵام لـە هـەر وڵاتێـك ناوێك لـەم سـەرۆکە دەنێن، بـۆ نمونە لە ویلایەتـە یەکگرتـووەکانی ئەمریـکا پێـی دەڵێـن (حاکـم) کـە لـە هەندێـك ویلایەتـەکانی وڵاتـە یەکگرتـووەکانی ئەمریـکا حاکـم ڕاسـتەوخۆ لـە لایـەن دانیشـتوانی هەرێمەکەیانـەوە هەڵدەبژێردرێـت و هەندێـك جاریـش بەشـێوەیەکی ناڕاسـتەخۆ[2]. حاکمی ویلایەتی ئەمریکا هاوشـێوەی سـەرۆکی هـەر وڵاتێـکی ئاسـایی دەسـەڵاتی بەڕێوەبـردنی ویلایەتەکـەی هەیـە لـە ڕووی ناوخۆییەوە، تەنانەت دەسـەڵاتەکانی حاکم بە سـەرەوەی دەسـەڵاتی یاسـادانانی ویلایەتەکەیـەوە، چونکـە ئـەو دەتوانێت تانە لە هەر یاسـایەك

---

(١) د. محمـد عمـر مولـود. هەمـان سـەرچاوەی پێشـوو. لا ٦٤. و لقـمان عمـر حسـین. هەمـان سـەرچاوەی پێشـوو. لا ٧٤. وە د. نـوری طالبـاني. اصـول مفهـوم النظـام الفـدرالي. الطبعـە الثانیـە. مؤسسـە الموکریـاني للطباعـە والنـشر. اربیـل. ٢٠٠٥. ص(٥٢-٥٣).

(٢) محمـد کاظـم المشـهداني. القانـون الدسـتوري (الدولـە، الحکومـە، الدسـتور) الطبعـە الاولی. عصمـی للنـشر والتوزیـع. ٢٠٠٠. ص٤٥.

بدات کە لە پەرلەمانی ویلایەتەکەی دەردەچێت، حاکم دەتوانێت بانگهێشتی پەرلەمانی ویلایەتەکەی بکات بۆ کۆبوونەوەی نائاسایی و بۆی هەیە بودجەی ویلایەتەکەی ئامادە بکات[١].

بەپێی دەستووری هیندی ساڵی ١٩٥٠ بەم سەرۆکە دەگوترێت (پارێزگاری هەرێم) کە لە لایەن سەرۆك کۆماری فیدراڵییەوە هەڵدەبژێردرێت، بەڵام پارێزگار سەرۆك وەزیران دیاری دەکات و وەزیرەکانی ئەم هەرێمە لە لایەن پارێزگارەوە هەڵدەبژێردرێن لە سەر پێشنیاری سەرۆك وەزیرانی هەرێم[٢]، ئەنجومەنی وەزیران بەرپرسە بەرامبەر پەرلەمانی ویلایەتەکەی.

لە فەنزویلا سەرۆکی هەرێم و ئەندامەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن، واتە وەزیرەکان لە لایەن سەرۆك کۆماری فیدراڵییەوە هەڵدەبژێردرێن کە ئەمە دەسەڵاتی هەرێمەکان بچوك دەکاتەوە و دەبێتە هۆی دەستێوەردانی حکومەتی فیدراڵی لە کاروبارەکانی هەرێمەکانەوە.

## چوارەم: سەربەخۆی دەسەڵاتی دادوەری:

هاوکات لەگەڵ دەسەڵاتی دادوەری فیدراڵی، هەر هەرێم یان ویلایەتێك سیستەمی دادوەری سەربەخۆی هەیە کە پێکدێت لە کۆمەڵێك دادگای تایبەت بە هەمان هەرێم، کە بەپێی دەستوور دامەزراون بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشە ناوخۆییەکانی هەرێم. هەروەها لە هەرێمە فیدراڵییەکاندا دەسەڵاتی دادوەری سەربەخۆیە

(١) منزر الشاوي. القانون الدستوری (النظریە الدولە ) منشورات مرکز البحوث القانونیە. بغداد. ١٩٨١. ص(٢٦٤-٢٦٥).

(٢) بڕگەی ٢ مادەی ١٦٤ی دەستووری هیندی ١٩٥٠.

لــە دەســەڵاتی دادوەری فیدراڵــی[١]، دەتوانیــن بڵێیــن ئەمــە گرنگتریــن پێــوەری ســەربەخۆی دەســەڵاتی دادوەری هەرێمەکانــە کــە بڕیــارەکانی کۆتاییــن و دادگاکانی ســەر بــە دەســەڵاتی دادوەری فیدراڵــی ناتوانــن تانەیـان لێبـدەن[٢]. کـە واتـە دەتوانیـن بڵێـن دوو دەسـەڵاتی سـەربەخۆی دادوەری لــە دەوڵەتــی فیدراڵیــدا هەیــە، دەســەڵاتی دادوەری فیدراڵــی کــە ڕاڤــەی یاســاکان دەکات و یاســا و ڕێنماییــەکانی دەوڵەتــی فیدراڵــی جێبەجــێ دەکات و دەســەڵاتی دادوەری هەرێمــەکان ڕاڤــەی یاســاکان دەکات و یاســا و ڕێنمایــەکانی هەرێمەکانیــش جێبەجــێ دەکات. هەردووکیــان هەریەکــە لــە کۆمەڵێــك دادگا پێکدێــت بــۆ ڕاڤەکــردن و جێبەجێکــردنی یاســا و ڕێنمایــەکان بــە شــێوازێکی ســەربەخۆ و جیــاواز لەیەکــتری، تەنهــا لــە هەندێــك پســپۆری تایبــەت نەبێــت کــە تەنهــا تایبەتــن بــە دادگای بــاڵای فیدراڵــی، بــۆ نموونــە وەك یەکلاییکردنــەوەی ئــەو کێشــانەی لــە نێــوان حکومــەتی فیدراڵــی و هەرێمەکانــدا دروســت دەبــن، بــەڵام ئــەم دەســەڵاتانەش لــە وڵاتێکــەوە بــۆ وڵاتێکــی دیکــە جیاوازیـان هەیـە، بـۆ نموونـە ویلایەتـە یەکگرتـووەکانی ئەمریـکا دەسـەڵاتی زۆری دایتــە هەرێمــەکان، لــە هەمــان کاتــدا هــەر هەرێمێــك دەســەڵاتی دادوەری تایبـەت بـە خـۆی هەیـە و سـەربەخۆیە لـە حکومـەتی فیدراڵـی و هەرێمــەکانی دیکــەی ســەر بــە هەمــان وڵاتی فیدراڵــی.

لــە هینــد دەســەڵاتی دادوەری پێکدێــت لــە دادگای بــاڵای فیدراڵــی و دادگای بــاڵای هەرێمــەکان، بــەڵام دەســەڵاتی دادوەری هەرێمــەکان

(١) لقــمان عمــر حســین. هەمــان ســەرچاوەی پێشــوو. لا٧٦. وە د. ازهــار هاشــم احمــد. هەمــان ســەرچاوەی پێشــوو. لا٥٤.

(٢) د. محمد عمر مولود. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا٦٦.

و دەســەڵاتی دادوەری فیدراڵــی دووانەیــی نییــە، بەڵکــو یەکگرتــووە، چونکـە دادگای بـاڵای فیدراڵـی لـە لوتکـەی هەرەمـی دەسـەڵاتی دادوەری هەرێمـەکان و فیدراڵیدایـە، ئـەم دادگایـە هەمـوو پسـپۆرییەکان لەخـۆ دەگرێــت و لــە کاتی تانەلێــدان دەتوانێــت پێداچوونــەوە بــۆ هەمــوو بڕیــارەکانی دادگاکانی فیدراڵــی و هەرێمــەکان بــکات، واتــە دادگای بـاڵای فیدراڵـی دەتوانێـت پێداچوونـەوە لـە بڕیـارەکانی دادگای بـاڵای هەرێمـەکان بـکات[1].

## پێنجەم: سەربەخۆی دارایی هەرێمەکانی فیدراڵی:

داهاتـە داراییـەکان بریتییـە لـە پێداویسـتییە هەرەگرنگـەکانی هـەر وڵاتێـك، چ ئـەم وڵاتـە فیدراڵـی یـان یەکگرتـوو بێـت، یاخـود دارایـی حکومـەتی فیدراڵـی یـان هەرێمـەکان بێـت، چونکـە سیسـتەمی سیاسـی هیــچ وڵاتێــك بەبــێ ســەرچاوە داراییــەکان بەڕێوەناچێــت، کــە واتــە هــەردوو حکومـەتی فیدراڵـی و هەرێمـەکان هەردووکیـان پێویسـتی بـە بودجەیـەکی دیاریکـراو و سـەربەخۆی دارایـی هەیـە بـۆ بەڕێوەبـردنی کاروبـارەکانی سیاسـی و ئابـووری وڵات لـە چوارچێوەی ئەرك و پسـپۆرییە دیاریکراوەکانــدا، چونکــە ئابــووری بڕبــڕەی پشــتی بەڕێوەبــردنی هــەر وڵاتێکــە، هەمیشــە دارایــی بــە خوێنــی ژیــانی وڵاتــانی ئــەم ســەردەمە دەژمێردرێــت.

بەپێـی بنەمـاکانی دەوڵەتـی فیدراڵـی پێویسـتە هەریـەك لـە حکومەتی فیدراڵـی و حکومـەتی هەرێمـەکان لـە ڕووی داراییـەوە سـەربەخۆ بـن و

(١) د. محمد عمر مولود. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا٦٨.

هیـچ کامێکیـان نەکەونـە ژێـر کاریگـەری ئـەوی دیکـە، بەڵکـو دەبێـت هــەردوو لایــەن ڕکابــەری یەکــتر بــن لــەم بــوارەدا، کــە واتــە هــەر لەسـەر ئـەم بنەمایـە پێویسـتە بودجـەی هەرێمـەکان سـەربەخۆ بێـت لـە بودجـەی حکومـەتی فیدراڵـی[١]. ئـەوەی شـایانی ئاماژەپێکردنـە لـە هەمـوو حکومەتـە فیدراڵییەکانـدا حکومـەتی فیدراڵـی و هەریـەك لـە هەرێمـەکان یـەك جـۆری دراوی یەکگرتوویـان هەیـە چ دراوی کاغـەز یـان کانـزا.

لــە زۆربــەی وڵاتــانی جیهــان باجــەکان بریتییــە لــە ســەرچاوەیەکی ســەرەکی ئابــووری وڵات، بــەڵام هــەر وڵاتێــك بەشــێوەیەکی جیــاواز باجــەکان وەردەگرێــت و دابــەش دەکات یاخــود بــاج دەخەنــە ســەر یەکـدی، بـۆ نمونـە هـەردوو دەسـتووری کەنـەدا و ئوسـتراليا بە شـێوەیەکی یەکسـان قەدەغـەی کـردووە هـەردوو حکومـەتی فیدراڵـی هەرێمـەکان بـاج بخەنـە سـەر یەکـدی. هەرچەنـد لـە دەسـتووری ئەمریـکادا بـاس نەکـراوە، بـەڵام دادگای بـاڵا بڕیـاری داوە دەبێـت بـاج لەسـەر بنەمایـەکی یەکسـان بێـت[٢].

دەسـتووری سویسـرا هاوشـێوەی زۆربـەی وڵاتـانی فیدراڵـی تەنهـا حکومـەتی فیدراڵـی دەسـەڵاتی دیاریکـردن و دانـانی بـاج و ڕسـومات و پێبـژاردن و...تـاد هەیـە واتـە لـە دەسـەڵاتی حکومـەتی فیدراڵیدایـە نـەك ویلایەتـەکان، لـە هەمـان کاتـدا هەرێمەکانیـش دەسـەڵاتی دیاریکـردنی

(١) لـە مـادەی ١٠٩ی یاسـاي بنـەڕەتي کۆمـاری ئەڵمانیـای یەکگرتـووی سـاڵی ١٩٤٩دا هاتـووە: (دەبێـت هـەر یـەك لـە حکومـەتی فیـدرالی و ویلایەتـەکان سـەربەخۆبن لەیەکـتر لەبـارەی کاروبـاری بودجـە).

(٢) د. محمد عمر مولود. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا٧١.

هەندێـك جـۆری بـاج و ڕسـوماتی ناوخـۆی هەیـە وەك باجـی سـەر مولكـەكان و ڕسـومات و چەندیـن باجـی دیكـەش. هـەر لـەم بارەیـەوە د. سـموحی فـوق العـادە دەڵێـت، لـە سویسـرا بنەمایـەكی دەسـتووری هەیـە دەڵێـت، ئـەو باجانـەی حكومـەتی فیدراڵـی كۆدەكاتـەوە پێـی دەڵێـن باجـی ناڕاسـتەوخۆ، بـەڵام ئـەو باجانـەی حكومـەتی هەرێمـەكان كۆدەكەنـەوە پێـی دەڵێـن باجـی ڕاسـتەوخۆ.

بـەڵام لـە ویلایەتـە یەكگرتـووەكانی ئەمریـكا شـێوازی دیاریكـردنی بـاج جیـاوازە لەگـەڵ سویسـرا، چونكـە دەسـتووری ئەمریـكا دەسـەڵاتی دیاریكـردنی بـاج و ڕسـومات و پێبـژاردن و ڕسـومی گومرگـی و...تـاد دایتـە كۆنگرێـس، ئـەم یاسـایە سەرانسـەری ویلایەتـە یەكگرتـووەكانی ئەمریـكا بـە ویلایەتـەكان و حكومـەتی فیدراڵییـەوە دەگرێتـەوە و هەموویـان یـەك یاسـای باجـی یەكگرتوویـان هەیـە، هەروەهـا هیـچ ویلایەتێـك بـۆی نییـە بەبـێ ڕەزامەنـدی كۆنگرێـس هیـچ بـاج یـان ڕسـومێكی دیكـە بەشـێوەی ڕاسـتەوخۆ دیـاری بـكات، تەنهـا لـە سـەر بنەمـای ڕێـژەی دانیشـتوان نەبێـت بەپێـی ئـەو سـەرژمێرییەی دەسـتوور بڕیـاری لەسـەر داوە[1].

(١) د. محمد عمر مولود. هەمان سەرچاوەی سەرەوە. لا٧٢.

## ١٤
## جیاکەرەوەکانی دەستووری هەمیشەیی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٥ [١]

لەبــەر ئــەوەی کوردســتان هەرێمێــکی فیدراڵــی دەوڵەتــی عێراقــە، پێویســتە لــە کاتی نووســینەوەی دەســتووری کوردســتان ڕەچــاوی هەمــوو مــادە و بڕگــەکانی دەســتووری فیدراڵــی بکرێــت، چونکــە نابێــت هیــچ مــادە و بڕگــەکانی دەســتووری کوردســتان پێچەوانــەی بنەمــاکانی دەســتووری فیدراڵــی عێــراق بێــت.

بــۆ ئــەم مەبەســتە بــە گرنــگ دەزانــم بــاسی هەنــدێ لــە جیاکــەرەوەکانی دەســتووری هەمیشــەیی عێــراق بکەیــن کــە لــە دوای ڕوخــانی ڕژێمــی ســەدام و، لــە کاتی نووســینەوەی دەســتووری عێــراق لــە ســاڵی ٢٠٠٥ لــە لایــەن دەســتەی دامەزرێنــەرەوە بــە بەشــداری هەمــوو پێکهاتــەکانی عێــراق بــە شــێوەیەکی دیموکــراتی نووسرایــەوە، دواتریــش لــە ١٥ی ئۆکتۆبــەری ٢٠٠٥ درایــە ڕاپرســی و بــە دەنگــدانی نهێنــی هەمــوو هاووڵاتییــانی عێــراق ڕاپرســییان لــە ســەر کــرد بــە دەنگــی ٧٨,٥٩ی دەنگــی بەڵێــی گەلــی عێــراق پەســەندکرا، بۆیــە بــە پێویســت دەزانــم جیاکــەرەوەکانی ئــەم دەســتوورە بــە کــورتی لــەم خاڵانــەی خــوارەوەدا کــورت بکەمــەوە:

(١) ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٥٨٥٩ لە ٢٠١٩\١٠\٢٩ بڵاو بوویتەوە

**یەکەم: دەستوورێکی هەمیشەییە:**

ئـەم دەسـتووره، لـە دوای دامەزرانـدنی دەوڵەتـی عێـراق لـە سـاڵی ١٩٢٠، دووەم دەسـتووری هەمیشـەیی عێراقـە، چونکـە لـە دوای ڕوخـانی ڕژێمـی پاشـایەتی لـە سـاڵی ١٩٥٨ تـا ڕوخـانی ڕژێمـی سـەدام لـە سـاڵی ٢٠٠٣ هەمـوو دەسـتوورەکانی عێـراق، واتـە ( دەسـتوورەکانی سـاڵی ١٩٥٨ و ١٩٦٣ و ١٩٦٤ و ١٩٦٨ و ١٩٧٠) تـا سـاڵی ٢٠٠٣ هەمـوو ئـەم دەستوورانەی عێـراق دەسـتووری نـەرم و کاتی بـوون، کـە زۆربەیـان لـە لایـەن ئەنجومـەنی بەنـاو شـۆڕش(مجلس قيـادة الثـورة) نووسراونەتـەوە، بەبـێ ڕەچاوکـردنی هیـچ بنەمایـەکی یاسـایی و دیموکـراتی، هەروەهـا بەبێ ڕەچاوکـردنی مـاف و ئازادییـەکانی تـاك و پێکهاتـە جیـاوازەکانی عێـراق، چونکـە ئـەم ئەنجومەنـە دەسـەڵاتی جێبەجێکـردن بـوو لـە هەمـان کاتـدا شـوێنی دەسـەڵاتی یاسـادانانی گرتبـووە.

**دووەم: عێـراق وڵاتێـکی کۆمـاری دیموکـراتی نوێنەرایـەتی پەرلەمانییـە:**

لـە مـادەی یەکەمـی دەسـتووری هەمیشـەیی عێراقـدا هاتـووە (کۆمـاری عێـراق وڵاتێـکی یەکگرتـوو (فیدراڵـی) و سـەربەخۆ و خـاوەن سـەروەری تـەواوە، سیسـتەمی دەسـەڵات تێـدا کۆمـاری نوێنەرایـەتی (پەرلەمـانی) دیموکراتییـە. ئـەم دەسـتووره زامنـی یـەك پارچـەی عێـراق دەکات)، کـە واتـە ئـەم مافانـە لـە دەسـتوورەکانی دیکـەی عێراقـدا بوونیـان نەبـوو، هەروەهـا هەمـوو ئـەم مافانـە مافـی زۆر گرنـگ و چارەنووسسـازن، چونکـە گـەلی کـورد شـۆڕشی ئەیلولی لـە پێنـاو دیموکراتی بـۆ عێـراق ئەنجامـدا، هـەر لـەم مادەیـەدا سیسـتەمی فیدراڵـی بـۆ عێراق

جێگیر کرا. هەروەها بەپێی مادەی یەکەمی دەستوور تا ڕادەیەك بوار بە هەرێم دراوە تا پەیڕەوی ماف و ئازادییەکانی خۆی بکات، بەڵام لە هەمان ئەم مادەیەدا ئاماژە بە خاڵێکی زۆر هەستیار کراوە کە دەڵێت: (ئەم دەستوورە زامنی یەکپارچەیی عێراقە)، کە واتە ئەم بڕگەیە ڕاڤەکردن هەڵدەگرێت، ئەوان ئەم بڕگەیان بۆ ئەم مەبەستە دانراوە تا ڕێگری لە جیابوونەوەی کوردستان بکات، بەڵام ئێمەی کورد دەڵێین هەر کاتێك حکومەتی عێراق تاکڕەوی و نادادپەروەری و پێشێلی دەستووری کرد، لە ڕووی نەریتی نێودەوڵەتییەوە ئەوکات هەرێم ئازادە لە بڕیاردان لە سەر دیاریکردنی چارەنووسی خۆی، بەڵام لەکاتێکدا حکومەتی عێراق پێشێلی دەیان مادەی ئەم دەستوورەی کرد و ئامادە نەبوو دان بە ڕیفراندۆم و سەربەخۆی کوردستاندا بنێت و تەنانەت بە نادەستووریش دانا.

## سێیەم: دادپەروەری لە بەشداربوون لە سوپادا:

لە بڕگەی یەکەمی مادەی نۆی دەستووری عێراقدا هاتووە: ( هێزە چەکدارەکانی عێراق و دەزگاکانی ئاسایش لە پێکهاتەکانی گەلی عێراق پێکدێت، بە ڕەچاوکردنی هاوسەنگی و ڕێژەی نوێنەرایەتیکردنیان بەبێ جیاوازی یان بەبێ دوورخستنەوەی هیچ لایەنێك. هەروەها سوپا لە ژێر سەرۆکایەتی مەدەنیدا دەبێت، بەرگری لە عێراق دەکات و نابێتە دەزگایەك بۆ داپلۆسینی گەلی عێراق و دەستوەرناداتە ناو کاروباری سیاسییەوە و هیچ ڕۆڵێکی لە ئاڵوگۆڕکردنی دەسەڵات نابێت). هەروەها لە مادەی ٥ی یاسای بنەڕەتی عێراقی بۆ قۆناغی ڕاگوزەر (مرحلة الانتقالية)دا لە ساڵی ٢٠٠٤دا جەخت لەم مافانە کردووتەوە.

لــە ڕووی دەســتوورییەوە ئــەم مادەیــە بــۆ هەرێمــی کوردســتان مادەیــەکی زۆر گرنگــە، ئەگــەر پێشــێل نەکرێــت.

بـە درێژایـی سـەدەی ڕابـردوو بـە تایبەتی لە نیـوەی دووەمی سـەدەی ڕابـردوودا، هەمیشـە حکومـەتی عێـراق بـە زەبـری هێـز کـوردی سـەرکوت کـردووە و لـە هەمـوو مـاف و ئازادییـەکان بێبـەش کـردووە و تەنانـەت لـە سـەرەتایترین مـاف و ئـازادی تـاك. ئێسـتا لـەم دەسـتوورەدا هاتـووە دەڵێـت سـوپا لـە ژێـر سـەرکردایەتییەکی مەدەنیـدا دەبێـت کـە ئەمـە خاڵـی زۆر گرنـگ و ئەرێنییـە، هەروەهـا دەڵێـت سـوپا دەسـتوەرناداتە نـاو کاروبـاری سیاسـییەوە و ڕۆڵـی لـە ئاڵوگۆڕکـردنی دەسـەڵاتدا نابێـت، کـە واتـە ئـەم مادەیـە پاڵپشـتە بـۆ چەسـپاندنی بنەمـاکانی دیموکراتـی لـە وڵاتـدا، بەتایبـەتی بـۆ دەسـتەبەرکردنی هەمـوو مافـە سیاسـییەکان. زۆر بەداخــەوە لەبـەر هـزری شـۆڤینی عـەرەبی و شـیعەگەری لـە وڵاتـدا سـەرکردەکانی عێـراق بـە دەیـان مـادەی ئـەم دەسـتوورەی پێشـێل کـردووە، بـە تایبـەتی لـە کاتی ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبـەری ساڵی ٢٠١٧دا بـە تـەواوەتی پێشـێلی ئـەم مادەیـە کـرا و بـە تانـکی ئەبرامـزی ئەمریـکی هێـرش کرایـە سـەر هەرێمـی کوردسـتان و هێـزی پێشـمەرگە، کـە پێشـمەرگە هێزێـکی نیزامییـە لـە سیسـتەمی بەرگـری عێـراق.

### چوارەم:دوو خاڵی نەرێنی لەم دەستوورەدا هەیە:

**یەکـەم:** دەبـوو مادەیـەکی سـەربەخۆ لـەم دەسـتوورەدا جێگیـر بکرێـت کـە تێـدا ئامـاژە بـەوە بکرێـت هـەر کاتێـك حکومـەتی فیدراڵـی پێشـێلی ئـەم دەسـتوورە بـکات، مـاف بـە هەرێـم بـدات داوای سـەربەخۆی بـکات و بڕیـار لـە مـافی چارەنـووسی خـۆی بـدات. هەرچەنـدە لـە

مـادەی یەکەمـدا دەڵێـت ئـەم دەسـتووره زامنـی یەکپارچەیـی خـاکی عێراقـە، بـەڵام ئـەم بڕگەیـە ڕاڤەکـردن هەڵدەگرێـت، بۆیـە دادگای بـاڵای فیدراڵـی لـە دوای ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبـەر بڕیـاری نادەسـتووریبوونی ڕیفراندۆمـی دا.

**دووەم:** تێپەڕانـدنی یاسـا و بڕیـارە چارەنووسسـازەکان لـە ئەنجومـەنی نوێنـەرانی عێراقـدا بـە زۆرینەیـە، کـە واتـە لـە عێراقـدا هەمیشـە کـورد کەمینەیـە لـە چـاو هـەردوو پێکهاتـەی دیکـە، بۆیـە دەبـوو بـۆ دەرکـردنی هـەر بڕیارێـکی چارەنووسسـاز کـە پەیوەنـدی بـە هەرێمـی کوردسـتانەوە هەبێـت بـە ڕێککەوتـن بێـت یاخـود بـە شـێوازێکی دیکـە ڤیتۆیـەك لـە دەسـت کـورددا هەبێـت، نـەك بـە زۆرینـەی نـاو پەرلەمـان، بـۆ ئـەوەی هیـچ پێکهاتەیـەك نەتوانێـت پێشـێلی مافـەکانی پێکهاتـەی دیکـە بـکات، بـۆ نموونـە دەبـوو ئەنجومەنێـکی سـەرکردایەتی دروسـت بکرێـت کـە لـە سـێ کـەس پێکبێـت و ئـەم سـێ کەسـە نوێنەرایـەتی هەرسـێ پێکهاتـەکانی عێـراق بکـەن، لـە هەمـان کاتـدا هەریـەك لـەم ئەندامانـە مـافی ڤیتـۆی هەبێـت.

## پێنجەم: ئازادی بیروڕا و ئازادی بڵاوکراوە و چاپەمەنییەکان:

لـە مـادەی ٣٨ی دەسـتووری عێراقـدا بـاس لـە ئـازادی بیـروڕا و ئـازادی ڕۆژنامـەوانی و چاپەمـەنی لـە وڵاتـدا دەکات کـە بـەم شـێوەیە: دەوڵـەت ئـەم خاڵانـەی خـوارەوە دەگرێتـە ئەسـتۆ بـە مەرجێـك نەبێتـە هـۆی تێکچـوونی یاسـا و ئـادابی گشـتی،

**یەکەم:** ئازادی ڕادەربڕین بە هەموو شێوەکان.

**دووەم:** ئـازادی ڕۆژنامەگـەری و چاپکـردن و ئـاگاداری و ڕاگەیانـدن و بڵاوکردنـەوە.

**سـێیەم:** ئـازادی کۆبوونـەوە و خۆپیشـاندانی هێمنانـە بـە یاسـا ڕێکدەخرێـت.

هەمـوو ئـەم بنەمایانـە خاڵـی ئەرێنـی و باشـن بـۆ دەسـتەبەرکردنی مـاف و ئازادییـەکانی تـاك، بـەڵام ئـەوەش لـە بیرمـان نەچێـت لـە سـەرەتادا دەڵێـت: بـە مەرجێـك نەبێتـە هـۆی تێکچوونی یاسـا و ئـادابی گشـتی، چونکـە ئـەم بڕگەیـە ڕاڤەکـردنی زۆر هەڵدەگرێـت بـە تایبـەتی بـۆ کۆمەڵگایـەکی وەك عێـراق، کـە پێکهاتـووە لـە پێکهاتـە و ئاییـن و نەتـەوەی زۆر و جیـاواز لەیەکـدی، بۆیـە هـەر نەتـەوە یـان ئایینێـك یاسـا و ئـاداب و داب و نەریتـی تایبـەت بـە خـۆی هەیـە.

لـە مـادەی چـواری ئـەم دەسـتوورەدا گرنگـی زۆری بـە یەکسـانی هاووڵاتیـان داوە لـە بـواری زمانـدا کـە دەقەکـەی بـەم شـێوەیە:

**مـادەی ٤:** (**یەکـەم**: زمـانی عەرەبـی و کـوردی دوو زمـانی فەرمیـن لـە عێراقـدا، مـافی سـەرجەم عێراقییـەکان پارێـزراوە لـە فێرکـردنی ڕۆڵەکانیـان بـە زمـانی دایـك وەك تورکـمانی و سریـانی و لـە دەزگاکانی فێرکـردنی دەوڵەتـدا بەپێـی یاسـا پەروەردەییـەکان، یـان بـە هـەر زمانێـکی دیکـە لـە دەزگاکانی فێرکـردنی تایبەتـدا.

**دووەم**: سـنووری دەسـتەواژەی زمـانی فەرمـی دیـاری دەکرێـت، چۆنیەتـی جێبەجێکـردنی حوکمـی ئـەم مادەیـەش بـە یاسـا ئـەم خاڵانـە دەگرێتـەوە:

- دەرکردنی ڕۆژنامەی فەرمی بە هەردوو زمان.

- قسـەکردن و وتوویـژ و دەربڕیـن لـە بـوارە فەرمییەکانـدا لـە هەریـەك بـەم دوو زمانـە، وەك ئەنجومـەنی نوێنـەران و ئەنجومـەنی وەزیـران و دادگاکان و کۆنگـرە فەرمییـەکان.
- داننـان بـە بەڵگەنامـە فەرمییـەکان و ئاڵوگۆڕکـردنی نامـە و دەرکـردنی بەڵگەنامـە فەرمییـەکان بـە هـەردوو زمـان.
- کردنـەوەی قوتابخانـە بـە هـەردوو زمـان بەپێـی یاسـا پەروەردەییـەکان.
- هـەر بوارێـکی دیکـە کـە بنەمـای یەکسانی بگرێتـەوە، وەك لـە سـەر دراو و پاسـپۆرت و پـول.

**سـێیەم:** دامـودەزگا فەرمییـەکانی فیدراڵـی لـە هەرێمـی کوردسـتان هـەردوو زمانەکـە بەکاردێنـن.

**چـوارەم:** زمـانی تورکـمانی و سریـانی دوو زمـانی فەرمـی دیکـەن لـەو یەکـە ئیداریانـەدا کـە تێیـدا زۆرینـەی دانیشـتوانەکەی لـێ پێکدێـت.).

**پێنجـەم:** هـەر هەرێـم یـان پارێزگایەکـی دیکـە بیانەوێـت هـەر زمانێـکی ناوخۆیـتر زمـانی فەرمـی بێـت، ئەگـەر دانیشـتوانی ئـەم شـوێنە لـە ڕاپرسـیەکی گشـتیدا دەنگـی بـۆ بـدات.

## ١٥
## دابەشبوونی دەسەڵاتەکان بەپێی دەستووری هەمیشەیی عێراقی ساڵی ٢٠٠٥[(١)]

دیاریکـردن و دابەشـکردنی دەسـەڵاتەکان لـە نێـوان حکومـەتی فیدراڵـی و هەرێمەکانـدا تایبەتـە بـە پسـپۆری دەسـتووری فیدراڵـی. بـە گشـتی لـە هـەر وڵاتێکـدا هەندێـك دەسـەڵات تایبەتـن تەنهـا بـە حکومـەتی فیدراڵـی و هەندێکیشـیان تەنهـا تایبەتـن بـە هەرێمـەکان و هەندێـك دەسـەڵاتی دیکـەش هاوبەشـن لـە نێـوان حکومـەتی فیدراڵـی و هەرێمەکانـدا، هـەروەك لـە مـادەی ١١٤ی دەسـتووری ئێسـتای عێراقـدا دیـاری کـراون.

بـە گشـتی لـە هەمـوو جیهـان سـێ میکانیزمـی دابەشـکردنی دەسـەڵاتەکان هەیـە کـە پێشـتر بـە درێـژی لـە ئەلقـەی ١١ی ئـەم تـەوەرەدا باسـمان کـرد. بەپێـی دەسـتووری عێراقـی سـاڵی ٢٠٠٥، هەموو ئـەو دەسـەڵاتانەی تایبەتـن بـە دەسـەڵاتی فیدراڵـی دیـاری دەکرێـن و دەسـەڵاتەکانی دیکـە تایبـەت دەبـن بـە هەرێمـەکان، ئەمـە یەکێکـە لـەو سـێ ڕێگایانـە کـە باسـمان کـرد، کـە واتـە بەپێـی ئـەم ڕێگایـە دەسـەڵاتەکانی هەرێمـەکان گشـتی دەبێـت، واتـە فراوانـن و دەسـەڵاتی فیدراڵـی دیاریکـراو (محـدد)، ئـەو پسـپۆرییانەی لـە نـوێ دروسـت دەبن دەبێتـە پسـپۆری هەرێمـەکان، ئـەم ڕێگایـە پێشـکەوتوویە و سـوود و

(١) ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٥٨٦٩ لە ٢٠١٩\١١\١٢ بڵاو بوویتەوە.

گرنگـی زۆری بـۆ هەرێمـی کوردسـتان هەیـە، بـەڵام ئەگـەر پێچەوانـە بێـت دەسـەڵاتەکانی هەرێمـەکان دیاریکـراو و دەسـەڵاتەکانی فیدراڵـی گشـتی بێـت ئـەوا لـە بەرژەوەنـدی حکومـەتی فیدراڵیـدا دەبێـت. لـە مـادەی (١١٥)ی دەسـتووردا شـێوازی دیاریکـردنی پسـپۆرییەکانی هـەردوو حکومـەتی فیدراڵـی و هەرێمـەکانی دیـاری کـردووە.

## شـێوازی دروسـتکردنی هەرێمـی نـوێ بەپێـی دەسـتووری ئێسـتای عێـراق:

هـەر پارێزگایـەك یـان چەنـد پارێزگایـەکی دیاریکـراو دەتوانـن بڕیـاری بـە هەرێمبـوونی خۆیـان بـدەن لـە دوای ڕەزامەنـدی حکومـەت و پەرلەمـانی فیدراڵـی تـا ببنـە هەرێمێـکی دیاریکـراو سـەر بـە حکومـەتی فیدراڵـی. لـە دەوڵەتـی فیدراڵـی عێراقـدا تەنهـا هەرێمـی کوردسـتان هەیـە، بـەڵام لـە بڕگـەی دووی مـادەی (١١٧)ی دەسـتووردا بـوار دراوە کـە هەرێمـی دیکـەش دروسـت بکرێـن، کـە دەقەکـەی بـەم شـێوەیە: (یەکـەم: ئـەم دەسـتوورە لـە بـەرواری پیادەکردنییـەوە، دان بـە هەرێمـی کوردسـتان و ئـەو دەسـەڵاتانەی هەیـەتی دادەنێـت کـە هەرێمێـکی فیدراڵییـە. دووەم: ئـەم دەسـتوورە دان بـەو هەرێمـە نوێیانـەدا دەنێـت کـە بـە گوێـرەی بڕگـەکانی دەسـتوور دادەمەزرێـن).

لـە هـەردوو مـادەی ١١٨ و ١١٩ی دەسـتووری فیدراڵیـدا میکانیزمـی دروسـتکردنی هەرێمـی نـوێ دیـاری کـراوە، کـە دەقـەکانی بـەم شـێوەیەی خوارەوەیـە: (مـادەی ١١٨: دەبێـت ئەنجومـەنی نوێنـەران لـە ماوەیـەکی دیاریکـراودا بـە مەرجێـك لـە شـەش مانـگ زیاتـر تێپـەڕ نـەکات بـە سـەر یەکـەم دانیشـتنیدا، بـە زۆرینـەی سـادە یاسـایەك دەربـکات بـۆ

دیاریکـردنی ئـەو ڕێوشـوێنە جێبەجێکاریانـەی تایبەتـن بـە پێکهێنـانی هەرێمەکانـەوە).

لـە مـادەی ١١٩دا میکانیزمەکـە زیاتـر ڕوون کرایتـەوە کـە دەقەکـەی بـەم شـێوەیە: (پارێزگایـەك یـان زیاتـر مافـی پێکهێنـانی هەرێمێکیـان هەیـە بـە پشتبەسـتن بـە داواکاریـەك بـۆ ئەنجامـدانی ڕاپـرسی لـە سـەری. داواکارییەکـە بـە یەکێـك لـەم دوو ڕێگایانـەی خـوارەوە پێشـکەش دەکرێـت:

- لە سەر داواکاری سێیەکی ئەندامانی ئەنجومەنی ئەو پارێزگایانەی داوای پێکهێنانی هەرێمەکەی دەکەن.
- لەسەر داوای دەیەکی دەنگدەرانی ئەو پارێزگایانەی کە داوای پێکهێنانی هەرێمەکەی دەدەن).

دەسـتووری هەمیشـەیی عێـراق دەسـەڵاتەکانی لـە نێـوان حکومـەتی فیدراڵـی و هەرێمەکانـدا بـەم شـێوەیەی خـوارەوەی دابـەش کـردووە:

## یەکەم: دەسەڵاتەکانی تایبەت بە حکومەتی فیدراڵی:

- لـە مـادەی ١٠٩ تـا مـادەی ١١٣ی دەسـتووری ئێسـتای عێـراق تایبـەت کـراوە بـە دەسـەڵاتەکانی فیدراڵـی، بـە کـورتی باسـی هەندێکیـان دەکەیـن کـە بـەم شـێوەیەی خـوارەوە دیاریکـراون:
- لـە مـادەی ١٠٩ی دەسـتووردا هاتـووە: (دەسـەڵاتی فیدراڵـی یەکێتـی و یەکپارچەیـی سـەربەخۆیی و سـەروەری و یاسـای دیموکراتیخوازانـەی فیدراڵـی عێـراق دەپارێزێـت).
- مـادەی ١١٠: ئـەم دەسـەڵاتانەی خـوارەوە تایبەتن بـە حکومەتی فیدراڵی:

**یەکـەم:** دارشـتنی سیاسـەتی دەرەوە و نوێنەرایـەتی دیپلۆمـاسی و ئەنجامـدانی دانوسـتاندن لـە بـارەی پەیماننامـە و ڕێککەوتننامـە نێودەوڵەتییـەکان و سیاسـەتی قەرزکـردن و واژووکـردن لـە سـەریان و یەکلاییکردنـەوە و دارشـتنی سیاسـەتی ئابـووری و بازرگانییـە دەرەکییـە سـەروەرییەکان.

**دووەم:** دانـان و جێبەجێکـردنی سیاسـەتی ئاسایشـی نیشـتیمانی لـە وانـەش پێکهێنـان و بەڕێوەبـردنی هێزێـکی چەکـدار بـە مەبەسـتی دڵنیابـوون لـە پاراسـتن و مسـوگەرکردنی ئاسایشـی سـنوورەکانی عێـراق و بەرگریکـردن لێـان.

**سـێیەم:** دارشـتنی سیاسـەتی دارایـی و گومـرگ و دەرکـردنی دراو و ڕێکخسـتنی سیاسـەتی بـازرگانی لـە سـەر سـنووری هەرێـم و پارێـزگاکانی عێـراق و دانـانی بودجـەی گشـتی دەوڵـەت و دارشـتنی سیاسـەتی دراو و دامەزرانـدن و بەڕێوەبـردنی بانـکی ناوەنـد.

**چوارەم:** ڕێکخستنی کاروباری پێوەر و پێوان و کێشان.

**پێنجـەم:** ڕێکخسـتنی کاروبـاری ڕەگەزنامـە و بەهاووڵاتیبـوون (تجنـس) و نشـینگە و مـافی پەنابەرێتـی سیاسـی.

**شەشـەم:** ڕێکخسـتنی سیاسـەتی فریکوێنـس (الـتردد)ەکانی پەخشـکرن و پۆسـتە.

**حەوتەم:** دانانی پرۆژەی بودجەی گشتی و وەبەرهێنان.

**هەشـتەم:** پلاندانـانی تایبـەت بـە سیاسـەتی ئـەم سـەرچاوە ئاویانـەی لـە دەرەوەی عێراقـەوە دێـن و مسـوگەرکردنی گەیشـتنی بڕەئـاوی پێویسـت

بـۆ نـاو عێـراق بـە گوێـرەی یاسـا و نەریتـە نێودەوڵەتییـەکان.

**نۆیەم:** ئامار و سەرژمێری گشتی دانیشتوان.

- لەمـادەکانی (١١١ و ١١٢)دا بـاس لـە دەسـەڵاتی دەرهێنـان و بەکارهێنـان و بەبازاڕکـردنی داهاتـەکانی نـەوت و گاز دەکات.

لـە مـادەی ١١٣دا بـاس لـە شـوێنەوارەکان دەکات کـە دەقەکـەی بـەم شـێوەیە: (شـوێنەوار و شـوێنە شـوێنەوارییەکان و ژێرخـانی کەلەپـووری و دەسـتنووس و دراوەکان بـە سـامانی نیشـتیمانی ئەژمـار دەکرێـن، کـە لـە تایبەتمەنـدی و دەسـەڵاتی فیدراڵیدایـە بـە هـاوکاری لەگـەڵ هەرێـم و پارێـزگاکان بەڕێوەدەبرێـت، ئەمـەش بـە یاسـا ڕێکدەخرێـت).

- بـە پێـی مـادەی ١١٦ی دەسـتوور دەسـەڵاتی فیدراڵـی پێکدێـت لـە پایتەخـت و هەرێمـەکان و پارێـزگا لامەرکەزییـەکان و ئیدارە ناوخۆییەکان.

## دووەم: دەسەڵاتی هەرێمەکان:

هـەروەك پێشـتر باسـمان کـرد، یەکێـك لـە شـێوازەکانی دیاریکـردنی دەسـەڵاتەکان لـە وڵاتـانی فیدراڵیـدا بـەم شـێوەیەیە کـە لـە مـادای ١١٥ی دەستووری عێراقـدا دەڵێـت:( هـەر شـتێك لـە سـنووری دەسـەڵاتە تایبەتـەکانی حکومـەتی فیدراڵیـدا ئامـاژەی پـێ نەکرابێـت، ئـەوە دەبێتـە دەسـەڵاتی هەرێمـەکان و ئـەو پارێزگایانـەی ناکەونـە نـاو سـنووری هیـچ هەرێمێکـەوە، بەپێـی ئـەم ڕێگایـە ئەگـەر ناکـۆکی لـە سـەر دەسـەڵاتە هاوبەشـەکانی نێـوان حکومـەتی فیدراڵـی و هەرێمەکان دروسـت بوو، ئەوا پێشـینە بـۆ هەرێمەکەیـە). مـادەی ١١٦ تـا مـادەی ١٢٥ی ئەم دەسـتوورە تایبەتـە بـە دەسـەڵاتی هەرێمـەکان و ئـەو پارێزگایانـەی نەبەسـتراونەتەوە

بە هەرێمەکانەوە، بە کورتی باسی هەندێکیان دەکەین:

- لە هەردوو مادەی ١٢١ و ١٢٢ دا باسی دەسەڵاتەکانی هەرێمەکان دەکات کە بەم شێوەیەی خوارەوەیە: (مادەی ١٢١:

**یەکەم:** دەسەڵاتی هەرێمەکان مافی پیادەکردنی دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری هەیە بەگوێرەی ئەم دەستوورە، جگە لەو دەسەڵاتانەی تایبەتن بە حکومەتی فیدراڵییەوە.

**دووەم:** حکومەتی هەرێم مافی هەموارکردنی جێبەجێکردنی یاسای فیدراڵی لە هەرێمەکەدا هەیە ئەگەر ناکۆك یان دژبەیەك لە نێوان هەردوو یاسای فیدراڵی و هەرێمدا هەبوو لەسەر بابەتێك کە لە سنووری ئەو دەسەڵاتانەدا نەبێت کە تایبەتن بە حکومەتی فیدراڵییەوە.

**سێیەم:** دەبێت ئەو داهاتانەی لە حکومەتی فیدراڵیدا بەدەست دەهێنرێت پشکێکی گونجاو بۆ هەرێمەکان تەرخان بکرێت کە بەشی هەستان و ئەرکەکانی بکات بە لەبەرچاوگرتنی داهات و پێداویستییەکان و ڕێژەی دانیشتوان.

**چوارەم:** نووسینگەی تایبەت بە هەرێم و پارێزگاکان لە بالیۆزخانە و نێردە دیپلۆماسییەکاندا دەکرێتەوە بە مەبەستی بە دواداچوونی کاروباری ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و گەشەپێدان.

**پێنجەم:** هەرچی پەیوەندی بە بەڕێوەبردنی هەرێمەوە هەیە لە ئەستۆی حکومەتی هەرێمدایە بە تایبەتی پێکهێنان و ڕێکخستنی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆیی هەرێم وەك پۆلیس و ئاسایش و پاسەوانی هەرێم).

- هەروەها بڕگەکانی دووەم و سێیەم و پێنجەمی مادەی ١٢٢ی دەستوور بەم شێوەیە:

**یەکەم**: پارێزگا لە ژمارەیەك قەزا و ناحیە و گوند پێکدێت.

**دووەم**: ئەو پارێزگایانەی سەر بە هیچ هەرێمێك نین دەسەڵاتێکی بەڕێوەبردن و دارایی فراوانیان پێ دەدرێت بە جۆرێك کە بتوانن کاروباری خۆیان بەڕێوەببەن بە گوێرەی بنەمای (لامەرکەزی ئیداری) و ئەوەش بە یاسا ڕێکدەخرێت.

**سێیەم:** ئەو پارێزگارەی ئەنجومەنی پارێزگا هەڵیدەبژێرێت سەرۆکی ڕاپەڕاندنی باڵایە لە پارێزگادا بە پیادەکردنی ئەو دەسەڵاتانەی کە لە لایەن ئەنجومەنەوە پێ بەخشراوە.

**چوارەم**: هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا و پارێزگار و دەسەڵاتەکانیان بەیاسا ڕێکدەخرێت.

**پێنجەم:** ئەنجومەنی پارێزگا ناکەوێتە ژێر ڕکێف و چاودێری هیچ وەزارەت یان لایەنێکەوە کە پەیوەست نەبێت بە وەزارەتێکەوە و داراییەکی سەربەخۆی هەیە.

- هەردوو مادەی ١٢٠ و ١٢١ باسی دەسەڵاتەکانی هەرێمەکان دەکات، بۆ نمونە (مادەی ١٢٠: هەرێم دەستوورێك بۆ خۆی دادەڕێژێت، هەرەمی دەسەڵاتەکانی هەرێم و میکانیزمی بەکارهێنانی ئەو دەسەڵاتانە دیاری دەکات بە مەرجێك ناکۆك نەبێت لەگەڵ ئەم دەستوورەدا).

## سێیەم: دەسـەڵاتەکانی هاوبـەش لـە نێـوان حکومـەتی فیدراڵـی و هەرێمـەکان:

لـە بـواری نـەوت و گاز هـەردوو مـادەی ۱۱۱ و ۱۱۲ی دەسـتوور دەسـەڵاتەکان دیـاری دەکـەن. بـە گشـتی سـەبارەت بـە دابەشـکردنی داهـاتی گشـتی وڵات بـە سـەر دەوڵەتـی فیدراڵـی و هەرێـم و پارێزگاکاندا بـە شـێوەیەکی دادپەروەرانـە بـە سـێ شـێوازی جیـاواز دابـەش دەکرێـن، کـە دەسـتووری هـەر وڵاتێـك یەکێـك لـەم سێ شـێوازانەی بـۆ وڵاتەکەی هەڵبـژاردووە. هەندێـك وڵات داهـاتی گشـتی بەپێـی ڕووبـەری هەرێـم یـان پارێـزگاکان دابـەش دەکـەن، مـن ئـەم ڕێگایـە بـە پەسـەند نازانـم ، چونکـە لـە وانەیـە زەوی هەرێمێـك هەمـوو بیابـان بێـت و ڕێـژەی دانیشـتوانی کـەم بێـت، ئـەوا نادادپـەروەری دروسـت دەبێـت لـە دابەشـکردنی سامانی گشـتی وڵات. هەندێك وڵات بەپێی ڕێژەی دانیشـتوان دابـەش دەکـەن ئـەم ڕێگایـە هەندێـك دادپەروەرانەتـرە لە ڕێگای پێشـتر. هەندێـك وڵات بەپێـی ڕێـژەی وەرگرتنـی بـاج دابـەش دەکـەن، لـە وانەیـە ئـەم ڕێگایـە لـە هـەردوو ڕێـگای دیکـە دادپەروەرانەتـر بێـت, بـەڵام لـە بڕگـەی یەکەمـی مـادەی ۱۱۲ی دەسـتووری عێراقـدا ڕێـگای دووەمـی هەڵبـژاردووە، کـە بـاس لـە دابەشـکردنی سـامانی نـەوت دەکات زۆربـەی داهـاتی عێـراق لـە سـەر نەوتـە, دەڵێـت: (یەکـەم: حکومـەتی فیدراڵـی لەگـەڵ هەرێـم و پارێـزگا بەرهەمهێنـەکان نـەوت و غـازی بەرهـەم هێـنراوی کێڵگـەکانی ئێسـتا بەڕێوەدەبـات بـە مەرجێـك داهاتەکانیـان بـە شـێوەیەکی دادپـەروەر و بـە گوێـرەی دابەشـبوونی دانیشـتوان لە سـەرجەم پارچـەکانی وڵاتـدا دابـەش دەکرێـت...)، هەروەهـا لـە بڕگـەی دووەمـی هەمـان مادەدا کـە بـاسی دەسەڵاتەهاوبەشـەکان دەکات، دەڵێت (دووەم:

حکومـەتی فیدراڵـی و حکومـەتی هەرێمـەکان و پارێـزگا بەرهەمهێنـەکان بـە یەکـەوە هەڵدەسـتن بـە داڕشـتنی سیاسـەتی سـتراتیجی پێویسـت بـۆ بەرەوپێشـبردنی سـامانی نـەوت و غـاز بـە جۆرێـك كـە ببێتـە مایـەی دستخسـتنی زۆرتریـن سـوود و كەلـك بـۆ گـەلی عێـراق ئەمـەش بـە پشتبەسـتن بـە نوێتریـن تەكنیـكی بنەمـاكانی بـازاڕ و هانـدانی وەبەرهێنـان.

بـە گشـتی دەسـتووری عێـراق دەسـەڵاتەكانی هاوبـەش لـە مـادەی ١١٤دا دیـاری كـراون كـە ئەمانـەن (مـادەی ١١٤: دەسـەڵاتەكانی هاوبـەش لـە نێـوان حكومـەتی فیدراڵـی و هەرێمـەكان ئەمانـەن:

**یەکـەم:** بەڕێوەبـردن و ڕێكخسـتنی گومـرك بـە هەماهەنگـی لەگـەڵ حكومـەتی هەرێمـەكان و ئـەو پارێزگایانـەی ناكەونـە نـاو سـنووری هیـچ هەرێمێكـەوە ئەمـەش بـە یاسـا ڕێكدەخرێـت.

**دووەم:** ڕێكخستن و دابەشكردنی سەرچاوە سەرەكییەكانی وزەی كارەبا.

**سـێیەم:** داڕشـتنی سیاسـەتی ژینگـە بـە مەبەسـتی دڵنیابـوون لـە پاراسـتنی ژینگـە لـە پیسـبوون و پارێزگاریكـردن لـە خاوێنـی بـە هـاوكاری لەگـەڵ هەرێمـەكان و ئـەو پارێزگایانـەی ناكەونـە نـاو سـنووری هیـچ هەرێمێكـەوە.

**چوارەم:** داڕشتنی سیاسەتەكانی گەشەپێدان و پلاندانانی گشتی.

**پێنجـەم:** داڕشـتنی سیاسـەتی تەندروسـتی گشـتی بـە هـاوكاری لەگـەڵ هەرێمـەكان و ئـەو پارێزگایانـەی ناكەونـە نـاو سـنووری هیـچ هەرێمێكـەوە.

**شەشـەم:** داڕشـتنی سیاسـەتی فێركـردن و پـەروەردەی گشـتی بـە ڕاوێـژ

لەگـەڵ هەرێمـەکان و ئـەو پارێزگایانـەی ناکەونـە نـاو سـنووری هیـچ هەرێمێکـەوە.

**حەوتــەم:** داڕشــتنی سیاســەتی ســامانە ناوخۆییــەکان و ڕێکخســتنیان بــە جۆرێــك کــە دادپــەروەری دەســتەبەر بــکات ئەمــەش بــە یاســا ڕێکدەخرێــت.

## ١٦
## پاڵنەرەکانی دروستبوونی دەوڵەتی فیدراڵی[١]

ئـەوەی ئاشـکرایە سـەرەتای دروسـتبوونی سیسـتەمی فیدراڵـی دەگەڕێتـەوە بـۆ کۆتاییـەکانی سـەدەی هەژدەیـەم و دواتریـش بـە شـێوەیەکی فـراوان پـەرەی سـەند بـە تایبـەتی لـە هـەردوو سـەدەی نـۆزدەم و بیسـتەمدا، زۆر لـە وڵاتـانی جیهـان پەیـڕەوی ئـەم سیسـتەمەیان کـرد و تـا ئێسـتاش هـەر لـە پەرەسـەندندایە. سـەرەتا ئـەم سیسـتەمە لــە ویلایەتــە یەکگرتــووەکانی ئەمریــکا و یەکێتــی سـۆڤیەتی جــاران و سویســرا و کەنـەدا و ئەڵمانیـا و ئوسـتراليا و...زۆر وڵاتانـی دیکـە پەیـڕەو کـرد[٢]. هـۆی پەرەسـندن و سـەرکەوتنی ئـەم سیسـتەمە دەگەڕێتـەوە بـۆ کۆمەڵێـك هـۆکار، لەوانـە چارەسـەرکردنی کێشـە و ناکوکییـەکانی نێـوان پێکهاتـە جیـاوازەکانی هـەر وڵاتێـك بـە ئاسـانی، بـە تایبـەتی ئـەو وڵاتانـەی لـە پێکهاتـەی جیـاواز پێکدێـن، واتـە لـە زیاتـر لـە یـەك نەتـەوە یـان ئاییـن یـان زمـان یـان ڕەگـەزی جیـاواز پێکدێـن، یاخـود ئـەو وڵاتانـەی چەندیـن کەمینـە لەخـۆ دەگـرن.

سـەرەڕای سـەرکەوتووی و گونجـاوی سیسـتەمی فیدراڵـی بـۆ وڵاتـان، بـەڵام لـە زۆر وڵاتانیـش ئـەم سیسـتەمە هـەرەسی هێنـاوە، هـۆکاری ئـەم هەرەسـهێنانە ناگەڕێتـەوە بـۆ نەرێنـی یـان ئەرێنـی ئەم سیسـتەمە، بەڵکو

---

(١) ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٥٨٧٤ لە ٢٠١٩\١١\١٩ بڵاو بوویتەوە.

(٢) د. سامی جمال الدین. هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل١٢٣.

دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو هۆکارانـەی پەیوەسـتن بـەم کۆمەڵـگا و وڵاتانـەوە کـە پەیـڕەوی ئـەم سیسـتەمە دەکـەن. سیسـتەمی فیدراڵـی سیسـتەمێکی سیاسـی دەسـتووری سـەرکەوتوویە، کـە واتـە سـەرکەوتنی جێبەجێکـردنی ئــەم سیســتەمە لــە ڕووی کردەییــەوە دەگەڕێتــەوە ســەر بارودۆخــی بابـەتی و شارسـتانی و هۆشـیاری ئـەو کۆمەڵگایـەی پەیـڕەوی دەکات، بـۆ نمونـە ئەگـەر سـەیری عێـراق بکەیـن لەبـەر عەقلیـەتی شۆڤینی عەرەبـی یاخـود مەزهـەبی شـیعەگەری، کـە ئـەم عەقلیەتـە هەمیشـە زاڵـە بە سـەر کۆمەڵـگای ئـەم وڵاتـەدا، بۆیـە هەمیشـە سـەرکردەکانیان جەخـت لـە یەکپارچەیـی خـاکی عێـراق دەکەنـەوە، سـەربەخۆی یـان جیابوونـەوەی کوردسـتان لـە عێراقـی عەرەبـی هەمیشـە بـە کوفرێـکی سیاسـی دەزانـن، تەنانــەت دژی پەیڕەوکــردنی بنەمــاکانی دیموکراتیــەت و سیســتەمی فیدراڵییەتیشـن بـە تایبـەتی بـۆ پەیڕەوکـردنی ئـەم سیسـتەمە لـە هەرێمـی کوردسـتان. بۆیـە حکومەتـە یـەك لـە دوای یەکـەکانی عێـراق لـە دوای ڕوخـانی ڕژێمـی سـەدام پێشـێلی دەیـان مـادەی دەسـتووریان کـردووە. کـە واتـە شکسـتهێنانی سیسـتەمی فیدراڵـی لـە عێـراق، هەرچەنـدە تـا ئێسـتا بـە تـەواوەتی شکسـتی نەهێنـاوە، بـەڵام هۆکارەکـەی ناگەڕێتـەوە بـۆ سیسـتەمەکە، بەڵکـو دەگەڕێتـەوە بـۆ عەقلیـەتی دواکەوتـووی ئـەم کۆمەڵگایـە لـە ڕووی سیاسـی و کۆمەڵایەتییـەوە. واتـە ئـەوان دژایـەتی ئـەم سیسـتەمە دەکـەن بەبـێ ئـەوەی ئـەوان ڕەچـاوی ئـەم خاڵـە بکـەن کـە دابەشـکردنی دەسـەڵاتەکان بـە سـەر هەرێمەکانـدا بـاری قـورسی دەوڵەتـی فیدراڵـی سـوکتر دەکات.

## ئەو هۆکارانەی پاڵنەرن بو دروستبوونی دەوڵەتی فیدراڵی:

بەگشتی هۆکارەکانی دروستبوونی دەوڵەتی فیدراڵی دەگەڕێتەوە بۆ ئەم سێ هۆکارە سەرەکییانە، یەکەمیان هۆکاری جیاوازی پێکهاتەکان. دووەمیان هۆکاری پانتایی جۆگرافی. سێیەمیان هۆکاری ترس کە ئەویش دابەش دەبێت بۆ ترسی دەرەکی و ترسی ناوخۆیی.

## ترسی دەرەکی:

ئەگەر سەیری مێژوو بکەین پڕە لە شەڕ و جەنگ لە نێوان گەل و نەتەوە و وڵاتانی جیهان، لە ئەنجامدا بە زۆری ئیمپڕاتۆرییەت و وڵاتە بەهێزەکان باڵیان بە سەر گەل و وڵاتە لاوازاکاندا دەگرن و لەم ناوەندەدا گەل و وڵاتە بچوك و لاوازەکان دەبنە قوربانی. بۆیە هەر لەبەر ئەم هۆکارانە، چەند هەرێم و وڵاتە لاوازەکان لە ترسی هەڕەشە و مەترسی دەرەکی هەوڵی یەکگرتنیان داوە بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی وڵاتێکی فیدراڵی یەکگرتووی بەهێزدا تا هێز و تواناکانیان کۆبکەنەوە و بتوانن بەرگری لە کیانی خۆیان بکەن، بەرامبەر هەر مەترسی و هەڕەشەیەکی دەرەکی.

## ترسی ناوخۆیی:

بریتییە لە کۆبوونەوەی دەسەڵاتە سەرەکییەکانی وڵات لە دەست یەك کەس یان یەك دەزگا کە شێوازی دەوڵەتی فرەپێکهاتە و یەکگرتوو بیگۆڕن بۆ وڵاتێکی ناوەندی (مرکزی) داپلۆسێنەر، لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی بنپێ خستنی مافە گشتییەکانی هاووڵاتیان لە پێناو بەرژەوەندی تاك و حزب و لایەنێکی دیاریکراو، لە خوارەوە

باسـی ئـەم هۆکارانـە و چەنـد هـۆکاری دیکـە دەکەیـن:

سـەرەتا بـوونی ئیـرادەی دامەزرانـدنی سیسـتەمی فیدراڵـی لـە لایـەن ئـەو پێکهاتـە جیاوازانـەی دەیانەوێـت دەوڵەتـی فیدراڵـی دروسـت بکەن. کـە واتـە یەکێـك لـە هـۆکارە هەرەگرنگـەکانی دامەزرانـدنی دەوڵەتـی فیدراڵـی بریتییـە لـە ویسـتی ئـەو کۆمەڵگایـەی دەیانەوێـت ملکەچـی حکومەتێـکی گشـتی یەکگرتـووی فیدراڵـی بێـت، بـۆ ڕەنگدانـەوەی ئـەم مەبەسـتەش تـا ئـەم کۆمەڵگایـە ویسـتێکی سـەربەخۆی ناوخـۆی نەبێـت ناتوانێــت وڵاتێــکی فیدراڵــی ســەرکەوتوو دروســت بــکات، بــۆ نمونــە هــۆکاری دروســت نەبــوونی دەوڵەتــی فیدراڵــی لــە لایــەن ئەندامــانی کومونوێلسـی بەریتـانی دەگەڕێتـەوە بـۆ نەبـوونی ئیـرادە، چونکـە ئـەوان ویسـتی ئەوەیـان نەبـوو دەسـت لـە دەسـتەڵاتەکانی خۆیـان بـەردەن بـۆ حکومەتێـکی گشـتی و سـەربەخۆی فیدراڵـی تـا ملکەچـی بـن، ئەمـەش لەبـەر چەنـد هۆکارێـك بـوو.

واتــە ویســتی دامەزرانــدنی دەوڵەتــی فیدراڵــی دەگەڕێتــەوە بــۆ ویســتی ســەربەخۆی ناوخۆیــی ئــەو هەرێمانــەی دەوڵەتــی فیدراڵــی دروسـت دەکـەن، چونکـە لـە وانەیـە تایبەتمەندییـەکانی هـەر هەرێمێـك جیـاواز بێـت لەگـەڵ تایبەتمەنـدی هەرێمێکی دیکـە لـە ڕووی نەتەوە یان ئاییـن یـان ڕەگـەز یـان کەلتـوور. بۆیـە لـە وانەیـە خـاوەنی هەریەکێـك لـەم تایبەتمەندییانـە هانـدەر بـن بـۆ یەکگرتنـی هەریـەك لـەم هەرێمـە جیاوازانـە تـا هەرێمێـکی تایبـەت بـۆ خۆیـان پێکبێنـن، واتـە لـە ڕووی ناوخۆییــەوە ســەربەخۆ بــن و ســەروەری دەرەکیــش بــە حکومــەتی فیدراڵـی بسـپێرن بـۆ ئـەوەی بەرگرییـان لـێ بـکات، کـە واتـە بـە گشـتی

گرنگترین ئامانج لە دروستکردنی دەوڵەتی فیدراڵی بۆ ئەوەیە تا حکومەتی فیدراڵی بەهێز بکەوێت بۆ ئەوەی بتوانێت بەرگری لە سەروەری حکومەتی فیدراڵی و هەرێمەکان بکات و هەوڵی پێشخستنی بوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی هەرێمەکان بدات، هەر لەبەر ئەم هۆکارەش هەرێمەکان دەست لە سەروەری و دەسەڵاتی دەرەکی خۆیان بەردەدەن بۆ حکومەتی فیدراڵی. یەکێکیتر لە پاڵنەرەکانی دروستبوونی دەوڵەتی فیدراڵی دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری ئابووری، بۆ نمونە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئەڵمانیا و ئوستراليا و کەنەدا[1]، لە دوای ڕاگەیاندنی سیستەمی فیدراڵی بۆ وڵاتەکانیان، توانییان پێشکەوتنێکی بەرچاو لە بواری ئابووریدا بەدەست بێنن، لە هەمان کاتدا توانییان بەربەستەسنوورییەکان کەم بکەنەوە و ئاسانکاری زیاتر لە نێوان هەرێمەکاندا ئەنجام بدەن. نمونەی وڵاتانی زۆر لە جیهاندا هەن کە پەیڕەوکردنی سیستەمی فیدراڵی بوویتە هۆی پێشکەوتنی ئابووری و پەیوەندی سیاسی و کۆمەڵایەتییەکی بەهێز کە ڕەنگدانەوەی ئەرێنی لە سەر گەل و نەتەوەکانیان هەبووە.

پاڵنەری جیاوازی زمانیش لە چوارچێوەیەکی جوگرافی دیاریکراودا، یەکێکە لە هۆکارەکانی دروستبوونی دەوڵەتی فیدراڵی، بۆ نمونە بەلجیکا لە ساڵی ١٨٣٠ وەکو دەوڵەتێکی فەڕەنسی زمان دامەزرا، بەڵام لە ئەنجامی زیادبوونی ململانێ لە نێوان هەردوو زمانی

(١) لقمان عمر حسين. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا ٤٠. ئەویش سوودی لە سامي جمال الدين. النظم السياسيه والقانون الدستوري. منشأه المعارف. الاسكندريه. ٢٠٠٥. ص١٢٣. وەرگیراوە.

هۆڵەندی و فەڕەنسی لەم وڵاتەدا، تا لە ساڵی ١٩٦٠ ئەم دوو زمانە بە زمانی فەرمی لەم وڵاتەدا ناسران، بەڵام زمانی فەڕەنسی هێشتا هەر زاڵ بوو لەم وڵاتەدا، تا لە ئەنجامی چەند جار هەموارکردنی دەستووری وڵاتەکەیان، وەك لە ساڵانی ١٩٧٠ و ١٩٨٠ و ١٩٩٣ لە ئەنجامدا ئەم وڵاتە بۆ سێ ناوچەی جیاواز دابەش کرا کە بوون بە سێ کۆمەڵی زمانی (فلامانی و فەڕەنسی و ئەڵمانی)، کە واتە باشترین ڕێگا بۆ چارەسەرکردنی ئەم جۆرە کێشانە بریتییە لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی فیدراڵی یەکگرتوو لەنێو خۆیاندا[1].

پاڵنەرێکی دیکەی دروستبوونی دەوڵەتی فیدراڵی بریتییە لە بەشداریکردن یان بوونی پەیوەندی سیاسی پێشوەختەی کۆمەڵگا و وڵاتان لەگەڵ یەکتر بۆ دروستکردنی ئەم یەکێتییە، بۆ نمونە ئەو وڵاتانەی بۆ ماوەیەك وڵاتی کونفیدراڵی بوونە دواتر گۆڕاون بۆ وڵاتی فیدراڵی وەك کانتونەکانی سویسرا کە لە ساڵی ١٨١٥ وڵاتی کونفیدراڵی بوون، بەڵام دواتر لە ساڵی ١٨٤٨ بوون بە وڵاتی فیدراڵی، چونکە ئەو وڵاتانەی ماوەیەك کونفیدراڵی بوون و لە پاش ماوەیەك هەڵوەشاونەتەوە بۆ هەرێم و ویلایەتی جیاواز، ئەمانە لە ڕووی کردەییەوە پێشینەیەکی کارگێڕییان پەیڕەو کردووە، کە واتە ئەمانە بۆ ماوەیەك لامەرکەزی ئیدارییان بینیوە، پێش ئەوەی ببنە وڵاتێکی فیدراڵی.

پاڵنەرێکی دیکەی دروستبوونی دەوڵەتی فیدراڵی بریتییە لە هۆکاری پانتایی جۆگرافی، بۆ نمونە لە زۆر وڵاتاندا دوو هەرێم بە زنجیرە چیایەك یان بە ڕووبار لە یەکتر جیا دەکرێنەوە وەك ئەو

---

(١) گۆران ئازاد حمە گەمحان. هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل٣٥.

زنجیـره چیایانــەی سویســـرایان دابــەش کــردووه بــۆ چەندیــن بــەش (مقاطعــات)، یاخــود ســنووری وڵاتێــك دەكەوێتــە نێــوان دوو هەرێــم وەك بەنــگلادش لــە پێــش ئــەوەی لــە ســاڵی ١٩٧٠ ســەربەخۆ بێــت، کــە بەپێــی دەســتووری فیدراڵــی پاکســتان، بەنــگال هەرێمێــکی ئــەم وڵاتــە بــوو، بــەڵام ســنووری هینــد هەرێمــی بەنــگالی لــە هەمــوو هەرێمەکانــی دیکــەی پاکســتانی جیــا کردبــووە. بــە گشــتی ئــەو هەرێمانــەی هاوشــێوەی ئەمانــەی لــە ســەرەوە باســمان کــرد هــەر کاتێــك ویســتیان دەتوانــن یــەك بگــرن و دەوڵەتێــکی فیدراڵــی پێــك بێنــن، بــەڵام ئــەوەش لــە بیرمــان نەچێــت بــە زۆری هەریەکگرتنێــکی فیدراڵــی لەبــەر هــۆکاری جوگــرافی بێــت، لــە وانەیــە تەمــەنی ئــەم یەکگرتنــە درێــژ نەبێــت، چونکــە ئەگــەر هەرێمــەکان لەبــەر هــۆکاری جۆگرافــی لــە یەکــتر دوور بــن و پانتییــەکی فــراوانی هەبێــت، لــە وانەیــە لــە ڕووی ســەربازییەوە حکومــەتی فیدراڵــی نەتوانێــت ڕاســتەوخۆ بەرگرییــان لــێ بــکات. کەواتــە لێــرەدا پاڵنەرێکــی دیکــە بۆمــان دەرکــەوت ئەویــش پاڵنــەری ترســە، چونکــە مێــژوو پێــمان دەڵێــت زۆر جــار وڵاتــە بەهێــزەکان وڵاتــە لاوازەکانی داگیــر کــردووە، ئەگــەر وڵاتێــك بچوکیــش بێــت بــەڵام ئەگــەر لەدەســت جیــاوازی ئایینــی و نەتــەوەی و ڕەگــەزی بناڵێنــن ئــەو کات دروســتکردنی دەوڵەتــی فیدراڵی باشــترین چارەســەره بۆیــان. لێــرەدا بەگرنــگ دەزانــم وتەیــەکی بنیامیــن فرانكلینــی ئەمریــکی بەبیــر بێنمــەوه کــە لــە ســاڵی ١٧٨٩ کردوویــەتی کــە ئەمــڕۆ بــۆ ئێمــەی کــورد زۆر گرنگــە، دەڵێــت: (دەبێــت ئێمــە هەمومــان یــان یــەك بگریــن و خۆمــان بەیەکــەوە گــرێ بدەیــن، یانیــش دەبێــت چــاوەڕوان بیــن ڕۆژێــك دادێــت ئێمــە هەموومــان یــەك بــە یــەك لــە

سـێدارە دەدرێیـن)[1].

هەروەهـا هـەردوو هـۆکاری پێکچـوون و جیـاوازی، دوو پاڵنـەری سـەرەکین بـۆ دروسـتبوونی دەوڵەتـی فیدراڵـی، وەك پێکچـوون لـە سیسـتەمی سیاسـی یـان کۆمەڵایـەتی هەرێمـەکان، پاڵنەرێـکی گرنگـە بـۆ یەکگرتنـی چەنـد وڵاتێـك لـە چوارچێـوەی دەوڵەتێـکی فیدراڵیـدا. بـە پێچەوانەشـەوە جیـاوازی لـە سیسـتەمی سیاسـی یاخـود لـە داب و نەریتـی کۆمەڵایـەتی لـە هەرێمێکـەوە بـۆ هەرێمێکـی دیکـە و کۆکردنـەوەی ئەمانـە لـە دەوڵەتێـکی ناوەندیـدا کارێـکی ئەسـتەمە، کـە واتـە هەڵوەشـاندنەوەی ئـەم دەوڵەتـە بـۆ چەنـد هەرێمێـکی فیدراڵـی، یەکێکـی دیکەیـە لـە پاڵنـەرەکانی دروسـتبوونی دەوڵەتـی فیدراڵـی.

بـە هەمـان شـێوەی باسـمان کـرد هاوبـەشی نەتـەوە و ئاییـن و زمانیـش پاڵنـەری زۆر گرنگـن بـۆ پێکـەوە کارکـردن و تێکوشـان لـە پێنـاو یـەك ئامانجـی دیاریکـراوی وەك یەکگرتنـی وڵاتـان و دروسـتکردنی دەوڵەتـی فیدراڵـی، بـۆ نمونـە ئەگـەر سـەیری مێـژووی کۆمەڵـگای ئەمریـکا بکەیـن زۆر فاکتـەری جیـاواز و دژبەیـەك لـە نـاو کومەڵگاکەیـان هەیـە، وەك جیـاوازی ڕەگـەز واتـە (دژایەتیکـردن لەنێـوان ڕەش پێسـت و سـپی پێسـتدا)، یاخـود بەکارهێنـانی کویلـە و لـە زۆر شـتی تریشـدا جیاوازییـان هەبـوو، بـەڵام بـە هـۆی هاوبەشـییان لـە نـەژاد و زمـان و ئاییـن توانیـان یـەك بگـرن. هـەروەك چارلـس بیـرد (Charles Beard) دەڵێـت: (هاوبـەشی لـە ئایـن و زمـان و داب و نەریـت هـۆکاری گرنـگ بـوون بـۆ دروسـتبوونی یەکێتـی فیدراڵـی ئەمریـکا).

---

(١) گۆران ئازاد حمە گەمحان. هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل٣٢.

ئەگەر سەیری ئەو پاڵنەرانە بکەین کە بوونە هۆی دروستبوونی دەوڵەتی فیدراڵی عێراق زۆر لەو پاڵنەرانەی تێدایە کە لە سەرەوە باسمان کرد، پاڵنەری سەرەکی بریتییە لە گوشاری هاوپەیمانان بە تایبەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، چونکە کورد هەمیشە ئامانجی ڕاستەقینەی سەربەخۆیی کوردستان بووە، بەڵام هەمیشە ویستوویانە هەنگاو بە هەنگاو قۆناغەکان ببیڕن، چونکە هیچ کاتێك کورد نەیویستووە لەگەڵ عەرەب بژیت. لە هەمان کاتیشدا دروستبوونی دەوڵەتی فیدراڵی عێراق قۆناغێکی زۆر گرنگی مێژووییە لە بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان، چونکە عێراق لە دەوڵەتێکی دیکتاتور و داپلۆسێنەری مەرکەزی گۆڕا بۆ وڵاتێکی فیدراڵی کە ئەمە لە ویستی گەلی کورد بەدەر نەبوو، بەڵام فشاری وڵاتانی هەرێمی و هاوپەیمانان ڕێگربوون لە ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستانی باشوور لە دوای ڕوخانی ڕژێمی سەدام و تا ئەمڕۆ.

## ١٧
## سیستەمی فیدراڵی و کۆمەڵگا فرەپێکهاتەکان (نمونەی عێراق)[١]

کۆمەڵـگا فرەپێکهاتـەکان بریتییـە لـەو کۆمەڵگایانـەی زیاتـر لەیـەك پێکهاتـە پێکدێـن، وەك جیـاوازی لـە نەتـەوە و (تائیفە) مەزهـەب و ئایین و زمـان و ڕەگـەز و کولتـووری جیـاواز و ...تـاد. کە ئەم جـۆرە کۆمەڵگایانە لـە پێکهاتـەی ئاڵـۆز پێکدێـن، بـەڵام پلـەی ئاڵۆزییەکەیـان دەگەڕێتـەوە بۆ قەبـارەی جۆراوجـۆری ئـەم پێکهاتانـە. ئەگـەر سـەیری عێـراق بکەیـن لـە سـێ پێکهاتـەی سـەرەکی و جیـاواز پێکدێن، کـە زۆرینەی دانیشـتوانەکەی پێکدێنن وەك (کورد و سـونە و شـیعە)، سـەرەڕای ئەم سێ پێکهاتانە ئایین و مەزهـەب و زمـان و نەتـەوەی دیکـە لـە عێـراق هەن وەك (مەسـیحی و کلد و ئاشـوری و کاکەیی و ئێزدی و شـەبەك و سـائیبی و ...تاد) هەروەها زمـان و نەتـەوەی وەك (تورکـمان و مەسـیحی و کـورد و عـەرەب) هەیـە کـە هەریەکێـك لـەم پێکهاتانـە تایبەتمەنـدی تایبـەت بـە خۆیـان هەیـە، شـتێکی بەڵگەنەویسـتە هـەر پێکهاتەیـەك لـە هـەر گـەل و نەتەوەیـەك گرێـدراوی داب و نەریـت و ئاییـن و کەلتـووری نەتەوەکـەی خۆیـەتی. کە واتـە بـۆ ئـەوەی دژبەیەك و پێکـدادان لە نێوان ئـەم پێکهاتانەدا دروسـت نەبێـت، باشـترین چارەسـەر بریتییـە لـە پەیڕەوکـردنی سیسـتەمی فیدراڵـی بـە سـەریاندا، یاخود جیابوونـەوە و هەریەکەیان خـاوەن وڵاتی خۆی بێت، بەپێـی دەسـتووری عێـراق دەکرێـت پارێزگایـەك یـان چەنـد پارێزگایـەك،

---

(١) ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٥٨٨٠ لە ٢٠١٩\١١\٢٧ بڵاو بوویتەوە.

پێکهاتەیەك یان چەند پێکهاتەیەك پێکەوە هەرێمێك لە دەوڵەتی فیدراڵیدا دروست بکەن.

بە گشتی لە وڵاتی فیدراڵیدا هەر پێکهاتەیەکی جیاواز چ لە نەتەوە یان ئایین یان زمان یان مەزهەب لە هەرێمێکی جیاوازدا پەیڕەوی ماف و ئازادییەکانی خۆی دەکات و هیچ کامێکیان ناتوانێت دەست بخاتە ناو کاروبارەکانی تاکەکان لە هەرێمەکانی دیکەی هەمان دەوڵەتی فیدراڵی، چونکە هەر هەرێمێك لە ڕووی ناوخۆییەوە تەواو سەربەخۆ و خاوەن سەروەری ناوخۆیی خۆیەتی و خاوەن دەستوور و هەرسێ دەسەڵاتە سەرەکییەکانی (یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری)یە، تەنها سەروەری دەرەکی لە دەست حکومەتی فیدراڵیدایە، کە واتە هیچ هەرێمێك ناتوانێت کاریگەری نەرێنی لەسەر هەرێمێکی دیکەی هەمان وڵاتی فیدراڵیدا هەبێت.

ئەگەر سەیری هەرسێ پێکهاتەسەرەکییەکانی عێراق بکەین ئەوان ناتوانن کاریگەری لەسەر ماف و ئازادییەکانی تاکی کورد بکەن، چونکە کوردستان لە ڕووی یاسایی و دەستوورییەوە سەربەخۆیە لە بەشەکانی دیکەی عێراق، بە تایبەتی لە ڕووی ناوخۆییەوە، بۆ نموونە ئەوان هیچ کاریگەرییان بەسەر ئایین و مەزهەب و داب و نەریتی کوردەوارییەوە نییە، وەك ئەنجامدانی نەریتی ئاهەنگەکانی ئادار و نەورۆز لە کوردستان، بە پێچەوانەشەوە کورد هیچ کاریگەری نەرێنی لەسەر ئەنجامدانی مەراسیمەکانی شیعەکانەوە نییە وەك مەراسیمی عاشورا و موحەرەم و هەموو ئەو مەراسیمانەی تایبەت بە خۆیان ئەنجام دەدەن.

پێکهاتـەی کـورد لـە عێـراق هەمیشـە لـە دەسـت نەتەوەییبوونیـەوە ئـازاری چەشـتووە. هەمیشـە کۆمەڵـگای عێـراق لـە ڕووی سیاسـی و کۆمەڵایەتییـەوە ململانێیـەکی تونـدی لەگـەڵ کـورد کـردووە و هەوڵـی چەوساندنەوەی داوە، کـە لـەم وڵاتـەدا کێشـەی نەتەوەیـی لـە هەمـوو کێشـەکانی دیکـە قوڵـتر و گەورەتـر بـووە، بـە تایبـەتی لـە دوای جەنگـی جیهـانی یەکـەم کـە ماوەی یـەك سـەدەی خایاند بـە بیانـووی جۆراوجۆر و بـە هـۆی ئـەوەی دەسـەڵات بەدەسـت پێکهاتـەی عـەرەبی سـونەوە بووە، بـە هەزارەهـا کێشـەی سیاسـی و نەتەوەیـی بـۆ کـورد دروسـت کـراوە تـا دەگاتـە جینوسـاید و کیمیابارانکـردنی کورد، کە تەنها لە سـاڵانی هەشـتاکانی سـەدەی ڕابـردوودا ژمـارەی قوربانیـانی کوردسـتان لـە ١٨٣ هـەزار کەسـی تێپەڕانـد. لەسـەرەتای ئەم سـەدەیەدا کە شـیعە دەسـەڵاتە سـەرەکییەکانی عێراقـی بەڕێوەدەبـرد، ئـەوەی سـونە نەیکرد شـیعە کـردی لـە ئەنجامدانی کاری نایاسـایی و نادەسـتووری بەرامبـەر گـەلی کـورد.

بۆیــە ســەرەتا لــە ڕووی زانســتییەوە پێناســەی نەتــەوە دەکەیــن، بریتییـە لـە کۆمەڵێـکی سـەرەکی کۆمەڵـگا فرەپێکهاتـەکان کـە هەندێـك زانـا بـەم شـێوەیە پێناسـەی کـردووە: (نەتـەوە بریتییـە لـە هەسـتکردن بە ئینتمابـوون بـە نەتـەوە یـان کۆمـەڵ یـان گەلـەوە کـە ئـەم ئینتمابوونـە پەیوەندییـەکی پتـەوی بـە گەلـەوە هەیـە). زانایـەکی ئیتاڵـی بـە نـاوی (مانشـینی) بـەم شـێوەیە پێناسـەی نەتـەوە دەکات و دەڵێـت: (گـەل کۆمەڵێـکی سروشـتی مرۆڤەکانـە کـە ئـەم کۆمەڵەیـە لـە ژیـانی ڕۆژانـەی کۆمەڵایـەتی خۆیانـدا بـە یەکـەوە دەبەسـترێنەوە بـە یەکێتـی خـاك و نـەژاد و زمـان و داب و نەریـت).

سـەردەمی بەهێزکەوتنـی بیرۆکـەی نەتەوەیـی لـە ئەوڕووپا دەگەڕێتـەوە بـۆ چارەگـی یەکەمـی سـەدەی نۆزدەیـەم، واتە سـاڵی ١٨٢١ دەسـتپێدەکات و بـۆ مـاوەی یـەك سـەدە بـەردەوام دەبێـت، بـەڵام ئەگەر لـە ڕووی فەلسـەفی و زانسـتییەوە سـەیری نەتـەوە بکەین ئایـا نەتەوە لە سـەر چ بنەمایـەك دادەمەزرێـت؟ وەڵامـی ئـەم پرسـیارە زانـاکانی دابـەش کـردووە بـۆ چـوار بۆچوونی جیاواز: سـەرەتا بـە بیردۆزی ئەڵـمانی لە نیوەی یەکەمـی سـەدەی نۆزدەیـەم دەسـتپێدەکات، زانـای ئەڵـمانی (فیختـە) پێی وابـوو زمـان یەکەم فاکتەری بنەڕەتـی نەتەوەیە، بەڵام بیردۆزی فەڕەنسـی دەڵێـت دروسـتبوونی نەتـەوە دەگەڕێتـەوە بـۆ ئیـرادەی تاکـەکان و توانای هاوبـەشی پێکەوەژیـان، دامەزرێنـەری ئـەم بیرۆکەیـە دەگەڕێتـەوە بـۆ فەیلەسـوفی فەڕەنسـی (ئەرنسـت ڕینان). پەیڕەوانی بیردۆزی سێیەم پێیان وایـە یەکێتـی بەرژەوەنـدی ئابـووری یەکەمیـن هـۆکارە بـۆ دروسـتبوونی نەتـەوە، چونکـە ئـەوان لەو بـاوەڕەدان کە هیـچ گەلێك بەبـێ ئابوورییەکی هاوبـەش ناتوانێـت بژیـت، هەروەهـا پەیـڕەوانی بیـردۆزی چـوارەم دەڵێن دوو هـۆکار هەیـە بـۆ دروسـتبوونی نەتـەوە یەکەمیـان زمـان و ئـەوی دیکەشـیان پەیوەنـدی مێـژووی هاوبـەش.

لێـرەدا ئەگـەر سـەیری کوردسـتان بکەیـن ئایـا بنەمـای دروسـتبوونی نەتـەوە دەگەڕێتـەوە بـۆ کام لـەم بیردۆزانـەی باسـمان کـرد؟ مـن پێموایە یەکـەم زمـان و دواتریـش بنەمـای پێکەوەژیـانی مێـژووی هاوبـەش لەگەڵ پێکهاتەکانـی دیکـەی نـاو کوردسـتان، کـە هـەزاران سـاڵە کوردسـتان چەندەهـا پێکهاتـەی جیـاواز لـە زمـان و ئاییـن و مەزهـەب و نەتـەوە و نـەژادی جیـاواز لەخـۆ دەگرێـت و مێـژوو و ئابوورییـەکی هاوبەشـیان

هەبـووە و لـە هـەر خـۆشی ناخۆشـیەکدا هاوبـەش بوونـە و بـۆ ماوەیـەکی درێـژ بـە ڕێـز و حورمەتـەوە پێکـەو ژیـاون.

ئەگــەر بــە گشــتی ســەیری نەتــەوە بکەیــن دەبینیــن هەســتی ئینتمابـوون بـە نەتـەوە بەخـۆی لـە نێـوان تاکەکانـدا دروسـت دەبێـت، بەبـێ هـۆکاری ناسروشـتی وەك بانگەشـە و فێرکـردن و یاسـا و ...تـاد، بەڵکـو وەك هـەر دیاردەیەکـی دیکـەی کۆمەڵایـەتی ئـەم هەسـتە جێگیـرە لـە دەروونی ئـەو تاکانـەی لـە شـوێنێکی تایبـەت دەژیـن و هاوبەشـن لـە ڕووی مێـژووی و کولتـووری و شارسـتانی و پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییـەکان.

## ١٨
## هۆکارەکانی سەرکەوتنی سیستەمی فیدراڵی[١]

هەر لەسەرەتای دروستبوونی سیستەمی فیدراڵی لە ئەمریکا لە ساڵی ١٧٨٧ تا ئێستا ڕێژەیەکی زۆری ئەو وڵاتانەی پەیڕەوی ئەم سیستەمەی کردووە لە حوکمڕانی وڵاتەکانیان و سەرکەوتوو بوونە و ئەم سیستەمە بوویتە هۆی پێشکەوتنی وڵاتەکانیان. بە پێچەوانەشەوە زۆر وڵاتانی دیکە لە ئەنجامی خراپ پەیڕەوکردنی ئەم سیستەمە، شکستیان هێناوە و وڵاتەکانیان زیاتر دواکەوتوون یان گۆڕاون بۆ سیستەمیتر، بەڵام ئەوەش لە بیرمان نەچێت هۆکاری شکشتهێنانیان ناگەڕێتەوە بۆ باشی یان خراپی سیستەمەکە، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ نزمی ئاستی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەو کۆمەڵگایانەی خراپ پەیڕەوی ئەم سیستەمە دەکەن، بە تایبەتی ئەو وڵاتانەی ئاستی شارستانیان نەگەیشتبێتە ئاستێکی باڵای ڕۆشنبیری و دیموکراتی، لە ئەنجامی پەیڕەوکردنی ئەم سیستەمە شکستیان هێناوە، وەك کۆمارەکانی ئەمریکای باشوور، هەروەها هەر لەبەر ئەم هۆکارە و ئەنجامدانی گەندەڵییەکی زۆر و پێشێلکردن و پابەند نەبوون بەدەستوورەوە، عێراقیش خەریکە شکست لە پەیڕەوکردنی سیستەمی فیدراڵی بێنێت، بۆیە لەبەر گرنگی بابەتەکە لە خوارەوە هۆکارەکانی سەرکەوتنی سیستەمی فیدراڵی دەخەینە ڕوو:

---

(١) ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٥٨٨٤ لە ٢٠٢٩\١٢\١٣ بڵاو بوویتەوە.

## هۆکاری شارستانی و ڕۆشنبیری:

بە زۆری سەرکەوتنی پەیڕەوکردنی سیستەمی فیدراڵی دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی ڕۆشنبیری و شارستانیبوونی کۆمەڵگا و باوەڕبوون بە بنەماکانی دیموکراتی ئەو کۆمەڵگایانەی پەیڕەوی ئەم سیستەمە دەکەن. لە سیستەمی فیدراڵیدا دەستوور هەموو دەسەڵاتەکان لە نێوان حکومەتی فیدراڵی و هەرێمەکاندا دابەش دەکات، کە تا ئاستێکی دیاریکراو ئەم هەرێمانە سەربەخۆییان هەیە، هیچ هەرێمێك مافی دەستخستنە ناو کاروباری هەرێمێکی دیکە یان حکومەتی فیدراڵی نییە. لە ئەزموونی مێژووییدا سەلمێنراوە کە ئەو وڵاتانەی پەیڕەوی سیستەمی فیدراڵییان کردووە و ئاستی ڕۆشنبیری و شارستانی کۆمەڵگاکانیان لاواز بووە، لە پەیڕەوکردنی ئەم سیستەمەدا سەرکەوتوو نەبوونە. بە پێچەوانەوەش ئەو وڵاتانەی ئاستی ڕۆشنبیری و شارستانی کۆمەڵگاکەیان بەرز و پێشکەوتوو بووە و باوەڕییان بە بنەماکانی دیموکراتی هەبووە و لە پەیڕەوکردنی ئەم سیستەمەدا سەرکەوتوو بوون توانیان وڵاتەکانیان بەرەو پێشەوە ببەن.

## باوەڕبوون بە بنەماکانی دیموکراتی:

هۆکارێکی دیکەی سەرکەوتنی ئەم سیستەمە بریتییە لە باوەڕبوون بە پەیڕەوکردنی بنەماکانی دیموکراتی لە وڵاتەکانیان، چونکە ئەگەر کۆمەڵگای وڵاتە فیدراڵییەکان بە تایبەتی بەرپرسە باڵاکانیان باوەڕییان بە بنەماکانی دیموکراتی نەبێت لە وڵاتدا، هەر لایەن و پێکهاتەیەك بە ئارەزووی خۆی دەست لە کاروبارەکانی خەڵکانی دیکە وەردەدات، بەم شێوەیە هیچ بەهایەك بۆ فیدراڵییەت نابێت، چونکە سیستەمی

فیدراڵـی لـە سـەر چەنـد کولەگەیـەکی گرنـگ و بنەڕەتـی وەسـتاوە، وەك: هەڵبـژاردن و بڕوابـوون بـە بنەمـاکانی دیموکـراتی چ ئـەم وڵاتـە وڵاتێـکی کۆمـاری یـان پاشـایەتی بێـت، هەروەهـا لێکجیاکردنـەوەی دەسـەڵاتە سـەرەکییەکانی وڵاتـدا هەبێـت وەك هەرسـێ دەسـەڵاتی (یاسـادانان و جێبەجێکـردن و دادوەری)، کـە واتـە هیـچ دەسـەڵاتێك دەسـت نەخاتـە نـاو کاروبـارەکانی دەسـەڵاتی دیکـە، بـۆ ئـەوەی مـاف و ئازادییـەکانی هەمـوو لایـەن و پێکهاتـەکان پارێـزراو بێـت. پێکهاتەیەکـی دیکـەی وڵاتـە فیدراڵییـەکان بریتییـە لـە دووانـەی ئەنجومـەنی یاسـادانان، واتـە ئەنجومـەنی یاسـادانانی هەرێمـەکان و ئەنجومـەنی یاسـادانانی فیدراڵـی، هەروەهـا سـەربەخۆی دەسـەڵاتی دادوەری و...تـاد. هەمـوو ئەمانـە بنەمـای زۆر گرنگـن لـە دەوڵەتـی فیدراڵیـدا، ئەگـەر هـەر یەکێـك لـەم بنەمایانـە جێبەجـێ نەکـرا ئـەوا کولەگەیـەك لـە کولەگـەکانی دەوڵەتـی فیدراڵـی کـەم دەبێتـەوە، واتـە کـەم و کـورتی تێدەکەوێـت، هەروەهـا حکومـەتی فیدراڵـی لەگـەڵ بنەمـاکانی دیکتاتـوری ناگونجێـت.

## پێکچوونی سیستەمی کومەڵایەتی:

هۆکارێکـی دیکـەی سـەرکەوتنی دەوڵەتـی فیدراڵـی بریتییـە لـە پێکچـوونی سیسـتەمی کومەڵایـەتی ئەگـەر پێکهاتـەکانی نـاو دەوڵەتـی فیدراڵـی لـە ڕووی کۆمەڵایەتییـەوە هاوشـێوەی یەکـتر بـن، ئەمـە هۆکارێـکی گرنگـە بـۆ سـەرکەوتنی سیسـتەمی فیدراڵـی لـەم وڵاتـەدا و درێـژەدان بـە پەیڕەوکـردنی ئـەم سیسـتەمە، بـەڵام بـە پێچەوانـەوە دەبێتـە هـۆی هەڵوەشـاندنەوەی ئـەم سیسـتەمە و نەمـانی دەوڵەتـی فیدراڵـی، بـۆ نموونـە ئەگـەر سـەیری ویلایەتـە یەکگرتـووەکانی ئەمریـکا

بکەیـن لـە سـاڵی ١٧٨٧ کـە دەوڵەتـی فیدراڵییـان دامەزرانـد لـەو کات جیاوازییـەکی زۆری کۆمەڵایـەی لـە نێـوان باکـوور و باشـووری ئـەم وڵاتـەدا هەبـوو لەسـەر کێشـەی کویلـەکان. ئەمریـکای باشـوور باوەڕییـان بـە هەبـوونی کویلـەکان هەبـوو و بـە یاساییان کردبـوو، بـەڵام لـە ئەمریـکای باکـوور باوەڕییـان پـێ نەبـوو هەموویـان دژی هەبـوونی کویلـە بـوون، ئـەم کاریگەرییـە هـەر بـەردەوام بـوو تـا لـە ئەنجامـدا وڵاتـەکانی ئەمریـکای باشـوور هەڵوەشـانەوە و بـەرەو دواکەوتـن ڕۆیشـتن و ئەمریـکای باکووریـش بـە پێچەوانـەوە پێشـکەوتن و پەیڕەوکـردنی سیسـتەمی فیدراڵـی هـەر بەردەوامـە تـا ئەمـڕۆ.

**فرەحیزبی:**

بریتییـە لـە هوکارێکـی دیکـەی سـەرکەوتنی سیسـتەمی فیدراڵـی، فرەحیـزبی لـە سیسـتەمی یەکێتـی فیدراڵیـدا یاخـود بـە واتایەکـی دیکـە ئەگـەر لامەرکـەزی سیاسـی لە سـەر بنەمای فرەحیـزبی دامەزرابێـت، ئەمە هۆکارێـکی گرنگـە بـۆ سـەرکەوتنی دەوڵەتـی فیدراڵـی، کـە واتـە گرنگـی خـۆی هەیـە، چونکـە لە ئەزمـوونی مێژووی وڵاتانـدا سـەلمێنراوە تاك حزبی گونجـاو نییـە بـۆ سیسـتەمی فیدراڵـی، وەك یەکێتـی سـۆڤیەتی جـاران، کـە لـە سـاڵی ١٩١٧ تـا ڕوخانی یەکێتی سـۆڤیەت لـە کۆتایی هەشـتاکاندا تەنها حزبـی شـیوعی دەسـەڵاتدار بـوو لـەم وڵاتـەدا هـەر لەبـەر ئـەم هۆکارانە سیسـتەمی فیدراڵـی یەکێتـی سـۆڤیەت کەموکـوڕی زۆری هەبـوو.

ئەگـەر سـەیری ویلایەتـە یەکگرتـووەکانی ئەمریـکا بکەیـن لـە کاتی دامەزرانـدنی سیسـتەمی فیدراڵـی لـەو کات هیـچ حزبێـکی سیاسـی لـەم وڵاتـەدا نەبـوو، ئەمـەش هۆکارێك بوو کـە کەموکـوڕی لـە فیدراڵییەکەیاندا

هەبێـت، بـەڵام لـە دوای دروسـتبوونی دوو حیزبی سیاسـی ڕکابـەری یەکتر، سیسـتەمی فیدراڵـی وڵاتەکەیـان گەشەسـەندنێکی بەرچـاوی بـە خۆیـەوە بینـی. ئـەوەی شـایانی ئاماژەپێکردنە لە ویلایەتە یەکگرتـووەکانی ئەمریکا و کەنـەدا پەیـڕەوی سیسـتەمی دوو حیـزبی دەکرێـت، بـەڵام زۆربـەی وڵاتانی جیهـان بـە تایبەتی وڵاتـانی یەکێتی ئەوڕووپـا و وڵاتانی ڕۆژهـەڵات پەیڕەوی سیسـتەمی فرەحیـزبی دەکـەن وەك ئوسـترالیا و هینـد و ئەڵمانیـا و...تـاد. کـە واتـە ئەو وڵاتانـەی پەیـڕەوی فرەحیزبی دەکـەن، بۆ پێکهێنـانی کابینەی وەزاری، دەتوانـن هاوپەیـمانی (ائتـلاف) لـە پەرلەمانـدا دروسـت بکـەن و زۆرینـەی هاوپەیمانییەکەیـان حکومـەت پێکبێنـن، هەندێـك یـان هەمـوو حیزبـەکان بەشـدار بـن لـە حکومەتـدا، یانیـش ئیئتـلافی زۆرینـە حکومەت پێکبێنـن و حیزبەکانـی دیکـەش بـبن بـە ئۆپۆزسـیۆن. ئـەم شـێوازە زۆر گونجاو و سـەرکەوتوویە، هەروەها لە سویسـراش کە پەیڕەوی سیسـتەمی مەجلسـی دەکات وڵاتەکەیـان پەیـڕەوی فرەحیزبـی دەکات.

## سەرچاوەی ئابووری:

یەکێکـی دیکـە لـە هـۆکارەکانی سـەرکەوتنی سیسـتەمی فیدراڵـی بریتییـە لـە بـوونی سـەرچاوەی ئابـووری پێویسـت، کـە بتوانێـت پێداویسـتییە داراییـەکانی حکومـەتی فیدراڵـی و هەرێمـەکان دەسـتەبەر بـکات. ئـەوەی بوویتـە جێـگای سـەرنجی زانـاکان بریتییـە لـەوەی کـە وڵاتی فیدراڵـی پێویسـتی بـە سـەرچاوەی دارایـی زیاتـر هەیـە، بـۆ دەسـتەبەرکردنی پێداویسـتییە داراییـەکانی هەمـوو هەرێمـەکان، زۆر وڵات هەسـتیان بـەم کەموکورتیـە کـردووە وەك ئەفریقیـای باشـوور و ئوسـترالیا و زۆر وڵاتانــی دیکــەش.

**نزیکی قەبارەی هەرێمەکان لە یەکتر:**

هۆکارێکـی دیکـەی سـەرەکی سـەرکەوتنی وڵاتـانی فیدراڵـی بریتییـە لـە نزیـکی قەبـارەی هەرێمـەکان لەیەکـتری، زۆر وڵاتـانی فیدراڵـی کێشـەی جیـاوازی زۆری قەبـارەی ڕێـژەی دانیشـتوان یـان فـراوانی ڕووبـەری خـاك یـان جیـاوازی لـە سـەرچاوەی داهـات و ئابـووری کێشـەی گـەورە بـۆ وڵاتی فیدراڵـی دروسـت دەکـەن، تەنانـەت لـە ڕووی چۆنیەتـی دابەشـکردنی داهاتەکانیـش. بـە تایبـەتی کێشـەکە لەوەدایـە ئـەو هەرێمـە دەوڵەمەندانـەی سـەرچاوەی داهاتیـان زۆرە، لـە وانەیـە ئـەم هەرێمـە ئامـادە نەبێـت دەسـت لـە داهاتەکانـی خـۆی بـەردات بـۆ حکومـەتی فیدراڵـی تـا بـە شـێوەیەکی دادپەروەرانـە بـە سـەر هەرێمەکانـی دیکـەدا دابـەش بـکات. چەنـد جیـاوازی لـە قەبـارەی داهـات و فـراوانی ڕووبـەری هەرێـم و زۆری ڕێـژەی دانیشـتوانی هەرێمـە جیـاوازەکان کەمـتر بێـت، بـواری یەکگرتـن و مانەوەیـان پێکـەوە لـە دەوڵەتـی فیدراڵیـدا زیاتـر دەبێـت.

## ١٩
## ڕەگەزی یەکگرتن لە دەوڵەتی فیدراڵیدا[١]

هەمیشــە دەوڵەتــی فیدراڵــی بــە دوو ڕێــگا دروســت دەبێــت[٢]:
یەکـەم: وڵاتێـکی ئاسایی دابـەش دەبێـت بـۆ چەنـد (هەرێـم ویلایـەت – کانتون)ێـك کـە بەپێـی دەسـتووری هـەر وڵاتێـك ناوێـکی لـێ دەنێـت لـە چوارچێـوەی دەوڵەتێـکی فیدراڵـی یەکگرتـوودا یـەك بگـرن. نمونـەی ئـەو وڵاتانـەی بـەم ڕێگایـە دروسـتبوون وەك: ڕوسـیای بەڵاشـڤی و یەکێتـی وڵاتــانی ئەمریــکای لاتینــی وەك بەرازیــل و مەکســیك و ئەرجەنتیــن[٣]، کــە هەرێمــەکان ســەروەری و ســەربەخۆی ناوخۆییــان هەیــە، بــەڵام ســەروەری نێودەوڵەتییـان نییـە. ڕێـگای دووەمیـش بریتییـە لـە یەکگرتنی چەنــد وڵاتیــك کــە دەســت لــە ســەروەری دەرەکی خۆیــان بــەردەدەن بــۆ دەوڵەتــی فیدراڵــی لــە چوارچێــوەی ئــەم دەوڵەتــەدا کۆدەبنــەوە بـۆ ئـەوەی حکومەتێـکی فیدراڵـی بەهێـز دروسـت بێـت، تـا بتوانێـت بەرگـری لـە هەمـوو هەرێمـەکان بـکات و لـە بـوارە جۆراوجۆرەکانـدا بـەرەو پێشـەوە ببـات، بـۆ نمونـە ئـەو وڵاتانـەی بـەم ڕێگایـە دروسـتبوون وەك: ویلایەتـە یەکگرتـووەکانی ئەمریـکا و سویسـرا و کەنەدا و ئوسـترالیا.

گرنگتریــن ڕەگــەزەکانی یەکگرتــن لــە دەوڵەتــی فیدراڵیــدا بریتییــە

(١) ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی خەبات ژمارە (٥٨٨٩) لە ٢٠١٩\١٢\١٠ بڵاو بوویەتەوە.
(٢) د. محمـد عمـر مولـود. هەمـان سـەرچاوەی پێشـوو. لا (٣١-٣٤). و لقـمان عمـر حسـین. هەمـان سـەرچاوەی پێشـوو. لا(٣١-٣٢).
(٣) د. محمد کامل لیله. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا١٢٨.

لـە یەکگرتـن لـە دەسـتووری فیدراڵـی، نووسـینی دەسـتووری فیدراڵـی دەبێـت لـە لایـەن پسـپۆڕ و شـارەزایانی بـواری یاسـای دەسـتووری و سیاسـییەکانی گـەل و نەتەوەجیـاوازەکانی وڵات بنووسرێتـەوە بـە شـێوەیەك کـە نوێنەرایـەتی هەمـوو پێکهاتـە و هەرێمـەکانی وڵات بـکات. لـە هەمـان کاتـدا نابێـت هیـچ بڕگـە یـان مادەیـەك لـە دەسـتووری هەریـەك لـە هەرێمـەکان پێچەوانـەی بنەمـەکانی دەسـتووری فیدراڵـی بێـت. ڕەگەزێکـی دیکـەی یەکگرتـن بریتیـە لـە یەکگرتنـی دەسـەڵاتە سـەرەکییەکانی (یاسـادانان و جێبەجێکـردن و دادوەری)ی دەوڵەتـی فیدراڵـی، واتـە ئـەو بڕیـار و یاسـایانەی لـە دادگاکان و پەرلەمـان و حکومـەتی فیدراڵـی تایبـەت بـە هەرێمـەکان دەردەچـن، پێویسـتە ئـەم هەرێمانـە پێـوە پابەندبـن.

دەوڵەتـی فیدراڵـی هاوشـێوەی دەوڵەتـی ئاسـایی لەسـەر سـێ بنەمـای سـەرەکی دامـەزراوە (گـەل، خـاك، سـەروەری)، بـەڵام لـە ڕووی نێودەوڵەتییـەوە تەنهـا حکومـەتی فیدراڵـی خـاوەن سـەروەرییە نـەك هەرێمـەکان. لێـرەدا دەتوانیـن لـە ڕێگـەی دوو دەروازەوە بـاسی ڕەگـەزی یەکگرتـن لـە دەوڵەتـی فیدراڵـی بکەیـن: یەکەمیـان لـە ڕووی نێودەوڵەتـی. دووەمیـان لـە ڕووی ناوخۆییـەوە کـە لـە خـوارەوە باسـیان دەکەیـن:

### یەکەم: لە ڕووی نێودەوڵەتییەوە:

دەوڵەتـی فیدراڵـی لـە ڕووی نێودەوڵەتییـەوە سـێ بنەمـای سـەرەکی لـە خـۆ دەگرێـت: (سـەروەری. ڕەگەزنامـە. هەرێمـەکان)

## سەروەری (دەسەڵاتی سیاسی):

دەوڵەتــی فیدراڵــی کــە لــە چەنــد هەرێمێــك پێكدێــت و ژمــارەی هەرێمــەكان هــەر چەنــد زۆریــش بێــت، بــە هەمــوو هەرێمەكانــەوە لــە ڕووی نێودەوڵەتییــەوە تەنهــا بــە یــەك وڵات دەژمێردرێــت و تەنهــا یــەك هەڵسـوكەوتی نێودەوڵەتــی لەگەڵــدا دەكرێــت ئەویــش لــە ڕێگــەی حكومــەتی فیدراڵییــەوە نــەك هەرێمــەكان، چونكــە تەنهــا حكومــەتی فیدراڵــی خــاوەن ســەروەری دەرەكییــە. لــە هەمــان كاتــدا لــە ڕووی دابەشــبوونی دانیشــتوانەوە بــە ســەر چەنــد هەرێــم و پارێــزگاكانی نەبەســتراو بــە هەرێمــەوە دابــەش دەبێــت، هەمــوو هاووڵاتییەكانیــان لــە ڕووی ناوخۆییــەوە خــاوەن كیــانی سیاســی خۆیانــن و ســەروەری ناوخۆییــان لــە بــوارە جۆراوجۆرەكانــدا هەیــە. هــەر لەســەر ئــەم بابەتــە ئەنــدری هۆریــو دەڵێــت: (دەوڵەتــی فیدراڵــی كۆمپانیــای وڵاتانــە)[1]، چونكــە پەیوەنــدی یاســایی ناوخۆیــی لــە نێوانیانــدا هەیــە، واتــە یاســای دەســتووری وڵاتی فیدراڵــی لەســەرەوەی هەرێمەكانــە.

شــتێكی شــاراوە نییــە كــە دەوڵەتــی فیدراڵــی لــە ســێ ڕوویــەوە یەكگرتــووە، یەكێتــی خــاك یەكێتــی ئابووری و یەكێتی دەســەڵاتی سیاســی. بــەڵام لــە ڕووی نێودەوڵەتییــەوە تەنهــا حكومــەتی فیدراڵــی كاروبــارەكانی نێودەوڵەتــی جێبەجێ دەكات وەك گرێــدان و جێبەجێكردنی ڕێككەوتننامە و پەیماننامــە نێودەوڵەتییــەكان و هەروەهــا بڕیــاردان لــە ســەر شــەڕ و ئاشــتی و دروســتكردنی پەیوەنــدی دیپلۆمــاسی و لــە ئەســتۆگرتنی

(١) اندريـه هوريـو. القانـون الدسـتوري والمؤسسـات السياسـيه. ترجمـه عـلي مقلـد و شـفيق حـداد و عبدالمحسـن سـعد. الاهليـه للنـشر والتوزيـع. بـيروت. ١٩٧٤. ص١٥٢.

بەرپرسیاریەتی نێودەوڵەتـی. لـە هەمـان کاتـدا هەندێـك لـە زانـاکان وەك د. حەسـەن ئەلچەلەبـی دەڵێـت: (حکومـەتی هەرێمـەکان بـە تـەواوەتی لە کەسـایەتی نێودەوڵەتـی دانابڕێـن، تـا بێبـەش بکرێـن لـە سـیفەتی دەوڵەت لـە بـواری نێودەوڵەتیـدا)[1]. هەرێمەکانیـش تا ئاسـتێك دەتوانـن لە ڕووی نێودەوڵەتییـەوە، هەندێـك ڕێککەوتننامـەی بچـوك لە گەل وڵاتـان ئەنجام بـدەن وەك ڕێکخسـتنی کاروبـارەکانی سـنوور لـە گـەل وڵاتـانی جیـران لـە ڕووی بـازرگانی و گومـرگ و ترانزێـت و ... تـاد. هـەر لەسـەر ئـەم بنەمایـە (مارسـیل پریلـوت) دەڵێـت: فیدراڵییـەت کۆکـەرەوەی وڵاتانـە[2]. ئەگـەر سـەیری وڵاتـانی فیدراڵـی بکەیـن دەبینیـن هـەر وڵاتێـکی فیدراڵـی لـە دوو جـۆرە هاووڵاتـی پێکدێـن، یەکەمیـان: هاووڵاتـی دەوڵەتـی فیدراڵـی کـە هاووڵاتـی هەمـوو هەرێمـەکان دەگرێتـەوە. دووەمیـان: هاووڵاتییـانی هەریـەك لـە هەرێمـەکان. هەر لەسـەر ئەم بنەمایە دەسـەڵاتی یاسـادانانی فیدراڵـی لـە دوو ئەنجومـەن پێکدێـت، ئەنجومـەنی فیدراڵـی و ئەنجومەنی هەرێمـەکان، ئەنجومـەنی فیدراڵـی بە پەرلەمـانی فیدراڵی نـاسراوە، هەموو هەرێمـەکان بەتێکـڕا دەنـگ بـۆ هەڵبـژاردنی ئەندامـانی ئـەم ئەنجومەنـە دەدەن، بـەڵام ئەنجومـەنی هەرێمـەکان کـە لـە زۆر وڵات بـە ئەنجومـەنی پیـران نـاسراوە، هـەر هەرێمێك بە شـێوەیەکی یەکسـان، یان بەپێـی ڕێژەی ژمـارەی دانیشـتوان ئەنـدام دەنێرێتـە ئـەم ئەنجومەنـە.

---

(١) حسن الجابي. القانون الدولي العام. ص٢٣٥.

(٢) د. زهـير شـكر. الوسـيط في القانـون الدسـتوري. الجـزء الاول. القانـون الدسـتورى والمؤسسـات السياسـيه والـدول الكـبرى. المؤسسـه الجامعيـه للدراسـات والنـشر والتوزيـع. بـيروت. الطبعـه الثالثـه. ١٩٩٤. ص٦١.

## یەکێتی ڕەگەزنامە:

هاووڵاتییانی حکومەتی فیدراڵی و هەموو هەرێمەکان تەنها یەك ڕەگەزنامەیان هەیە ئەویش ڕەگەزنامەی حکومەتی فیدراڵییە. ئەمەش وادەگەیەنێت کە تەنها حکومەتی فیدراڵی خاوەن سەروەرییە، لە هەمان کاتدا ئەمەش واناگەیەنێت کە حکومەتی فیدراڵی سەروەرییەکی ڕەهای هەبێت، چونکە ناکرێت سەروەری ڕەهای حکومەتی فیدراڵی و یەکێتی ڕەگەزنامە بە یەکەوە گرێ بدرێت، بەڵکو ڕەگەزنامەی یەکگرتوو بریتییە لە سروشتی دەوڵەتی فیدراڵی[1].

ئەگەر سەیری وڵاتی سویسرا بکەین کە وڵاتێکی فیدراڵییە، هاووڵاتییانی هەموو ویلایەتەکانی ئەم وڵاتە تەنها یەك ڕەگەزنامەیان هەیە ئەویش ڕەگەزنامەی سویسرییە, لێرەدا پێویستە جیاوازی بدەینە نێوان ڕەگەزنامە و هاووڵاتیبوون، بۆ نمونە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هاووڵاتییانی هەموو ویلایەتەکان تەنها ڕەگەزنامەی ئەمریکییان هەیە، بەڵام دەکرێت هاووڵاتی هاوکات لەگەڵ ڕەگەزنامەی ئەمریکی نشینگەی چەند هەرێمێکی هەبێت و هاووڵاتی چەند ویلایەتێك بێت، واتە لە هەمان کاتدا هاووڵاتی بنسلڤانیا و ڤیرجینیا و نیویۆرك بێت، واتە هاووڵاتی زیاتر لە یەك ویلایەتە، بەڵام تەنها ڕەگەزنامەی ئەمریکای هەیە. ئەم شێوازەی هاووڵاتیبوون لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و سویسرا و ئوستراليا و زۆر وڵاتانی دیکە.... بەم شێوەیە. لە لایەکی دیکەوە هەر هاووڵاتییەکی بیانی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەدایك

---

(١) محمد عمر مولود. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا(١٠٧-١٠٨).

بێـت ڕاسـتەوخۆ ڕەگەزنامـەی ئەمریـكی پـێ دەدرێـت، سـەرەڕای ئـەوەی لــە هــەر ویلایەتێــك لــە ویلایەتــەكانی ئەمریــكا لەدایــك بووبێــت.

لـە دەوڵەتـی فیدراڵیـدا هەمـوو هەرێمـەكان تەنها یـەك ڕەگەزنامەیان هەیـە، ئەویـش ڕەگەزنامـەی دەوڵەتـی فیدراڵییـە، بـۆ نمونـە لـە ویلایەتـە یەكگرتــووەكانی ئەمریــكا ویلایەتــەكان دەتوانــن هەمــوو مافێــك بــەو بیانیانـە بـدەن ئەوانـەی نشـینگەیان لـەم ویلایەتـە هەیـە، واتـە ئەوانـەی هاووڵاتــی ئــەم ویلایەتــەن، وەك مافــی دنگــدان و مافــی وەرگرتنــی پۆســتی فەرمانبەرێتــی گشــتی و مافــی بەناوكــردنی مولــك و مــاڵ و ...تـاد، بـەڵام ئەمانـە بـە هاووڵاتـی ئەمریـكی هەژمـار ناكرێـن، چونكـە ڕەگەزنامــەی ئەمریكییــان نییــە، واتــە ویلایەتــەكان ناتوانــن ڕەگەزنامــە بـە بیانییـەكان بـدەن، تەنهـا حكومـەتی فیدراڵـی دەتوانێـت ڕەگەزنامـەی ئەمریـكی بـە بیانییـەكان بـدات، چونكـە ویلایەتـەكان تەنهـا مافـی پێـدانی نشـینگەیان هەیـە[1].

## یەكێتی هەرێمەكان:

بـە گشـتی هەرێـم یەكێكـە لـە سـێ كۆلەگـە سـەرەكییەكانی دەوڵـەت، چونكـە هـەر وڵاتێـك لـە( خـاك و گـەل و دەسـەڵات) پێكدێـت، تەنانـەت ئەگـەر ئـەم وڵاتـە پەیـڕەوی هـەر جـۆرە سیسـتەمێكی حوكمڕانـی بـكات. یەكێتـی هەرێـم لـە دەوڵەتـی فیدراڵیـدا بـە هەمـان شـێوە سـەرەكیترین بنەمــای دەوڵەتــی فیدراڵییــە، ســەرەڕای ئــەوەی ئــەم هەرێمــە لــە ڕووی ناوخۆییــەوە دابــەش بــووە بــۆ چەنــد قەوارەیــەكی دەســتووری

(١) شــافعي محمــد بشــير. القانــون الدســتوري وانظــم السياســيه السودانســه. هەمــان ســەرچاوەی پێشــوو. ل١٢٢.

و یاسـایی بـە پەیڕەوکـردنی دەسـەڵاتە سـەرەکییەکان، بـەڵام ئەگـەر هـەر دوژمنکارییـەك بکرێتـە سـەر هەریەکێـك لـە هەرێمـەکان، ئـەوە دوژمنکارییـە بـۆ سـەر حکومـەتی فیدراڵـی، چونکـە وڵاتـانی بیـانی وەکـو یـەك دەوڵـەت سـەیری دەوڵەتـی فیدراڵـی دەکـەن، تەنانـەت ئەگـەر لەیـەك یـان لـە چەنـد هەرێـم یـان ویلایـەت یـان لـە چەنـد کۆمارێـکی یەکگرتـوو پێکهاتبێـت.

## دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان لە ڕووی نێودەوڵەتییەوە:

ئـە گـەر سـەیری هەرێمـی کوردسـتان بکەیـن کـە هەرێمێکـە لـە دەوڵەتـی فیدراڵـی عێـراق، ئـەم هەرێمـە هەندێـك تایبەتمەنـدی تایبـەتی هەیـە کـە ئـەم تایبەتمەندییانـە لـە کـەم وڵاتـانی فیدراڵـی جیهانـدا بـەدی دەکرێـت، بـۆ نموونـە لـە هـەر هەرێمێکـی فیدراڵـی وڵاتـانی جیهـان ئەگـەر هـەر دوژمنکارییـەك کرایـە سـەر هـەر هەرێمێـکی فیدراڵـی، ئـەرکی حکومـەتی فیدراڵییـە لـە هەمـوو ڕوویەکـەوە بەرگـری لـەم هەرێمـە بـکات، چونکـە بەپێـی بنەمـاکانی یاسـای نێودەوڵەتـی ئـەم دوژمنکارییـە بـۆ سـەر خـودی دەوڵەتـی فیدراڵییـە سـەرەڕای ئـەوەی ئـەم دوژمنکارییە لـە هـەر سـوچێکی هەرێمێـکی درایکـراو بێـت. کـە واتـە لـە کوردسـتان بـە دەیـان پێشـێلکاری سـنووری و دەسـتێوەردانی نێودەوڵەتـی و دوژمنـکاری لـە لایـەن هـەردوو وڵاتی ئێـران و تورکیـا دەکرێنـە سـەر هەرێمـی کوردسـتان بەبـێ ئـەوەی هیـچ نارەزایەتییـەك یـان هیـچ بەرگرییـەك یـان هەڵوێسـت وەرگرتنێـك لـە لایـەن حکومـەتی فیدراڵـی عێراقـەوە ئەنجام نادرێـت کـە ئـەرکی سـەرۆك وەزیـرانی عێراقـە ڕاسـتەوخۆ بەرگـری لـە وڵاتی فیدراڵـی بـکات لـە هـەر دەسـتێوەردانێکی نێودەوڵەتـی و لـەکاتی

پێویستدا هەڵوێست وەرگرێت، چونکە بەپێی دەستوور ئەو سەرۆکی هێزە چەکدارەکانە.

بە گشتی لە وڵاتانی فیدراڵیدا بەستنی ڕێککەوتننامەی ئابووری نێودەوڵەتی زۆر گەورە و درێژخایەن لەگەڵ وڵاتان و گەورە کۆمپانیاکانی جیهان لە لایەن حکومەتی فیدراڵییەوە ئەنجام دەدرێت، لە ژێر چاودێری و سەرپەرشتی سەرۆك وەزیران و سەرۆکی وڵاتدا دەبێت، بەڵام لە هەرێمی کوردستان زۆر لەم جۆرە ڕێککەوتننامە و گرێبەستانە لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە ئەنجام دراون بەبێ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ بەغدا. هۆکاری ئەم بەهێزییەی پێگەی هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ بەهێزی ناوەڕۆکی دەستووری عێراق لەبەرژەوەندی کورددا. چونکە لە دەستووردا ئەم دەسەڵاتە زۆرانە گەڕاونەتەوە بۆ هەرێمی کوردستان. لە وانەیە لە دەستووردا باسی زۆر لەم حاڵەتانە نەکردبێت، بەڵام ئەو شێوازەی ئەم دەستوورەی پێ نووسراوەتەوە ئەو شێوازەیە کە پسپۆرییەکانی دەستووری فیدراڵی دیاری کراون و پسپۆرییەکانی هەرێمەکان پسپۆری گشتین، بەپێی ئەم بنەما دەستوورییە ئەو پسپۆرییانەی لە دەستووردا باس نەکراون یاخود لە نوێ دروست دەبن لە دەسەڵاتی هەرێمەکان دەبێت، کە واتە بەپێی ئەم ڕێگایە پسپۆرییەکانی حکومەتی فیدراڵی دیاریکراو دەبێت و پسپۆری حکومەتی هەرێمی کوردستان فراوان، هەروەك لە مادەی ١١٥ی دەستووری عێراقدا ئاماژە پێکراوە.

## دووەم: ڕەگەزی یەکگرتن لە ڕووی ناوخۆییەوە

ڕەگـەزی یەکگرتـن لـە دەوڵەتـی فیدراڵیـدا لـە هەرسـێ دەسـەڵاتە سـەرەکییەکانی وڵاتـدا هەیـە، دەسـەڵاتی یاسـادانان (پەرلەمـان)، و دەسـەڵاتی جێبەجێکـردن (حکومـەت) و دەسـەڵاتی دادوەری، بـەڵام پێویسـتە دەسـەڵاتی دادوەری سـەربەخۆ بێـت لـە هـەردوو دەسـەڵاتی دیکـە، بـۆ ئـەوەی بێلایـەنی خـۆی بیسـەلمێنێت و بـە شـێوەیەکی دادپەروەرانـە کار بـکات. لـە مـادەی ٤٧ی دەسـتووری عێـراق ئامـاژەی بـە دەسـەڵاتەکانی فیدراڵـی کـراوە کـە پێـك دێـت لـە دەسـەڵاتی یاسـادانان و جێبەجێکـردن و دادوەری و پسـپۆرییەکانیان لەسـەر بنەمـای لێکجیاکردنـەوەی دەسـەڵاتەکان جێبەجـێ دەکرێـت. لـە خـوارەوە بـاسی هـەردوو دەسـەڵاتی یاسـادانان و جێبەجێکـردن دەکەیـن:

### دەسەڵاتی یاسادانان:

لـە زۆربـەی وڵاتـە فیدراڵییـەکان دەسـەڵاتی یاسـادانان لـە دوو ئەنجومـەن پێکدێـت:

**یەکەمیـان:** پێـی دەڵێـن ئەنجومـەنی بـاڵا کـە لـە هـەر وڵاتێـك ناوێـکی لـێ دەنێـت وەك ئەنجومـەنی پیـران یـان ئەنجومـەنی هەرێمـەکان یـان ئەنجومـەنی فیدراڵـی، کـە هـەر هەرێمێـك نوێنـەرانی خـۆی بەپێـی ڕێـژەی دانیشـتوان دەنێرێتـە ئـەم ئەنجومەنـە وەك ئەڵمانیـای یەکگرتـوو و هینـد و کەنـەدا، هەروەهـا هەندێـك وڵاتی فیدراڵـی هـەر ویلایەتێـك بـە شـێوەیەکی یەکسـان نوێنەرەکانیـان دەنێرنـە ئـەم ئەنجومەنـە وەك ویلایەتـە یەکگرتـووەکانی ئەمریـکا هـەر هەرێمێـك دوو ئەنـدام دەنێریتـە

ئەنجومـەنی پیـران، هەرێمـەکانی مەکسـیك و ئەرجەنتینیـش ژمارەیـەکی یەکسـان ئەندامەکانیـان دەنێرنـە ئـەم ئەنجومەنـە[1].

**دووەمیـان:** ئەنجومـەنی گشـتی کـە نوێنەرەکانیـان لـە سەرانسـەری وڵات، ڕاسـتەوخۆ و بـە هەڵبژاردنێـکی ئـازاد و نهێنی نوێنەرەکانیـان هەڵدەبژێرن، ئەمـەش لـە هـەر وڵاتێـك بەپێـی دەسـتوورەکەیان ناوێـك لـێ دەنێـن وەك ئەنجومـەنی گشـتی یـان ئەنجومـەنی نوێنـەران یـان پەرلەمان...تـاد.

گرنگیبـوونی دوو ئەنجومـەنی یاسـادانان لەدەوڵەتـی فیدراڵیـدا، بـۆ ئەوەیـە تـا دەسـەڵاتی فیدراڵـی نەتوانێـت تاکـڕەوی خـۆی بـە سـەر هەرێمەکانـدا بیسـەپێنێت، یاخـود لایـەنی بـراوەی هەڵبژاردنـەکانی ئەنجومـەنی فیدراڵـی نەتوانێـت یاسـاکان بەپێـی بەرژەوەنـدی لایەنێـکی دیاریکـراو دەرکات و بـە سـەر لایەنەکانـی دیکـەدا بیسـەپێنێت، بـە گشـتی ئەنجومـەنی بـاڵا زیاتـر بەرگـری لـە مـاف و بەرژەوەندییـەکانی هەرێمـەکان دەکات. زۆربـەی دەسـتوورەکانی وڵاتـانی فیدراڵـی ئـەم دوو ئەنجومەنـەی لـە یـەك ئاسـتی بـاڵای یاسـاداناندا دانـراون، واتە دەسـەڵاتی یاسـادانانی فیدراڵـی هـەر یاسـایەك دەرکات پێویسـتە بـە ڕەزامەنـدی هەریـەك لـەم دوو ئەنجومەنـە بێـت، واتـە هـەر یاسـایەك ڕەزامەنـدی یەکێـك لـەم دوو ئەنجومەنـەی لەسـەر نەبێـت نابێـت دەربکرێـت[2]. نمونـەی ئـەو وڵاتانـەی کار بـە دوو ئەنجومـەنی یاسـادانان دەکـەن، وەك: ویلایەتـە یەکگرتـووەکانی ئەمریـکا و یەکێتـی سـۆڤیەتی جـاران

(١) ازهار هاشم احمد. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا١٦٥.

(٢) د. حافـظ علـوان حـمادي الدليمـي. النظـم السياسـيه في الاوربـا الغربيـه والولايـات المتحـده الامريكيـه. وائـل للنـشر والتوزيـع. عـمان بـدون سـنه نـشر. ص٢٦٣. و د. محمـد كامـل ليلـه. هەمـان سـەرچاوەی پێشـوو. لا ١٣٨.

و سویســـرا و ئەرجەنتیــن و کەنــەدا و بەرازیــل و یوغســڵافیا[1]، بــەڵام دەستووری هەندێك وڵات زیاتر گرنگی بە ئەنجومەنی گشتی دەدەن، وەك ئەڵمانیا لە دەستووری ١٩١٩ و دەستووری ١٩٤٩ و، دەستووری هەریەك لە ئوستراليا و کەنەدا. بوونی دوو ئەنجومەن ڕەگوڕیشەی بنەماکانی فیدراڵییەت لەوڵاتدا بەهێزتر و توکمەتر دەکات.

لە مادەی ٤٨ی دەستووری عێراقدا هاتووە کە دەسەڵاتی یاسادانانی عێراق لە دوو ئەنجومەن پێکدێت ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی فیدراڵی. لە دوای پەسەندکردنی دەستوور ئەنجومەنی نوێنەران دامەزراوە و هەموو پسپۆرییەکانی دیاری کراون، بەڵام تا ئێستا ئەنجومەنی فیدراڵی دانەمەزراوە. لە مادەی ٦٥ی دەستووردا پێکهاتە و شێوازی دامەزراندنی ئەنجومەنی فیدراڵی دیاریکراوە، بەڵام هێشتا پسپۆرییەکانی دیاری نەکراوە کە ئەم ئەنجومەنە هاوشێوەی ئەنجومەنی پیران دەبێت لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

## دەسەڵاتی جێبەجێکردن:

دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە دەوڵەتی فیدراڵیدا پێکدێت لە سەرۆکی وڵات (سەرۆك کومار یان پاشا) و، ئەنجومەنی وەزیران وەك وڵاتانی یەکێتی سۆڤیەت و هیند و ئوستراليا و کەنەدا و سویسرا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و زۆر وڵاتانی دیکە. ئەوەی شایانی ئاماژەپێکردنە سیستەمی فیدراڵی لە ڕووی پراکتیکییەوە دەکرێت لەگەڵ هەریەك لە سیستەمەکانی (پەرلەمانی و سەرۆکایەتی و مەجلسی) جێبەجێ بکرێت.

---

(١) سعد عصفور. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا ٢٧٥.

بـۆ نمونـە ویلایەتـە یەکگرتـووەکانی ئەمریـکا وڵاتێـکی فیدراڵییـە و پەیـڕەوی سیسـتەمی سـەرۆکایەتی دەکات. لـەم وڵاتـەدا دەسـەڵاتی جێبەجێکـردن لـە سـەرۆك کۆمـار و وەزیـرەکان پێکدێـت کـە سـەرۆك کۆمـار ڕاسـتەوخۆ سەرپەرشـتییان دەکات، هیـچ ئەنجومەنێـکی وەزیرانیان نییـە، هەروەهـا سـەرۆك کۆمـار وەزیـرەکان و گـەورە بەرپرسـانی وڵات وەك دادوەرەکانی دادگای بـاڵای فیدراڵـی بـە ڕاوێـژ لەگـەڵ ئەنجومـەنی پیـران دیـاری دەکات و ڕەزامەندیـان لـە سـەر دەدات.

ئەڵمانیـا و بەریتانیـا دوو وڵاتی فیدراڵیـن، یەکەمیـان کۆمـاری و ئـەوی دیکـەش پاشـایەتی، هەردووکیـان پەیـڕەوی سیسـتەمی پەرلەمـانی دەکـەن و لـە هـەردوو وڵاتـدا دەسـەڵاتەکانی سـەرۆکی وڵات (سـەرۆك کۆمـار و پاشـا) تەشریفاتیـن، کـە بـە عەرەبـی پێـی دەڵێـن (یسـود ولایحکـم) لـە هـەردوو وڵاتـدا سـەرۆك وەزیـران دەسـەڵاتی باڵایـان هەیـە لـە بەڕێوەبـردنی وڵات، لـە ئەڵمانیـا پێـی دەڵێـن ڕاوێـژکار کـە سـەرۆکی ئەنجومـەنی وەزیرانـە و لـە بەریتانیـاش پێـی دەڵێـن سـەرۆك وەزیـران.

سویسـرا وڵاتێـکی فیدراڵییـە و پەیڕەوی سیسـتەمی مەجلسـی دەکات، دەسـەڵاتی جێبەجێکـردن لـەم وڵاتـەدا لـە حـەوت ئەنـدام پێکدێـت کـە کۆمەڵـەی فیدراڵـی ئـەم حـەوت وەزیـرە دادەنێـت بـۆ مـاوەی چـوار سـاڵ، ئـەم ئەنجومەنـە سـەرۆکێك لـە نـاو خۆیانـدا هەڵدەبژێردرێـت بـۆ مـاوەی یـەك سـاڵ بـە شـێوەی دەوری، سـەرۆك تەنهـا دەسـەڵاتی یـەك ئەندامـی هەیـە هـەر بڕیارێـك بدرێـت دەبێـت بەپێـی زۆرینـەی ئـەم ئەندامانـە بێـت. دەسـەڵاتی جێبەجێکـردن لـە دەوڵەتـی فیدراڵیـدا بەپێـی دەسـتوور یاسـاکانی فیدراڵـی جێبەجـێ دەکات. لـە هەمـوو هەرێمەکانـدا

دەسـەڵاتی جێبەجێکـردن ئـەرکی کارگێـڕی دەگرێتـە ئەسـتۆ ئەمـەش وادەگەیەنێـت یەکگرتـن لـە دەسـەڵاتی جێبەجێکـردنی فیدراڵیـدا هەیـە. هەمیشـە حکومـەتی فیدراڵـی کاروبـارەکانی کارگێـڕی بـە یەکێـك لـەم شـێوازانەی خـوارەوە جێبەجـێ دەکات[1]:

- شێوازی بەڕێوەبردنی ڕاستەوخۆ.
- شێوازی بەڕێوەبردنی ناڕاستەوخۆ.
- شێوازی بەڕێوەبردنی تێکەڵ.

شـێوازی هەڵبـژاردنی سـەرۆکی وڵات لـە وڵاتی فیدراڵیـدا بەپێـی دەسـتووری وڵات دەگۆڕێـت، هەمیشـە لـە سیسـتەمی سـەرۆکایەتیدا سـەرۆکی وڵات ڕاسـتەوخۆ لـە لایـەن هاووڵاتییانـەوە هەڵدەبژێردرێـت، کـە بـەم شـێوەیە پێگـەی سـەرۆك بەهێزتـر دەبێـت[2]. بـەڵام لـە سیسـتەمی پەرلەمانیـدا بـە زۆری سـەرۆکی وڵات لـە نـاو پەرلەمانـدا هەڵدەبژێردرێـت، بـە زۆریـش دەسـەڵاتەکانی تەشریفاتیـن. بەپێـی دەستووری ئەڵمانیـای سـاڵی ١٩٤٩ سـەرۆکی وڵات لـە لایـەن ئەنجومـەنی فیدراڵییـەوە هەڵدەبژێردرێت، هەروەهـا بەپێـی مـادەی ٦٣ی دەسـتوور پەرلەمـانی ئەڵمانیـا بـە هـەردوو ئەنجومەنـەوە سـەرۆکی ئەنجومـەنی وەزیـران هەڵدەبژێـرن کـە پێـی دەڵێـن ڕاوێـژکاری فیدراڵـی، بەپێـی مـادەی ٦٤ سـەرۆکی وڵاتیـش وەزیـرەکان دادەمەزرێنێـت لەسـەر داوای سـەرۆك وەزیـران.

---

(١) بۆزانیـاری زیاتـر بگەڕێـوە د. محمـد عمـر مولـود. هەمـان سـەرچاوەی پێشـوو. لا (١١٦-١١٨).

(٢) د. عبدالحمید متولي. القانون الدستوری والانظمه السیاسیه. ص٢٦٧.

## ٢٠
## کۆتاییهێنان بەدەستوور[١]

زانـاکانی بـواری یاسـای دەسـتووری ڕێـگاکانی کۆتاییهێنـان بەدەسـتووریان دابـەش کـردووە بـۆ دوو ڕێـگای سـەرەکی[٢]: ڕێـگای ئاسـایی و(یاسـایی) و ڕێـگای نـا ئاسـایی (بـە شـۆڕش یـان کۆدەتـا)، واتـە دەتوانییـن بڵێیـن ڕێـگای دیموکـراتی و نادیموکـراتی بـە گشـتی دەسـتوور لـە ڕووی هەموارکردنـەوە دوو جـۆرە دەسـتووری بەسـتەڵەك و دەسـتووری نـەرم. کـە ئێمـە دەڵێیـن کۆتاییهێنـان بـە دەسـتوور واتـە مەبەسـتمان تەنهـا دەسـتوورە بەسـتەڵەکەکان و هەمیشـەییەکانە و، دەسـتووری نـەرم و کاتی ناگرێتـەوە، چونکـە دەسـتووری نـەرم لـە ڕێگـەی دەسـەڵاتی یاسـادانانەوە دەکرێـت زۆر بـە ئاسـانی هەمـوار بکرێـت یـان کۆتایـی پێبهێنرێـت، چونکـە هەموارکـردنی دەسـتووری نـەرم بـە هەمـان ئـەو دەسـەڵاتە هەمـوار دەکرێـت کـە یاسـا ئاسـاییەکان دەردەکات، واتـە پەرلەمـان. دەسـتووری بەسـتەڵەك بـە ڕێـگای جیـاواز و سـەخت هەمـوار دەکرێـت یـان کۆتایـی پـێ دەهێنرێـت، زۆربـەی دەسـتووری وڵاتـان بـە تایبـەتی وڵاتـە دیموکـراتی و پێشـکەوتووەکان لـە نـاو خـودی دەسـتووردا مادەیـەکی تایبـەت هەیـە بـاس لـە شـێوازی هەموارکـردنی

(١) ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی خەبات ژمارە (٥٨٩٤) لە ٢٠١٩\١٢\١٧ بڵاو بوویتەوە.

(٢) د. محمـد احمـد ابراهیـم المسـلماني. هەمـان سـەرچاوەی پێشـوو. لا١٥٠. و د.عبدالکریـم علـوان هەمـان سـەرچاوەی پێشـوو. لا٣٢٥. و د. نزیـە رعـد. هەمـان سـەرچاوەی پێشـوو. لا٩٧.

دەستوور دەكات، بەڵام لە دەستووری بەستەڵەكدا زۆر كەم ئاماژە بە هەڵوەشاندنەوە یان كۆتاییهێنانی دەستوور دەكات، بۆ نمونە لە دەستووری كۆماری فەرەنسای ساڵی ١٨٧٥ ئاماژەی بە كۆتاییهێنان بە دەستووری كردووە[1]. لە دەستووری ئێستای عێراقدا، واتە دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ بە هەمان شێوە لە هەردوو مادەی ١٢٦ و ١٤٢دا باس لە شێوازی هەمواركردنی ئەم دەستوورە دەكات و ئەو ڕێگایانەی دیاری كردووە كە ئەم دەستوورە پێ هەموار دەكرێت، بەڵام هیچ مادەیەك لە ناو ئەم دەستوورەدا نییە كە باس لە كۆتاییهێنانی دەستوور بكات. دەستووری ئێستای عێراق دەستوورێكی بەستەڵەكە و ئەو ڕێگایانەی ئەم دەستوورە پێ هەموار دەكرێت ڕێگای زۆر سەختن و هەمواركردن بە قۆناغی سەختدا تێدەپەڕێت، هەمیشە دەستووری وڵاتانی فیدراڵی دەستووری بەستەڵەكن، چونكە هەر وڵاتێكی فیدراڵی لە پێكهاتە و نەتەوە و ئایینی جیاواز پێكدێت، بۆ ئەوەی هیچ پێكهاتەیەك نەتوانێت دەستوور بەپێی بەرژەوەندی خۆی و حیزبەكەی هەموار بكات بەبێ لە بەرچاوگرتنی بەرژەوەندی لایەنەكانی دیكە.

دەستوورەكان لە ڕووی دارشتنەوە دوو جۆرن، دەستووری كاتی و دەستووری هەمیشەیی، لەو كاتەی بارودۆخی وڵات ناجێگیرە یاخود لە دوای شۆڕش یان كۆدەتاكان هەندێك لە وڵاتان دەستوورێكی كاتی دەنووسنەوە بۆ قۆناغێكی ڕاگوزەر، وەك یاسای بنەڕەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە لە سەردەمی (پول برێمەر) لەساڵی ٢٠٠٣، تا

(١) د.عبدالكريم علوان هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل٣٢٥.

عێراق لە ساڵی ٢٠٠٥ دەستوورێکی هەمیشەییان نووسییەوە. ئەگەر سەیری ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق بکەین لە دوای ڕوخانی ڕژێمی پاشایەتی لە ساڵی ١٩٥٨ تا ساڵی ٢٠٠٣، چەندین دەستووریان نووسییەوە هەموویان دەستووری کاتی بوون و هەمووشیان لە ڕووی هەموارکردنەوە لە جۆری دەستووری نەرم بوون، واتە هەر گۆڕانکاری یان هەموارکردنێك بە ڕێگای دەسەڵاتی یاسادانانەوە بە دەرکردنی یاسا ئاساییەکانەوە ئەنجام دەدرا. بەڵام ڕژێمەکانی ئەوسای عێراق لەبەر ئەوەی هەموو سەرۆکەکانیان کەسانی سەربازی بوون و هەمووشیان دەسەڵاتێکی عەسکەرتارییان بەڕێوەدەبرد، هیچ گوێیان بە دەستوور و یاسا و ڕێساکان نەدەدرا، هەرچەندە دەستوورەکانیشیان دەستووری ناتەواو پڕ لە کەموکوڕی بوون، ڕەچاوی هەموو ماف و ئازادییەکانی تاك نەکردبوو بە تایبەتی مافی گەل و نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی عێراق پشتگوێ خرابوون. بە شێوازێکی نادیموکراتی هەموو بڕیارەکانیان بەپێی مەزاج و بەرژەوەندی خۆیان دەدا لە ڕێگەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی بەناو شۆڕش (مجلس قیادة الثورة).

لە پرۆسەی کۆتاییهێنان بە دەستوور ئەوەی گرنگە ئایا کەی و لە چ کاتێکدا وڵات پەنا بۆ هەموارکردن یان کۆتاییهێنان بەدەستوور دەبات؟ بە تایبەتی لە وڵاتە دیموکراتەکان؟ لە وەڵامدا دەتوانیین بڵێین هەر کاتێ بوشایی لە نێوان دەقەکانی دەستوور و واقعی کردەیی وڵاتدا دروست بوو، ئەو کات پەنا بۆ هەموارکردن یان کۆتاییهێنان بەدەستوور دەبرێت، واتە ئەو کاتەی هاووڵاتیان هەستییان پێکرد کە ئەم دەستووره پێداویستییەکانیان و ماف و ئازادییەکانیان

دەستەبەر ناکات[1]، لەبەر ئەو گۆڕانکارییە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییانەی لە وڵاتدا ڕوودەدەن، چونکە هەموارکردنی دەستوور بریتییە لە پڕکردنەوەی ئەو کەلێنەی لە نێوان دەستوور و واقعی کردەیی و سیاسی وڵاتدا دروست دەبێت. تا چارەسەری هەموو ئەم قەیرانە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییانە بکات، یاخود لەو کاتەی شەڕی چەکداری و دوژمنکاری ڕوو لە وڵات دەکات و مەترسی دەکەوێتە سەر وڵات و دامودەزگا دەستوورییەکان، لە وانەیە لەو کات سەرۆکی وڵات یان دەزگایەکی دیکە دەسەڵاتی تایبەت بەکاربێنێت و گوێ بە دەستور نەدات. بەم شێوازە دەگوترێت ڕاگرتنی دەستوور، نەك کۆتاییپێهێنان، واتە کار بە دەستوور ناکرێت بۆ ماوەیەکی دیاریکراو تا بارودۆخەکە دەگەڕێتەوە بۆ باری ئاسایی جاران، ڕاگرتنی دەستوور بە شێوەیەکی فەرمی لەو کاتەدا دەکرێت دەقێك بۆ ئەم بارودۆخانە لە ناو خودی دەستووردا هەبێت کە ئاماژە بەمە بکات، وەك مادەی ١٠٨ی دەستووری بەحرینی ساڵی ١٩٧٣ و مادەی ٩٦ی دەستووری جەزائیری ساڵی ١٩٩٦ کە دەقەکەی بەم شێوەیە بوو: (ئەم دەستوورە لەکاتی هەڵگیرسانی جەنگدا ڕادەگیرێت و سەرۆك کۆمار هەموو دەسەڵاتەکان بەڕێوەدەبات)[2]، ئەوەشمان لەبیر نەچێت لەم حاڵەتانەدا پێشێلکاری زۆر لە بواری مافی مرۆڤدا دەکرێت بە تایبەتی لەکاتی پەیڕەونەکردنی یاساگشتییەکانی جەنگ. ئەم

---

(١) د. محمد احمد ابراهيم المسلماني. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا١٥٠. و د.عبدالكريم علوان هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا٣٢٥. و د. نزيه رعد. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا٩٧.

(٢) د. حميد حنون خالد. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا١٩٢.

جـۆرە دەقانـە بـە زۆری لـە وڵاتـانی دواکەوتـوو و توتالیتـاری بەکاردێـن.

هەروەهـا ڕاگرتنـی دەسـتوور بـە کردەیـی لـەو کاتانـەدا ڕوودەدات کـە سـەرۆکی وڵات یـان دەسـەڵاتی جێبەجێکـردن گـوێ بـە بنەمـاکانی دەسـتوور نـەدات و کاری نادەسـتووری ئەنجـام بـدات لەئەنجامـدا هەندێـك بنەمـای دەسـتووری ڕادەگیرێـن و کاریـان پـێ ناکرێـت، بـۆ نمونـە وەك مـادەی ١٤٠ی دەسـتووری ئێسـتای عێـراق، پێویسـت بـوو ئـەم مادەیـە تـا کۆتـای سـاڵی ٢٠٠٧ بـە تـەواوی جێبەجـێ بکرێـت، بـەڵام لەبـەر دژایەتیکـردنی هەرێمـی کوردسـتان لـە لایـەن دەسـەڵاتی جێبەجێکـردنی فیدراڵـی، تـا ئێسـتاش ئـەم مادەیـە جێبەجـێ نەکـراوە. بـە گشـتی کۆتاییهێنـان بەدەسـتوور بـە دوو ڕێـگای ئاسـایی و یاسـایی و ڕێـگای نائاسـایی واتـە بـە شـۆڕش و کودەتـا ئەنجـام دەدرێـت[1]، لـە خـوارەوە بەکـورتی باسـی دەکەیـن:

## یەکەم: کۆتاییهێنانی دەستوور بە ڕێگای ئاسایی (یاسایی):

بەپێـی ئـەم ڕێگایـە دەکرێـت کۆتایـی بـە دەسـتووری وڵات بهێنرێـت و کار بـە مـادەکانی نەکرێـت بەپێـی ئـەو ڕێوشـوێنانەی لـە نـاو خـودی ئـەم دەسـتوورەدا دیـاری کـراون بـۆ هەموارکـردن یـان کۆتایـی پێهێنـان، زۆربـەی دەسـتوورە بەسـتەڵەکەکان لـە نـاو خـودی دەسـتووردا تەنهـا باسـی چۆنیـەتی هەموارکـردنی دەسـتوور دەکـەن، باسـی کۆتاییهێنـان بـە دەسـتوور ناکـەن، بـەڵام لـە هەمـان کاتـدا دەکرێـت دەسـتووری هەندێـك وڵات باسـی چۆنیـەتی کۆتایهێنـان بـە دەسـتوور بـکات،

(١) د. حمید حنون خالد. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا١٩٥.

وەك دەستووری فەڕەنسای ساڵی ١٨٧٥[١]. بە بێ ئەوەی پەنا بۆ توندوتیژی و هێز ببرێت و دەستوورێکی نوێ لە شوێنی دەستووری کۆن بنووسرێتەوە، ئەم کارەش بە دوو ڕێگا ئەنجام دەدرێت[٢]: یەکەمیان بە هۆی دامەزراندنی لیژنەیەکی تایبەت بۆ ئەم مەبەستە کە پێی دەڵێن کۆمەڵەی دامەزرێنەری دەستوور. دووەمیان: بە هۆی ڕاپرسی گەل لیژنەی دامەزرێنەری دەستوور دادەمەزرێت و دواتریش ڕاپرسی لەسەر دەستووری نووسراو دەکرێت پاشان دەچێتە واری جێبەجێکردنەوە، لە هەر وڵاتێك شێواز و میکانیزمێکی تایبەت بە خۆیان هەیە بۆ هەموارکردن و کۆتاییهێنان بە دەستوور[٣]. لە هەندێك وڵات سەرەتا ڕاپرسی لە سەر ئەوە دەکرێت (ئایا کۆتایی بە دەستوور بێنین و دەستوورێکی دیکە لە شوێنی بنووسرێتەوە؟)[٤] بە زۆری لە دەستووری وڵاتە دیموکراتییەکاندا باسی کۆتاییهێنان بە دەستوور ناکات، چونکە تەنها مافی گەلە ئەم بڕیارە بدات.

لێرەدا پرسیارێکمان دێتە پێش ئایا لیژنەی هەموارکەری دەستوور دەتوانێت کۆتایی بە دەستوور بێنێت؟ لە وەڵامدا هەموو زاناکان کۆکن لەسەر ئەوەی کە ناتوانێت[٥]، چونکە نووسینەوە و کۆتاییهێنان بە دەستوور لە دەسەڵاتی گەلدایە نەك لە دەسەڵاتی لیژنەی

---

(١) د.عبدالکریم علوان هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل٣٢٥. و د. محمد محمد عبده امام. هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل٩٢.

(٢) د. نزیە رعد. هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل (٩٨- ٩٩).

(٣) د. حمید حنون خالد. هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل١٩٥. و د. محمد السناري. هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل١٧٩.

(٤) د.عبدالکریم علوان هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل٣٢٦.

(٥) د. نزیە رعد. هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل٩٨.

هەموارکـەری دەسـتوور، بەڵکـو ئـەم کارە لـە وڵاتـە دیموکراتیەکانـدا بـە هـۆی کۆمەڵـەی دامەزرێنـەری دەسـتوور ئەنجـام دەدرێـت کـە تایبـەت بـۆ ئـەم کارە دامـەزراوە یاخـود لـە ڕێگـەی ڕاپـرسی گـەل لێژنەیـەك دادەمەزرێـت بـۆ کۆتاییهێنـان بـە دەسـتووری کـۆن و دەسـتورێکی نـوێ لـە شـوێنی دەنووسرێتـەوە. لـە هەمـان کاتـدا مـەرج نییـە هەمـان ئـەو دەسـتەیەی دەسـتووری کـۆنی نووسـیوە هەمـان ئـەو دەسـتەیە دەسـتووری نوێـش بینووسـێتەوە، چونکـە پێویسـت نـاکات دەسـتووری نـوێ بـە هەمـان ڕێـگای دەسـتووری کـۆن بنووسرێتـەوە، لـە وانەیـە دەسـتووری کـۆن بـە ڕێـگای پاداشـت نووسرابێـت، بـەڵام دەسـتووری نـوێ بـە ڕێـگای کۆمەڵـەی دامەزرێنـەر یـان بـە ڕێـگای ڕاپـرسی گـەل بنووسرێتـەوە[1]. لێـرەدا پرسـیارێکی دیکـە دێتـە پێـش ئایـا دەسـەڵاتی یاسـادانان دەتوانێـت دەسـتووری نەریتـی هەمـوار بـکات یـان کۆتایـی پـێ بێنێـت؟ بەڵـێ دەتوانێـت چونکـە دەسـتووری نەریتـی دەسـتورێکی نەرمـە، دەکرێـت نەریتێـکی کـۆن بـە نەریتێـکی نوێ هەمـوار بکرێـت، یان دەسـەڵاتی یاسـادانان یاسـایەك دەربـکات بـە هەموارکـردنی دەسـتووری نەریتـی. هەروەهـا دەتوانێـت کۆتایـی بـە دەسـتووری نەریتـی بێنێـت و دەسـتورێکی نـووسراو لـە شـوێنی بنووسرێتـەوە.

## دووەم: کۆتاییهێنـانی دەسـتوور بـە ڕێـگای نائاسـایی (شـۆڕش یـان کودەتـا):

هـەر چەنـدە کۆتاییهێنـانی دەسـتوور بـە ڕێـگای ئاسـایی بـە بـێ توندوتیـژی و بەکارهێنـانی هێـز و بـە شـێوەیەکی ئاشـتیانە و یاسـایی

(1) د. احسان حمید المفرجي. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا ٢٦٤.

کۆتایی بەدەستوور دەهێنرێت و دەستوورێکی دیکە لە شوێنی دەنووسرێتەوە، بەڵام ڕێگای نائاسایی پێچەوانەی ئەم ڕێگایەیە، لە ئەنجامی بەکارهێنانی هێز و شەڕ و کودەتا بە سەر دەسەڵاتی وڵاتدا و لە ئەنجامی سەرکەوتنیان بە سەر دەسەڵاتدا ڕاستەوخۆ دەستوور هەڵدەوەشێتەوە و بۆشایی دەستووری دروست دەبێت، بە گشتی کارپێکردن یان کارپێنەکردنی دەستوور دەکەوێتە سەر بڕیاری ئەو کەسانەی کودەتا یان شۆڕشیان ئەنجام داوە و هێزیان بەکارهێناوە بۆ گۆڕینی دەسەڵات[1]. ئایا کار بە دەستووری کۆن بکرێت یان کۆتایی پێ بهێنرێت. بۆ نموونە هەموو دەستوورەکانی فەرەنسا لە دوای شۆڕشی فەرەنسی بریتی بوون لە ١٦ دەستوور، هەموویان لە دوای ئەنجامدانی شۆڕش و کودەتاکان نووسراونەتەوە. هەموو دەستوورەکانی سوریا بە هۆی کودەتاکان کۆتاییان پێ هاتووە، وەك دەستوورەکانی ١٩٢٨ و ١٩٤٩ کە دەستووری ساڵی ١٩٥٠ لە ساڵی ١٩٥١ کۆتایی پێ هێنرا دواتر لە ساڵی ١٩٥٤ کاریان پێ کردەوە، هەروەها دەستوورەکانی ساڵانی ١٩٦١ و ١٩٦٢ بە کودەتای ساڵی ١٩٦٣ کۆتاییان پێ هێنا[2].

هەندێك لە زاناکان وەك ڕووداوێکی یاسایی سەیری شۆڕش دەکەن، چونکە جیاوازی شۆڕش لەگەڵ کودەتا ئەوەیە شۆڕش لە هەناوی جەماوەرەوە هەڵدەقوڵێت و گەل بڕیاری خۆی دەدات بە

---

(١) د. حمید حنون خالد. هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل١٩٧. ئەویش سوودی لە رمزي الشاعر النظريه العامه للقانون الدستوري. مطبعه جامعه عين الشمس. القاهره. ص١٣٦. وەرگرتووە.

(٢) د. نزيه رعد. هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل٩٩.

گۆڕینــی دەســەڵات بــە بەکارهێنــانی هێــز و دامەزرانــدنی دەســەڵاتێکی باشــتر ودیموکراتیــتر، کــە لــە بەرژەوەنــدی گشــتی گەلدابێــت. بــەڵام کودەتــا پێچەوانەیــە، ئــەو لایەنــەی کودەتــا ئەنجــام دەدات بــۆ ئەوەیــە بگاتــە لوتکــەی دەســەڵات بــە لادانی چەنــد دەســەڵاتدارێکی دیاریکــراو یــان گۆڕینــی هەمــوو دەســەڵاتەکە خۆیــان شــوێنیان بگرنــەوە، لــە وانەیــە کودەتــا لــە بەرژەوەنــدی گەلــدا نەبێــت و، تەنهــا لــە بەرژەوەنــدی ئــەو کەســانەدا بێــت کــە کودەتاکەیــان ئەنجامــداوە، کــە واتــە ئەمــەش ڕێگایــەکی ناشــەرعیە. شــۆڕش بــە پێچەوانــەوە شــەرعیەتێك دەگۆڕێــت بــۆ شــەرعیەتێکی دیکــە، واتــە دەیانەوێت سیســتەمی دەســەڵات بــە تەواوەتی بیگــۆڕن، چونکــە کەســانی شۆڕشــگێڕ و ئەوانــەی شــۆڕش ئەنجــام دەدەن هەمیشــە خــاوەن فەلســەفە و ئایدیۆلۆجیــا و ڕوئیــای تایبەتــن، جیــاواز لــە فەلســەفەی دەســەڵاتی پێشــتر. لــە هەمــان کاتــدا پێویســتە ئێمــە جیــاوازی بدەینــە لــە کارکەوتنــی ڕاســتەوخۆ یــان ناڕاســتەوخۆی دەســتوور، چونکــە لــە کارکەوتنــی ڕاســتەوخۆی دەســتوور هەمــوو دەقــەکانی دەســتوور لــە کاردەکــەون و کۆتاییــان دێــت و ناگۆڕێــن بــۆ یاســای ئاســایی، چونکــە ئەم دەســتوورە بــە تــەواوەتی ناگونجێــت لەگــەڵ ئــەو ئامانجــەی شۆڕشــەکەی لــە پێناویــدا ئەنجامــداوە. بــەڵام لــە کارکەوتنــی ناڕاســتەوخۆی دەســتوور لــەوکات هەنــدێ مــادەی دەســتوور لــە ڕووی شــکلیەوە دەگۆڕێــن بــۆ یاســای ئاســایی و ئەمانــە وەك یاســای ئاســایی کاریــان پــێ دەکرێــت.

هەروەهــا کۆتاییهاتنــی دەســتوور لــە ئەنجامــی ســەرکەوتنی شــۆڕش یــان کودەتــا کار ناکاتــە ســەر یاســا ئاســاییەکان، ئــەم یاســایانە ناگۆڕێــن و

کاریـان پـێ دەکرێـت[1]، وەك یاساکانی باری کەسـی و بازرگانی و شارسـتانی و ...تـاد، تـا دەسـەڵاتی نـوێ بڕیـاری هەموارکـردن یـان گۆڕینـی دەدات، تەنهـا ئـەو یاسـایانە نەبـن ئەوانـەی پێچەوانـەی بنەمـاکانی سیسـتەمی نوێـی دەسـەڵاتن، یاخـود پێچەوانـەی ئایدیۆلۆژیـای سیسـتەمی نوێیـە.

لـە دوای شـۆڕش و کودەتـاکان هەندێـك بنەمـای دەسـتووری وەك یاسـای ئاسـایی کاریـان پـێ دەکرێـت. بـۆ نمونـە وەك مـادەی پێنجـی دەسـتووری فەڕەنسـای سـاڵی ١٨٤٨ کـە تێـدا هاتبـوو نابێـت کـەس لـە سـەر کاروبـاری سیاسـی لـە سـێدارە بدرێـت. ئـەم مادەیـە وەك یاسایەکی ئاسـایی کاریـان پـێ دەکـرد، سـەرەڕای هەڵوەشـاندنەوەی ئـەم دەسـتوورە[2].

هەندێـك لـە زانـاکانی یاسـای دەسـتووری دەڵێـن لـە کاتی کۆتاییهاتنـی دەسـتوور تەنهـا کۆتایـی بـە مـادە بابەتییـەکان دێـت کـە تایبەتـن بـە سیسـتەمی دەسـەڵات کـە شۆڕشـیان لـە دژی کـردووە. مـادە شـکلیەکان لـە کاتی کۆتاییهاتنـی دەسـتوور بـە ڕای زۆربـەی زانـاکان وەك یاسـای ئاسایی کاریـان پـێ دەکرێـت[3]. لـە فقهـی دەسـتووری فەڕەنسـیدا بـەم کـردارە دەگوترێـت (کشـانەوەی سـیفەتی دەسـتووری)، واتـە دەقەکـە وەك دەقێـکی یاسـایی کار پێدەکرێـت نـەك وەك دەقێـکی دەسـتووری.

---

(١) د. سليمان الطماوي. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا١١٥.

(٢) د. محمد محمد عبده امام. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا ٩٥.

(٣) د.عبدالكريم علوان هەمان سەرچاوەی پێشوو. (٣٢٨ - ٣٢٩).

## بەکورتی جیاوازی نێوان شۆڕش و کودەتا لە چەند خاڵێکدا کورت دەکەینــەوە(١):

### لە ڕووی سەرچاوەوە:

ئەگەر ئەو بزوتنەوەیەی لە دژی دەسەڵاتی حوکمڕان تێدەکۆشێت لە لایەن گەلەوە ئەنجامدرا و لە پێناو بەرژەوەندی گشتی وڵاتدا بوو ئەوە شۆڕشە، لە شۆڕشدا بە زۆری سوپایان لە پشتە و شۆڕش لە ڕێگەی هێزی چەکداری و فکرییەوە ئەنجام دەدرێت. بەڵام ئەگەر ئەم بزوتنەوەیە کۆمەڵێکی دیاریکراو بن و بیانەوێت بە هێز خۆیان بگەیننە لوتکەی دەسەڵات بەبێ ویستی گەل، ئەمە کودەتایە، بە زۆری ئەم حاڵەتە لە لایەن دەستەیەکی دەسەڵاتەوە ئەنجام دەدرێت.

### لە ڕووی ئامانجەوە:

ئەگەر ئامانجی بزوتنەوەکە تەنها ئەوە بێت بە هێز دەسەڵات بگرێتەدەست و دەسەڵاتی دیکە لابدات ئەوە کودەتایە. بەڵام بە پێچەوانەوە ئەگەر ئامانجی بزوتنەوەکە گۆڕینی سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری بێت لە بنەڕەتدا بۆ سیستەمێکی دیکەی دیموکراتیتر و پێشکەوتووتر ئەوە شۆڕشە. وەك شۆڕشی فەڕەنسای ساڵی ١٧٨٩ و شۆڕشی بەلاشفی ساڵی ١٩١٧ و شۆڕشی ئیسپانیای ساڵی ١٩٣١ و شۆڕشی میسری ساڵی ١٩٥٢.

---

(١) محمد ابراهيم المسلماني. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا (١٥١- ١٥٢) و د.عبدالكريم علوان هەمان سەرچاوەی پێشوو. (٣٢٧ – ٣٢٩). و د. محمد محمد عبده امام. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا (٩٣- ٩٤).

خاڵـی هاوبـەش لـە نێـوان شـۆڕش و کودەتـادا ئەوەیـە لـە هەردووکیانـدا بەپێـی ئامانجەکانیـان کۆتایـی بـە دەسـتوور دێـت. بـە گشـتی شـۆڕش کردارێـکی سیاسـییە و بـە هێـز دەسـەڵاتی پێشـتر لادەدات و لـە کاتی سـەرکەوتنیدا سیسـتەمی سیاسـی و دەسـتووری لـە بنەڕەتـدا دەگۆڕێـت و دەسـتوورێکی نـوێ لـە شـوێنی دەستووری کۆنـدا دەنووسرێتـەوە بـۆ پڕکردنـەوەی بۆشـایی دەسـتووری[1].

ڕێگایـەکی تـری کۆتاییهێنـان بـە دەسـتوور بریتییـە لـە کارکەوتنـی خۆبەخـۆی دەسـتوور وەك هەڵوەشـاندنەوەی دەوڵەتێـکی فیدراڵـی بـۆ چەنـد وڵاتێـکی سـەربەخۆی بچـوك لـەو کات دەسـتووری فیدراڵـی هەڵدەوەشـێتەوە و سـەر لەنـوێ هەریـەك لـەم وڵاتـە نـوێ دروسـتبووانە دەسـتوورێکی تایبـەت بـە خۆیـان دەنووسـنەوە. بـە پێچەوانەشـەوە ئەگـەر چەنـد وڵاتێـك یـەك بگـرن و وڵاتێـکی نوێـی فیدراڵـی پێکبێنـن لـەو کاتیـش دەسـتووری هەمـوو وڵاتـەکان کۆتایـی پێدێـت و سـەر لەنـوێ دەسـتوورێکی تایبـەت بـۆ وڵاتی فیدراڵـی دەنووسرێتـەوە و هەرێمەکانیش دەتوانـن هەریەکەیـان دەسـتوورێکی تایبـەت بـە خۆیـان بنووسـنەوە.

## کاریگەری کۆتاییهاتنی دەستوور

سـەبارەت کاریگـەری کۆتاییهاتنـی دەسـتوور پرسـیارێك دروسـت دەبێـت، ئایـا بـە کۆتاییهاتنـی دەسـتوور کۆتایـی بەجاڕنامـەکانی مـاف و ئـەو دەقانـەی تایبەتـن بـە مـاف و ئازادییـەکانی تـاك دێـت؟ بـۆ وەڵامدانـەوەی ئـەم پرسـیارە زانـاکان دابـەش بوون بۆ سـێ ڕای جیـاواز[2]:

(١) سلطان سليمان الطماوي. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا١١٥.

(٢) د.عبدالكريـم علـوان هەمـان سـەرچاوەی پێشـوو. لا(٣٣١- ٣٣٢) و د. حميـد حنـون

هەندێـک زانـا وەك (دوجـی) لـەو بڕوایـەدان بـە کۆتاییهاتنـی دەسـتوور هیـچ کاریگـەری بـە سـەر جاڕنامـەکانی مافـدا نابێـت، بەڵکـو بەهاکەیـان پاراسـتوو دەبێـت وەك بنەمایـەکی نەریتـی لـە سـەرەوەی دەستوور، نـەك یاسـای ئاسـایی، هـەر لەبـەر ئەمـەش نابێـت پەرلەمـان هیـچ یاسـایەك پێچەوانـەی جاڕنامـەکان و ئـەو دەقـە دەسـتوورییانەی تایبەتـن بـە مـاف و ئازادییـەکانی تـاك دەرکات. هەروەهـا ئەو دەسـتەیەی دەسـتووری نـوێ دادەنێـت، نابێـت دەسـتوورێك دابنێـت دژبێـت لەگـەڵ ئـەو گەرەنتیانـەی لـەم جاڕنامانـەدا هـەن.

هەندێـك زانـای دیکـە وەك (ئاسـمان) تـەواو پێچەوانـەی ڕای یەکـەم بـوون، ئـەوان پێیـان وایـە جاڕنامـەکان بنەمـای یاسـایی دیاریکـراو نیـن بـۆ جێبەجێکـردن، بەڵکـو تەنهـا بنەمـای گشـتین ناکرێـت ئەمانـە بـە بەشـێك لـە دەسـتوور هەژمـار بکرێـن.

هەندێـك زانـای دیکـە وەك (لافیـر بیـر و جـورج بیـردر) ڕەخنەیـان لە هـەردوو ڕای سـەرەوەیان هەیـە، ئـەوان پێیانوایـە بنەمـاکانی جاڕنامـەکان بنەمـای هەتـا هەتایـی و سـەرەوەی دەسـتوور نیـن تاکـو کـەس نەتوانێت دەسـتکارییان بـکات، بەڵکـو هـەر دەسـتەیەکی دامەزرێنـەری دەسـتوور ئـازادە لـە دانـانی هـەر بنەمایـەکی نـوێ، بـەڵام پێچەوانـەی بنەمـاکانی مـاف نەبـن. ئەمانـە پێیـان وایـە جاڕنامـەکان تەنهـا بنەمـای گشـتین و مـەرج نییـە پێـوە پابەنـد بیـن، هەروەهـا دەڵێـن ئـەم بنەمایانـە هـەر دەمێنـن، بـەڵام وەك یاسـای ئاسـایی بەهـای خۆیـان دەبێـت، بـە مەرجێك پێچەوانـە نەبێـت لەگـەڵ سیسـتەمی دەسـەڵاتی نـوێ.

---

خالد. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا(١٩٧- ١٩٨).

## ٢١
## لە ڕووی سیاسی و یاساییەوە.....

## کاریگەرییە نەرێنییەکانی نەبوونی دەستوور بۆ هەرێمی کوردستان[١]

### پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان:

لـە سـاڵی ٢٠٠٩ پـرۆژەی دەسـتووری هەرێمـی کوردسـتان- عێـراق پێشـکەش بـە پەرلەمـانی کوردسـتان کـرا بـۆ دەنگـدان لـە سـەری، ئـەم پـرۆژە دەسـتوورە لـە ١٢٢ مـادە پێـك دەهـات کـە بـە سـەر شـەش دەروازەدا دابـەش کرابـوو. ئـەم دەسـتوورە دەسـتوورێکی تێروتەسـەل بـوو هەمـوو بڕگـە و مـادەکانی لـە بەرژەوەنـدی خەڵکـی کوردسـتاندا بـوو، بـە ڕەچاوکـردنی هەمـوو مافـە سـیاسی و یاسـایی و دەسـتوورییەکان، بەبـێ پشـتگوێ خسـتنی هیـچ مافێـکی کەمـە نەتەوایـەتی و ئایینییـەکانی هەرێمـی کوردسـتان. لـە بـەرواری ٢٤\١٦\ ٢٠٠٩ ئـەم پـرۆژەی دەسـتوورە لـە لایـەن پەرلەمـانی کوردسـتانەوە پەسـەند کـرا بـە دەنگـی ٩٧٪ی ئەندامـانی پەرلەمـان. دواتـر پێشـکەش بـە سـەرۆکایەتی هەرێـم کـرا بـۆ پەسـەندکردن و چوونـە واری جێبەجێکردنـەوە، بـەڵام بـە بیانـووی ئـەوەی کـە دەسـەڵاتەکانی سـەرۆکی هەرێـم لـەم دەسـتوورەدا زۆرن، هەنـدێ لایـەنی سیاسـی هەرێمـی کوردسـتان کەوتنـە ڕەخنەگرتـن و تانەلێـدان لـە نـاو جەمـاوەر

---
(١) ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٥٥٣٠ لە ٢٠١٨\٦\١٣ بڵاو بوویتەوە.

و ڕاگەیاندنەکانـدا بـۆ ئـەوەی دەسـەڵاتەکانی سـەرۆکی هەرێـم لابرێـن و بکرێنـە دەسـەڵاتی تەشریفـاتی، هاوشـێوەی سیسـتەمی پەرلەمـانی لـە عێـراق و هەندێـك وڵاتانـی دیکـەی جیهـان.

ئـەم دەسـتووره بـۆ هەرێمـی کوردسـتان دەسـتکەوتێکی زۆر گـەوره بـوو، بـەڵام زۆر بەداخـەوه هەندێـك لایـەنی سیاسـی داوایـان لـە سـەرۆکایەتی هەرێـم کـرد تـا پەسـەند نەکرێـت و بگەڕێتـەوه بـۆ پەرلەمـان، لـە ئەنجامـدا لـە سـەر داوای ئـەم لایەنانـە سـەرۆکی هەرێـم لـە نیـاز پاکییـەوه ئـەم پـرۆژه دەسـتوورەی پەسـەند نەکـرد و گەڕانـدەوه بـۆ پەرلەمـان، کـە ئەمـە بـوو بـە سـەرچاوەی دروسـتبوونی زۆر کێشـەی گـەوره لـە کوردسـتان. واتـە بـە نەبـوونی دەسـتووری هەرێمـی کوردسـتان، ڕێـگا لـە بـەردەم ئـەم لایەنانـە واڵا بـوو بـۆ دروسـتکردنی کێشـە و ناکـۆکی گـەوره بەرامبـەر دەسـەڵاتی هەرێمـی کوردسـتان لـە نـاو پەرلەمـان و جەمـاوەردا و قوڵکردنـەوەی ناکۆکییـەکان بـە تایبـەتی لـە (سـلێمانی و هەڵەبجـە و گەرمیـان و ڕاپەڕیـن و دەوروبەریـان) لـە نێـوان لایەنـە کوردسـتانییەکان تـا ئـەو ڕادەیـەی چەندیـن قوربـانی و سـووتاندنی بـارەگا و دامـودەزگا حکومییـەکانی لێکەوتـەوه و بـوو بەهـۆی داخسـتنی پەرلەمـان بـۆ ماوەیـەکی درێـژ.

مـن بـە دوور نازانـم کـە دەسـتێکی دەرەکی لـە پشـت ئـەم هەوڵەیاندا نەبێـت بـۆ ئـەوەی شکسـت بەدەسـتکەوته بـاڵاکانی کوردسـتان بێنـن بـۆ لەگۆڕنـانی ئـاواتی سـەربەخۆیی، چونکـە دوژمنەکانمـان هەمیشـە دەزانـن کـە ئامانجـی سـەرەکیمان بریتییـە لـە گرتنەبـەری ڕێوشـوێن و هەنگاونان بـەرەو سـەربەخۆیی کوردسـتان، کـە واتـە ئـەم هەوڵەیـان بـوو بەهـۆی

قۆلکردنــەوەی ناکۆکییــەکان لــە نێــوان لایەنــە سیاســییەکانی کوردســتان و لەگۆڕنــانی یەکدەنگــی و یەکڕیــزی گەلەکەمــان، بــە تایبــەتی لــە کاتی ئەنجامـدانی ڕیفرانـدۆم. هەروەهـا بـوو بەهـۆی ئـەوەی دوژمنـە هەرێمی و ناوخۆییــەکان دەرفــەت وەرگــرن بــۆ شکســت پێهێنــانی پرۆســەی ڕیفرانـدۆم و سـەربەخۆیی، یاخـود هیـچ نەبێـت دواخسـتنی بـۆ ئـەوەی دەرفـەتی زیاتـر بۆیـان بڕەخسـێ بـۆ لەناوبـردنی ئـەم ئامانجەگەورەیـە، تـا لـە ئەنجامـدا ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبـەری ٢٠١٧ی لێکەوتـەوە.

## کاریگەرییە نەرێنییەکانی نەبوونی دەستووری هەرێم[١]:

نەبــوونی دەســتوور بــۆ هەرێمــی کوردســتان بۆشــایی دەســتووری لــە نێـوان پەیوەندییــە یاسـایی و دەسـتوورییەکانی هەرێمــی کوردسـتان و حکومــەتی فیدراڵیــدا دروســت دەکات. ناچــار بــۆ پڕکردنــەوەی ئــەم بۆشـاییە یاسـاییە، پەنـا دەبرێتـە بـەر دەسـتووری عێـراق تـا بـە سـەر واقعــی هەرێمــی کوردســتاندا جێبەجــێ بکرێــت، چونکــە لــە دەسـتووری عێراقـدا بـە هیـچ شـێوەیەك بـاسی ئەنجامـدانی گشـتپرسی بـۆ سـەربەخۆیی کوردسـتان نەکـراوە، هەمیشـە بـاس لـە یەکپارچەیـی خـاکی عێـراق کردووتـەوە. بۆیـە لـە کاتی ئەنجامـدانی گشـتپرسی بـۆ سـەربەخۆی کوردسـتان هەمیشـە حکومـەتی عێـراق و هەنـدێ لـە وڵاتـە هەرێمـی و نێودەوڵەتییــەکان بــاس لــە یەکپارچەیــی خــاکی عێــراق دەکەنــەوە.

هــەر چەنــدە بەپێــی مــادەی یــەکی دەســتووری عێــراق و کۆتایــی دیباجـەی ئـەم دەسـتوورە، واتـە دەسـتووری فیدراڵـی لـە کاتی ئەنجامدانی

---

(١) ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٦١٤٨ لە ٢٠٢١\٦\٩ بڵاو بوویەتەوە.

گشتپرسـی لـە ڕووی دەروونییـەوە هیـچ زەمانەتێـك بـۆ یەكپارچەیی خاكی عێراق نەمابـوو، لەبـەر ئـەوەی حكومـەتی عێـراق بـە دەیـان پێشـێلكاری لـەم دەسـتووردا ئەنجـام داوە، چونكـە لـە كۆتایـی مـادەی یەكەمـدا دەڵێـت: (...ئـەم دەسـتووره زامنـی یەكپارچـەی خـاكی عێراقـە). هەروەهـا لـە كۆتایـی دیباجـەی هەمـان دەسـتووردا دەڵێـت: (... پابەندبـوون بـەم دەسـتووره یەكێتـی ئارەزوومەندانـەی گـەل و خـاك و سـەروەری عێـراق دەپارێزێـت). بەپێـی ڕای زۆرینـەی فوقەهـای یاسـایی دیباجـە بەشـێكە لـە دەسـتوور وەك مـادەكانی دەسـتوور، هەڵسـوكەوتی لەگەڵـدا دەكرێـت، هەروەهـا هەندێـك لـە زاناكانـی دیكـە دەڵێـن هێـزی یاسـایی دیباجـەكانی دەسـتوور و جاڕنامـەكانی مـاف لـە سـەرەوەی دەقـەكانی دەسـتووردایە[1]. كـە واتـە بەپێـی ئـەم دیباجەیـەش كاتـێ كـە پێشـێلی دەسـتوور كـرا و حكومـەتی فیدراڵـی پێـوە پابەنـد نەبـوو ئـەوا لـە ڕووی دەروونی و مەعنەوییـەوە هیـچ مانایـەك بـۆ یەكێتـی ئارەزوومەندانـەی گـەل و خـاك و سـەروەری ئـەم وڵاتـە نامێنێـت، چونكـە بەپێـی یاسـای گشـتی نێودەوڵەتـی یەكگرتنـی پێكهاتـەكان لـە چوارچێـوەی دەوڵەتـی فیدراڵیـدا یەكگرتنێـكی ئارەزوومەندانەیـە، بـەڵام ئـەوەش لـە بیرمـان نەچێـت ئەگـەر پێشـێلی ئـەم دەستوورەش بكرێـت لـە ڕووی یاساییەوە ئـەم دەسـتووره هـەر كارایـە.

لەبـەر ئـەوەی لـە مـادەی ٧ی پـرۆژەی دەسـتوری هەرێمـی كوردسـتاندا دەڵێـت: (گـەلی كوردسـتان عێـراق مـافی دیاریكـردنی

(١) د. محمـد احمـد ابراهيـم المسـلماني. هەمـان سـەرچاوەی پێشـوو. لا ٧٦. وە د. محمـد محمـد عبـده امـام. هەمـان سـەرچاوەی پێشـوو. لا (٥٦-٥٧).

چارەنــووسی خــۆی هەیــە و بــە ویســتی ئازادانــەی خــۆی ئــەوەی هەڵبـژاردووە کـە کوردسـتان هەرێمێـکی فیدراڵـی بێـت لـە چوارچێـوەی عێراقـدا مـادام عێـراق پابەنـد بـێ بـە سیسـتەمی فیدراڵـی، دیموکـراتی، پەرلەمـانی، فرەلایـەنی و مافـەکانی تـاك و کـۆی مرۆڤـەوە،....). کـە واتـە ئەگـەر ئـەم دەسـتوورە لـە هەرێـم کارابـا بەپێـی ئـەم مادەیـە هیـچ کەسـێك لــە عێــراق نەیدەتــوانی بڵێــت ئەنجامــدانی گشتپرســی بــۆ ســەربەخۆی کوردســتان کارێــکی نادەســتوورییە، هەروەهــا لــە لایەکــی دیکـەوە  بـە هێـچ شـێوەیەك دادگای بـاڵای فیدراڵـی نەیدەتـوانی بڕیـاری نادەسـتوریبوونی گشتپرسـی هەرێمـی کوردسـتان بـدات، کـە لـە بـەرواری ١٢٠/١١/٢٠١٧ ڕاگەیانـد، چونکـە لـە مـادەی ١١٥ی دەسـتووری فیدراڵیـدا دەســەڵات دەداتــە هەرێــم و پارێــزگاکانی نەبەســتراو بــە هەرێمــەوە، هەروەهـا ئـەو دەسـەڵاتانەی هاوبەشـن لـە نێـوان هەرێـم و حکومـەتی فیدراڵـی یـان لـە دەسـتووردا بـاس نەکـراون، لـە پسـپۆری هەرێمـن، کـە دەقەکـەی بـەم شـێوەیە:

(هەر دەسـەڵاتێك کە لە دەسەڵاتەکانی حەسری فیدراڵی باس نەکرابێت لـە پسـپۆرییەکانی هەرێـم و ئـەو پارێزگایانەیـە کـە نەبەسـتراونەتەوە بـە هەرێـم، هەروەهـا دەسـەڵاتەکانی دیکـەی هاوبـەش لـە نێـوان حکومـەتی فیدراڵـی و هەرێمەکانـدا، کاتێ کە ناکۆکی لە نێوانیاندا هەبێت ئەولەویەت بـۆ یاسـای هەرێـم و ئـەو پارێزگایانەیـە کە نەبەسـتراونەتەوە بـە هەرێم). بـە هەمان شـێوە لە بڕگـەی ٢ مادەی ١٢١ی دەسـتووری فیدراڵیدا هاتووە، دەسـەڵاتی هەمۆارکردنی یاسـاکانی فیدراڵـی دەداتە هەرێمـەکان لەو کاتەی ناکـۆکی لـە نێـوان یاسـاکانی فیدراڵـی و هەرێمەکانـدا هەبێـت، بێجگـە لـە

پسـپۆری حـەسری کە لـە دەسـەڵاتی فیدراڵیدان.

ئــەو بڕیــارەی دادگای بــاڵای فیدراڵــی کــە لــە ڕۆژی ٢٠١٧\١١\٢٠ دەرکـرد سـەبارەت بـە نادەسـتووریبوونی ڕیفرانـدۆم و هەڵوەشـاندنەوەی لێکەوتـەکانی، مـن زیاتـر بـە بڕیارێـکی سیاسی دەزانـم تـا یاسـایی و هیـچ کاتێـك بـە بڕیـاری یاسـایی نازانـم لەبـەر دوو هـۆکار:

**یەکـەم:** بەپێـی یاسـای گشـتی نێودەوڵەتـی لـە ڕیزبەنـدی یاسـاکاندا یاسـا نێودەوڵەتییـەکان لـە سـەرەوەی دەسـتوور و یاسـا نێوخۆییەکانـن، بۆیـە سـەربەخۆیی گـەلان وەك ئەنجامـدانی ڕاپـرسی بۆ سـەربەخۆیی کوردسـتان هاوتایـە لەگـەڵ بنەمـاکانی نەتـەوە یەکگرتـووەکان و جاڕنامـەکانی جیهـانی بـۆ مـافی مـرۆڤ و هیـچ ناکۆکییـەك لە نێـوان ئـەم بنەمایانـە و ئەنجامدانی ڕاپـرسی بـۆ سـەربەخۆیی کوردسـتان نییـە، هەروەهـا زۆربـەی زانـاکان لـە سـەر ئـەو ڕایـەن کـە هێـزی یاسـایی جاڕنامـەکانی مـاف لەسـەرەوەی هێـزی یاسـایی دەقـەکانی دەسـتووردایە[1]، بـۆ نموونـە بـە تایبـەتی مـادەی یەکەمـی هـەردوو جاڕنامـەی جیهـانی بـۆ مـافی شارسـتانی و سیاسـی و بـۆ مـافی ئابـووری و کۆمەڵایـەتی و کولتـووری سـاڵی ١٩٦٦ کـە بـە (العهدیـن الدولیـن ) نـاسراوە.

**دووەم:** لـە هیـچ مادەیـەکی دەسـتووری عێراقـدا نییـە کـە ئامـاژە بـەوە کرابێـت کـە قەدەغـە کرابێـت پێکهاتەیـەك لـە پێکهاتـە ئایینـی یـان نەتەوەییـەکانی عێـراق ڕاپـرسی بـۆ سـەربەخۆی خۆیـان بـکات.

هەروەهـا بـوونی دەسـتوور بـۆ هەرێمـی کوردسـتان ڕێـگا لـە دەیـان

---

(١) د. محمد محمد عبده امام. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا ٥٦.

کێشە و گیروگرفت دەگرێت و هیچ کەس و لایەنێك نە لە دەسەڵات و نە لە ئۆپۆزسیون ناتوانێت بە سەر ئەو مافانەدا باز بدات کە لە دەستووردا جێگیر کراون، بە پێچەوانەوە ڕووبەڕووی دادگا دەبنەوە، بە تایبەتی ئەوانەی کار لە ئاسایشی نەتەوەی کوردستان دەکەن. وەك ئەو لایەن و گرووپانەی دەست لەگەڵ دوژمن تێکەڵ دەکەن و کاریگەری نەرێنی ناوخۆیی و هەرێمی لە سەر ئاسایشی نەتەوەکەمان دروست دەکەن.

## چەند سەرنجێك لە سەر بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی عێراق سەبارەت بڕیاری نادەستووریبوونی ڕیفراندۆم:

لە ڕۆژی ٢٠ \١١ \٢٠١٧ دادگای باڵای فیدراڵی عێراق چەند بڕیارێکی دەرکرد، وەك حوکمەکانی ٨٩ و ٩١ و ٩٢ و ٩٣ \اتحادی \٢٠١٧، ئەوەی مەبەستمانە باس بکەین، بڕیاری نادەستووریبوونی ڕیفراندۆمە، کە بڕیارەکانی ئەم دادگایە بڕیاری کۆتاین و ناکرێت تانەیان لێبدرێت، چونکە باڵاترین دەستەی دادوەرییە لە وڵاتدا. ئێمە کە لە ڕووی یاساییەوە سەیری ئەم حوکمانە دەکەین ئەم سەرنجانەی خوارەوە دەخەینە ڕوو:

**یەکەم:** لەم حوکمانەدا فەرمانی هەرێمی ژمارە ١٠٦ی ١٩ \٦ \٢٠١٧ ی بە نادەستووری دانا کە لەم فەرمانەدا سەرۆکی هەرێم ڕۆژی ٢٥\ ٩ \ ٢٠١٧ی بە ڕۆژی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان دیاریکرابوو، لە هەرێمی کوردستان و ئەو ناوچانەی ڕیفراندۆمی لێ ئەنجام دەدرێت. دادگای فیدراڵی بۆ دەرکردنی ئەم حوکمانە پشتی بە مادەی یەك و ١٠٩ی دەستووری بەستووە،

کــە لــە کۆتایــی مــادەی یەکەمــی دەســتووردا دەڵێــت: (...ئــەم دەســتووره زامنــی یەکپارچــەی خــاکی عێــراق دەکات). هەروەهــا لــە مــادەی ۱۰۹دا دەڵێــت: (دەســەڵاتی فیدراڵــی پارێــزگاری لــە یەکێتــی عێــراق و ســەلامەتی و ســەربەخۆیی و ســەروەری و سیســتەمی دیموکـراتی فیدراڵـی دەکات). تەنهـا بـە ئەنجامـدانی ڕیفرانـدۆم، هیچـی لــە ســەروەری و یەکپارچــەی خــاکی عێــراق کــەم نەکــردووە.

ئەگەر لە ڕووی یاســاییەوە ســەیری بابەتەکە بکەیــن، دیاریکردنی ڕۆژی ئەنجامــدانی ڕیفراندۆم، بڕیــاری ســەربەخۆیی و جیابوونەوە و دابەشــکردنی عێراق نییە، بەڵکو تەنهــا دیاریکــردنی ڕۆژی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمــە، ئەنجامــدانی ڕیفراندۆمیــش مافــی ڕەوای هــەر گەل و نەتەوەیەکــە، لە هەمان کاتیشــدا مافــی هەر دەســەڵاتێکە ڕای گەل و نەتــەوەی خــۆی لە ڕێگــەی ڕاپرســییەوە دەربارەی هەر پرســێکی ناوخۆیــی و چارەنووســاز دیاری بکات. چونکە لە هیچ شــوێنێکی ئەم دەستوورەدا ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بۆ ســەربەخۆیی کوردستان یان هەر نەتــەوە و ئایینێکــی دیکەی ئەم وڵاتــە قەدەغە نەکــراوە. ئەنجامدانی ڕیفرانــدۆم بــۆ دیاریکــردنی چارەنووسی هــەر گەل یــان نەتەوەیەك، مافێــکی ڕەوای گەلانە و هاوتایە لەگــەڵ یاســا نێودەوڵەتییەکانی مافی مــرۆڤ، هەروەها هاوتایــە لەگەڵ بنەمــاکانی جاڕنامــەکانی جیهانی بۆ مافــی مرۆڤ بــە تایبــەتی وەك مــادەی یەکەمی هــەردوو جاڕنامەی جیهانی مافی شارســتانی و سیاســی و جاڕنامەی جیهانی مافــی ئابووری و کۆمەڵایــەتی و کولتووری، کــە هەردووکیان لە ســاڵی ۱۹٦٦ دەرچوون،

مادەی یەکەم برگەی یــەك لە هەردوو جاڕنامەدا دووبــارە بوویتەوە[1].

**دووەم:** لــە خاڵێکــی دیکــەی حوکمــەکانی دادگای بــاڵای فیدراڵیــدا بڕیــاری هەڵوەشــاندنەوەی هەمــوو لێکەوتــە و دەرەنجامــەکانی ئــەم ڕیفراندۆمــەی داوە، ســەبارەت ئــەم برگــەی بڕیارەکــە لــە دوای ئەنجامــدانی ڕیفرانــدۆم، هیــچ لێکەوتەیــەکی لــێ نەکەوتووتــەوە تــا دەرەنجامــەکانی هەڵوەشــێنێتەوە، چونکــە نــە بڕیــاری ســەربەخۆیی دراوە و نــە هەرێــم جیابوویتــەوە لــە عێــراق.

لــە لایەکــی دیکــەوە ئــەم حوکمــەی دادگای فیدراڵــی دەرگای گفتوگۆکردنیشــی داخســتووە، کــە لە ســەر بنەمــای ئەنجامی ئەم ڕیفراندۆمە بە ئاشــتی و لێکتێگەیشــتن، گفتوگۆ و دانوســتاندن لەگەڵ حکومــەتی عێراق بکرێت، لــە بارەی چۆنیەتی جیابوونــەوە و ڕاگەیاندنی ســەربەخۆیی. چونکــە بەپێی یاســای گشــتی نێودەوڵەتــی دەکرێت شــێوازی جیابوونەوەی هەرێم لەگــەڵ حکومەتی عێراق بــە گفتوگۆ و ئاشــتیانە بێت و دانوســتاندن لەســەر شــێوازی جیابوونەوە بکرێت و ڕێککەوتــن لە ســەر هەموو خاڵــە بنەڕەتییەکان بکرێت وەك لەســەر دیاریکردنی ســنوور و لە ســەر ئەرشــیف و دۆکیومێنتەکان بە هەموو جۆرەکانییەوە و لە ســەر قــەرزی نێودەوڵەتی و مولك وماڵی گشــتی و تایبەت بــە هەمــوو جۆرەکانییــەوە و ....تاد. هەمــوو پێکهاتەکانی

---

(١) مـادەی یەکـەم برگـەی یەکەمـی هـەردوو جاڕنامـەی جیهـانی مـافی شارسـتانی و سیاسي و جاڕنامـەی جیهـانی مـافی ئابـووری و کۆمەڵایـەتی و کولتـوری سـاڵی ١٩٦٦، کـە دەقەکـەی بـەم شـێوەیە: (هەمـوو گەلێـك مـافي دیاریکـردنی چارەنـووسي خـۆی هەیـە، بەپێـی ئـەم مافـە ئـازادە لـە دیاریکـردنی شـێوازی سیاسي (مرکـز السیاسـە) هەروەهـا ئـازادە هـەوڵ بـدات بـۆ گەشـە سـەندنی ئابـووری و کۆمەڵایـەتی و کولتـووری).

نەتـــەوەی عەرەب بە ســـونە و شـــیعەوە پێیـــان کوفرێکی سیاســـیە کە کوردســـتان لە عێراق جیا ببێتەوە و هەمیشـــە بە بیری تەســـکی عەرەبی شـــۆڤینی بیردەکەنـــەوە، ئەوان پێیان باشـــە کوردســـتان بەشـــێك بێت لە نیشـــتیمانی عـــەرەبی، هـــەر چەندە لە دەســـتووری ئێســـتای عێراق چارەســـەری ئەمەی کردووە.

بەپێی بنەماکانی یاســـای گشـــتی نێودەوڵەتی دەکرێت کوردســـتان لـــە دوای ئەنجامـــدانی ڕیفرانـــدۆم، تاکلایەنـــە بڕیـــاری جیابوونەوە و ســـەربەخۆیی لـــە عێراق بـــدات، ئەم مافـــە لەجاڕنامـــەکانی جیهانی بۆ مافی مرۆڤ دیاریکـــراوە. بەڵگەی کردەیی بۆ ســـەلماندنی ئەم ڕاســـتییە بریتییـــە لەنمونەی بڕیـــاری پەرلەمانی کوســـوڤۆ، کـــە تاکلایەنە لە ٨ی شـــوباتی ٢٠٠٨ بڕیـــاری جیابوونەوە و ســـەربەخۆبوونی خۆی لەســـڕبیا ڕاگەیانـــد، بە دەنگـــی ١٠٩ ئەندام لە کـــۆی ١٢٠ ئەندامـــی پەرلەمان کـــە ١١ ئەندامـــی ســـڕبیا نەچوونـــە ژوورەوە. بۆ پشتڕاســـتکردنەوەی یاســـاییبوونی جیابوونەوەی کوســـوڤۆ بە شـــێوازی تاکلایەنە، بریتییە لە بڕیـــاری ڕاوێـــژکاری دادگای دادی نێودەوڵەتی[1] کە لـــە ٢٢ی تەموزی ٢٠١٠ ســـەبارەت ئەم وڵاتەدا. ئەم شـــێوازەی ڕاگەیاندنی ســـەربەخۆیی بـــە تاکلایەنە بوویتە ڕێســـایەکی نێودەوڵەتی[2]، واتە ئـــەم بڕیارەی دادگا بەڵگەیـــە کە ڕاگەیانـــدنی یەکلایەنەی ســـەربەخۆی گەلان پێشـــێلکاری نییـــە لـــە یاســـا نێودەوڵەتییـــەکان، هەروەهـــا باڵاترە لە پرەنســـیپی

(١) محكمـه العـدل الدوليه: International Court of Justice )، کە دەسـتەیەکی دادوەری سـەربە نەتـەوە یەکگرتووەکانـە، بـارەگای لـە هۆڵەندایـە و لـە سـاڵی ١٩٤٥ دامـەزراوە، کـە شـوێنی دادگای دادی هەمیشـەیي گرتـەوە کـە سـەربە کۆمەڵـەی گـەلان بوو.

(٢) https //ar. M. Wikipedia. Org. .

ســـەلامەتی هەرێمی. چونکە هەمیشـــە وڵاتانی هەرێمی ئەم پرەنســـیپە لێمان دەکەنـــە بەهانە، لە ناوەنـــدە نێودەوڵەتییەکاندا بـــۆ ڕێگریکردن لـــە ســـەربەخۆبوونی کوردســـتان. دادگای دادی نێودەوڵەتی شـــێوازی جیابوونەوەی تاکلایەنە بە پرەنســـیپی عیلاجی ( Remedial Secession) ناونرا، بـــە تایبەتی بۆ ئەو کاتانـــەی پێکەوە ژیانی دوو لایـــەنی دیاریکراو پێکەوە ئەســـتەم بێت(١).

(١) مسعود بارزانی. بۆ مێژوو. چاپی دووەم. هەولێر. ٢٠٢٠. ل١٨٣.

## ٢٢
## شێوازی هەموارکردنی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ی عێراق،
### وەك نمونەیەك بۆ گەرەنتی مافی هەرێمەکان[١]

دەستوور لە ڕووی هەموارکردنەوەوە دابەش دەکرێت بۆ دوو جۆر، دەستووری نەرم و دەستووری بەستەڵەك. دەسەڵاتی یاسادانان کە ئەرکی چاودێریکردن و یاسادانانە لە هەر وڵاتێکدا، دەتوانێت دەستووری نەرم هەموار بکات یان کۆتایی پێ بێنێت بە هەمان ئەو ڕێگایانەی یاسا ئاساییەکان پێ دەردەکرێن. دەسەڵاتی یاسادانان ناتوانێت دەستووری بەستەڵەك هەموار بکات یان کۆتایی پێ بێنێت، بەڵکو هەموارکردنی دەستووری بەستەڵەك بە ڕێوشوێنی تایبەت و مەرجی قورس ئەنجام دەردرێت، کە لە ناو خودی هەمان دەستووردا دیاری کراوە، کە واتە هەموارکردنی دەستوور بە چەندین قۆناغدا تێدەپەڕێت، سەرەتا دەبێت لێژنەیەکی هەموارکردنی دەستوور دامەزرێت، کە نوێنەرایەتی هەموو پێکهاتەکانی وڵات و لایەنە سیاسیەکان بکات. بە زۆری ئەم لێژنەیە پێکدێت لە پسپۆرانی یاسای دەستووری و سیاسەتمەدار و پسپۆرەکان لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا، بە تایبەتی لە بواری ئەو خاڵانەی کە پێویستن بۆ هەموارکردن. ئەم لێژنەیەش بە ڕێکار و شێوازی تایبەت دادەمەزرێت. ئەم لێژنانە

(١) ئەم بابەتە بەناونیشانی (هەموار کردنی دەستووری عێراق سەرەتای کودەتایە بەسەر دەستووردا) لە ڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٥٨٦٢ لە ٢٠١٩١١١١٣دا بڵاوو بوویتەوە.

لــە هــەر وڵاتێــك بەپێــی ئــەو ڕێوشــوێنانە دیــاری دەکرێــن کــە لــە دەســتوورەکەیاندا دیــاری کــراوە.

ســەبارەت بــە هەموارکــردنی دەســتووری عێــراق، ســەرەتا دەســتووری عێــراق دەســتوورێکی بەســتەڵەکە، هەروەهــا دەســتووری هەمــوو ئــەو وڵاتانــەی پەیــڕەوی سیســتەمی فیدراڵــی دەکــەن، دەبێت دەســتوورەکەیان بەســتەڵەك بێــت[1]. چونکــە بــە زۆری وڵاتــە فیدراڵییــەکان لــە نەتــەوە و ئاییــن و پێکهاتــەی جیــاواز پێکدێــن، تــا هــەر پێکهاتــە یــان نەتــەوە یــان ئاییــن یــان بیروبــاوەڕی جیــاواز کــە زۆرینــەن لــە وڵاتــدا، یاخــود زۆرینــەن لــە پەرلەمانــدا نەتوانێــت بــە ویســتی خــۆی دەســتووری فیدراڵــی هەموار بــکات و کاریگــەری نێگەتیڤــی لــە ســەر مــافی پێکهاتەکانــی دیکــەی وڵات هەبێــت، بۆیــە دەســتووری فیدراڵــی عێراقیــش دەســتوورێکی بەســتەڵەکە و ڕێــکار و شــێوازی هەموارکردنیــشی زۆر ســەختە و شــێوازی تایبــەت بــە خــۆی هەیــە.

## دەستووری بەستەڵەکیش دەبێتە دوو بەش:

### ا- بەستەڵەکی ڕەها:

بریتییــە لــەو حاڵەتانــەی مەرجێــکی ڕەهــای دانابێــت کــە نابێــت ئــەم مادەیــە هەمــوار بکرێــت لــە هیــچ کاتێکــدا، بــە زۆری ئــەم شــێوازە لــەو مادانــەدا ڕوودەدات کــە تایبەتــن بــە سیســتەمی دەســەڵات، وەك لــە مــادەی ١٧٥ی دەســتووری کوێــت کــە دەڵێــت: (ئــەو بڕیارانــەی تایبەتــن

(١) لقــمان عمــر حســین. هەمــان ســەرچاوەی پێشــوو. لا ٢٠٤. وە د. ازهــار هاشــم احمــد. هەمــان ســەرچاوەی پێشــوو. لا ١٥٢.

بــە سیســتەمی پاشــایەتی لــە کوێــت و بنەمــاکانی ئــازادی و یەکســانی کــە لــەم دەســتوورەدا هاتــووە، نابێــت پێشــنیاری هەموارکــردن بــۆی بکرێــت...).

**ب- بەستەڵەکی ڕێژەیی:**

دەکرێــت هەندێــك مــادەی دەســتوور هەموداربکرێــن، بــەڵام بەپێــی ئــەو مــەرج و ڕێوشــوێنانەی پێشــتر لــە دەســتووردا دیــاری کــراوە، واتــە نابێــت هاوشــێوەی دەســتووری نــەرم دەســەڵاتی یاســادانان وەك یاســا ئاســاییەکان هەمــوار بــکات.

## ڕێکارەکانی هەموارکردنی دەستووری عێراق:

ڕێــکارەکانی هەموارکــردنی دەســتووری ســاڵی ٢٠٠٥ی عێــراق لــە هــەردوو مــادەی ١٤٢ و ١٢٦دا دیــاری کــراون، لــە مــادەی ١٤٢ی دەســتووردا بوارێــك دراوە بــە گــەلی عێــراق کــە بتوانێــت لــە مــاوەی چــوار مانــگ لــە دوای پەســەندکردنی دەســتوور و چــوونی بــۆ واری جێبەجێکردنــەوە تــا گــەلی عێــراق بتوانێــت لــەم ماوەیــەدا هــەر مادەیــەك پێویســت بــە هەموارکــردن بــکات هەمــوار بکرێــت، دواتــر هەمــوو مــادە هەموارکــراوەکان پێکــەوە بدرێتــە پەرلەمــان بــۆ پەســەندکردن بــۆ ئــەوەی مــافی هیــچ تاکێــکی ئــەم وڵاتــە پێشــێل نەکرێــت. دەقــی مــادەی ١٤٢ بــەم شــێوەیەیە: (یەکــەم: ئەنجومــەنی نوێنــەران لــە ســەرەتای کاریــدا لیژنەیــەکی تایبــەت لــە ئەندامــانی پێکدەهێنێــت کــە نوێنەرایــەتی پێکهاتــە ســەرەکییەکانی کۆمەڵگــەی عێراقــی بــکات، ئــەرکی بریتییــە لــە پێشکەشــکردنی ڕاپۆرتێــك بــۆ ئەنجومــەنی نوێنــەران لــە ماوەیەکدا کە لــە چــوار مانــگ تێپــەڕ نــەکات،

تێیدا ڕاسپاردەی پێویست لەخۆ بگرێت سەبارەت بە هەموارکردنی پێویست کە دەکرێت لە دەستوور ئەنجام بدرێت، لێژنەکەش لە دوای ئەنجامدانی ئەرکەکەی هەڵدەوەشێتەوە. دووەم: هەموارکردنە پێشنیارکراوەکان بە یەك جار دەخرێتە بەردەمی ئەنجومەنی نوێنەران بۆ دەنگدان لە سەری، هەروەها ئەو پێشنیارانەی بۆ هەموارکردن خراونەتە ڕوو بە پەسەندکراو دەژمێردرێن بە ڕەزامەندی زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی ئەنجومەن. سێیەم: ئەو مادانەی بەپێی برگەی دووەمی ئەم مادەیە لە لایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە هەموارکراوە دەخرێتەڕوو بۆ گەل بە مەبەستی ئەنجامدانی ڕاپرسی گشتی لە سەری، لە ماوەیەکدا کە لە دوو مانگ تێپەڕ نەکات لەبەرواری پەسەندکردنی لە لایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە. چوارەم: ڕاپرسییەکە لە سەر مادە هەموارکراوەکان بە سەرکەوتوو دادەنرێت ئەگەر زۆرینەی دەنگدەران ڕەزامەندی لە سەر نیشان بدەن، هەروەها ٣\٢ی دەنگدەران لە سێ پارێزگا یان زیاتر ڕەتی نەکەنەوە. پێنجەم: برگەکانی ئەم مادەیە مادەی ١٢٦ ناگرێتەوە کە پەیوەندی هەیە بە هەموارکردنی دەستوور تا کاتی کۆتاییهێنان بە ئەنجامدانی هەموارکردن کە لەم مادەیەدا ئاماژەی پێ کراوە). کە واتە هەر هەوڵێکی هەموارکردنی دەستوور لە لایەن پێکهاتەکانی دیکەی عێراق بدرێت، بەپێی ئەم مادە دەستوورییە بەبێ ڕەزامەندی گەلی کورد سەرکەوتوو نابێت، چونکە ئەگەر ٣\٢ی هاووڵاتییانی سێ پارێزگای کوردستان یان زیاتر دەنگیان لە دژی ئەم هەموارکردنەدا ئەوا بڕیارەکەیان هەڵدەوەشێتەوە و دەستوور هەموار ناکرێت.

لە مادەی ١٢٦ی دەستووردا ڕێکارەکانی هەموارکردنی دەستوور دیاریکراوە کە لە برگەی چوارەمی ئەم مادەیەدا کە لە سەرەوە باسمان کرد بە هیچ شێوەیەك بەبێ ڕەزامەندی پەرلەمانی کوردستان و گەلی کورد ئەم دەستوورە هەموار ناکرێت و لە برگەکانی یەکەم و دووەم و سێیەمیشدا شێوازەکانی دیکەی خستووتەڕوو کە دەڵێت: (یەکەم: سەرۆك کۆمار و ئەنجومەنی وەزیران پێکەوە یان پێنج یەکی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران مافی پێشنیارکردنی هەموارکردنی دەستووریان هەیە. دووەم: نابێت ئەو بنەما بنەڕەتیانەی لە بەندی یەکەم و ماف و ئازادیانەی بەندی دووەم کە لەم دەستوورەدا هاتوون هەموار بکرێن مەگەر پاش دوو خولی هەڵبژاردنیتر و بە ڕەزامەندی ٣\١٢ی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران لە سەری و ڕازیبوونی گەل لە ڕێگەی ڕاپرسی گشتییەوە و پەسەندکردنی سەروك کۆمار لە ماوەی حەوت ڕۆژدا. سێیەم: نابێت ئەو مادانەی دیکە کە لە خاڵی دووەمی ئەم مادەیەدا ئاماژەیان پێ نەکراوە هەموار بکرێن مەگەر پاش ڕازیبوونی ٣\١٢ی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران لە سەری و ڕازیبوونی گەل لە ڕێگای ڕاپرسی گشتییەوە و پەسەندکردنی سەرۆك کۆمار لە ماوەی حەوت ڕۆژدا).

ئەگەر دوو لە سەر سێی سێ پارێزگا لە دژی ئەم هەموارکردنە دەنگی لە سەردا ئەوا ئەم هەموارکردنە سەرناگرێت. ئەگەر لە ڕاپرسی سەرکەوتوو بوو پاشان دەدرێتە سەروك کۆمار بۆ پەسندکردن، بەڵام ئەگەر سەرۆك کۆمار بۆ ماوەی ٧ ڕۆژ ئیمزای لە سەر نەکرد ئەوا هەموارکردنەکە بە پەسەندکراوی دەژمێردرێت.

واتــە ئەگــەر بەپێــی بنەمـا دەسـتووری و یاسـاییەکان بێـت پێکهاتەکانـی دیکـەی عێـراق ناتوانـن دەسـەڵاتەکانی هەرێمـی کوردسـتان لـە دەسـتوور کـەم بکەنــەوە، بــەڵام ئــەوەی مەترســیدارە لێــرەدا ئەوەیــە تــا ئێســتا پێشـێلکردنی دەسـتوور بـۆ دەسـەڵاتدارانی عێـراق شـتێکی ئاسـایی بـووە.

لـە کاتی نووسـینەوەی دەسـتووری فیدراڵـی عێـراق لـە سـاڵی ٢٠٠٥، لــەو کات پێگــەی کــورد لــە بەغــدا زۆر بەهێــز بــوو، بــە هــاوکاری و ئامادەبـوونی هــەردوو بەڕێـزان مسعود بـارزانی و مـام جـەلال و چەندیـن کەســایەتی دیکــەی سیاســی و یاســایی، کــە دەســتووری فیدراڵییــان نــووسی، دەسـەڵاتی زۆری بـۆ هەرێـم لـەم دەسـتوورەدا جێگیـر کـراون، بــە تایبــەتی لــە مــادەی ١١٦ تــا ١٢٣ بــاس لــە دەســەڵاتەکانی هەرێــم دەکات. نمونەیەکــی دیکــە لــە مــادەی ١١٥دا هاتــووە: (هــەر شــتێك تایبـەت نەکرابێـت بـە دەسـەڵاتەکانی فیدراڵـی لـە دەسـەڵاتەکانی هەرێـم و ئـەو پارێزگایانـەدا دەبێـت کـە نەبەسـتراونەتەوە بـە هەرێـم و، ئەگـەر ناکۆکی لـەو دەسـەڵاتانەدا هەبـوو کـە هاوبەشـن لە نێـوان پسـپۆرییەکانی هــەردوو حکومــەتی هەرێـم و فیدراڵـی، ئەولەویـەت بـۆ یاسـای هەرێـم و پارێـزگاکانی نەبەسـتراوە بـە هەرێمـەوە دەبێـت). واتـە لـە ڕووی زانسـتی دەسـتوورییەوە بەپێـی ئـەم مادەیـە دەسـەڵاتەکانی حکومـەتی فیدراڵـی دەبێتــە (اســتثناء) واتــە دیاریکــراو دەبــن و دەســەڵاتەکانی حکومــەتی هەرێـم گشـتی دەبـن واتـە دەسـەڵاتی زۆری دەبێـت.

لــە دوای خیانەتەکــەی ١٦ی ئۆکتۆبــەری ســاڵی ٢٠١٧ و دەستبەسـەرداگرتنی کەرکـوك و ناوچـە کوردسـتانییە داگیرکـراوەکان لـە لایـەن حەشـدی شـەعبی و سـوپای عێراقـەوە، حکومـەتی عێـراق تـوشی

غرورێکی سیاسی گەورە بوو، بە شێوەیەکی پلان بۆ داڕێژراو کەوتنە دژایەتیکردنی هەرێمی کوردستان و هەوڵدان بۆ سڕینەوەی ناسنامەی هەرێمی کوردستان لە دەوڵەتی فیدراڵی عێراقدا و گواستنەوەی هەموو دەسەڵاتەکان بۆ حکومەتی ناوەندی، ئەم کارەش لە ڕووی یاساییەوە بەبێ هەموارکردنی دەستووری فیدراڵی ناکرێت، بۆیە هەر لەسەرەتای مانگی تشرینی دووەمی ٢٠١٧ بەرپرس و دەسەڵاتدارە سیاسییە عێراقییەکان کەوتنە هەوڵ و کۆششەوە بۆ هەموارکردنی دەستووری عێراق و چەسپاندنی هزری عروبە و شیعەگەری لەم دەستوورەدا، بەڵام لەبەر ئەوەی دەستووری عێراق دەستوورێکی هەمیشەیی و بەستەڵەکە و هەر لە ناو مادەکانی ئەم دەستوورەدا کۆت و بەندی بەهێزی دانراوە کە هیچ پێکهاتەیەك لە هەرسێ پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراق (کورد، سونە، شیعە) بەبێ پێکهاتەی تر نەتوانێت ئەم دەستوورە بە ویستی خۆی هەموار بکات تا ڕەنگدانەوە و بیروبۆچوونەکانی خۆی لەم دەستوورەدا جێگیر بکات بەبێ لە بەرچاوگرتنی ماف و ئازادییەکانی پێکهاتەکانی دیکەی عێراق و گواستنەوە و قۆرخکردنی دەسەڵاتەکان لە بەرژەوەندی خۆیان. بۆ نمونە سەبارەت بە هەرێمی کوردستان لە بڕگەی ٤ی مادەی ١٢٦ی دەستووردا دەڵێت: (...چوارەم: نابێت هیچ هەموارکردنێك لەو مادانەی دەستووردا ئەنجام بدرێت کە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ئەو دەسەڵاتانەی هەرێمەکان کە ناکەونە سنووری دەسەڵاتە تایبەتەکانی حکومەتی فیدراڵییەوە تەنیا بە ڕەزامەندی دەسەڵاتی یاسادانانی هەرێمی پەیوەندیدار و ڕەزامەندی زۆرینەی دانیشتوانی لە ڕێگای ڕاپرسی گشتیەوە...). واتە لەم بڕگەیەدا دەڵێت نابێت

هیــچ هەموارکردنێــك لــە مــادەکانی دەســتووردا بکرێــت بــە شــێوەیەك لــە دەســەڵاتی هەرێمــەکان کــەم بکاتــەوە تــا بــە ڕەزامەنــدی پەرلەمــانی کوردســتان نەبێــت و هەروەهــا بــە ڕەزامەنــدی هاووڵاتییــانی کوردســتان نەبێــت لــە ڕێگــەی ڕاپرســییەکی ئــازاددا، بەپێــی ئــەم بڕگــەی دەســتوور بــە هیــچ شــێوەیەك هــەردوو پێکهاتــەکانی شــیعە و ســونەی عێــراق کــە زۆرینــەی ئەنجومــەنی نوێنــەران پێکدێنــن ناتوانــن دەســتووری عێــراق هەمــوار بکــەن بەبــێ ڕەزامەنــدی گــەلی کــورد و پەرلەمــانی هەرێمــی کوردســتان بــۆ کەمکردنــەوەی دەســەڵاتەکانی هەرێــم، یــان لابــردنی سیســتەمی فیدراڵــی لــە وڵاتــدا یــان هــەر بڕیارێکــی دیکــە لــە دژی کوردســتان.

لـەم دوو مـادەی دەسـتووردا دەردەکەوێت کـە شـێوازی هەموارکردنی دەســتوور بــە قۆناغــی ســەختدا تێپــەڕ دەبێــت و هیــچ لایــەن و پێکهاتەیــەکی دیاریکــراوی عێــراق بــە تەنیــا ناتوانێــت لــە بەرژەوەنــدی خۆیـدا دەسـتوور هەمـوار بـکات، بـەڵام گریـمان ئەگـەر هەرسێ پێکهاتە سـەرەکییەکانی عێـراق ڕەزامەنـد بـوون لـە سـەر هەموارکـردنی مادەیـەك یــان چەنــد مادەیــەکی دیاریکــراو، پێویســتە شــێوازی هەموارکردنەکــە بــە هەمــوو ئــەم قۆنــاغ و ڕێکارانــەدا تێپــەڕ بێــت کــە لــە مــادەکانی ١٢٦و ١٤٢دا بــە بڕگــەی چوارەمیشــەوە کــە پێشــتر باســمان کــرد لــەو کاتــەدا دەکرێــت هەمــوار بکرێــت، لێــرەدا بۆمــان دەردەکەوێــت کــە ئــەم دەســتوورە بەســتەڵەکە، بــەڵام بەســتەڵەکی ڕەهــا نییــە. لــە بڕگــەی پێنجەمــی مــادەی ١٢٦دا دەڵێــت: (ا- هەموارکردنەکــە بــە پەســەندکراو دادەنرێـت لـە لایـەن سـەرۆك کۆمـارەوە پـاش تێپەڕبـوونی ئـەم ماوەیـە

لـە بڕگـەی (دووەم)و(سـێیەم)ی ئـەم مادەیـە ئامـاژەی پـێ کـراوە لـە کاتی پەسـەندنەکردنیدا. ب- هەمـوارکردنەکـە لـە بـەرواری بڵاوکردنـەوەی لــە ڕۆژنامــەی فەرمیــدا کاری پــێ دەکرێــت). کــە واتــە لــە پــاش بڵاوبوونـەوەی مـادە هەموارکـراوەکان لـە ڕۆژنامـەی فەرمیدا(وقائیعـی عێراقـی)دا پاشـان دەچێتـە بـواری جێبەجێکردنـەوە.

## سەرچاوەكان:


- ابراهيم عبدالعزيز شيحا. مبادىء الانضمة السياسية. الدول، الحكومات، الدار الجامعيه. بيروت. ١٩٨٢.
- احسان حميد المفرجى. النضرية العامة فى القانون الدستورى واالنضام الدستورى فى العراق. مكتبة القانونية بغداد ومكتبة العاتك بيروت.
- احمد رسلان. النضم السياسية والقانون الدستورى. القسم الاول. دار النهضة العربية. القاهرة. ١٩٩٧.
- السيد احمد مرجان. الوسيط فى القانون الدستورى. الطبعة الاولى. ٢٠٠٥.
- ازهار هاشم احمد. تنضيم العلاقة بين السلطة المركزيه و سلطات الاقاليم فى االنضام الفدرالى. الطبعة الاولى. ٢٠١٤. القاهرة .
- اسماعيل ابراهيم البدوى. نضام الحكم الاسلامى مقارنا بالنضم السياسية المعاصرة. الطبعة الاولى. ٢٠١٦. الاسكندرية.
- السيد احمد مرجان. العامة للقانون الدستورى. دار النهضة العربية. ٢٠٠٣.
- السيد صبرى. مبادىءالقانون الدستورى. الطبعة الرابعه. ١٩٤٩.
- اندريه هوريو. القانون الدستورى والمؤسسات السياسية.

ترجمة علی مقلد و شفیق حداد و عبدالمحسن سعد. الاهلیه للنشر والتوزیع. بیروت. ١٩٧٤.

- پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان ٢٠٠٩.
- جابر جاد نصار. الوسیط فی القانون الدستوری. دار النهضة العربیة. ١٩٩٦.
- جواد مستەفا. بنەماکانی یاسای دەستووری. خانەی موکریانی بۆ چاپ وبڵاوکردنەوە. چاپی یەکەم. هەولێر. ٢٠١٥.
- حافض علوان حمادی الدلیمی. النضم السیاسیة فی الاوربا الغربیه والولایات المتحده الامریکیه. وائل للنشر والتوزیع. عمان بدون سنه نشر.
- حسان شفیق العانی. الانضمة السیاسیة والدستوریةالمقارنة. الطبعة الثالثه. ٢٠٠٩. شرکه العاتك لصناعة الکتب. القاهرة.
- حمید حنون خالد. القانون الدستوری وتطور االنضام السیاسی فی العراق. الطبعة الاولی. ٢٠١١. مکتبة السنهوری. بغداد.
- حمید عطیه عامر مصطفی. دعائم االنضام الحکم فی االنضام القانونی الوضعی والاسلامی ، دراسه مقارنه. الطبعة الاولی ٢٠١٩. الاسکندریة .
- خالد قبانی. اللامرکزیه و مسائله تطبیقها فی لبنان. الطبعة الاولی. منشورات بحر المتوسط و عویدات. بیروت. پاریس. ١٩٨١.
- داود الباز. بناء الدولة (المفهوم الارکان الشکل) فی الشریعة

الاسلامی ه والنضم الوضعیة. القاهرة. ١٩٩٦.

- رونالد. ل. واتس. الانضمة الفدرالية. ترجمة غالی برهومه و مها برهومه و مها بسطامی. طبعة خاصة. منتدی الاتحادات الفدرالية. اوتاوا. كندا. ٢٠٠٦.
- رمزی گه الشاعر. النضم السياسية، الدولة والانضمة السياسية المعاصرة. ١٩٩٤.
- زهير شكر. الوسيط فی القانون الدستوری. الجزء الاول. القانون الدستوری والمؤسسات السياسية والدول الكبری. المؤسسة الجامعيه للدراسات والنشر والتوزيع. بيروت. الطبعة الثالثه. ١٩٩٤.
- سامی جمال الدين. النضم السياسية والقانون الدستوری. منشأة المعارف. الاسكندرية . ٢٠٠٥.
- سەرهنگ حەمید بەرزنجی. گشتگیری لە تیوری دەستور. چاپی دووەم. ٢٠٠١٩. لەبڵاوکراوەکانی کتێبخانەی تەبایی.
- سعد عسفور. المبادیء السياسية فی القانون الدستوری والنضم السياسية. منشأة المعارف بالاسكندرية.
- سليمان الطماوی. النضم السياسية والقانون الدستوری. الطبعة ١٩٨٨.
- شافعی محمد بشير. القانون الدستوری والنضم السياسية السودانيه. المبادیء الدستورية العامة الدولة واشكالها.
- طعيمه الجرف. نضريه الدولة والاسس العامة للتنضيم السياسی. طبعة القاهرة. ١٩٦٤.

- گۆران ئـازاد حمـە گەمحـان. دەسـەڵاتی دادوەری لـە دەوڵەتـی فیدراڵیـدا. چاپـی یەکـەم. سـلیمانی. ٢٠٠٨.
- عبدالكريـم علـوان. النضـم السياسـية و القانـون الدسـتورى. الطبعـة الاولى الاصـدار الثالـث. دار الثقافـة والنـشر والتوزيـع.٢٠٠٦.
- عثمان خليـل عثمان . القانـون الدسـتورى والمبادىء الدسـتورية العامـة، واالنضـام الدسـتورى المـصرى. مكتبـة الاعتـماد بمـصر للطباعـة . الطبعـة الثالثـه. ١٩٥١-١٩٥٢.
- علـى يوسـف الشـكرى. الوسـيط فـى الانضمـة السياسـية المقارنـة. الطبعـة الاولى، ٢٠١٢. عـمان.
- عمـر احمـد قـدور. شـكل الدولـة واثـره فـى تنضيـم مرفـق الامـن. دار الحيـال. بيـروت. الطبعـة الاولى. ١٩٩٤.
- عمـرو حسـبو. القوانيـن الاساسـيه المكملـه للدسـتور. دار النهضـة. ٢٠٠١.
- كگـران زغيـر نعمـه. النضريـه العامـة فـى القانـون الدسـتورى و االنضـام الدسـتورى فـى العـراق. مكتبـة العاتـك لصناعـة الكتـب. القاهـرة .
- لقـمان عمـر حسـين. مبـدأ المشـاركة فـى الدولـة الفدراليـة. الطبعـة الاولى. اربيـل. ٢٠٠٨.
- ماجـد راغـب الحلـو. القانـون الدسـتورى. دار الجامعـة الجديـدة. ٢٠٠٣.
- محسـن خليـل. القانـون الدسـتورى والنضـم السياسـية. منشـأة

المعـارف. الاسـكندرية .

- محســن خليــل. النضــم السياســية والقانــون الدســتورى. الجــزء الثانــى. الطبعــة الثانيــه. دار النهضــة العربيــة . ١٩٦٦-١٩٦٧.
- محمـد احمـد المسـلمانى. القانـون الدسـتورى والنضـم السياسـية. الطبعـة الاولى. ٢٠١٥. الاسـكندرية .
- محمــد الســنارى . القانــون الدســتورى والنضريــه الدولــة والحكومــة. دراســه مقارنــه.
- محمـد عبـد المعـز نـصر. فـى النضريـات والنضـم السياسـية. دار النهضـة العربيـة للطباعـة والنـشر. بيـروت. ١٩٧٣.
- محمــد عمــر مولــود. الفدراليــة وامكانيــة تطبيقهــا كنضــام السياســى. الطبعــة الاولى. بيــروت. ٢٠٠٩.
- محمــد كاضــم المشــهدانى. القانــون الدســتورى (الدولــة، الحكومـة، الدسـتور) الطبعـة الاولى. عصمـى للنـشر والتوزيـع. ٢٠٠٠.
- محمــد كامــل ليله.النضــم السياســية الدولــة والحكومــات. القاهــرة. ١٩٦٧-١٩٦٨.
- محمــد محمــد عبــده امــام. المبــادىء الدســتورية العامةفــى ضـوء الشريعـة الاسلامى ه. الطبعـة الاولى ٢٠١٣. مكتبـة الوفـاء القانونيــة. الاسـكندرية .
- محمـد هماونـد. الفدراليـة والحكـم الذاتـى واللامركزيـه الاداريه الاقليميـه. دراسـه نضريـه مقارنـه. الطبعـة الثانيـه. مؤسسـة الموكريـانى للطباعـة والنـشر كوردسـتان. اربيـل. ٢٠٠١.

- مسعود بارزانی. بۆ مێژوو. چاپی دووەم. هەولێر. ٢٠٢٠.
- مصطفــى عفيغــى. دســتور المــصرى. دار الجامعــة الجديــدة. ٢٠١٢.
- منــذر الشــاوى. القانــون الدســتورى (النضريــه الدولة ) منشــورات مركــز البحــوث القانونية. بغــداد. ١٩٨١.
- موريــس دوفرجيــه. المؤسســات السياســية والقانــون الدســتورى الانضمــة الكــبرى. الطبعــة الثانيــه. ٢٠١٤. بيــروت.
- نزيــه رعــد. القانــون الدســتورى العــام المبــادىء العامــة والنضــم السياســية. الطبعــة الاولى. ٢٠١١. لبنــان.
- نــورى طالبانــى. اصــول مفهــوم االنضــام الفدرالــى. الطبعــة الثانيــه. مؤسســة الموكريانــى للطباعــة والنــشر. اربيــل. ٢٠٠٥.
- يحــى الجمــل. الانضمــة السياســية المعــاصرة. دار النهضــة العربيــة. القاهــرة. ١٩٦٩.

# ناسنامەی دەستە

پرۆژەی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، لە پێناو ناساندن، کۆکردنەوە، بە دیکۆمێنتکردن و بڵاوکردنەوەی مێژووی پڕ لە سەروەریی کار و خەباتی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەسەر پێشنیازی ڕێزدار مەسرور بارزانی، لە ساڵی ٢٠١٤ دامەزراوە.

ئەم بەرهەمەی بەردەستی بەڕێزتان بەشێکە لە هەوڵ و ئامانجەکانی ئەم پرۆژەیە.